





# Zimane Dayik

# Mother Language

## زمان شوناسی ئێمەیە

### کۆمەڵێک وتووێژ

### بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە؛ خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک ...... دیمانە: قادر وریا ... ٥

٢- چاوپێکەوتنی گۆڤاری مەتین لە گەڵ دوکتور ئەمیری حەسەنپوور ...................... سازدانی: ناسر منبەری .... ١٤

٣- د. هاشم ئەحمەدزادە: لە دەرەوەی زمان هەرچی هەیە هەر زمانە.................. دیمانە: کاروان مێراوی ..... ٢٢

٤- قادر وریا، مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی کۆیە........................................ دیمانە: ڕێباز مەردانی ..... ٣٢

٥- د. جەعفەر شێخولئیسلامی: زمان هەم دەتوانێ نەتەوەیەک پارچە پارچە بکا و هەم دەتوانێ بیکاتە یەکپارچە......

.................................................................................................. دیمانە: کاروان مێراوی ..... ٤٠

٦- د. قادر وریا: تاکی ناسنامەخوازی ئەمڕۆی کورد پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنیی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی........................................................ دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر ..... ٤٧

٧- پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی: زمانێک کە لە پەروەردەی گشتیدا دەورێکی سەرەکی نەگێڕێت، زۆر زەحمەتە لە درێژخایەندا بتوانێت زیندوو بمێنێتەوە........................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٥٩

٨- دکتۆر چەمەن‌ئارا: زمان؛ قەڵای بوون و تاکە چەکی مێژوویی بۆ بەرهەمهێنانەوەی شوناسی نەتەوەییە..................

........................................................................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٦٨

- زنجیرە وتووێژێک لەگەڵ چەند کارناس و پسپۆڕێکی بواری زمانی کوردی - ڕۆژی کورد

سازدانی: هاشم عەلی وەیسی ............ ٧٨

* شەریف فەلاح؛ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان و خەباتکاری کورد.....

* فەرەیدوون سامان؛ سەرۆکی ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری.....

* ئامانج عەزیزکەندی؛ نووسەر و شارەزا لە زمانی کوردی.....

* دوکتور هیوا شەمس بورهان؛ مامۆستای زانکۆ لە فەڕەنسا و نووسەر و وەرگێر.....

* عەبدوڵا عەلیدوست؛ خوێندکاری دوکتورا لە بواری فەلسەفەی سیاسی و فەلسەفەی کۆمەڵناسییە لە وڵاتی ئاڵمان.....

* ئەنوەر(هەرەس) عەباسی؛ نووسەر و شاعیر.....
* نەعیم نەجەفی؛ نووسەر و رۆژنامەنووس.....
* سمایل زارعی؛ نووسەر و وەرگێڕ.....
* دوکتور موحسین ئەحمەد عومەر؛ مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە زمانی کوردی.....
* عەلی قەنبەری؛ نووسەر و چالاکی سیاسی.....

---

- پرسی زمانی دایکی لەگەڵ ژمارەیەک نووسەر و وەرگێڕ

ئامادەکردنی: جەمال نەجاری ....... ١٢١

- ڕەشید کرمانج؛ مامۆستای زانکۆ.....
- جەلیل ئازادیخواز؛ نووسەر.....
- هێمن عومەر خۆشناو؛ مامۆستای زانکۆ.....
- شەریف فەلاح؛ نووسەر.....
- تەوار تورابی؛ شاعیر و مامۆستای قوتابخانە.....
- خەبات ڕەسووڵی؛ چیرۆکنووس.....
- ئامانج عەزیزکەندی؛ نووسەر و لێکۆڵەری ئەدەبی.....
- رەسووڵ سوڵتانی؛ نووسەر و وەرگێڕ.....
- لەیلا قادری؛ نووسەر و وەرگێڕ.....
- ئیسماعیل ئیسماعیل زادە؛ نووسەر و وەرگێڕ.....
- ئازاد رۆستەمی؛ نووسەر.....
- ساماڵ ئەحمەدی؛ نووسەر و وەرگێڕ.....
- سووسەن محەمەدخانی قیاسوەند؛ رۆژنامەنووس.....
- فەرەیدوون ئەرشەدی؛ شاعیر.....
- جەواد حەیدەری؛ نووسەر و وەرگێڕ.....
- هادی عەزیزی؛ مامۆستای زمانی کوردی.....

– بیروڕای ژمارەیەک نووسەر، مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕی بواری زمان، ئەدیبی کورد

سازدانی: شەریف فەلاح ............ ١٥٥

– دکتۆر ڕەحیم سورخی؛ مامۆستای زانکۆ.....

– مەسعوود بابایی؛ نووسەر و پسپۆڕی زمان.....

– دکتۆر هەژار ڕەحیمی؛ مامۆستای زانکۆ.....

– دکتۆر هاوژین سلێوە؛ مامۆستای زانکۆ.....

– شەهلا دەباغی؛ پسپۆڕی زمان نووسەر.....

– جەماڵ نەجاڕی؛ نووسەر.....

– خەبات ڕەسووڵی؛ چیرۆکنووس.....



# مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک



**دیمانە: قادر وریا**

**لە خزمەت مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە داین بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەو دەورەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردییان لە کوردستان بەڕێوە دەبرد، لێ بکەین.**

**پرسیار: مامۆستا ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ پێمان خۆشە لەوەوە دەست پێ کە بکەین فکرەی خوێندن بە کوردی و کرانەوی خوێندنگەکان بە زمانی کوردی لە حیزبی دێموکرات دا چۆن دروست بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئەوە کە لەو مەرحەلەیدا خوێندنگە بە کوردی بێ بە ئیبتکارێک دانانەدرێ، چونکە لە دەورانی زۆر کۆنترەوە لە عێراق بە کوردی خوێندراوە و لە دەورانی جمهووریی کوردستان دا بە کوردی خوێندراوە، کەوابێ ئەمە ئەلفوبێ بوو. بەڵام با بێینە سەر ئەوەی کە بزانین چۆن بوو ئەو فکرە کرایەوە. لە سەرەتاکانی کە باس کرا لە دەفتەر سیاسیدا باس لەوەی کرا کە ئێمە (من دەفتەر سیاسی نەبووم ئەو وەختی) بێین بە کوردی بخوێنین. چونکە ئەو وەختی لە ئێران کتێب بە کوردی نەبوو، دەبوو سیستمی کوردستانی باشوور وەربگرین. بەڵام دەفتەری سیاسی هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە. دیسانەکە وەک زۆر شتی دیکە نەخشی ئەساسی هی شەهید دوکتور بوو کە ـ دەبێ سەعی بکەین بۆ خۆمان موتەناسب لەگەڵ شەرایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) کتێب دابنێین. هەر لە ئەوەڵەوە لە ڕۆژەکان یان بڵێین لە حەفتەو

مانگەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێک بۆ ئەو مەسەلەیە لە ماملۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن کۆببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی.

**پرسیار:** لەو بارەوە هیچ پێتان وا نەبوو کە مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی باس بکرێ یا ئەسڵەن ئەوە لە بەر چاو نەگیرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نەخەیر ئوسوولەن ئێمە لە زۆر شتدا ئەو نەزەرەمان هەبوو کە باشترە ئێمە کارەکانمان بکەین، لەو پێیە دا دەوڵەتی مەرکەزی لە موقابیل ئەمری واقیع دا دابنێین، نە وەک ئێمە داوا بکەین و [چاوەڕوان بین] داخوا دەوڵەتی مەرکەزی موافقەت دەکا یان نا. پێموایە کارێکی زۆر باش بوو چونکە ئێمە ئەگەر داوامان کردبا ئێستاشی لەگەڵ بێ موافقەتەکە هەر نەدەهاتەوە. بۆیە ئەسڵەن بیر لەوە نەکراوە، هەر وەکوو بۆ ئامادەکردنەکەشی و بۆ چاپکردنەکەشی و بۆ دایر کردنەکەشی هیچ وەخت پرس بە دەوڵەتی مەرکەزی نەکرا. دیارە لە سەتحێکی پایینتر دا ئێمە لە نێو حیزب دا دەستمان پێ کرد بە ئامووزشی کوردی. ئەو وەختی فێرکردنی کوردی زیاتر بۆ گەورەساڵان بوو، بۆ خوێندەوارەکان بوو، ئەوانە کە خوێندەوارییان هەیە نەک بۆ سەرەتایی. ئەوەمان هەر لە دەورانی ئینقلاب دا دەست پێ کرد. یانی هێشتا مابووی دەوڵەتی شا بڕووخێ، من بۆ خۆم لە مەهاباد بووم جزوەیەکی چکۆلەم نووسیبوو. چەند دەورەمان کردنەوە لە ئەوەڵەوە ئەمن بەشدار بووم و چەند کەسێکیش کە بۆ خۆیان موعەللیم بوون و شارەزا بوون لە هەموو شتێکدا لە من شارەزاتر بوون، بەڵام ڕەنگە بە کوردی نووسینیان نەزانیبا. ئەوانە بەشدار بوون لە پاشانیش بۆ پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دەستمان پێ کرد بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردییان بکەین. بەڵام ئەمەیان بۆ فێرکردنی سەرەتایی نەبوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە خوێندەواریی باشیان هەبوو. تەنانەت دیپلۆمیان هەبوو، حەتا هی وا هەبوو لیسانسیشی هەبوو.

**پرسیار:** ماملۆستا! ئەو کەسانەی ڕاسپێردران لە فکری ئامادەکردنی کتێبی دەرسی دا بن یان بە گشتی لە فکری وەڕێخستنی مەدرەسەکان دا بوون کێ بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بە داخەوە زۆر چاکم لە بیر نیە، بەڵام ئەوانەی کە ئەمن لە بیرمن کاک ڕەسووڵ ئاریا کە دوایەش بۆ ماوەیەک بوو بە مەسئوولی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، کاک ئەحمەد کاکە مەمی بوو، کاک ئەحمەدی قازی بوو، لە بەشێکی دا کاک قەسیم سەوجە بوو، ئەمنیان وەکوو کەسێک کە لە کوردی دەزانم دەگەڵ بووم، لە ماملۆستا هێمن بۆ یەک دوو جەلەسە ئیستفادە کرا.

**پرسیار:** لە باری ڕێنووس و ڕێزمانەوە چ شتێک ڕەچاو دەکرا؟ مەسەلەن ئایا هەوڵ دەدرا وشەی زاراوەکانی دیکەی تێکەڵاو

**بێ یا مەسەلەن لە باری رێنووسەوە ئەوەی لە کوردستانی عێراق باو بوو، یانی تێبینی و شت چ بوون لەو بارەوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئەوندەی من بزانم لەوەدا هێندێک شت ئوسوولەن بە فکردا نەدەهات. وەکوو ئەوە با بڵێین وشە لە زاراوەکانی دیکە وەربگرین. وەک ئەوە کە بڵێین کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە هەماهەنگییەکیان هەبێ. ئەوەی کە لەوێ دا مەدی نەزەر بوو تەنیا ئەوە بوو سیستەمی دەرسییەکە وا تەنزیم بکرێ کە دوو شتی تێدا رەعایەت بکرێ، یەکیان ئەوە کە لە سیستەمی فێرکردنەکەدا وا بێ کە لە هەر دەرسێکدا تەنیا یەک حەرفی تازە بێ، کە پێموایە لە یەک دەرسیشدا هەڵە کراوە، لە یەک دەرسدا حەرفێکی نەخوێندراو هاتوە بێ ئەوەی هەست پێ بکەن. ئەوی دیکەش ئەوە بوو کە ئەو دەرسانە ئەو باسانەی کە دێن، هەم لە فکری منداڵ نزیک بن هەمیش ئەو تەزادە کە ئیحتمالەن لە بەینی شارو دێ‌دا هەیە ئەوەش لە بەر چاو بگیرێ. یەعنی سیستمەکە بۆ هەمووانە، زیاتر بۆ منداڵی دێیشە، بۆیە نابێ شتێکی وا بێنی منداڵ هەر نەیدیوە. یەعنی من پێموایە ئەو وەختی ئەگەر تۆ باسی تەلەڤیزیۆنت بۆ منداڵێک بکردبایە، منداڵ لە تەلەڤیزیۆن حاڵی نەدەبوون چونکە نەیدیبوو لە دێهاتی. ئەو، بەرقی نەدیبوو تا تەلەڤیزیۆنێ ببینێ، یەخچاڵی نەدیبوو، یەعنی ئەوە لە نەزەر دەگیرا کە دەبێ شتێکی وا بێ لە فکرو لە موحیتی ژیانی منداڵەکان بێگانە نەبێ. ئەو دوو شتەم لە بیرە کە رەعایەت دەکرا.

**پرسیار: مامۆستا! ئەگەر سەرنجێک لە کتێبەکە دەدەی برێکیش حەتا لە باری مەتن و مەوزوعاتێک کە باسی دەکا زۆرتر هی ئەو بەشەی کوردستانە، جا نازانم لە بەر ئەوەیە کە مامۆستاکان خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و یا ئەسڵەن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو حیزب ئەو ناوچانە بوون کە زۆرتر ناوەندی کوردستان بوون؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** عەرزم کردی ئەوە لە نەزەر نەدەگیرا کە بڵێین لە سنەشی تێدا بێ، یا لە ورمێشی تێدا بێ، هەر ئەوە لەبەر چاو دەگیرا کە ئەوەڵەن لە حەرفێک زیاتر لە دەرسدا تازە نەبێ، دووهەم لە ئەفکاری منداڵەکە نزیک بێ. ئیدی هەوڵ بۆ ئەوەی کە پەل بهاوێ بۆ ئەم ناوچەو ئەو ناوچەیەی تێدا نەبوو. لە جێش‌دا بۆ ئەوەی زمانێک بیێتە زمانی خوێندن و نووسین ئەوە وانیە کە تۆ مۆنتاژێک بکەی و هەر لۆغەتەی لە جێیەکی بێنی. بەڵێ دەبێ لۆغەتان بێنی، بەڵام ئەو وەختەی کە لەم لەهجەیەدا نیتە، دەبێ لە لەهجەکانی دیکە بێنین.

**پرسیار: مامۆستا! کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان لە کام یەک لە شارو ناوچەکاندا توانی قوتابخانە بکاتەوە و منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکا؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئەوەندەی من بزانم لەم چەند شارە دا، کە لە مەهابادەوە دەستی پێ کرد، بۆکان هەبوو، سەردەشت

هەبوو، پیرانشار هەبوو، نەغەدە هەبوو، شنۆ هەبوو، سەقز زۆر موتمەئین نیم کە خوێندنی کوردی تێدا دائیر کرا یان نا.

**پرسیار:** پاوەو هەورامان چی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێموایە خوێندنی کوردی تێدا دائیر نەکرا، یا ئەگەر بووبێ من لە بیرم نیە.

**پرسیار:** کۆڕی پەروەردە و فێرکردن چ ساڵێک دامەزرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ساڵی ٥٩ کۆڕ دامەزرا، بەڵام کتێبەکە، ساڵی ٦٠ هاتەوە. یانی ساڵێک بە بێ کتێب! ئەی ئەو ساڵە (ساڵی ٥٩) لە رووی چییەوە دەرسیان دەگوتەوە؟

لە رووی کتێبی فارسی، دەرسی کوردییشیان هەبوو (ئامووزشی ئەلفوبێ).

**پرسیار:** یانی خوێندنەکە رەواڵی قەدیم هەر بە پێی کتێبە دەرسەکانی ئێران بوو. بەڵام شەرحی دەرس بە کوردی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بۆ خۆت دەزانی حەتا ئەگەر کتێبەکەش چاپ بوو، ئەو وەختیش تەنیا خوێندنی کوردی هەبوو لە مەدرەسەکاندا، ئەوی دیکە هەر بە فارسی دەخوێندرا. هەم کلاسەکانی دیکە، هەم دەرسەکانی دیکەی کلاسی ئەوەڵ هەر فارسییەکەو لە سیستمی کۆن ئیستفادە دەکرا.

**پرسیار:** مامۆستا هیچ ئامارێکت لە زێهن دا هەیە ئێمە بە گشتی چەند مەدرەسەمان هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئێستا لە زێهنمدا نیە، بەڵام پێموایە چاپ کراوە. دەبێ موراجعە بکەی بە "کوردستان"، "کوردستان" تێیدایە کە ئێمە چەند مەدرەسەمان هەبووە، چەند موعەللیممان هەبووە و چەند قوتابیمان هەبووە.

**پرسیار:** مامۆستا! ئێمە کۆڕی پەروەردەمان هەبوو کە بۆ خوێندەوار کردنی منداڵانیش بەرنامەی هەبوو، بۆ گەورەساڵانیش. چ جیاوازییەک هەبوو لە خوێندنی ئەو دوو بەشەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** جیاوازییەکەی فەقەت متونی دەرسی بوو. کە مەتنە دەرسییەکان ئیدی ئەوە بوون کە دەگەڵ فکری گەورەساڵان پتر دەهاتنەوە، دەرسەکان درێژتر بوون، مەفهوومەکانیان فەرقیان هەبوو. ئەگینا پێموابێ لە سیستمی ئاموزشە دەرسییەکەی و ئەلفباییەکەیدا فەرقێک نەبوو.

**پرسیار**: ئەدی بۆ گەورەساڵان وا دانەنرابوو کە گەورەساڵەکە خوێندەوارییەکی هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نەخێر، ئەوە مەربووت بە گەورەساڵان، گەورەساڵانی نەخوێندەوار بوو. ئەوە لە نەزەر نەگیرا بوو، ئەوە هەر وەک مەرحەلەی پێشێ عەرزم کردی هەر بۆ فێرکردنیان بوو. ئەگینا گەورەساڵانی خوێندەوار ئەوەیان پێویست نەبوو. مەسەلەن زۆر کەسم دەدی بە جەلەسەیەک، دوو جەلەسە فێر دەبوون. ئەوانەی کە قابلییەتیان زۆر بوو. بەلام مەبەست لە خوێندنی گەورەساڵان ئەوانە بوون کە نەخوێندەوار بوون.

ئەو هەنگاوەی کە حیزب یا بڵێین کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان نای، یانی چەند ساڵێک بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، خوێندن بە کوردی و لە باری ئامووزشییەوە، لە باری سیاسییەوە، لە باری فەرهەنگییەوە چ تەئسیرێکی هەبووە؟ چونکە ماوەکە بەداخەوە هەموو سێ ـ چوار ساڵێک بوو، زۆر نەبوو!

لەگەڵ ئەوەی کە ماوەکە کورت بوو، بەلام کەلێنێکی یەکجار زۆر گەورەی پڕ کردەوە، چونکە ئەو وەختی [رێژیم] گەمارۆیەکی هەمە لایەنەی خستبووە سەر کوردستان. مەبەستم کوردستان مەناتقی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگەیە. بە هەر حاڵ لە شارەکان کە بە دەستی دەوڵەتەوە بوو خوێندن و بێهداشت و .. دائیر بوو. بەلام ئەو هەوڵی دابوو کە کوردستان لە هەموو شتێک بێبەش بکا. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ناقیسییش بووبێ توانیبووی کە مەدرەسە دائیر بکاتەوە پێش ئەوەی کتێبی کوردییش دابنێ، توانیبووی دەگەڵ هەموو سەرەتایی بوونەکەی لە هەر مەنتەقەیەک شتێک بە ناوی کۆمەگی دەرمانی دائیر بکا، تەئسیرێکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر رۆحیەی خەڵک. حەتا دەکرێ بڵێین بە بێ موبالغە، قەدری حیزب و بزووتنەوەشی لە پێش چاوی خەڵکی بردبووە سەرێ، چونکە خەڵک پێی وابوو ئەوە حیزب وەکوو حکوومەتێک دەتوانێ عەمەل بکاو دەتوانێ ئێحتیاجاتی خەڵکی جواب بداتەوە. پێموایە کارێکی یەکجار زۆر گەورە بوو و بەتایبەتی کە حیزب بوارەکانی ژیانی هەموو لەبەر چاو گرت. هەموویان ئیبتدایین، هەموویان عەیبیان هەبووە، حەتا ئەگەر ئێستا بۆ خۆمانی بێنین عەیبیان لێ دەگرین. بەلام هەر ئەوە کە حیزب قەوانینی دانا بۆ ئیدارەی وڵات، مەسەلەن قانوونی سزادانی گشتی بخەیتە بەر دەست قانوونزانێک، رەنگە هەزار عەیبی لێ بگرێ، بەلام هەر بیرکردنەوە لەوە کە دەگەڵ ئەو هەموو شەڕە سەختەی بە ملمانەوە بوو، حیزب بیر لەوە بکاتەوە دەبێ ئیدارەی وڵات بکا، دەبێ قەوانینی هەبێ، دەبێ رابیتەی نێوان کۆمەڵانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنزیم بکا، بە مەسایلی جونحە و جینایەت و ئەوە رابگات، ئەوە نیشانەی فکری وەسیعی ئەو حیزبەو رێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو.

**پرسیار**: مامۆستا! لە بارەی شتێکی دیکەشەوە پێموابێ تەئسیری هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە داواو نیازی خوێندن بە کوردی هەمیشە هەبووە لە نێو میللەتەکەمان دا، بەلام ئەو نەسلەی کە لە مەدرەسەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن خوێندویە یا ئەو مامۆستایانەی کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن کاری خوێندنی کوردیی پێ کردن، دوایە ئەگەر نەشبووبن بە پێشمەرگە لەو جامعەیە دا بوون بە ئینسانی رووناکبیر، بوون بە ئینسانی خوێندەوار، شاعیر، تەئسیریان هەبووە لە سەر ئەوەی کە

ئەو رەوتە درێژە بدەن. ئەگەرچی بە شێوەیەکی نارەسمی و بە بێ ئەوەی جمهووریی ئیسلامی بیهەوێ.

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: دیارە بەشێک لەوانە هەر بۆ خۆیان لە پێشدا هەبوون وەکوو شەخسیەتی فەرهەنگی و ئامووزشی و پەروەرشی هەبوون، بەڵام ئەوانە بەشێکیان بوون. بەشێکیش ئەوانە بوون کە لە بەر دەستی ئەواندا پێ گەیشتن، کە دوایە هەموو جۆرە کەسێکیان تێدا هەڵکەوت: تێکۆشەری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، شاعیری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، موعەللیمیان تێدا هەڵکەوت، مەسەلەن کاک ئەحمەدی کاکە مەمی کە پێشتریش هەر موعەللیم بوو، بەڵام ئێستا لە دەرەوەش ئەوە بۆتە مامۆستای دەرسی کوردی و کتێبی کوردی داناوەو یەعنی ئەو رەچەیەی کە لەوێ گرتوویەتە پێشێ وردە وردە تەرەقی پێداوەو هەر وا لە سەری رۆیشتوە.

**پرسیار**: مامۆستا! هەر ئێستاش فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لە کوردستانی ئێران هەر هەیە. بە شێوەی جۆراوجۆر، بڵێین هێندێک ناوەند، هێندێک کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبی دەیکەن، جەنابت ئەو هەوڵانە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟ یان وەک بزانی لە چ ناوچەیەک لە چ مەنتەقەیەک زۆرترن ئەوانە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: پێموایە جارێ لە پێش دا دەبێ ئەوە بڵێینەوە ئەوەی کە ئێستا هەیە، لەو چەند ساڵەی ئەخیردا یا دەتوانین بڵێین لەو چەند دە ساڵی ئەخیردا لە راستی دا تازە نیە. دیارە ٢٠ ساڵێکە هەیە. بەو شێوەی نیە کە لە ئیبتدایی را منداڵان دەرس بخوێنن، لە واقعدا خوێندنەوەو نووسینی کوردییان فێر دەکەن، تەنانەت بە هەر دوو شێوە خەتیش. پێموایە هەوڵێکی زۆر بەجێیە چونکە عەیبێکی گەورە دەبێ تێکۆشەرانی کورد ئەوانەی کە حەتا بە شێوەی جۆراوجۆرو هەر کەسە لە سەنگەری خۆی موبارزە دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی میللەتی کورد بەڵام نەزانن زمانەکەی خۆیان بنووسن. پێموایە شتێکی زۆر بەجێیە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم بە شێوەی بەربڵاو تەنیا هێندێک شاری گرتۆتەوە، پێموابێ "سۆما" لە مەهاباد دامەزرا، پاشان لە بۆکان زیاتر لە مەهاباد گەشەی کرد هەر چەند بناغەکەی لە مەهاباد دامەزرا، بەڵام لە بۆکان پتر گەشەی کرد، بەرەو سەقزو بانەش رۆیشتوە. ئەوەی لە سنەو لەویش موهیمتر لە کرماشان بووە هەر ئەوە دەزانم کە هەبووە، بەڵام ئایا لەو سیستمەی "سۆما" کەڵکیان وەرگرتوە یان بۆ خۆیان سیستمی دیکەیان داناوە بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی لانیکەم ئەمن ئاگادارییەکی ئەوتۆم لە سەری نیە. کە دیارە زۆرم پێخۆشە کە هەر لەو سیستمەی "سۆما" ئیستفادەیان کردبێ بۆ ئەوەی تا حەدێکی مومکین لێک نزێک بێ ئەو شێوە نووسین و شێوە رێنووس و رێزمانە. چونکە بەداخەوە ئێستایشی لەگەڵ بێ لە باشووری کوردستان دوای نزیک بە سەد ساڵ خوێندن دیسانەکە ئەو شێوە نووسین و خوێندنەوە یەکی هەر نەگرتوە و هەر کەسەو هەر ناوچە بە جۆرێک دەنووسن و بە جۆرێک دەخوێننەوە، مەبەستم لە ناوچە ناوچەی بەرین نیە، ناوچەی چووک بە گەڕەک یا حەتا بە رۆژنامە یا حەتا بە نووسەری یەک رۆژنامە لەگەڵ نووسەرێکی دیکەی هەمان رۆژنامە.

**پرسیار:** مامۆستا! لە قانوونی ئەساسیی جمهووریی ئیسلامی دا ئەسڵێک هەیە، ئەسلی پازدە کە باسی ئازاد بوونی خوێندن بە زمانی قەومە ئێرانییەکان لە پەنا زمانی فارسی دا دەکا. جارێ هەر ئەوە کە لە قانوونی ئەساسی دا هاتوە چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ پاشان ئەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو داوایەی کە دەکرێ، کورد دەیکا، ئازەربایجانی دەیکا، بەڵام ئەوە ئەسڵە بەڕێوە ناچێ، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە راستی دا مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێن: "لەوەندە قوڕەی ئەوەندە تۆزە هەستێ هەر باشە" یا دەڵێ "لە نێو هەموو تاریکایی دنیایە دا شوعلەی شەمێک هەر دیارە"، ئەوە بۆ خۆی شتێکی باشە. بەڵام ئەو ئەسڵە یا ئەسڵی نۆزدە هیچ قیمەتێکی [...] ئیجباری و ئیجراییان نیە. ئەمن پێموایە قانوونەکە، (ئەو بەندی ١٥) جێبەجێ کراوە. چونکە خۆ ئەو ناڵێ ئامووزش و پەروەرش دائیر دەکەم بۆ ئەوانە. دەڵێ ئازادە هەر کەس پێی خۆشە بۆ خۆی لە ماڵی خۆی بەوە بخوێنێ، دەڵێ ئازادە. لەحاڵێکدا ئەمە بە مەعنای بە رسمی ناسینی حەقی ئامووزش و پەروەرشی ئەو میللیەتانە بە زمانی خۆیان نیە. بە رەسمی ناسین ئەوەیە دەوڵەت مەدرەسەی بۆ دابمەزرێنی، مامۆستای بۆ تەربیەت بکا، کتێبی بۆ چاپ بکا، حوقووقی مامۆستایەکان بدا. کوللی شتەکە وەکوو بۆ سیستمی خوێندنی فارسی چۆنە بۆ ئەوانەش بیکا. لە حاڵێکدا نە قانوونەکە ئەوەی کردوە، یانی نە قانوونی ئەساسی ئەوەی تێدایە، نە بە عەمەلیش دەوڵەت هەنگاوی هەڵێناوە. کەوابێ لە راستیدا تەنیا ئەوەندەیە کە ئاوڕدانەوە بەوە، باسی ئەوە، ئێعترافێکە لە قانوونی ئەساسیدا بە جۆراوجۆریی کۆمەڵی ئێران، لەوە زیاتر بەش بە حاڵی خۆم بایەخێکی تێدا نابینم، چونکی دەوڵەت هیچ تەعەهودێکی وە ئەستۆ نەگرتوە بەرامبەر بە زمانە غەیرە فارسەکان.

**پرسیار:** مامۆستا ئەگەر قانوونەکەش دەوڵەتی مولزەم نەکردبێ، بەڵام خۆت دەزانی ئەو داوایە هەیەو موڕەتەب فشاری بۆ دێ، یانی هۆی جێبەجێ نەکردنەکەی دەبێ چی بێ؟ ئایا بەڕاستی زمانی فارسی بەوە زەرەر دەکا کە بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ، بە قەولی ئەوان ئەمنییەتی وڵات و نازانم ئەوە دەشێوێ، بۆ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من پێموایە ئەگەر لەو روانگەیەوە بۆی بچین کە فەرهەنگی ئێرانی (کەمێکی لێک جودا بکەینەوە لەگەڵ فەرهەنگی فارسی ـ ئەوە بەشێک لە شووێنیستە فارسەکانن دەیانهەوێ بڵێن فەرهەنگی ئێرانی یەعنی فەرهەنگی فارسی) بەڵام ئەگەر باسی فەرهەنگی ئێرانی بکەین بە هیچ جۆر دایربوونی مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، فەرهەنگی ئێرانی فەقیر ناکا، بەڵکوو دەوڵەمەندی دەکا. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوە کە فەرهەنگی ئێرانی بە مەعنای فارسی بزانین، دیسانەکە بۆ ئەویش زەرەری نیە یا ئەگەر زەرەری بوو چ قەیدی هەیە؟ خۆ ناکرێ قازانجی فەرهەنگێک لە سەر ئەساسی زیان گەیاندن بە فەرهەنگێکی دیکە تەئمین بکرێ چ جای ئەوەی بە جارێ ئەو فەرهەنگەی دیکە لە بەرچاو نەگیرێ و ون بکرێ و حەقی بفەوتێ. باشە زەرەری پێ دەگا، با پێی بگا، خۆ ئەو زمانانە نایانهەوێ زەرەر بەوی

بگەیەنن، دەیانهەوێ بۆ خۆیان بخوێنن و بۆ خۆیان هەبن. کەوابێ ئەوە بە هیچ جۆر موقەدەس نیە کە لە بەر خاتری ئەوەی زمانی فارسی هەر پێش کەوێ دەبێ کوردو ئازەربایجانی و میللەتانی دیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن. وەکوو ئەوەیە بڵێن ئینگلیزی ئێستا زمانێکی دەسەڵاتدار لە دنیادا، نابێ بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ چونکە زۆر کەس فێری ئینگلیزی نابن!

**پرسیار: مامۆستا! خوێندن بە زمانی زگماکی وەکوو مافێکی رەوا کە دانی پێدانراوەو لە زۆر قانوونی دنیادا هاتوە، بێبەشی لەو مافەی چ تەئسیرێکی هەیە لە سەر تاک و هەروەها لە سەر نەتەوەیەک و لە سەر زمانەکەی و، بەرخوردار بوون لەو مافەی چ قازانجێک دەگەیەنێ بە زمانەکە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەژار یا هێمن شتێکی هەیە کە دەڵێ "خوێندن ئەگەر بە زمانی خۆم بێ زووی دەکەم رەوان". پێش هەموو شتێکی وەکوو حەقی فێربوون بۆ منداڵان، لە تەمەنی منداڵیدا، فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە لە بەینی منداڵێک کە دەچێتە مەدرەسەی بە زمانەکەی خۆی بخوێنێ، یا بە زمانێکی بێگانە. چونکە کە بە زمانەکەی خۆی دەخوێنێ دەزانین کە لە سەر تەختە سیا یا لە کتێبە دەرسییەکان دا، عادەتەن کتێبی ئەوەڵی ئیبتدایی باسی هەر شتێک دەکرێ عەکسەکەشی لەگەڵە. کەوابوو منداڵ کە دەچێ بۆ مەدرەسەی لە ئەوەڵ رۆژەکان و حەفتەو مانگەکان دا، ئەگەر بە زمانی خۆی بخوێنی دەنگەکە بۆ وی ئاشنایە، مەعنای شتەکەی بۆ ئاشنایە، وێنەکەی بۆ ئاشنایە، تەنیا شتێکی کە بۆی ئاشنا نیە نووسینی ئەو ناوەیە. بەڵام ئەگەر زمانەکە زمانێکی غەیری خۆیەتی ـ با نەڵێین زمانی بێگانە، چونکە مادام هی وڵاتێکە رەنگە لە باری سیاسییەوە دروست نەبێ بە بێگانەی ناوبەرین. مادام ئێمە دەڵێین هەموومان لە یەک وڵات داین و ئێرانیین ـ بەڵام هەموویان نائاشنان ئیلا وێنەکە نەبێ. دەبێ دەنگەکە فێربێ، تەلەفوزەکە فێربێ، نووسینەکە فێربێ، و هەموو شتەکان فێربێ و کارەکەی یەکجار زۆر بە زەحمەت ترە لەو حاڵە دا مەعلوومە روشدو پێشکەوتنەکەی وەدوا دەکەوێ. حەتا ئەگەر لە بەر زەکاوەتی زۆری وەدواش نەکەوێ لانیکەمی ئەوەیە کە قورساییەکی زۆر زیاتر دەبێ تەحەمول بکا. یانی وەکوو خەڵفێکی ناسکە کە زۆر بە شلکی لە واقعدا ئەزییەتی دەدرێ و وەکوو کورد دەڵێ دەگەچڵێ. بۆیە بە باوەڕی من بەخۆڕایی نەگوتراوە کە ئەو حەقە وەکوو حەقێکی موسەللەمە بۆ هەموو میللییەتەکان هەیە کە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

**پرسیار: مامۆستا! ئەدی لە سەر خودی زمانەکە و لە سەر خودی میللەتەکە چ تەئسیرێکی هەیە، ئەگەر پێی نەنووسرێ و پێی نەخوێندرێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەر لە جێدا خوێندن بە زمانی زگماکی بمانهەوێ و نەمانهەوێ بێ ئەوەی ئێعلام بکرێ، ئێعترافە بە مەوجودییەتی ئەو میللەتە. هەر ئەوە بۆ خۆی تەئسیرێکی زۆری هەیە، جگە لەوەش کە بە بێ شک لە بەر ئەوەی

خوێندنی ئینسانەکان، منداڵەکان ئاسانترە لە بەر ئەوەی بە زمانی خۆی دەخوێنێ و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی و ئەدەبەکەی و تاریخەکەی گوستەرش پەیدا دەکاو بڵاو دەبێتەوەو پەرە دەستێنێ، دیسانەکە خزمەتێکی زۆر بە بەرەوپێشچوونی کولتی نەتەوەکە دەکا.

**پرسیار:** دیارە بە وڵات فەرق دەکا، بەڵام چۆن لە نێو چەند زمانان دا کە لە وڵاتێکدا هەن یەکیان زاڵ دەبێ بە سەر ئەوانی دیکەداو، هەڵدەبژێردرێ وەکوو زمانی رەسمی و زمانی خوێندن و نووسین و، ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکرێن؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** من پێموایە ئەوەش دوو رەوتی هەیە کە عادەتەن زیاتر رەوتی یەکەمیانە. ئەویش ئەوەیە کە تاریخ وای دێنێ، هەلومەرجی تاریخی، هەلومەرجی دەسەڵات، هەلومەرجی ئابووری وا دەکا کە یەکێک لەو زمانانە ئەولەوییەت پەیدا دەکا، تەسەلوت پەیدا دەکا بە جۆرێک لە جۆران وە پێش دەکەوێ. ئەوی دیکە ئەوەیە ئەگەر وا فەرز بکەین نەخێر هیچیان لە پێش هیچیانەوە نین، وەختێکی چەند میللەت لە وڵاتێکی دا دەژین ناکرێ هەموویان هەموو زمانەکان فێربن، دەبێ یەکێکیان بکەنە زمانی موشتەرەکی هەمووان بۆ لێک حاڵیبوون. لەو حاڵەتەدا دەبێ ئەو میللەتەی کە لە هەمووان پترە زمانەکەی وان بکرێ [بە زمانی هاوبەش]، بە دەلیلی ئەوەی کە وادانێین وڵاتەکە ٢٠ میلیۆن جەمعیەتی هەیە، ١٠ میلیۆنی یەک زمانە، ٧ میلیۆنی زمانێکی دیکەیەو ٣ میلیۆنی زمانێکی دیکە، ئەگەر قەرار بێ زمانی ئەو میللەتەی بکەین بە زمانی هەمووان کە یەک میلیۆن جەمعییەتی هەیە دەبێ ١٩ میلیۆن زمانێکی غەیری زمانی دایکی خۆی فێربێ. بەڵام ئەگەر ئەوەی ١٠ میلیۆنییەکە بکەینە زمانی هەمووان، تەنیا ١٠ میلیۆن دەبێ زمانێکی غەیری زمانی زگماکیی خۆی فێربێ. ئەوەی کە مەربوتە بە ئێران دەزانین کە لە واقعدا هەر دووکیانی تێدا هەن، هەم تاریخ وای هێناوە، هەمیش لە ئێراندا لە سەر یەک فارس بە تەنیا زیاتر لە هەمووان نین بەڵام گەورەترین میللیەتە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە زمانی فارسی ئەو شانسەی بۆ هاتۆتە پێشێ کە لە تاریخ دا (ئێستا) زۆر زیرەکتر بوون یا زۆرتر خزمەتیان پێ کردوە [نازانم]، لە تاریخ دا چەند دەورە سیلسلە پاشای ئێرانی غەیرە فارس بوون، غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، سەفەوییەکان، زەندییەکان، ساسانییەکان ئەوانە هەموو غەیرە فارسن بەڵام هەموویان زمانی دەرباریان ، زمانی رەسمییان فارسی بووە. تەنانەت زمانی دەرباری ئیمپراتوری عوسمانی، فارسی بووە. زمان لە عێراقی عەرەبی، ماوەیەکی زۆر فارسی بووە. هەر لە دەورانی منداڵی من دا لە واقعدا رووناکبیرانی ئەو وەختی لە عێراقیش و تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئێران فارسییان دەزانی. یانی رەخساوە کە ببێتە زمانی حاکم، زمانی گەورە، زمانی ئەوەی کە فارس پێی دەڵێ بەرتەر لە مەنتەقەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٠

## چاوپێکەوتنی گۆڤاری مەتین لە گەڵ دوکتور ئەمیری حەسەنپوور




**گۆڤاری مەتین. دهۆک، ژمارەی ١٩٠، ساڵی ٢٠١٠**

### پێشکەوتووبوونی سۆرانی و دواکەوتووبوونی کورمانجی یەکێک لە ئەفسانەکانی شۆڤینیسمی سۆرانییە

**سازدانی: ناسر منبەری**

**د. ئەمیری حەسەنپوور** لە ساڵی ١٩٤٣ لە شاری مەهاباد هاتە دونیا و هەر لەوێ دەرسی سەرەتایی و ناوەندی خوێند و لە ١٩٦٠ لە زانکۆی تاران درێژەی بە خوێندن دا. لە پێشدا زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسی خوێند(باکالوریا ١٩٦٤)، دوایە ماوەییێک لە مەدرەسەی ناوەندی مەهاباد دەرسی کوت و لە ساڵی ١٩٦٨ دەستی کرد بە خوێندنی زمانناسی لە زانکۆی تاران (ماجستەر ١٩٧٠) و لە ١٩٧٢ لە زانکۆی ئیلینوی لە ئەمریکا دەورەی دوکتورای کامیونیکەیشنی دەست پێکرد. تێزی دوکتوراکەی لێکۆلینەوەییێک بوو سەبارەت بە پرۆسەی ستانداردبوونی زمانی کوردی. سەردێڕی تێزەکە ئەوەبوو:

فاکتۆری زمان لە گەشەکردنی نەتەوەیی دا: ستانداردبوونی زمانی کوردی ١٩١٨ - ١٩٨٥

**The Language Factor in National Development: The Standardization of the Kurdish**

**Language, 1918-1985**

**ئەو تێزە لە سالی ١٩٨٩ دا تەواوبوو و لە لایەن زانکۆی ئیلینۆیەوە پەسندکرا و لە ساڵی ١٩٩٢دا وەک کتێبێک لە ئەمریکا بە سەردێڕی ناسیۆنالیسم و زمان لە کوردستان، ١٩١٨ - ١٩٨٥ بڵاوبۆوە:**

**Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985**

**ئەو کتێبە وەرگێڕدراوەتە ترکی:**

**(Kürdistan’da Miliyetçilik ve Dil, 1918-1885 (Istanbul: Avesta, 2005**

**ئەو لێکۆڵینەوە بەرهەمی عومرێک تێکۆشانی لە بواری زمانی کوردی و کەڵک وەرگرتن لە زانستییەکانی زمان بەتایبەت زمانناسی و زمانناسیکۆمەڵایەتییە. د. حەسەنپوور خۆی دەڵێ:**

**"من کاتێکی لە ساڵی ١٩٧٦ ئەو لێکۆڵینەوەم وەک تێزی دوکتورا دەست پێکرد ئاگام لە باری دەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بوو. لە ئەمریکا، رۆژنامەی ریا تەزەی چاپی یێرەوان ئابوونە بووم و بەشێکی زۆری چاپەمەنی یەکێتی سۆڤیێتم وەدەست دەکەوت، لە ئیران خۆم ژیابووم و لە خەباتی زمانییدا چالاک بووم، زۆربەی چاپەمەنی کوردی کوردستانی عێراقیشم لە ١٩٧٦ وەدەست کەوت، و چاپەمەنی کۆنی کوردی عوسمانی و سووریەشم تا رادەییێکی پەیدادەکرد. هەروەها نامەنووسین و وتوویژێکی زۆرم کرد لەگەڵ ئەوانەی کە لە پرۆسەی ستانداردبوون دا چالاک بوون، بۆ وێنە تەوفیق وەهبی، ع. زەبیحی، سادق بەهائەدین ئامێدی، مستەفا نەریمان، ع. شەریف وانلی، جەماڵ نەبەز ... بێجگەلە وانە، بەشێک لە ئارشیوی ئینگلستان لە زەمانی ئینتیدابی عێراقم وەدەست کەوت. پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکەم ئەوە بوو کە چۆن سۆرانی بە پەیدابوونی دەوڵەتی عێراق لە سەر بنچینەی بن - لەهجەی سلێمانی پرۆسەی ستانداردبوونی دەست پێکرد و تا ساڵی ١٩٨٥ تا چ رادەییێک ستانداردببو."**

**"هەروەک کوتم من کاتی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکە پێموابوو زۆر شت سەبارەت بە زمانی کوردی دەزانم. بەڵام زوو پێمزانی کە روانین و تەجرەبەکردن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تێگەیشتن زۆر پێویستن، بەڵام تەواونیین و تێگەیشتنی کێشەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل بە شێوەییێکی زانستی و بەپشتبەستن بە تیۆری زمانناسییەوە هەیە. بۆ وێنە لەو پرۆسەیەدا، من بۆم روون بۆوە کە زمانەکانی دنیا تایبەتێتی زۆریان هەیە و بارودۆخی مێژووییشان زۆر جیاوازە. ئەوەی سەرنجی زۆرتر راکێشام پرۆسەی ستانداردبوونی زمانی وەک نۆرویژی و ئالبانی و هەرمەنی بوو کە دوو ستانداردیان هەیە بەڵام**

نموونەی وەک سربی و کرۆواتیشم لە بەرچاودەگرت یان زمانی بنگالی کە لەبەر جیاوازیی ئایینی و دابەشبوونی بنگالْ لێکهەڵبراون. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو لێکۆلینەوەیە ئەوە بوو کە زمانی کوردی زمانێکی جووت -ستاندارده و دوو لەهجەی سەرەکی کورمانجی و سۆرانی هەرکام ئەو پرۆسەیان لە سەدەی بیست دا دەست پێکرد بەڵام کورمانجی لە زۆر بواران دا لە سۆرانی لەپێشتربووە."

د. حەسەنپوور ماوەیێک لە ١٩٧٩ لە زانکۆی سنە دەرسی کوت و لە ١٩٨٧ بەولاوە لە کانادا مامۆستای زانکۆی ویندسر، زانکۆی کنکۆردیا و زانکۆی تورانتۆ بووە.

**ناسر منبەری:** ئێوە لە نامەکەتان بۆ ئاکادیمیای کورد دەستنیشانتان کردووە کەگۆیا ئاکادیمیا زمانی ستانداردی بەلاو داناوە و کێشەکەی کردووە بە کێشەی زمانی ڕەسمی، مەبەستتان لەم جیاکردنەوەیە چییە؟

**د. ئەمیری حەسەنپوور:** من نازانم بۆ ئەکادیمیا باسی ستانداردبوونی وەلانا و باسی رەسمیکردنی هێناگۆڕێ. دیارە ستانداردکردن و رەسمیکردن دوو پرۆسەی جیاوازن. دەلوێ زمانێک دوو لەهجەی ستانداردی هەبێ بەلام هەر یەکێکیان رەسمی بکرێن. ستانداردبوون یەکدابەدوو پێک نایە و بەکاوەخۆیی و لەماوەیێکی تا رادەیێک درێژخایەندا دەگووری بەڵام رەسمیکردن بە بڕیارێکی حکوومەت دەسبەجێ وەدی دێ. هەروەها کەس ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە تەنیا سۆرانی ستاندادبووە و کورمانجی لە سەدەی پازدەوە تا ئێستە قەتیس ماوە و بەو بیانوویە لە مافی رەسمیبوون بێبەشبکرێ.

**ناسر منبەری:** هۆکاری سەپاندنی ڕەسمی کردنی شێوەزاری سۆرانی بە سەر شێوەزارەکانی دیکە لە باشووری کوردستان لە چی دا دەبینن؟ واتە کێشەکە بۆچی لەو بازنەیە دەرناکەوێت؟

**د. ئەمیری حەسەنپوور:** دیارە ئەگەر بێتوو کوردی بە گوێرەی دەستووری عێراق یەکێک لە دوو زمانە رەسمییەکانی عێراق دابندرێ و ئەوەش هەر لەسەر کاغەز نەمێنێ و بببێتە پراتیکی حکوومەت، لە زۆر بوارندا دەکاردێ (وەک قانوون، بەڵگەی رەسمیی، کاری ئیدارەیی، کاری عەسکەری...) و پێویستە بڕیاربدرێ کە کام لەهجەی کوردی دەبێتە زمانی ئەو حکوومەتە، واتە زمانی رەسمیی. هەروەها، لە نێو سنوورەکانی حکوومەتی هەرێمیش دا ئەو کێشەیە دێتەگۆڕێ: زمانی حکوومەت لە بادینان کام لەهجەیە؟

زۆر کەس پێی وایە کە نەتەوە یەک زمانی هەیە و زمانەکەش یەک ستانداردی هەیە و کوردیش وەکوو فارسی و تورکی دەبێ یەک ستانداردی هەبێ. بەڵام ژیانی زمان لە دنیادا زۆر جۆراوجۆرە و زمانی واهەیە دوو لەهجەی ستانداردی هەیە

وەک هەرمەنی و ئالبانی و نۆرویژی. دەکرێ لە کوردستانی عێراق دا، هەردوو لەهجە رەسمی بن و کاروباری حکوومەتیش بەڕێوەبچێ. زۆربەی باسەکان لە بازنەی یەک نەتەوە - یەک زمان - یەک ستاندارد نایەنەدەر.

ناسر منبەری: ئەگەر بەو شێوازە پرۆسەی دەسەڵات کردنی تەک شێوەزاری سۆرانی بەرەو پێشەوە بچێت ڕێگا بۆ چی مەترسیگەلێک دەکاتەوە؟ یان داهاتووی ئەم پرۆسەیە دەبێتە چێ و هەتا کوێ بەردەوام دەبێت؟

د. ئەمیری حەسەنپوور: خەلکی بادینان لە ۱۹۹۱ دوای لاچوونی دیکتاتۆری بەعس لە سەر بەشێکی زۆری ناوچەکە، لەهجەی خۆیان لە نووسینی هەمەچەشنە بەتایبەت لە کووچە و کۆڵان و دووکانەکان دەکار هێنا و ئێستە لە خوێندن و لە کارگێڕی دا دەکاردەهێندرێ. ئەوە بڕیاری خەڵکەکەیە. ئەگەر بێتوو تەنیا سۆرانی رەسمی بێ، ئەو باری باوە لە مەترسی دەکەوێ. رەسمیکردنی لەهجەیێک دەسەڵات دەدا بە ئاخێوەرانی و دەسەڵات لە ئاخێوەرانی لەهجەکانی دی حاشادەکا. هێندێک لە سۆرانی-ئاخێوەکان دەیانەوێ دەسەڵاتی لەهجەی خۆیان بپاریزن و ئەو دەسەڵاتە دابەش نەکەن. بیانوویەکەشیان ئەوەیە کە زمانی دوو - ستاندارد نەتەوە دەکاتە دوو پارچە و ئەوە نابینن کە خەڵکلە بارودۆخی ئازادی و دیمۆکراسی دا زۆر باش پێکەوە دەحاوێنەوە بەلام سیاسەتی زاڵبوون و دژی-دێمۆکراسی دەبێتە هۆی نارەزایی و لێکهەلبران.

ناسر منبەری: جەنابتان لە میدیاکاندا باسی دیاردەیەک بە ناوی "شوڤینیسمی سۆرانی" تان کردووە کە لە باشووری کوردستان خەریکە بەهێز دەبێت،دەتوانن بە شێوازێکی بەرفرەتر ئەم دیاردەیە پێناسە بکەن؟

د. ئەمیری حەسەنپوور: شۆڤینیسمی زمانیی بۆچوونێکی سیاسییە کە زمانێک یان لەهجەیێکی (زۆرتر زمان و لەهجەی خۆی) پێ لە زمان یان لەهجەکانی دی باشتر، جوانتر، پێشکەوتووتر، دەوڵەمەندتر، رەسەنتر، یان ڕێکوپێکترە. شۆڤینیسم ڕێبازێک، بۆچوونێک، فکرێک یان تێگەیشتنێکی سیاسییە. وشەی "شۆڤینیسم" زاراوەیێکی سیاسییە و، لەگەڵ ئەوەشدا باری مانایی مەنفی هەیە، من وەک جنێو دەکاری ناهێنم. "شۆڤینیسمی سۆرانی" بڕوا بەوەیە کە لەهجەی سۆرانی لە لەهجەکانی دی باشتر، پێشکەوتووتر، دەوڵەمەندتر، رەسەنتر و ڕێکوپێکترە. ئەو شۆڤینیسمە، لەهجەکان پلەبەندی یان بەرزونزم دەکا (دەیکاتە هیرارشی)، سۆرانی لە سەرەوە دادەنێ و ئەوانی دی لە خوارەوە. ئەوەی سەرێ مافی ئاغایەتی و سەرووەری هەیە و ئەوانی خوارێ دەبێ ژێردەست بن. شۆڤینیسم بڕوای بە بەرابەری و ئازادی و ماف نییە. ئەو شۆڤینیسمە هەم شیوەی توندوتیژ و هەم شێوەی ئەهوەنی هەیە. توندووتیژەکان سووکایەتی بە لەهجەکانی دی و ئاخێوەرانی دەکەن.

سۆرانی ئاخێوەکان ڕێبازی سیاسی جۆراوجۆریان هەیە. هێندێک لە سۆرانی ئاخێوەکان دژی شۆڤینیسمی سۆرانین و لەوانەیە

تەنانەت کورمانجی ئاخێوی واهەبێ کە لایەنگری ڕەسمیکردنی سۆرانی بێ. من خەریکی نووسینی زنجیرەیێکم سەبارەت بە شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی.

**ناسر منبەری**: بەگوێرەی ئێوە ئاکادیمیای کوردی لە باشووری کوردستان تەنیا ئەرکی ئەوەیە کە کێشەی زمانی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی باشووری کوردستاندا بنرخێنێت یان نا؟ بۆچی؟

**د. ئەمیری حەسەنپوور**: ئەرکەکانی ئەکادیمیا دەتوانن زۆر بەرین بن بەڵام دیارە حکوومەتی هەرێم ئەرکەکانی ئەو ڕێکخراوەی دیاریکردوە. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی بە دابەشبوونی کوردستان لەت وکوت بووە، لە دنیای ئەوڕۆدا ئاخێوەرانی لەهجەکان، بە تلەڤیزیۆنی مانگۆلە و ئینترنێت و کرانەوەی سنوورەکان، زۆرتر لە هەر زەمانێکی دی گوێیان لە یەکتر هەیە و چاپەمەنیش زۆر لە جاران زیاتر لە ناویاندا بڵاو دەبێتەوە. جابۆیە هەر باسێکی زمانی کوردی لە هەر پارچەیێکی کوردستان ئەگەر ئەو پێوەندییانەی لە بەر چاو نەبێ لە لێکدانەوەدا تووشی هەڵە دەبێ و لە باری زانستییەوە بایەخی کەم دەبێ. بەڵام دیارە ئەکادیمیاییێکی کە حکوومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی خۆی دایمەزراندبێ، نایەوێ بڕیاربدا بۆ پارچەکانی دی کوردستان.

**ناسر منبەری**: ئێوە لە نامەکەتاندا باسی ئەوەتان کردووە کە دیالێکتی کورمانجی لە بواری زمانناسی، زمانناسیی کۆمەلایەتی وکۆمەڵناسیی زمان هیچ شتێکی لە سۆرانی کەمتر نییە،ئەگەر لەم بوارانەدا شێوەزاری کورمانجی لە سۆرانی کەمتر ببوایا دەبووە هۆکاری ئەوە ڕێگا بۆ ڕەسمی کردنی شێوەزاری سۆرانی بکرێتەوە؟

**د. ئەمیری حەسەنپوور**: پێشکەوتووبوونی سۆرانی و دواکەوتووبوونی کورمانجی یەکێک لە ئەفسانەکانی شۆڤینیسمی سۆرانییە. ئەگەر ئەوە ڕاستیش بێ، ئاخێوەرانی کورمانجی مافی زمانی خۆیان هەیە - مافی خوێندن و نووسین، و دەکارهێنانی لەهجەکەیان لە کارگێڕی و گشت بوارێکی دیدا، بە کورتی مافی ڕەسمی بوون.

**ناسر منبەری**: وەکوو ئێوەش دەزانن لە کۆمەڵگای کوردەواری دا ٥ شێوەزاری سەرەکی وەک، کورمانجي، سۆرانی، کەلهوڕی، زازاکی و سۆرانی پێیێان وسە دەکرێ،لە باشووری کوردستانیش جیا لە شێوەزارەکانی کورمانجی و سۆرانی، هەورامی و کەڵهوڕیش قسەیان پێ دەکریت، ئایا جووت ستانداردي شێوەزار، چارەسەرییە؟ ئەگەر چارەسەرییە چی بەسەر کەلهوڕی و هەورامی دێت؟ یان لە نێو پڕۆسەی جووت ستاندارد کردن دا هەر دوو دیالێکتی هەورامی و کەلهوڕی چۆن جێگای خۆیان دەگرن؟

**د. ئەمیری حەسەنپوور:** ڕەسمیکردنی سۆرانی و کورمانجی کۆتایی بە نابەربەری نێوان لەهجەکان ناهێنێ. لە کوردستانی عێراقدا، زۆربەی خەڵک بە سۆرانی و کرمانجی قسەدەکەن و ئاخێوەرانی لەهجەکانی دی دەبی مافی زمانی وەک خویندن و نووسین بە لەهجەی خۆیان هەبێ. لە کۆمەڵگەیێکی فرە - لەهجەییدا ڕەسمیکردن، چ ئی یەک لەهجە بێ چ دوو لەهجە، دابەشکردنی نابەرابەرانەی دەسەلاتی زمانیی، سیاسیی و کۆمەلایەتییە، و لە بنچینەدا کارێکی نادیمۆکراتییە. بەلام کۆمەڵگە و دەوڵەتی "مۆدێرنی" ئێستا بە بێ زمانی ستاندارد و ڕەسمی ناحاوێنەوە، و نابەرابەریی زمانیی و لەهجەیی بەشێکە لە نیزامی کۆمەلایەتی کە پڕە لە نابەرابەریی چینایەتی، جینسێتی، دینی، قەومی، ڕەگەزی و هتد. ئەو نابەرابەرییانە لێک جوێ نین و بە یەکترەوە بەستراونەوە و پێکەوە سیستیمێک پێکدێنن. لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆمەڵگەی فرە-لەهجەییدا لەهجەکان نابەرابەرن، هەر لە چوارچێوەی ئەو سیستێمەدا دەکرێ پێوەندیی زمانیی، بە تایبەت پێوەندی لەهجەکان، وا دابڕێژرێ و ڕێکبخرێ کە تەبعیزی زمانیی کەمتر بکرێ و ئاخێوەرانی لەهجە ناڕەسمییەکان مافی زمانیی و مرۆڤییان پێشێلنەکرێ.

**ناسر منبەری:** بابێینە سەر نامەکەتان بۆ ئاکادیمیا، ئەو ساختەکارییەی کر ئاکادیمیای کورد لەسەرنامەکەتان کردی چۆن ئەنجام درا؟ و هۆکاری ئەنجام دانی چی بوو؟

**د. ئەمیری حەسەنپوور:** ئەکادیمیا نەدەبوو نامەی خۆی لەباتی نامەی من یان نامەی هەرکەسی دی بخوێنێتەوە. وادیارە، ئەوەی خۆشیان دەینووسن زۆر بایەخی بۆ دانانێن. بۆچوونەکانی من و زۆربەی ئەندامانی ئەکادیمیا (لە کێشەی ڕەسمیکردن دا) تەواو لیک جیاوازە، جا بۆیە ئەو هەڵەکردنە زۆر جێی سرنجە.

**ناسر منبەری:** لە گفتوگۆیەکدا کە لە گەڵ ڕادیۆ زایەڵە ئەنجامتان داوە ئەو هەڵوێستەی ئاکادیمیا وەک هەڵوێستێکی سیاسی بە ناوتان کردووە، دەتوانن تۆزێک ڕوونتری بکەنەوە؟

**د. ئەمیری حەسەنپوور:** مەبەست لە هەڵوێستی سیاسی لەو کێشەدا ئەوەیە کە ئەکادیمیا لەپێشدا، بەبێ لێکۆڵینەوە، لە سەر کێشەیێک وەک کێشەی ڕەسمیکردن ساخبووبێتەوە و لە باتی پشتبەستن بە بەڵگە و زانیاری و زانست بییەوێ بە کۆکردنەوەی دەنگ بڕیاربدا و کێشەیەکە وەک مافی زمانیی چاولێ نەکا. دیارە ئەندامانی ئەکادیمیا یەک بۆچوونیان نییە بەلام پێویستە ڕێکخراوەیێکی وا بە شێوەیێکی دێمۆکراتی نوێنەرانی گشت لەهجەکانی تێدا بێ و دەوری چالاکیان پێ بسپێردرێ. هەروەها بێجگە لە فرەلەهجەیی، کوردستان ولاتێکی فرەزمانییە و کێشەی زمانە کەمایەتییەکانیش وەک ئاسۆری و تورکمەن لەگۆڕێ دایە و نوێنەرانی ئەوانیش دەبێ کێشەکانی خۆیان لێکبدەنەوە و بۆ چارەسەرکردنی حەول بدەن و ئەکادیمیا ددان بنێ بە سەربەخۆیی و لێپرسراوی وان لە کێشەکانی زمانی خۆیان...

**ناسر منبەری**: سەبارەت بە ساختەکاری ئاکادیمیا لە نامەکەتان و ئەو هەڵوێستانەی لە مەڕ زاڵ و ڕەسمی کردنی شێوەزاری سۆرانی کە پێش دەکەوێت، چ چاوەڕوانییەکتان لە میدیای کوردی بە تایبەتی باشووری کوردستان هەیە، هەر وەها ئایا هەڵوێستی ڕووناکبیرانی کورد سەبارەت بە دژبەرایەتی لە هەمبەر ڕەسمی کردنی شێوەزاری سۆرانی لە باشووری کوردستان، چالاک دەبینن یان نا؟ بەڕای ئێوە دەبێت چۆن بێت؟

**د. ئەمیری حەسەنپوور**: من پێم وایە نابێ پەلەبکرێ لە بڕیاردان لەو کێشەیەدا. پێویستە بە گیانێکی ئازادیخوازانە، مافخوازانە و بە بۆچوونێکی دیمۆکراتیی گشت لایەنی ئەو کێشەیە لێکۆڵینەوەی لێبکرێ و لیکبدرێتەوە و هیچ بڕیارێک بە بێ پرس و راوێژ بە ئاخێوەرانی لەهجەکان نەدرێ. تا ئێستە هیچ لیکۆلینەوەییێک سەبارەت بەو پرسیارانە نەکراوە: چەندێتی و چۆنێتی لەهجەکان بۆ وێنە چەند لەهجە هەیە، لە کوێن، ژمارەیان چەندە، خەریتەی لەهجەکان چییە، و زۆر پرسیاری دی؟ هەرکام لە لەهجەکان لە چ بوارێک دا دەکار دێن: خوێندن لە سەرەتایی، ناوەندی، زانکۆ، چاپەمەنی (لە سالی ١٩٩١ ەوە تا ئێستە چەند گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب بە هەرکام لە لەهجەکان بڵاو بوونەوە)، رادیۆ، تلەڤیزیۆن، ئینترنێت؟، چەندێتی و چۆنێتی دەکارهینانی زمان (ئاخێوەری هەر لەهجەییێک چ زمان و لەهجەییێکی دی دەزانن و قسەی پێدەکەن، لە ژیانی رۆژانەدا بۆ چ مەبەستێک چ زمانێک و چ لەهجەییێک دەکاردێنن؟)، کارتێکردنی لەهجە کوردییەکانی تورکییە و ئیران و سورییە و دەرەوەی وڵات لە باری زمانیی کوردستانی عێراق؟ کۆسپ و بەرهەڵستەکانی حکوومەتی هەرێم لە بواری زمان و لەهجەکان؟ کێشەی زمان لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی بەغدا چۆنە؟ بەرهەڵستەکان چین؟ و زۆر پرسیاری دی.


جا کاتێکی ئەو گشتە پرسیارە وەڵام نەدراونەتەوە، نە ئەکادیمیا نە میدیا نە رۆشنبیران ناتوانن باش لە کێشەکان تێبگەن. ئەگەر بمانەوێ هەنگاوێکی خێرا بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرێن دەبێ وەلامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، ئەویش بە لێکۆڵینەوەی زانستی. ئەو کێشەیە بە شەڕەجنێو و تاوانبارکردن جێبەجێ نابێ. ئەوە ناکۆکی یان کێشەی سیاسی - زمانییە و ڕێگەی چارەسەرکردنی سیاسی - زمانی هەیە. من پێموایە رۆشنبیران، کاربەدەستان و میدیای سۆرانی ئاخێو ئەرکی سەرشانیان لە هەموان قورسترە. سۆرانی ئێستە لە پلەوپایەی دەسەڵات دایە و دەبێ سۆرانی ئاخێوان زیاتر لە کورمانجی ئاخێوان تێبکۆشن بۆ بەرابەریی دوو لەهجە سەرەکییەکە و بۆ دابینکردنی مافی زمانیی لەهجەکانی دی. کێشەکە، سیاسییە لەبەر ئەوەی زمان خۆی سەرچاوەییێکی دەسەڵاتە و ئەو دەسەڵاتە بە شێوەیێکی نابەرابەر دابەشکراوە و پێویستە ئەوەندەی دەکرێ بەرابەریی دابین بکرێ. لە هەمان کاتدا، کێشەکە زمانییە لە بەر ئەوەی کۆمەڵگەکە فرەلەهجەییە و نابەرابەریی دەسەلاتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تێکەڵاوی نابەرابەری لەهجەکان دەبێ و لە ئاڵۆزیی ئەو ناکۆکیانە دا، جیاوازی زمانی جێی ناکۆکی دی دەگرێتەوە و زمان دەبێتە سەرچاوەی نارەزایی و ناکۆکی.

**ناسر منبەری**: زۆر سپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ بەشداربوونتان لەم وتووێژە.

**سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٠**

## د. هاشم ئەحمەدزادە: لە دەرەوەی زمان هەرچی هەیە هەر زمانە

## ١




**دیمانە: کاروان مێراوی**

**پرسی زمان و پێوەندیی بە شوناسی نەتەوەیی و بەتایبەت لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا هەموو کاتێک جێی باس و مشتومڕی سیاسی بووە، پرسی زمان لەلایەن دەسەڵاتەکانیشەوە ئەو بایەخە تایبەتەی بووە و سیاسەتی زمانی، یەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی وڵاتان و بەتایبەت دەوڵەتنەتەوەکان بووە، ئەویش ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوەن و نەتەوەی سەردەست هەوڵی تواندنەوە یان دابەزاندنی ئاستی زمانی نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری ئەو وڵاتە – ئێران بۆ نموونە – دەدات. "کوردستان" بۆ باسکردن لەسەر پرسی گرینگی و بایەخ و کارکردی زمان، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز د. هاشم ئەحمەدزادە، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، نیشتەجێ لە سوید پێکهێناوە کە لە دوو بەشدا بڵاو دەبێتەوە.**

**کاروان مێراوی:** دوکتور سەرەتا با بەوە دەست پێ بکەین کە پێناسەی زمان چییە، یان بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی جەنابتەوە زمان چۆن پێناسە دەکرێ؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لە زۆر باسوخواستی پێوەندیدار بە پێناسەی زماندا زانایانی بواری زمان ئاماژە بە پەند یان مەتەڵۆکێکی چینی دەکەن و لەم ڕێگایەوە خۆیان لە پێناسەکردنی ڕاستەوخۆی زمان دەبوێرن. بەگوێرەی ئەم مەتەڵۆکە یان پەندە چینییە ڕۆژێک یان ڕەنگە شەوێک دوو ماسیی بچووک یان با بڵێین گەنج خەریکی مەلەن لە دەریادا. لەم کاتەدا پیرە

ماسییەک تووشیان دەبێت و لە دوورەوە لە ئەحواڵیان دەپرسێ و هاوکات پرسیارێکیشیان ئاراستە دەکا: چۆنن ماسییەکان؟ ئێوە دەزانن ئاو چییە؟ دوای ئەوەی ماسییە بچووکەکان تۆزێک دوور دەکەونەوە ڕوو لە یەکتر دەکەن و بە پێکەنینەوە دەڵێن، ئەرێ ئەو پرسیارە سەیرە چی بوو ئەم پیرەماسییە ئاراستەی ئێمەی کرد. جا چۆن ئاو چییە؟ تۆ بڵێ غەیری ئاو چی هەیە تا من پێت بڵێم ئاو چییە. ڕەنگە چیبوونی زمانیش لەڕاستیدا بۆ مرۆڤ هەر ئەمە بێت. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین باشە لە دەرەوەی زمان چی هەیە تا بڵێین زمان چییە؟ کەواتە هەرچی هەیە هەر زمانە. ئەو دیاردە کۆنینەی کە لە ڕەوتێکی دوورودرێژی زەمەنیدا هاتووەتە ئاراوە و بیچمی گرتووە و بە بەردەوامی لە گۆڕاندا بووە. بۆ دەیان هەزار ساڵ مرۆڤەکان لە ڕێی ئاماژە و دەنگ و نیشانە و هێماکانەوە لەگەڵ یەکتر پێوەندییان گرتووە و دواتر لە ڕەوتێکی زەمەنیدا و لە ئاکامی کارتێکەریی فاکتەرگەلی جۆراجۆرەوە زمانگەلی جیاواز هاتوونەتە ئاراوە و ڕێک وەک هەر بوونەوەرێکی زیندوو گەشەیان کردووە و هەندێکیان مردوون و هەندێکیان تووشی گۆڕانی زۆر بنەڕەتی بوونە. ئەم ڕەوتە بە چەند هەزار ساڵان بەردەوام بووە و هەتا سێ هەزار ساڵێک، کەمێک کەمتر یان زیاتر، مرۆڤ توانیوییەتی نووسین دابهێنێ و ئیتر زمانی نووسراویش ببێ بە جۆرێک لە زمان کە سەرەڕای پێوەندیی لەگەڵ زمانی ئاخافتن، هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیەتی.

ئەگەر ئەم مەتەڵۆکە چینییە تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بووبێ بۆ تێگەیشتن لە چیبوونی زمان، کە باسی پێناسە دێتە ئاراوە تووشی گرفتێکی سەرەکیی دیکە دەبین و ئەویش دۆزینەوەی کەرەستەیەکە بۆ پێناسەی ئەم دیاردەیە. لەڕاستیدا بۆ پێناسەکردنی هەموو دیاردەیەک پەنا بۆ زمان و لۆژیکی زمان دەبەین، بەڵام لە پێناسەی زماندا گرفت ئەوەیە کە دەبێ پەنا بۆ خودی زمان بەرین و لە خودی زمان بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەرگرین. سەرەڕای ئەم گرفتە هەوڵدان بۆ بەدەستەوەدانی تەوە پێکهێنەرەکان و لایەنە دیاریکەرەکانی دیاردەی زمان بە بەردەوامی لە ئارادا بووە و ئەم هەوڵە ئێستاش هەر هەیە و دیسیپلینە جیاوازەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە کار و لێکۆڵینەوە لەم بوارە بەردەوامن.

**کاروان مێراوی: لەنیو پێناسە جۆراوجۆرەکانی زماندا چڕترین پێناسە لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە چییە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** دەتوانم بڵێم زمان بریتییە لە سیستەمی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بە یارمەتیی کۆمەڵێک نیشانە و هێمای دەنگی و ڕەنگی. ئەگەر دەنگ ئەو ئاوا و وشە و ڕستانە بن کە دەیانبیستین، ئەوە لایەنی ڕەنگی، لەو نیشانە کێشراو و نووسراوانە پێک دێت کە هەمدیسان سیستەمی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان مرۆڤەکان مسۆگەر دەکا. ئەگەر پێناسەی زمانێکی دیاریکراو لەبەر چاو بگرین ئەوە ڕوومان لە زمانێکە کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ئەرکی تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی و پێوەندیی مرۆڤەکان بەجێ دێنێ و خاوەنی سیستەمی تایبەتیی نیشانەیی و دەنگیی خۆیەتی و هەر بە هۆی ئەم جیاوازییانەشەوە لە زمانێکی دیکە یان گرووپێک لە زمانەکانی دیکە جیا دەبێتەوە. لەڕاستیدا پۆلێنکردنی بنەماڵە

زمانییەکانیش هەر لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی سیستەمی زمانەکان دامەزراوە. بۆیە کاتێک قسە لە زمانە هیندو ئورووپاییەکان دەکەین لەڕاستیدا مەبەستمان زەفکردنەوەی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی ئەم زمانانەیە لە ڕەوتێکی مێژووییدا کە وەک سیستەمی سینتاکسی (ڕێزمانی) یان مۆرفۆلۆژیکی جیاوازن، بۆ نموونە؛ بنەماڵەی زمانەکانی ئالتایی یان سێمیتیک.

لایەنی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی دیاردەی زمان هێندە زەقە کە ئەرەستووی فەیلەسوف جیاوازیی سەرەکیی مرۆڤ و ئاژەڵ لە زماندا دەبینێ و مرۆڤ وەک ئاژەڵی ئاخێوەر پێناسە دەکا. توانایی پێوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی دیکە و لە ڕێگەی زمانەوە و لە ڕێگەی ئافراندنی دەربڕینی لە ئەژمارنەهاتوو تایبەتمەندییەکی تەواو مرۆیانەیە. بە واتایەکی دیکە ئاژەڵەکان، بۆ نموونە نەهەنگ و مێشەنگوین و فیل ڕەنگە لەگەڵ یەکتر پێوەندی بگرن، بەڵام لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە ئەوان هەرگیز توانایی دەربڕینی ئابستراکتیان نییە. ئەوە تەنیا مرۆڤە کە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی بەرتەسکی وشە ژمارەیەکی بێسنووری دەربڕین بەرهەم دێنێ. مرۆڤ هاوکات کە بیر دەکاتەوە دەتوانێت هزرەکانی بێنێتە سەر زمان و خەڵکانی دیکەی لێ ئاگادار بکاتەوە. ئەمە ڕێک وەک نووسینی بێئەژمار دەربڕین و ڕستەیە کە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی بەرتەسکی پیتەکانی زمانێک دەنووسرێن. هیچ کەس ناتوانێ بزانێتبە ٢٦ پیتی زمانی ئینگلیسی چەندە وشە و دواتریش چەندە دەربڕین و ڕستە بەرهەم دێت.

چیبوونی ئەم تایبەتمەندییە مرۆییە پرسێکی لەمێژینەی فەلسەفە و زمانناسی و بگرە زۆر زانستی دیکەی سروشتی و ئینسانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیش بووە و هەیە. ئەفسانەی بورجی بابل تەنیا یەک لەو ئەفسانانەیە کە گوزارە لە گرنگیی زمان بۆ مرۆڤەکان و بۆ بوونیان دەکا. ناکرێ ئەمە تەنیا بەهەڵکەوت بووبێ کە یەکەم ڕستەی کتێبە پیرۆزەکان پرسی زمانیان لەخۆ گرتبێ و بڵێن "سەرەتا تەنیا وشە هەبوو و وشە لای یەزدان بوو و وشە یەزدان بوو." یان بە پەیامهێنەر بگوترێ کە "بخوێنەوە بە ناوی پەروەردگارەکەت کە هەموو جیهانی ئافراند." لێرەدا هەست دەکەی ئەم جادووی وشەیە و زمانە لە دێرزەمانەوە لە ئەستی مرۆڤەکاندا بڕیاردەر بووە.

زمانەکان سەرەڕای لایەنە گشتییە ویکچووەکانیان زۆریش لە یەکتر جیاوازن و هەر بۆیە دیاردەی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە سەدان و بگرە هەزاران ساڵە لە ئارادایە. ئەم جیاوازییانە لە ئاستی زمانەکان و تەنانەت لە ئاستی زمانێکیشدا هەر لە ئارادان. ئەگەر لە ئێستادا نزیکەی ٦٠٠٠ زمان یان بگرە زیاتریش لەم گۆی زەوییەدا قسەی پێ بکرێ، هەر تاکێک و هەر مرۆڤێک چۆن پەنجەمۆر و ڕوخساری تایبەت بە خۆی هەیە، شێوازی ئاخافتنی تایبەتیی خۆیشی هەیە. هەر بۆیە ئێمە مرۆڤەکان نەک هەر بە ڕوخسار بەڵکوو بە دەنگیانیشەوە دەناسینەوە. زمانناسان قسە لە زمان و لەهجە و دەربڕینی تایبەتیی هەر کەسێک و جۆرەی ئاخافتن/شێوەزار دەکەن (زمان، دیالێکت، ئیدیالێکت و لێکت).

فەیلەسوفانی هاوچەرخیش هەر یەک بە شێوەیەک خۆیان لە قەرەی باسی پێچەڵپێچی زمان داوە. لەم نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند زانای بلیمەتی وەک لودویک ویتگەینشتاین، مارتین هایدگێر و ژاک دێریدا بکەین و بزانین کە لای ئەوان پرسی زمان چەندە گرنگە و چەندە بڕیاردەرە لەسەر تێگەیشتن لە بوون و مێژووی مرۆڤ و دەوروبەری.

**کاروان مێراوی: زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چ ڕۆڵی هەیە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** هەر لەو کاتەوە کە یۆنانییەکان ناوی بەربەریان لەسەر ئەو خەڵکانە نا کە بە زمانی ئەوان قسەیان نەدەکرد، ڕۆڵی کاریگەری زمان لە جیاکردنەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا دەردەکەوێ، یان ئەوکاتەی عەرەبەکان خەلکانی غەیری خۆیان بە عەجەم ناوزەد کرد هەمدیسان ڕۆڵی زمان وەک فاکتەرێکی جیاکەرەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان دەبینین، بەڵام ڕۆڵی زمان لە ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا دێ.

هەتا دەورەی پێش‌مۆدێڕن و لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا زمانەکان کەمتر سنووریان دەخستە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە. بۆ سەدان ساڵ زمانی لاتینی، زمانی ئیمپراتۆریی مەزنی ڕۆمی بوو و هەتا سەدەی حەڤدەهەمیش هەبوون شوێنگەلێکی ئایینی و ئاکادێمیک کە بەم زمانە دەیانخوێند و دەهزرین. ئەوکاتەی کە لە بەراییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا شێکسپیر بە ئینگلیزی دەینووسی، بیرمەندی ئینگلیزی، فرانسیس بەیکن هێشتا کتێبی بە زمانی لاتینی بڵاو دەکردەوە. ئەمە لەسەر یەکەم فەیلەسوفی مۆدێرن، واتا ڕێنێ دێکارتیش هەر ڕاستە کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا هێشتا هەر بە زمانی لاتینی بەرهەمەکانی بڵاو دەکردەوە.

لە بەرەبەرەی ڕێنسانسدا لە کۆمەڵگە ئوروپییەکان وردە وردە زمانە لۆکاڵییەکان خۆیان لە قەرەی نووسین دەدا و دەبوونە زمانی باو و سەردەستی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. ئەوکاتەی دانتێ کۆمێدیی ئیلاهی دەنووسێ و هێدی هێدی چۆوسێر بە ئینگلیزی دەنووسێ و لوتەر و کالڤین هەوڵی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بە ئاڵمانی دەدەن، ئیتر لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕۆڵی زمانی لاتین ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەمە ڕەوتێکی ئاسان نەبووە، بۆ نموونە هۆگرانی نەزمی باو و دەسەڵاتی کەنیسە شوێن‌پێی یەکەم وەرگێڕی کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان بە زمانی ئینگلیسی هەڵدەگرن و دواجار دەیکوژن، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن و گۆڕانکارییە ناسینناسانە، هزری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان جێ‌پێی تاقانەی زمانی لاتین لێژتر دەبێ و زمانە لۆکاڵییە ئورووپاییەکان زیاتر گەشە دەستێنن و دواجار دەبن بە زمانی بەڕێوەبەری و خوێندن و چاپ. داهێنانی پیشەسازیی چاپ لە سەدەی پازدەهەمدا ئەم ڕەوتە خێراتر دەکا. ئیتر لە سەدەی هەژدەهەمەوە بناغەکانی دەوڵەت - نەتەوەکانی ئورووپایی دادەڕێژرێ و زمانە جیاوازەکان دەبن بە بەشێکی سەرەکیی لە ناسنامەی نەتەوە تازە خەملیوەکان.

**کاروان مێراوی**: ئەم ڕەوتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە چ شێوەیەک بووە، ئایا بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتووە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە**: لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژاوای ئاسیاش یان با بڵێین لە ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی و دواتر قاجارەکانیشدا هەر کەم و زۆر بەم شێوەیە بووە. لەم بەشەی دونیادا بۆ سەدان ساڵ زمانی عەرەبی زمانی زانست بووە و زمانی فارسی زمانی دیوانی و زمانی تورکی زمانی سەربازی. لەنێوان ئاخێوەران و دەسەڵاتدارانی ئەم جوگرافیایەدا ئەگەر شەڕ و هەڵای زۆریش لە ئارادا بووبێ، ئەوە زمانەکان لە تەنیشت یەکتردا درێژەیان بە ڕۆڵگێڕانی خۆیان داوە. دەیان و سەدان زانای ئێرانی بە شانازییەوە بە زمانی عەرەبی نووسینەکانی خۆیان بڵاو کردۆتەوە. یەکەم تەفسیرنووس و مێژوونووس و ڕێزماننووسی عەرەبی ئێرانییەکان بوون. تەبەری، ئیبنی سیبەوەیە، ئەبووعەلی سینا، ڕازی، غەزالی و فارابی و زۆری دیکە وەک ئەرکی ئاینی لە زمانی عەرەبییان ڕوانیوە و بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی خۆیان دەستەودامێنی ئەم زمانە بوونە. ئەگەر لە کۆتاییەکانی سەدەی دەهەمی زایینییەوە دەبینین کە جموجووڵی زمانی فارسیی نوێش دێتە ئاراوە، کارتێکەریی زمانی عەرەبی تێیدا زۆر بەرچاوە. ئەمە لەمەڕ زمانی کوردییشدا هەر دروستە. پێ بە پێی هاتنە کایەی زمانی فارسی سەروسەکتی زمانە تورکییەکانیش لەگەڵ غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، مەغول و تەیمووری و تاتارەکان دێتە ئەم بەشەی دونیا و بۆ نموونە نزیکەی هەزار ساڵ، جگە لە دەورەی کورتی زەندییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا، لە دەرباری ئێراندا ئەوە دەسەڵاتدارانی تورکیئاخێون کە وڵاتی بەربڵاوی ئێران بەڕێوە دەبەن. تەنانەت لە سەردەمی دژایەتیی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان کە هەردوولا تورکزمان بوون، دەبینین کە شا ئیسماعیلی ئێرانی بە تورکی شێعر دەنووسێ و سوڵتان سەلیمی دوژمنیشی بە فارسی سەلیمنامە دەنووسێ. هەر لەو سەردەمانەدایە کە مەلای جزیریی ئێمە بە کوردی شێعر دەهۆنێتەوە و هەڵبەت هاوکات شێعری فارسی و عەرەبییشی هەیە. دواتر لە سەدەی حەڤدەهەمدا خانییش هەر بەم شێوەیە. کەواتە دەبینین لە زەمانی ئیمپراتۆرییەکاندا زمانەکان بە شێوەیەکی سروشتی جۆرێک لە هاوژینییان هەبووە، واتە هاوکات بواری بەکارهاتنیان هەبووە و قەدەغەیان لەسەر نەبووە.

**کاروان مێراوی**: مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسی زمان داناوە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە**: بە گەیشتنی شنەبای مۆدێرنیزاسیۆن لە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرە بەرە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی دێنە ئاراوە کە بەڵێنی جیهانێکی تازە دەدەن. دەگوترا کە مۆدێرنیزەکردنی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و قاجار دەبێتە ڕێخۆشکەری پێشکەوتن. هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە لە ئێران زمانی فارسی و لە ئیمپراتۆریی عوسمانیشدا زمانی تورکی دەبێتە ئامراز و هەروەها چەقی گۆڕانکارییەکان. بەر لە هەر شتێک سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن ئیتر پاوانی ئەم زمانانە دەکرێ. کار دەگاتە جێیەک لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پێناسەی سەیروسەمەرە بۆ زمانە سەردەستەکان بەکار دەهێنرێ، زمانی تورکی دەبێتە زمانی ڕۆژ، زمانی فارسی دەبێ بە

زمانی شەکر و زمانی عەرەبییش دەبێتە زمانی کامیل و پتەو. ئەمڕۆ ئیتر زانستی زماننناسی بە مکوڕی پێمان دەڵێ کە هەموو ئەم پێناسە و ناسناوانە هەڵەن. ئەم ئاوەڵناوانە لەڕاستیدا بەشێک لە پڕۆسەی ئەندازیاریی سیاسیی نەتەوەسازیی بوون لەم وڵاتانە کە بەپێچەوانەی پرۆژەی مۆدێرنیتەی ئورووپایی بێبەری بوو لە هەموو چەشنە تۆوێکی دێموکراسی و سەروەریی جەماوەر و مافی شارومەندی. بەم جۆرە زمانی کوردی و زمانی کەمایەتییەکانی دیکە لەم وڵاتانەدا تووشی هەموو جۆرە بەربەستێک دەبنەوە و هێندە پەراوێز دەخرێن کە دەرفەتی گەشە و ستانداردبوونیان لێ دەستێندرێ.

وەک دەبینین لێرەدا زمانە سەردەستەکان دەبنە ئامرازی نەتەوەسازی و لە هەمان کاتدا پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی سەردەستی ئەم وڵاتانە کۆمەڵێک زمانی دیاریکراو دەکاتە خاڵی جیاکەرەوەی "من" و "ئەوی دیکە."

**کاروان مێراوی: پێوەندیی ناسیۆنالیزمی کورد و پرسی زمان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ناسیۆنالیزمی کورد و پێوەندیی بە زمانی کوردییەوە مژارێکی ئاڵۆزە کە لێوردبوونەوەی تایبەتیی دەوێ و دەبێ هەموو لایەنەکانی بە وردەڕیشاڵەوە هەڵسەنگێندرێ. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم کە لە زۆر وڵاتدا لەنێوان زمانی دانیشتووانەکەی و پرۆژەی ناسیۆنالیستییە باوەکەیدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە. بۆ نموونە پێشەنگانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەموویان فارس‌زمان نەبوون و کەسانی وا لە بزووتنەوەی مەشروتەی ئێرانیدا بەشدارییان بووە کە هەر فارسییان نەزانیوە. لە وڵاتی فینلاند پێشەنگی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی فینلاندی زمانی فینلاندیی نەزانیوە. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی فیلیپین بە زمانی غەیری فیلیپینی چووەتە پێش. بەشێک لە پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردییش لە هێندێک بەشی کوردستاندا بێبەری بووە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی. بۆ نموونە لە تورکیە زمانی کوردی لە ماوەی شەش دەیەدا بە جۆرێک لینگویسایدـ/زمانکوژ کرا کە پێشەنگانی بزووتنەوەی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا زۆریان بۆ زەحمەت بوو بتوانن لە زمانی کوردی کەڵک وەرگرن. ئەمە تا ڕادەیەک لەسەر ڕۆژاوای کوردستانیش هەر ڕاستە. لەبیرمان بێ ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت بە بەشێکی کوردستان نییە. ناسیۆنالیزمی سکاتلەندی و ئیرلەندی سەرەڕای بەهێزبوونیان بە پلەی یەکەم لە زمانی ئینگلیزی کەڵک وەردەگرن و هەر پڕۆژەی زمانی سکاتلەندی لە ئارادا نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە وێڵزی بریتانیا پڕۆژەی زمانی وێڵشی زۆر بەهێزە، بەڵام ناسیۆنالیزمی وێڵشی بە بەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیزمی سکاتی و ئیرلەندی زۆر لاوازە.

## د. هاشم ئەحمەدزادە: بەربەستدانان لەسەر ڕێی گەشەی زمانەکان هەوڵێکی دیکتاتۆرانەیە بۆ کوشتنی یەک لە دەستکەوتە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی

## ٢

**کاروان مێراوی:** زمان چەندە لەسەر هزری مرۆڤ کاریگەریی هەیە، یان بە واتایەکی تر زمان و هزری مرۆڤ چەندە پێکەوە گرێ دراون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** پرسی پێوەندیی زمان و ئەندێشە پرسێکی گەلێک ئاڵۆز و لە بنەڕەتدا فەلسەفییە و جێگەی مشتومڕێکی زۆری خاوەنڕایانی ئەم بەستێنەیە. لەنێو تیورییە باوەکانی ئەم بوارەدا دەکرێ بە گریمانەی بەناوبانگی ساپیر - هورف ئاماژە بکەین کە دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونەکانی ویلیام ساپیر (١٩٣٩ - ١٨٨٤)، زمانناس و مرۆڤناسی ئامریکایی و خوێندکارەکەی بێنیامین لیی هورف (١٩٤١ - ١٨٩٧). بەگوێرەی ئەم گریمانەیە دوو بۆچوون تێکهەڵکێش دەکرێن کە بە دیتێرمینیزمی زمانی و ڕێژەییبیەتیی زمانی ناسراون. دیتێرمینیزمی زمانی پێیوایە ئەوە زمانە کە ئەندێشە و هزری ئێمە دیاری دەکا. ڕێژەییبیەتیی زمانییش پێیوایە هەر زمانە و کارتێکەریی تایبەتیی خۆی لەسەر ئەندێشەی ئاخێوەرانی هەیە. ئەم باسە هەڵبەت دوای ئەم دوو زمانناسەش هەر بەردەوام بووە و هەتا ئێستاش دوا وەڵام بە پرسیارەکە نەدراوەتەوە. ئەوەی هەیە ئێستا ئیتر کارتێکەریی زمان لەسەر هزر و ئەندێشەی مرۆڤەکان بەتەواوی دانپێدانراوە. ئەگەریش ڕادەی ئەم کارتێکەرییە شتێکی تەواو بڕیاردەر نەبێت ئەوە تا ئاستێک هەر هەیە کە نەکرێت نکۆڵی لێ بکردرێ.

**کاروان مێراوی:** فرەزمانی لە وڵاتدا دەرفەتە یان هەڕەشە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەگەر بنەماکانی مافی زمانی و شارومەندی بە شێوەیەکی دێموکراتیک لەبەر چاو بگیرێن ئەوە بێگومان فرەزمانیبوون دەبێتە جۆرەیەک لە فرەڕەنگی کە دەکرێ وەک سامانێکی مرۆڤی سەیری بکرێ. لەبیرمان نەچێ بەربەستدانان لەسەر ڕێی گەشەی زمانەکان هەوڵێکی دیکتاتۆرانەیە بۆ کوشتنی یەک لە دەستکەوتە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. خەمڵین و گەشەی زمانێک ئاکامی زەمەنێکی دوورودرێژی ژیانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤییە و کەس بۆی نییە بە بیانووی یەکدەستکردنی کۆمەڵگە یان "نەتەوە" لەنێوی بەرێ.

**کاروان میراوی:** فرەدیالێکتی لە زمانێکدا چی، دەرفەتە بۆ زمانەکە یان هەڕەشەیە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** پرسی زمان و دیالێکت هەمیشە پرسێکی زمانەوانی نییە و زۆر جاران سیاسەت و ئایدئۆلۆژیا دەستی تێ وەردەدەن. بەڵام ئەگەر زمان و دیالێکتەکان لە دەستدرێژیی پرۆژە سیاسییەکان بپارێزێن و مافی ڕەوای خۆیان ڕەچاو بکەین، لە ڕەوتێکی مێژووییدا پرسی بنزار و شێوەزار و زمان هەموویان دەکرێ ببنە کەرەستەی دەوڵەمەندیی زمانێک و کارکردەکانی لە کۆمەڵگەدا.

**کاروان میراوی:** سەرەڕای نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، زمانی کوردی چەند توانیویەتی خۆی بپارێزێ؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** سەرەڕای هەموو بەربەستەکان زمانی کوردی هەتا ئێستا توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر خۆی بپارێزێ. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا و بەتایبەتی لە دونیای بەجیهانیبوونی ئەم سەردەمەدا ئەم ڕەوتە ئەگەر پلانداڕێژی و سیاسەتی زمانیی هەمەلایەنەی لەگەڵ نەبێ ئاوا نامێنێ و هەڕەشی پەراوێزخرانی هەمەلایەنە نەک هەر زمانی کوردی بەڵکوو سەدان و بگرە هەزاران زمانی دیکەش دەخاتە دۆزی مەترسیداری لەنێوچوونەوە. ئێستا ئیتر دەبێ دەستکەوتە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیری لە هەموو ئەو هەوڵە پلاندار و بەمەبەستانە بکات کە چۆن بتوانێت گەشە بە زمانی کوردی بدات و وەک فاکتەرێکی ناسنامەساز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. لە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆدا دەبێت خەمخۆریی لە زمان سەد قات بەرزتر بێتەوە و هەموو هەوڵێک بدرێ ئەم میراتە گرانبەهایە بپارێزرێ و پەرەی پێ بدرێ.

**کاروان میراوی:** لە ئەدەبی گەلانی جیهان و هەروەها لە ڕیزبەندیی زمانەکانی جیهاندا زمانی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لەبەر زۆر هۆکاری سیاسی، سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراو لەسەر ژمارەی کوردەکان لە ئارادا نییە. بەڵام لێکۆڵەرەوانی بواری کوردستان و کورد بە شێوەیەکی بەراوردکارییانە ئاماژەی تا ڕادیەک دروست بە ژمارەی کوردەکان دەکەن. بۆ نموونە مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور لە کتێبە دانسقەکەیدا، "زمان و ناسیۆنالیزم"، کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئامریکا چاپ و بڵاو بۆوە، باس لەوە دەکا کە بە گوێرەی ژمارەی ئاخێوەران، زمانی کوردی پلەی چلەمینی لەنێو زمانەکانی دونیادا هەیە. ئەمە ژمارەیەکی چەندایەتیی گرنگە و دەکرێ وەک خاڵێکی بەهێز بۆ پرسی کورد کەڵکی لێ وەربگیرێ. لە بواری ئەدەبییشەوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کوردستان و نەبوونی کەیانێکی سەربەخۆ، کورد ئەوەندەی ئەدەبیاتی بڵاوکراوە هەیە کە ناوێکی لەنێو ناواندا هەبێ.

**کاروان میراوی:** ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام زمانی کوردی وەکوو هەڕەشە و مەترسی بۆ

سەر خۆیان دەبینن و بەم بۆنەشەوە بەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر زمانەکەمان، هۆکاری بە مەترسی‌زانین و ئەو هێرشگەلە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەم ڕێژیمانە خولیای سازکردنی نەتەوەیەکی یەکدەستی یەکزمانییان هەیە و هەر بۆیە جیاوازیی زمانی بە مەترسی لەسەر خۆیان دەبینن و جگە لە بوارپێدانێکی کۆنترۆڵکراو هیچ مەجالێک بۆ زمانە غەیری فارسییەکان نارەخسێنن. لەو نێوەدا ئەوە بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە کە دەبێ میکانیزمی دەستەبەرکردنی مافە زمانییەکانی خۆیان بدۆزنەوە و مسۆگەری بکەن.

**کاروان مێراوی:** جیاوازیی سیاسەتی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر زمانی کوردی لە چیدا بوو؟ ئایا جیاوازییەکیان لەو بارەیەوە هەبووە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لە باری سیاسەتی زمانییەوە جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێوان ڕێژیمەکانی ئێراندا نەبووە. بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ئاستی گەشەی بزووتنەوەی کوردی و داواکارییەکانی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا. ئەگەر ڕێژیمی شا سیستەمێکی ملهۆڕی دیکتاتۆری بوو، سیستەمی ئێستا سیستەمێکی تۆتالیتەرە. دەکرێ لەنێوان ئەو دوو سیستەمەدا جیاوازی هەبێ، بەڵام تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی یەکدەستکردن و یەکڕەنگکردنی شتێک کە پێی دەڵێن نەتەوەی ئێران، هاوبەشییەکی حاشاهەڵنەگری سیاسی و پرۆژەیی لەنێوانیاندا هەیە.

**کاروان مێراوی:** سەرەڕای ئەوەی کە لە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی ئێراندا خوێندن و پەروەردەکردن بە زمانی دایکیی نەتەوەکانی چواچێوەی ئەو وڵاتە ڕێگەپێدراوە، بەڵام پاش چوار دەیە تاکوو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هۆکاری جێبەجێنەبوونی چییە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** سیستەمی سیاسیی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی لە ئێران هەرگیز نەیتوانی ببێتە ئەو ناوەندە کە بتوانێ لەگەڵ پرسی دێموکراسی و مافی دانیشتووانی وڵاتی ئێران بە هەموو ڕەگەز و ناسنامە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانییەوە هەڵسوکەوتێکی دروست و دێموکراتیک بکا. لایەنی ئایدئۆلۆژیکی و تۆتالیتارییەکانی ئەم سیستەمە سیاسییە ڕێگەی چارەسەری زۆر پرسی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی لە وڵاتی ئێراندا و بەتایبەتی بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکان بە بنبەست گەیاندووە. لە هەمان کاتدا دەبێت بیر لەو ڕاستییەش بکەینەوە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارەوە خاوەنی چ پرۆژە و پلانێک بووە. بە باوەڕی من لایەنی نارۆون و لێڵ لە سیاسەتی بزووتنەوەی کوردییشدا لەم بارەوە هەبووە و هەیە.

**کاروان مێراوی:** غوڵامعەلی حەددادی عادڵ، سەرۆکی پێشووتری مەجلیسی ڕێژیم، زمانی فارسیی وەکوو زمانی دووهەمی جیهانی ئیسلام لەقەڵەم داوە، لە کاتێکدا بەپێی بەڵگەکانی خودی فارسەکان زیاتر لە ٤٠٪ی وشەکانی زمانی فارسی لە بنەڕەتدا وشەی عەرەبین ئەم ئیدعایە تاکوو چەند ڕاستە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەوەی حەددادی عادل دەیڵێ بە پلەی یەکەم پرۆپاگاندای سیاسییە. بەڵام لە قسەکەی ئەودا ڕاستییەک شاراوەیە و ئەویش ڕۆڵی زمانی فارسییە لە پەرەپێدانی جیهانی ئیسلامدا. لە دێرزەمانەوە ئەم زمانە ئەرکی پەرەپێدانی ئەندێشەی ئیسلامیی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆیەوە هەبووە. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەتا هاتنی ئینگلیزەکان ئەوە زمانی فارسی بوو کە لە دەرباری موغالەکانی هینددا بەکار دەهێندرا. ئێریک هێرمێلینی سویدی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە هیندوستانی کۆلۆنیکراوی ئینگلیسییەکاندا فێری فارسی دەبێ و دەیان کتێبی کلاسیکی فارسی دەکاتە سوێدی. زمانی فارسی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەهەمی زایینییەوە تواناییەکی بێوێنەی لە خۆی نیشان داوە لە گەڵاڵەکردنی ئەدەب و سیاسەتدا. شەست هەزار بەیتی شانامەی فیردەوسی کەمتر لە ٤%ی عەرەبییە. ئەمە لە کاتێکدایە بۆ نموونە نزیکە ٦٥٠ ساڵ دواتر لە مەم و زینی خانیدا لەگەل زیاتر لە ٧٠% وشەی عەرەبی ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەمە لە زاتی خۆیدا کێشەیەکی گەورە نییە. ئێمە دەبێ جیاوازیی دانێین لەنێوان سیاسەتی وڵاتێک و زمانێک کە لە ئارادایە. بۆ سەدان ساڵ زمانی فارسی لە تەنیشت زمانی عەرەبی و کوردیدا زمانی فێرکردن و بارهێنانی حوجرەکان بووە و بە سەدان زانای کورد گولستان و بوستانی سەعدییان وەک دەرس بە خوێندکارانی خۆیان گوتۆتەوە. زمانی ئینگلیسی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیسەوە نییە. هەبوونی دەرسەدێکی یەکجار زۆری وشەی فەڕەنسی لە زمانی ئینگلیسیدا نابێتە هۆکاری دڕدۆنگی لەم زمانە. ئەگەر لە زمانی سویدیدا وشە ئینگلسیی، ئاڵمانی و فەڕەنسییەکان هەڵاوێرین شتێکی ئەوتۆمان بۆ نامێنێتەوە کە کەڵکێکی ئەوتۆی هەبێ. ئێمە وەک کورد دەبێت شتێک لە حەددادی عادڵ و دەسەڵاتدارانی دیکەی ئێران فێر بین و ئەویش گرنگیدانە بە زمانی خۆمان. ئایدئۆلۆژیای ئیسلامی کارێکی وای نەکردووە کە دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ گەشەی زمانی فارسی لە هەوڵدا نەبن. ئەگەر ئێمە بەراوەردێکی سیاسەتی زمانیی باشووری کوردستان لەگەڵ ئێراندا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە وەک کورد چەندە لە ئاست زمانی خۆمان و چارەنووسەکەیدا کەمتەرخەمین.

**کاروان مێراوی:** سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** سپاس بۆ ئێوە کە ئەو باسەتان لەگەڵ من ورووژاند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ و ٢٣ی جانیوێری ٢٠٢٢

# پرسی زمان و ناسنامەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێش کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا



**دیمانە: ڕێباز مەردانی**

## ئاماژە:

**پرسی زمان یەک لە پرسە هەستیار و هەرە زیندووەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەتایبەت کە ئەم بابەتە گرێدراوی پرسی سیاسەتی تاکزمانیی دەسەڵاتی ناوەندییە کە لە دوو ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە پرۆسەی دەوڵەت – نەتەوەدا ڕەچاو کراوە. "کوردستان" بەبۆنەی ٢ی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک وتووێژێکی لەگەڵ کاک قادر وریا، مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی کۆیە پێکهێناوە و کۆمەڵە بابەتێکی پێوەندیدار بەو مژارەی لەگەڵ بەڕێزیان هێناوەتە بەر باس. ئەم وتووێژە بە شێوەی زارەکی کراوە و دوایە دابەزێندراوە.**

**ڕێباز مەردانی: کاک قادر! بە سەرنجدان بەوەی کە حکوومەتی ناوەندی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمەوە پرۆژەی ئێرانی نوێی بۆ یەکدەستکردن و تواندنەوەی سەرجەم نەتەوەکان خستبووە بواری جێبەجێکردنەوە، کۆمەڵگەی کوردستان لە سەرەتادا چۆن بەرهەڵستی ئەم سیاسەتە داسەپاوەی تاران بۆوە؟**

**قادر وریا: لە ڕەشەمەی ١٢٩٩ ڕەزاشا هاتە سەر کار و کوودەتای کرد و تا لەسەر کار لابرانی کە دەبێتە ١٣٢٠، لە ماوەی ئەم زیاتر لە ٢٠ ساڵەدا، هەلومەرجی کوردستان و دۆخێک کە کورد تێیدا دەژیا لە ئێران ناخۆشترین هەلومەرج بوو، چونکە ڕەزاشا دەیویست هەرچەشنە بەرهەڵستێک هەیە تێکی بشکێنێ. بۆیە لەگەڵ بزووتنەوەی سمکۆی شکاک و لەگەڵ**

هێنـدێک بـزووتنەوە و بەرگـری کە لە نـاوچە جۆراوجۆرەکـانی کوردسـتاندا هەبـوو، بـۆ وێـنە لە خـوارووی کوردسـتان وەک بزووتنەوەی مەحموودخانی کانی سانان یا مەحموودخانی دزڵی، جافر سوڵتان، هەروەها لە سەردەشت مەلا خەلیل، جۆرێک بەرگریی هەبوو کە بەشێکی ڕاوەستان بوو لە بەرانبەر ئەو زۆرداریيەی کە دەیانویست جلوبەرگ بە خەڵک بگۆڕن، بە زۆری زمـانی فارسـییان بەسـەردا بسـەپێنن و ڕەزاشـا دەیویسـت چەک لە عەشـایرەکان بسـتێنێتەوە و هەرچەشـنە بەرگرییەکـی چەکـدارانە یـان بلێـین بەرهەڵسـتێکی چەکـدارانە نەهێڵـێ. بـۆیە هەم بەرگریـی چەکـدارانە بەرانـبەر بە ڕەزاشـا و هێـزە چەکدارەکانی هەبوو هەم هەوڵ و بەرگریی شوناسخوازانە هەبوو.

دەزانین سمکۆی شکاک بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەربەرەکانێی هەبوو بەرانبەر بە دەوڵەتی ناوەنـدی و لەگەڵ ئەوەی هەوراز و نشێو هەبـوو لە مـاوەی بەردەوامـی بزووتنەوەکەیـدا- سـەرکەوتن، شکسـت، پاشەکشـە و تەنـانەت مـاوەیەک خـۆئەمنکردنەوە هەبـووە و دواتـر تێهەڵچووەتەوە- یەکێک لەو حەرەکەتـانەی کوردی بـووە کە داوای مـافە نەتەوایەتییەکـانی کـردوە. جـاری وایە باسـی لە خودموختـاری کـردوە، باسـی لە سـەربەخۆیی کـردوە، لەگەڵ ئەوەشـدا یەکێـک لەو هەوڵانەی کە جێگـای ئامـاژەپێکردنە، لە سـاڵی ١٩١٣ لە بـاری کولتـوورییەوە چەنـد هەوڵێـک دەبینین کە بـۆ وێـنە لە شـاری "خـۆی"، سمکۆ بە هاوکاریی عەبدولڕەزاق بەدرخان کە "کۆمەڵەی جیهانـدانی"ی هەبـوو، قوتـابخـانەی کوردییـان دامەزرانـد کە ئەمە یەکەمجـار بوو قوتـابخـانەی کوردی لەم نـاوچەیە دەکرایەوە. هەروەها خودی سمکۆ ڕۆژنـامەیەکی دەرکرد بە نـاوی "کورد" کە بەداخەوە سـێ ژمـارەی زیـاتر لـێ دەرنەچـوو. دیـارە ئەو هەوڵانە هەن، بەڵام زەبروزەنـگ بە ڕادەیەک بـوو کە زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی لە نـاو کورددا داوای مافەکـانی کوردیـان دەکـرد، بە جۆریک بەربەرەکانییـان هەبـوو بەرانبەر بە دەوڵەتـی ناوەنـدی، کەوتبـوونە زینـدان، دوور خرابـوونەوە و لە وەزعییەتێکـی ئـاوادا دەژیـان. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەمجـۆرە بەربەرەکانێیـانە هەبـوو دەکـرێ بڵێم ئەو چەنـد سـاڵەی کە ڕەزاشـا لەسـەر کـار بـوو سـەردەمی خەفەقـان بـوو، سـەردەمی زەبروزەنگ بوو و سەردەمی ئەوپەڕی ناخۆشی و تاڵی بۆ کورد بوو.

**ڕێبـاز مەردانـی**: کە واتـا دەکـرێ بڵێـین دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان پەرچەکردارێکـی شوناسـخوازانە بـووە بەرامبەر بە سیاسەتی سیستماتیکی تواندنەوەی نەتەوەی کورد، ئەو مۆدێلەی دەوڵەت-نەتەوە نـاکرێ وەک ئایـدیۆلۆژی یـان فۆرمێک لە سیاسەت پێناسە بکەین و زیاتر ڕیشەی لە کولتوور و فەرهەنگدایە. ڕەسمیەتدان و پەرەپێدان بە زمـان و ئەدەبی کوردی چۆن بوو بە بنچینەی کۆمار و دەوڵەت - نەتەوە؟

**قادر وریا**: ئەوە کە بڵێین پێکهـاتنی کۆمـاری کوردستان پەرچەکردارێک بـوو بەرانـبەر بەو زەبروزەنگ و سـەرکوت و هەوڵـی تواندنەوە و لەنێوبردنی شوناسی کوردی، ڕاستە. چونکە لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات، ئەو هەشت ئامانجەی کە حیزبـی دێموکرات لە کاتی دامەزرانیدا گەڵاڵەی کردبوون، ئەوەی تێدایە کە کورد دەیهەوێ بۆ خۆی نـاوچەی خۆی بەڕێوە بەرێ،

دەیهەوێ چارەنووسی خۆی لە کوردستانی ئێران بە دەست خۆی بێت و مەسەلەیەکی دیکە یانی دووهەم ئامانج کە حیزبی دێموکرات لە دامەزرانیدا ئاماژەی پێ دەکا و کۆماری کوردستانیش ئەمەی لە کاروباری خۆیدا و لە سیاسەتەکانی خۆیدا ڕایی کرد، ئەوە بوو کە زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێ، ببێتە زمانی خوێندن، ببێتە زمانی ئیداری لە ناوچەکانی کوردستان و تاکی کورد و خەڵکی کورد هەست بە ئازادی بکا و مافەکانی دابین بێ. بە گشتی ئەوە تەواو ڕاستە کە کۆماری کوردستان داواکاری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بوو و دەیهەویست ئەم ڕابردووە کە پڕ بووە لە سەرکوت و سڕینەوە، کۆتایی پێ بێ و هەلومەرجێکی نوێ بۆ کورد بێنێتە کایەوە کە بۆ خۆی بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بێ.

بەڵام چۆن بوو زمان ئەم گرینگییەی پێدرا لە کۆماری کوردستاندا؟ زمان فاکتەرێکی گرینگە لە ناساندنی نەتەوەیەک و جیاکردنەوەی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دیکە. بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە لە ئێران و لەو ناوچانە بەیەکەوە دەژین. چونکە ئێمە و نەتەوەکانی دەوروبەری ئێمە لە ڕووی ئایینەوە جیاوازییەکی ئایینی گەورەمان نییە. ئەو نەتەوانە بە زۆری ئایینی ئیسلامیان هەیە، لە ڕووی ڕەنگی پێست و شێوازی دەموچاو زۆر جیاواز نین، لە ڕاستیدا ئەوە زمانە کە ئێمە لە یەکتر جیا دەکاتەوە و ئەگەر کوردیش توانیویەتی هەست بە بوونی خۆی بکا و خۆی وەک نەتەوەیەک ببینێ، هی ئەوەیە کە زمانەکەی خۆی پاراستووە. ئەگەر کوردیش زمانەکەی نەپاراستبایە و وەکوو زۆر نەتەوەی دیکە کە تواونەوە و زمانی نەتەوەیەکی دیکەیان وەرگرتوە و ئێستا خۆیان بە نەتەوەیەکی دیکە دەزانن، ئێمەش ئاوامان لێ دەهات. بۆیە بە ئاگاداری لەو لایەنە گرنگەی زمان کە دەتوانێ ناسنامەی نەتەوەیەک بێ و جیای بکاتەوە لەوانی دیکە، لە کۆماری کوردستاندا زۆر بایەخ درا بە زمان. پاشانیش چونکە ئەوەندە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشادا هەوڵ درابوو ئەم زمانە سەرکوت بکرێ، ئەوەندە خەڵک بە زۆر ناچار کرابوو بە زمانی فارسی قسە بکا، ئەوەندە کتێبی کوردی و گۆرانیی کوردی و ئەم جۆرە شتانە قەدەغە کرابوو، ئەمانە زمانەکەیان لەلای خەڵک خۆشەویستتر کردبوو. یانی شتێک کە دوژمن هەوڵ دەدا بە هەموو شێوەیەک لێت بستێنێتەوە، وای کردبوو کە لای خەڵک بایەخێکی زیاتر پەیدا بکا. بۆیە زۆر بە تامەزرۆییەوە بەرەو خزمەتکردنی زمانەکەیان و بایەخدان بە زمانەکەیان چوونە پێشێ.

**ڕێباز مەردانی**: ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەم چ بوون و لەلایەن چ کەسانێکەوە ئێدارە دەکران؟

**قادر وریا**: دەکرێ بڵێم یەکێک لە ڕووە گەشەکانی کۆماری کوردستان گرینگیدان بە چاپەمەنیی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بوو. بۆ یەکەمجار کوردستان، لە پێتەختی کۆمار کە مەهاباد بووە دەبێتە خاوەنی چاپخانەی کوردستان، دوایە لەو چاپخانەیە گۆڤاری "کوردستان" چاپ دەکرێ، ڕۆژنامەی "کوردستان" کە ١١٣ ژمارەی لە ماوەی تەمەنی کۆماردا لێ بلاو بۆوە (ئەگەرچی دەکوترێ ١١٤ـ ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە بەڵام ئاخرین ژمارەی لەبەر هێرشی دەوڵەتی مەرکەزی کە ئەرتەش هاتووەتەوە و دەستی بەسەر مەهابادا گرتووە، کەوتووەتە دەستیان و بڵاو نەبووەتەوە).

بێجگە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" و گۆڤاری "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە" لە بۆکان دەردەچوو کە هی ڕێکخراوی بۆکان بووە و ئەویش گۆڤاری گشتی و شتی ئەدەبی و سیاسیی تێدا بڵاو بۆتەوە. هەروەها "هاواری نیشتمان" گۆڤاری یەکیەتیی لاوان بووە کە لەو سەردەمدا دەرچووە. گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵان" دەرچووە. ئەمە لە ماوەیەکی کەمدا یانی بۆ تەمەنی ١١ مانگەی کۆمار زۆرە کە توانیویەتی ئەوەندە گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو بکاتەوە. وەک ئێستاش نەبووە بڵێی ئیمکاناتی تایپ، ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوە ئەوندە ئاسان بووە، ئەو وەختی ئەوانە زۆر بە زەحمەت بوون. لە بابەت ئەوە کە کێ تێیدا بەشدار بووە، دیارە کۆمەڵێک ناو هەن: سەید محەممەد حەمیدی یەکێک لەو کەسانەیە کە ڕۆڵی هەبووە لە بەرپرسایەتیی چاپخانە و ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، زینەدیاد سەدیقی ئەنجیریئازەر لەو کەسانە بووە کە بە تایبەتی لە "هاواری نیشتمان"دا نووسیویەتی و سەرپەرستیی کردوە. کەسانێکی وەکوو هێمن و هەژار کە ئەو وەختی جەوان بوون، بە شێعر بەشدار بوون. زۆر کەسی دیکە هەن بۆ نموونە محەممەد عەتری گلۆڵانی کە دواتر بووە شاعیرێکی ناودار و لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی دوایی کرد، لە سەردەمی کۆمار و لە چاپەمەنیی ئەو کاتدا شتی بڵاو کردۆتەوە. زۆر شاعیر و نووسەر هەن کە دوایە زۆربەیان بوون بە ناوی پڕشنگداری ئەدەبی کوردی، لە سەردەمی کۆماردا دەستیان پێ کردبوو و لە ڕێگای چاپەمەنیی سەردەمی کۆمارەوە هاتنە مەیدان. کە باس لەو کەسانە دەکەین با یادێک لە زینەدیاد محەممەد شاپەسەندی بکەمەوە کە لە کارگێڕانی چاپخانەی کوردستان بووە.

**ڕێباز مەردانی**: کاک قادر! ڕەنگە هەندێ کەس تێبینییان هەبێ لەسەر ڕێنووسی زمانی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و بڵێن کە وشەی فارسی یان هەڵەی ئیملایی لە نووسینەکانی ئەو سەردەمدا دەبینرێ. جەنابت وەک شارەزایەکی زمان، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیەوە و قسەت بۆ ئەو تیپە لە ڕەخنەگرانی زمان چییە؟

**قادر وریا**: بە بڕوای من ئەگەر زۆر واقعبینانە سەیر بکەین، دەبینین ئەم ڕخنانە زۆر لە جێی خۆیاندا نین. وەختێک کە کۆماری کوردستان پێک هات و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی نووسینی کوردی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسین بە کوردی هەر سابقەی نەبوو، یانی مەجال بە کورد نەدرابوو کە بە زمانەکەی خۆی بنووسێ. چاپەمەنیی کوردی نەبوو و ئەمە ئەزموونێکی تازە بوو. پاشان ئەووەختی تەنیا لە باشووری کوردستان نزیکەی ٢٠ ساڵێک بوو کە کورد ئەو ئیجازەیەی هەبوو و بە جۆرێک دان بە کورددا نرابوو، کوردی نووسین و کوردی خوێندن و قوتابخانەی کوردی هەبوو. وەک ئێستاش نەبوو کە پێوەندیی فەرهەنگی لە ڕێگای سەتەلایت و ئەنتەرنێت و ڕادیۆ و ئەو جۆرە پێوەندییە، زۆر و هاسان بێ. هەرچەند لە باشووری کوردستانەوە گۆڤاری "گەلاوێژ" و هێندێک بڵاوکراوەی دیکە دەگەیشت، بەڵام دەگەیشتە دەست ژمارەیەکی کەم و بە قاچاغی دەهات و بە سەرنجدان بەو واقعییەتانە بە بڕوای من ڕێنووسی کوردیی ئەو کات ئەگەر کەموکوڕییشی تێدا بووە یا وشەی فارسیی تێدا بووە؛ ئەمانە زۆر لە جێی خۆیان نین. یانی لە هەر جێگەیەک کە تازە دەست دەکرێ بە حەرەکەتێکی ئاوا گەورە، ئەو کەموکوڕییانە دەبن. پاشان ئەوە کە بگوترێ وشەی فارسیی تێدابوو، بە

بڕوای من هیچ زمانێک نییە وشەی زمانێکی دیکەی تێدا نەبێ و وشەی بیگانەی تێدا نەبێ، ئەوە بە کێشە نازانم. بەتایبەتیش زۆر وشە هەن کە کەسانێک بەهەڵە پێیان وایە فارسیین. نا هی زمانی فارسی نیین بەڵکوو دەکرێ بڵێین وشەی کوردین و چوونەتە نێو زمانی فارسی. زمانی کوردی و زمانی فارسی لە یەک بنەماڵەن. دەکرێ لە چەند پشت ئەولاتر کە یەک زمان بوون یا یەک دایکەزمانیان هەبووە، ئەو وشانە لەوێوە هاتوونە نێو زمانی کوردی و فارسییش. بۆیە وشەی وا هەیە لە کوردیدا ماوە و لە فارسیدا نییە و بە پێچەوانەوە. بەڵام ڕۆژگارێک ئەم دووانە هێشتا نەبوون بە دوو زمانی سەربەخۆ، ئەم وشانەیان هەبووە. من ئەوە بە کێشە نازانم و لە ڕووی ڕێنووسیشەوە چونکە بەهەرحاڵ زمانی کوردی وەک زمانی فارسی و وەک زمانی عەرەبی بەو ئەلفوبێیەی کە پێی دەگوترێ ئارامی، زمانی کوردیش بەوە نووسراوە. تازە زمانی کوردی لە ماوەی ٧٥ یا ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە ڕووی ڕێنووسەوە یا لە ڕووی ئەلفوبێوە توانیویەتی زۆر گۆڕان بەسەر خۆیدا بێنێ کە دەکرێ بڵێم ئەو ئەلفوبێیە و ئەو ڕێنووسە کە ئێستا کورد پێی دەنووسێ، کەموکوڕیی زۆریان تێدا نەماوە، توانیویانە لەگەڵ زمانەکەدا خۆیان بگونجێنن. واتە دەتوانین بڵێین ڕێنووس و ئەلفوبێیەکی سەرکەوتوومان هەیە کە دەتوانن وەڵامدەری نیازی زمانەکەمان بن.

**ڕێباز مەردانی**: کە واتا گەشەکردن یەکێک لە هۆکارەکانی زیندوویی زمانی نەتەوەکانە و زمانی کوردی لە ڕەوتی مێژوودا ئاڵوگۆڕ و گەشەی بەخۆیەوە بینیوە و ئەمەش دەرفەتە بۆ زیندووبوونی زمانی کوردی، بەڵام لێرەدا پرسێکی دی دێتە ئاراوە، ئەویش زمانی یەکگرتوویە، لە هەلومەرجێکدا کە زمانی کوردی زاراوە و بنەزاری جیاوازی لێ دەبنەوە، ئەم فرەییە چۆن دەرفەت دەدا بە یەکدەستی و یەکگرتوویی زمان؟

**قادر وریا**: ئەم پرسیارە زۆر لکی لێ دەبنەوە کە برێک لەسەر ڕاوەستانیان دەوێ. لەپێشدا کە باس لە گەشەی زمانی کوردی دەکەین، هەرکات کورد لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی بەدەست خۆی بووە، زمانی کوردی زۆر گەشەی کردوە. چونکە توانیویەتی چاپەمەنی هەبێ، ڕادیۆ و کتێبی هەبێ، ببێتە زمانی دەسەڵات، ببێتە زمانی قانوون و بەڕێوەبەری و ئەمانە یارمەتییان کردووە بە گەشە کردنی زمانی کوردی، کۆماری کوردستانیش بە نۆبەی خۆی بوو بە هۆی گەشەکردنی زمانی کوردی، بە جۆرێک کە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی و بازرگانی و ئیداری. بەڵام ئەو بەشەی دیکە کە دەڵێن زمانی کوردی لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا گەشەی کردووە، بەڵام کێشەی بوونی زمانی یەکگرتوو، بوونی زاراوە و بن زاراوەی جۆراوجۆری هەیە، لە پێشدا ئێمە دەبی ئەمانە وەکوو شانسێک چاو لێبکەین کە زمانی کوردی دیالێکت و بنزاری جۆراوجۆری هەن، چونکە ئەمانە هەموویان سامانی زمانی کوردین. بۆ مەسەلەی زمانی یەکگرتووش بە بڕوای من ئێمە زمانی یەکگرتوومان هەیە. تەنانەت زمانی ئەدەبیی یەکگرتووشمان هەیە. ئەوەی کە ڕەنگە ئێستا وەکوو کێشەیەک سەیری بکرێ زمانی ستاندارده کە باش جێگیر نەبووە؛ ئەگینا زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان لە کۆماری کوردستان و پێش کۆماری کوردستانیشەوە هەیە، واتە ئەو زمانەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پێی دەنووسرێ، کەس نییە لێی تێ نەگا.

ئەوەی کە ساڵانێکە قسەی لێدەکرێ، پێویستیی بوونی زمانی ستانداردە. ئەو زمانەیە کە دەبێ لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵی بۆ بدرێ. ئێمە ئێستا لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی کوردیمان هەیە، دەسەڵات دەتوانێ لەم بارەیەوە هەنگاو بنێ، بەڵام هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لەو پێوەندییەدا نەگەیشتووەتە ئەنجامێکی دڵخواز.

**ڕێباز مەردانی**: جاروبار ڕێژیمی ئێران پرسی ئازادیی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە مێدیاکانیدا دەورووژێنێ، بەڵام لەکرداردا کە بابەتی زمان گەیشتە سنووری شوناسخوازی و داواکردنی مافی نەتەوەیی، ئەوە هێڵی سوورە و دژکردەوەی توندی بەدوودا دێ، وەکوو ئەو دواییانە دیتمان خاتوو زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی لەسەر گوتنەوەی وانەی کوردی ڕاپێچی بەندیخانە کرا، پرسی زمانی کوردی بۆچی بۆتە مۆتەکە لەسەر تاران؟

**قادر وریا**: من پێم وانییە کۆماری ئیسلامی باسی لە ئازادیی خوێندن بە زمانی کوردی کردوە. ئەسڵێک هەیە لە قانوونی ئەساسیدا کە ئەو ئەسلەشیان تا ئێستا جێبەجێ نەکردوە، بەڵام جاروبار لەسەر ئەو ئەسلەیە مانۆڕ دەدەن؛ ئەسڵێک کە باسی "قومیت"ەکانی ئێران و زمانەکانیان دەکا. لەنێو نەتەوە ژێردەستەکانیشدا کەسانێک زۆر جار بە پشتبەستن بەو ئەسڵەی قانوونی ئەساسی ویستەکانی خۆیان دەردەبڕن و داوای خوێندن بە زمانی دایک دەکەن. دیارە ئێستا دەسەڵاتدارانی وڵات دەڵێن لێتان تێک نەچێ! ئەو ئەسڵە نالێ خوێندن بەو زمانانە ئازادە، بەڵکوو دەڵێ خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە. یانی لە ڕاستیدا دەوڵەت و دەسەڵات ئەرکێکیان وەئەستۆی خۆیان نەگرتوە. حکوومەت لەو چوارچێوەیەشدا هێشتا هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە. بەڵام خەڵک بە تایبەتی لە کوردستان هەوڵیان داوە کە زمانەکەی خۆیان فێر بن و بیپارێزن. هەستیاریی دەوڵەتی ناوەندییش سەبارەت بەو بابەتە ئەوەیەکە خەڵک دەیانەوێ ئەم زمانەیان ببێتە زمانی خوێندن. مامۆستایانیک یان کەسانێکی چالاک لە مەیداندان و دەڵێن زمانی ئێمە ناسنامەی ئێمەیە و بە هەستێکی نەتەوەییەوە داوای ئەم مافە دەکەن، کاربەدەستانی ڕێژیمیش تا دێ هەستیارییان لەسەر ئەم داوایە زیاتر دەبێ و سەرکوتی داواکەیان دەکەن. ئاماژەت بە مامۆستا زارا محەممەدی کرد کە بەداخەوە ئێستا لە بەندیخانەیە، تەنیا تاوانی ئەوەیە کە شێلگیر و پێداگر بووە کە خوێندن بە زمانی کوردی هەبێ و خەڵکی هان داوە بۆ بەرگری لە زمانەکەیان و پەرەپێدانی زمانەکەیان و، تەسلیمی هەڕەشەکانی کاربەدەستانی ئەمنیەتی نەبووە. کەسێک بە شێوەی زۆر ئاشتیخوازانەش داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی کردبێ و تەسلیم نەبووبێ، دەوڵەت زیاتر لێی بە ڕقدا دەچێ. خاتوو زارا محەممەدی یا موژگان کاوسی دوو نموونە لەو جۆرە کەسانەن. موژگان کاوسییش لەسەر هەوڵدان بۆ پاراستنی زمانی کوردی گیرا و چووە زیندان و، دەسەڵات لێیان بە ڕقدا چووە.

**ڕێباز مەردانی**: کاک قادر! مەسەلەیەک هەیە کە دەگوترێ زمان لەنێو نەتەوەکاندا پێناسەیە و دواجار چەکە، مرۆڤەکان

تەنها و تەنها لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە دەناسرێنەوە و دەبن بە نەتەوە، ئایا ئێستا کورد ئەو چەکە بەهێزەی هەیە کە مان و مەوجودیەتی خۆی پێ بپارێزێ؟ یا مەترسیی لەنێوچوونی لەسەرە؟

**قادر وریا**: بە خۆشییەوە زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی زۆر هەوڵی سڕینەوە و سەرکوتی دراوە مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر نییە. چونکە لە باشووری کوردستان کە دەسەڵاتی کوردی هەیە، زمان جێگە و پێگەی ڕەسمی و قانوونیی هەیە، لە ڕۆژهەڵاتیش بە هۆی خۆشەویستیی خەڵک بۆ زمان و ناسنامەی خۆیان و بەرگری لێکردنیان، لەوێش مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر نییە، بەڵام مەترسیی دیکەی بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەوەی کە پرسیتان زمان چەکی ئێمەیە، بەڵێ بە دڵنیاییەوە. شتێک کە ئێمە لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە زمانەکەمانە. ئێمە وەک کورد توانیومانە کاری ڕۆژنامەنووسی بە زمانەکەمان بکەین، لە باشووری کوردستان، کاروباری حکوومەتیی پێ بەڕێوە دەچێ، لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا لە ئاستەکانی سەرەتایی، ناوەندی و بەرزدا خوێندن بەو زمانە هەیە. زمانی کوردی لە بواری میدیایی، یاسایی، زانستی، بازرگانی وهتددا بەکار هێنراوە و توانایی خۆی سەلماندووە. ئەو زمانە تەنیا پاراستن و خزمەتکردنی زیاتری دەوێ. بەڵێ ڕاست وایە، زمانەکەمان چەکی ئێمەیە و دەبێ زیاتر خزمەتی بکەین. بەو خزمەتەش کە بە زمانەکەمانی دەکەین، دەتوانین مانەوەی خۆمان وەک نەتەوەیەک لە داهاتوودا دەستەبەر بکەین.

**ڕێباز مەردانی**: وەکوو دوا پرسیار چۆن دەکرێ زمانەکەمان باشتر بپارێزین؟

**قادر وریا**: ئەم پرسیارە دەتوانێ بەرەوڕووی هەر تاکێک لە هەر بەشێکی کوردستانی بکەی، بەو پێیە کە تاکەکە هی کام بەشی کوردستان بێ، وڵامی جیاوازت پێ دەداتەوە، چونکە ئەرکەکانی دانیشتووانی هەر بەشێکی کوردستان لە ئاست زمانی کوردی، بە پێی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی بەشەکەی خۆیان جیاوازە. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی کوردی هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسەڵاتێکی کوردی نییە. ئەمن پێم خۆشە چونکە باسی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، لەو ڕوانگەیەوە وڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە و بڵێم وەکوو کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەتوانین زمانەکەی خۆمان بپارێزین؟

پێش هەمو شتێک هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ بدا بە زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە و بنووسێ و زمانەکەی خۆی بزانێ. ئەگەر لە قوتابخانە ڕێگەی پێ نادرێ، دەبێ بتوانێ لە پەراوێزی قوتابخانەش فێری زمانەکەی خۆی بێ. ئەگەر شاعیرە، وەرگێڕە یا نووسەرە دەبێ بە زمانەکەی خۆی و وەربگێڕێ. ئەگەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسێ با بە زمانی کوردی بنووسێ. ئێستاش زەحمەت نییە وەکوو پێشوو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەن و ڕێگاکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی ئاسانتر بووە.

ئەرکێکی دیکە بۆ پاراستنی زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە بنەماڵەکان هەوڵ بدەن لە ماڵەوە بە زمانی کوردی قسە بکەن و منداڵەکانیان هان بدەن کە گرینگی بە زمانی خۆیان بدەن. شتی دیکە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە ئەوەیە کە بە خۆشییەوە بزووتنەوەیەکی گەورە هەیە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. کاتی خۆی کۆماری ئیسلامی ڕێگەی دا گۆڤاری "سروە" بڵاو بێتەوە و پێی وابوو ئەم گۆڤارە دەبێتە تریبوونێک بۆ پێداهەڵکوتنی حکوومەت یا خۆی تەرخان دەکا بۆ بابەتی ئەدەبی و فولکلۆری. بەڵام ئەو کەسانەی لە گۆڤارەکەدا کاریان دەکرد هاتن ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ فێرکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی. دوایە کە ڕێگەدرا ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لە شارەکانی کوردستان پێک هاتن، بەو هۆیەوە کە خەڵک بە تایبەتی نووسەران، ئەدیبان و لاوەکان هۆگر و دڵسۆزی زمانەکەی خۆیان بوون، ئەم ئەنجومەنانەیان کرد بە شوێنێک بۆ فێربوون و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی. ئەم بزوتنەوەیە بە خۆشییەوە هەر بەردەوام بووە و چووەتە ئەو قۆناغەوە کە خەڵکانێک خۆبەخشانە کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی پێکدێنن، کچ و کوڕی ئەم وڵاتە تێیدا بەشدار دەبن کە ئەمە پێشوازییە جێگای شانازییە. بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ ئەم بزووتنەوەیە درێژە پەیدا بکا و ڕەهەندی دیکەش بگرێتە بەر. بۆ نموونە بەرە بەرە توێژینەوەی زانستی لەسەر زمانی کوردی و ئەدەب و مێژووی کورد، لە نێو نووسەران و ڕووناکبیران لە هەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵات سەری هەڵداوە. کۆکردنەوە و تۆماری بەڵگە و ئاسەوارە مێژووییەکانیش بەشێکی دیکە لەو خزمەتەیە. ئەرکێکی دیکە کە لەوانە گرینگترە، ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لەوێ خزمەت دەکەن و بەرەوڕووی تۆڵەستاندنەوەی ڕێژیم دەبنەوە، پێویستە خەڵک پشتیوانییان لێ بکا؛ بۆ ئەوەی ئەگەر بە ناحەق سزا دران، خەڵک بە دەنگیانەوە بێن و لە پشتیان ڕاوەستن و ڕێژیم نەتوانێ بە هاسانی سەرکوت و دەمکوتیان بکا. لە ڕاستیدا باشترین کار بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕێژیم دەیهەوێ خۆیان و ناسنامەی نەتەوەییان بتوێنێتەوە ئەوەیە زۆر بەتوندی بەرگری لە مانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەن.

**ڕێباز مەردانی**: زۆر سپاس کاک قادر بۆ ئەم دەرفەتەی بە ئێمەت دا.

**قادر وریا**: سپاس بۆ ئێوەش.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢**

## د. جەعفەر شێخولئیسلامی: زمان هەم دەتوانێ نەتەوەیەک پارچە پارچە بکا و هەم دەتوانێ بیکاتە یەکپارچە



**دیمانە: کاروان مێراوی**

### ئاماژە:

بەپێی ئەوەی کە بوون، هەست، هزر، تێفکرین، پێگەیشتن و تێگەیشتنی مرۆڤەکان بە زمانەوە گرێ دراوە و زمانی دایکیش کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر ڕەوتی پێشکەوتووی مرۆڤەکان هەیە، زمانی دایکی بە پێوەری سەرەکیی ڕەوڕەوەی گەشەی کەسایەتی و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵگە و هەروەها زمان بە شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێ. بەبۆنەی ٢١ی فێوریيە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، لەسەر زمان بەگشتی و زمانی دایکی و بەتایبەت ڕۆڵ و گرنگیی زمانی دایک، "کوردستان"، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز پ. د. جەعغەر شێخولئیسلامی، پڕۆفێسۆری یاریدەدەر و مامۆستای زمانناسی و لێکۆڵینەوەی زمانی لە زانکۆی "کارلتن" لە کانادا و هەروەها زمانناس و لێکۆڵەری زمانەوانی، پێک هێناوە.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز پرۆفیسۆر شێخولئیسلامی، با سەرەتا بەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین؛ لە کاتێکدا گەلێک دیاردەی سەرکوتکردنی زمانەکان و کۆمەڵکوژیی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان لە جیهاندا هەبووە و هەنووکەش ئەو ڕەوتانە درێژەی هەیە، بۆچی ڕۆژی کوژرانی کۆمەڵێک خوێندکاری بێنگلادشی وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دیاری کراوە؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی:** بەر لە جووڵانەوەی کۆمەڵگەی زمانیی بەنگالی (بەنگلا بە زمانی خۆیان) لە پاکستان، ئێمە نەتەوەیەکی دیکەمان پێ شک نایە کە پاڵنەری سەرەکیی ڕاپەڕینەکەی زمان بووبێ و لە جووڵانەوە زمانییەکەشیدا و بۆ وەدەستهێنانی مافی دەستڕاگەیشتن بە زمانەکەی خۆیان لە پاکستان ئاوا سەرکەوتوو بووبێ. ڕۆژی ٢١ی فێڤرییەی ١٩٥٢ی زایینی بەرانبەر بە ٢ی ڕەشەممەی ١٣٣٠ی هەتاوی، کۆمەڵگەی بەنگالی خۆپێشاندانێکی گەورەیان چێ کرد. پۆلیس تەقەی لێکردن و چەند خوێندکاری زانکۆی "داکا" کوژران و زۆریش بریندار بوون. ئەم هەوڵە و ئەوانی دوای ئەمەش بەفیڕۆ نەچوون و لە مانگی ٥ی ١٩٥٤ی زایینی، زمانی بەنگالی بوو بە یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی پاکستان و، لە ١٩٧١ی زایینیشەوە زمانی فەرمیی وڵاتی سەربەخۆی بەنگلادێشە.

ساڵی ١٩٩٩ی زایینی، بەنگلادیشییەک بە ناوی "ڕەفیقولئیسلام"، کە لە کەنەدا دەژیا، پێشنیاری بە کۆنفرانسی یونسکۆ کرد بۆ ئەوە کە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر بکرێ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی، ئەم پێشنیارەی پەسند کرد. لەو کاتەوە تاکوو ئێستە، ئەم بۆنەیە هەموو ساڵێک ڕۆژی ٢١ی فێڤرییە یادی دەکرێتەوە. ئەمە بەتایبەت دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ ئاخێوان و چالاکانی زمانە بەکەمینەکراوەکان کە خۆشەویستییان بۆ زمانی خۆیان دەرببڕن و داواکانیان بۆ خوێندن بە زمانی دایکی چڕتر بکەنەوە. هەروەها، دەرفەتێکە بۆ لێکۆڵەر و ئاکادیمیی وەکوو من کە بڵێم و نیشان بدەم: چەندزمانەبوون و جۆراوجۆریی زمانی نەتەنیا دیاردەیەکی سروشتی و مرۆیین، بەڵکوو لەسەرمان پێویستە، لەسەر حکومەتەکان و دەسەڵاتدارانیش پێویستە، کە ئەم جۆراوجۆرییە زمانییە وەکوو دەسمایەیەکی مرۆڤایەتی بپارێزن.

**کاروان مێراوی: جیاوازیی نێوان زمانی دایک و زمانی نەتەوەیی چییە؟**

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی:** زمانی دایک یەکەم زمانە کە منداڵ فێری دەبێ. بۆیە پێی دەڵێن "زمانی دایک"، چونکە زۆربەی کاتەکان منداڵ یەکەم زمانی لە دایکی فێر دەبێ، هەرچەند هەموو کاتیش ئاوا نییە. بۆ وێنە، ئەگەر دایکەکە و منداڵەکە لە کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەی زمانیی دایکەکەدا بژین، لەو هەلومەرجەدا لەوانەیە منداڵەکە زمانی باوکی و ئەو کۆمەڵگەیەی کە بنەماڵەکەی تێیدا دەژی وەکوو زمانی یەکەم فێر ببێ (نموونە: لەبەرچاو بگرە ژنێکی تورکی ئازەری کە هاوژینی کوردێکی پیرانشارییە و لەو شارە دەژی). هۆی تریش هەیە کە ڕێگا نەدا منداڵ زمانی یەکەمی لە دایکی فێر بێ. بۆ نموونە، زۆر دایکی فیلیپینی بۆ ماوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ منداڵەکانیان نابن و خۆیان دەچن لە وڵاتێکی دیکە کار دەکەن، منداڵەکان لەلای باوکیان یان ماڵی بابەگەورە و دایەگەورە یان لای منداڵێکی گەورەتر هەڵدەدەن و باڵا دەکەن.

زمانی دایک دەکرێ زمانی نەتەوەییش بێت، بەڵام بۆ هەموو کەس ئاوا نییە. بۆ زۆربەی خەڵکانی بەکەمینەکراو زمانی

دایک و زمانی نەتەوایەتی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین جیاوازە. زمانی دایکی شتێکی سروشتییە؛ ئەو زمانەی کە بۆ یەکەمجار منداڵێک فێری دەبێت، ئەمەش زۆربەی کاتان زمانی دایکە، بەڵام زمانی نەتەوایەتی لەلایەن دەوڵەت یان خەڵکەوە دیار و ناودێر دەکرێ. لە هەندێک وڵاتدا زمانی نەتەوایەتی و زمانی فەرمی یەکێکن، بەڵام لە هەندێک شوێنی دیکە ئاوا نییە. جاری وایە لە وڵاتێک زمانێک یان چەند زمان وەکوو زمانی نەتەوایەتی دیاری دەکرێن، لەبەر ئەوە کە لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە قسەیان پێ دەکرێ یان لە ڕابردوودا قسەیان پێ کراوە و بایەخی سیمبۆلیکیان هەیە. زمانی فەرمی، زمانی حکوومەت، پەروەردە و میدیایە.

**کاروان مێراوی**: بۆچی گرنگە لەسەر زمانی دایک پێداگری بکرێ و ڕۆڵی زمانی دایکی لە زمانی نەتەوەییدا چییە؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: زمانی دایک بە زۆر هۆوە گرینگە:

١- شێوەی بیرکردنەوە و هەستیاری و سۆزداریی مرۆڤەکان لە زمانی دایکدا دەگوورێ.

٢- هەر لەبەر ئەمەش زمانی دایک لە قەوارەگرتن و بەخۆداهاتنی هزر و توانا هۆشەکییەکانی منداڵدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ.

٣- زمانی دایک لکێنەرێکی بنەماڵەییە، منداڵ بە دایک و باوک و دایەگەورە و بابەگەورە بەیەکەوە گرێ دەدا. واتە ئەڵقەی سەرەکیی نێو زنجیرەی نەوە و بەرەکانە.

٤- لانکی کولتوورە، کولتووری ئیتنیکی و هەرە نیزیک لە مرۆڤەکان کە بە شێوەیەکی ئاسایی تێیدا گەورە دەبن لە زمانی دایکدا دەگوورێ و شکڵ دەگرێ.

٥- زمانی دایک بۆ فێربوونی زمانی دیکە گرینگە، واتە ئەو کەسانەی زمانی دایکیی خۆیان باش و ئاسایی فێر دەبن دەتوانن چەند زمانی دیکەش بەباشی فێر بن، تەنانەت باشتر لەو کەسانەی کە زمانی دایکیی خۆیان بە باشی فێر نابن.

٦- زمانی دایک سەرمایەیەکی مرۆییە، بەم واتایە کە هەر زمانێک لەم دنیایەدا دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزە و شاکارێکی هزری و مێشکیی مرۆڤە. ئەم پێکهاتەیە بە هەزارانساڵ گەیشتووەتە ئەم شوێنەی کە ئێستا تێیدایە. تێگەیشتن لە میکانیزمی کارکردنی ئەو زمانە دەتوانێ پەنجەرەیەک بێ بۆ تێگەیشتنی زۆرتر لە مێشکی مرۆڤ لەلایەک و تێگەیشتنی قەوارە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکی‌تر.

دەکرێ زمانی دایک و زمانی نەتەوەیی یەک شت بن، بەڵام دەکرێ ئاواش نەبێت. لەڕاستیدا پێوەندیی زمانێکی تایبەت و نەتەوەیەک وەکوو پێوەندییەکی پێویست و پێداویستی نییە، بۆ نموونە ئینگلیسی ئێستا زمانی زۆرتر لە یەک نەتەوە و دەوڵەت - نەتەوەیە، یان نەتەوە-دەوڵەت هەیە کە زۆرتر لە یەک زمانی هەیە، لەڕاستیدا، بە شێوەیەکی سروشتی، من زمان لە پێوەندی لەگەڵ ئیتنیسیتەدا دەبینم. پێوەندییەکەی زمان لەگەڵ نەتەوە دەستکرد و سازکراوە (بەرساختێکی کۆمەڵایەتییە). بۆیە، نەتەوەیەک دەتوانێ زۆرتر لە یەک زمانی هەبێ چونکە دەتوانێ زۆرتر لە یەک ئیتنیسیتە پێکی بێنێ. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە کورد بە یەک نەتەوە دابنێین، دەتوانین بڵێین کە ئەم نەتەوەیە ئیتنیستیە و قەومی جیاوازی تێدایە، هەرکام لەم گرووپە ئیتنیکییانەش دەتوانێ زمان یان شێوەزار/شێوەزمانی تایبەت بە خۆی هەبێ و، هەر ئاواشە.

**کاروان مێراوی**: زمان چۆن دەپارێزرێ و هۆکارەکانی زیندوومانەوە یان لەنێوچوونی زمانەکان چین؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: دوو بەشی ئەم پرسیارە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە. واتە، ئەگەر هۆیەکانی فەوتانی زمان بزانین، دەبێت بۆمان دەرکەوێ کە چ هەنگاوگەلێک هەڵبگرین بۆ ئەوەی زمانێک نەفەوتێ. هۆیەکانی گۆڕان و هەروەها فەوتانی زمان دەتوانن هەم ناوەکی بن (واتە، ئاڵوگۆڕی نێوخۆی زمانەکە) و هەم دەرەکی بن (ئاڵوگۆڕ لە مەڕ لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و سیاسیی ئاخێوەرانی زمانەکە). لە هەر دوو حاڵەتدا، زمانێک ئەوکاتە لەنێو دەچێ کە ئیتر قسەکەری نامێنێ، جا یان ئەوەیە کە قسەکەرەکانی دەمرن/قەڵاچۆ دەکرێن (کە ئەمە کراوە، بۆ نموونە لە کەنەدا و ئەمریکا دژی خەڵکانی خۆجێیی)، یان ئەوەتا قسەکەرانی زمانێک لە زمانەکەی خۆیان بێبەش دەکرێن، یان ئەوەندە گرێوگۆڵ دەخەنە سەر ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە زمانەکەیان کە ئیتر وازی لێ دەهێنن و دەچنە سەر زمانێکی دیکە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەمەش لە باکووری کوردستان، سکاتلەند یان ئیرلەند دیتراوە. هەندێک لەم هۆیانە کە دەبنە هۆی ئەوەی خەڵکێک زمانەکەی وەلابنێ و زمانێکی دیکە وەربگرێ دەتوانن ئەمانە بن: قەدەغەکردنی زمانێک، هەڵکەندنی خەڵکێک لە خاک و مەڵبەندی لەمێژینەی حاوانەوەیان، داسەپاندنی زمانێکی دیکە وەکوو زمانی فەرمی یان ڕەسمی بۆ دۆزینەوەی کار، زانیاریوەرگرتن، کاروباری حکومیی و بەڕێوەبردن و، پەروەردە/فێرگە. مرۆڤەکان دەزانن چی بە قازانجیانە و چی بە زیانیانە. کاتێک بیبینیان کە زمانی باڵادەست نانی تێدایە، پریستیژی تێدایە، بەڵگەنامەی خوێندنی باڵای تێدایە، بەڵام زمانەکەی خۆی بە پێچەوانەوە شەرمەزاری تێدایە و لە فێرگە بەکەڵک نایە، لە دادگاکان بەکار نایە، لە زانکۆ بەکار نایە و لەوانەیە ڕاگرتنەکەی زیندان و سووکایەتیکردنی بەدواوە بێ، ئیتر چارەی نامێنێ و زمانەکەی خۆی وەلا دەنێ و لە زمانە باڵادەستەکەدا دەتوێتەوە. هیچ خەڵکێکی ئازاد خۆبەخشانە و بەدڵی خۆی زمانی خۆی وەلا نانێ. لە سەردەمێکدا کە خوێندەواری بە شێوەیەکی خێرا بڵاو دەبێتەوە و خەڵک بە بەربڵاوی ڕوو دەکەنە شارەکان، پەروەردە بە زمانێک جگە لە زمانی دایک دەتوانێ گەورەترین مەترسی بێت بۆ سەر زمانە بەکەمینەکراوەکان. واتە، ئەگەر پەروەردە بە

زمانی دایک نەبێت، دەتوانێت گەورەترین مەترسی بێت بۆ سەر زمانی دایک.

**کاروان مێراوی**: چ پێوەندییەک لەنێوان زمان و شوناسی نەتەوەییدا هەیە و ئەم دوو چەمکە چۆن پێکەوە گرێ دەدرێن؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: هەموو ناسنامەیەک و بەتایبەت ناسنامەی نەتەوەیی، سازکراوێکی کۆمەڵایەتییە و هەر بەم پێیەش سازکراوێکی زمانی و گوتارییە. لە زمان و گوتاردایە کە دەبیستین و دەخوێنینەوە ئێمە کێین، ئەوان کێین و، بەو پێیەش، نەتەوە چییە. بەڵام، ئەو دوو چەمکە چەندە بەیەکەوە گرێ دراون ماوەتەوە سەر ژینگە و تایبەتمەندیی زمان و نەتەوەی جیاواز. بۆ ئاڵمانییەکان پێوەندییەکی چڕ هەیە لەنێوان ناسنامەی نەتەوەیییان و زمانەکەیان، بەڵام بۆ ئەوانی تر وا نییە. بۆ نموونە سویسییەک لە ژێنێڤ ڕەنگە ئاڵمانی نەزانێ، کەچی خۆی بە سویسی دەزانێ، هەروەها سویسییەک لە زووریخ ڕەنگە فەرەنسەیی نەزانێ و هەر ئاڵمانی بزانێ، بەڵام ئەویش بە ڕادەی ژێنێڤییەکە خۆی بە سویسی بزانێ. ئەمە لە کاناداش ئاوایە. هاووڵاتیی کوبەکی (پارێزگای خۆسەری فەرانسەیی زمانەکان) وا هەیە کە ئینگلیسی نازانێ، بەڵام خۆی بە کانادایی دەزانێ. لەو شوێنانە کە زمانێکی هاوبەش ڕۆڵی پێکەوەگرێدانی خەڵکێک نابینێت، ڕابرووی هاوبەش، دامودەزگای فەرهەنگی، سەربازی و پەروەردەیی هاوبەش و حەز و خولیای هاوبەش خەڵکیان بەیەکەوە گرێ داوە. لە سەردەمانێکی کۆنەوە، بۆ کورد زمانی کوردی سیمبۆلی کوردبوون بووە، چونکە کوردان بەو سیمبۆلە خۆیان لە "ئەوانی دیکە" جیا کردووەتەوە. پێوەندیی نێوان زمان و ئیتنیسیتە زۆر چڕوپڕترە هەتا پێوەندیی نێوان زمان و نەتەوە. ئەمەیان چێکراوێکی کۆمەڵایەتی و گوتارییە و هەر نەتەوەیەک بەپێی هەلومەرجی خۆی ئەو پێکهاتەیە چێ دەکات. دەکرێ نەتەوەیەک چەند زمانی هەبێت؛ بەڵام، ئیتنیسیتەیەک یەک زمانی هەیە.

**کاروان مێراوی**: هۆکاری ئەوەی کە زمان و ناسیۆنالیزم بە دوو گراوەی دانەبڕاو ئەژمار دەکرێن چییە؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: ئەمەش هەمیشە وا نییە. لە ناو تێئۆرییە زاڵەکانی ناسیۆنالیزمدا ڕۆمانتیکەکانی ئاڵمانی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەنێوان زمان و ناسیۆنالیزمدا دەبینی. هەندێک بیرەوان و بیرمەند بە ئەمە دەڵێن: "ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی" یان "ناسیۆنالیزمی زمانی" بۆ ئەوە کە جیای بکەنەوە لەو ناسیۆنالیزمەی دیکەی دەورەی ڕۆشنگەی کە ئامانجی سەرەکیی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، واتە، "ناسیۆنالیزمی سیڤیک/مەدەنی". بۆ نموونە "ئەرنست ڕێنان"ـی فەرانسەیی ئەوکات گوتی: ئەوە زمان نییە کە خەڵکی فەرانسە دەکا بە نەتەوە، بەڵکوو مێژووی هاوبەش و خەونی هاوبەشە. هەڵبەت، دواتر ئەم بۆچوونە ڕەخنەی لێ گیراوە، گوتراوە کە ئەمە فێڵێک بوو فەرانسەییزمانەکان لە ئەوانی دیکەیان کرد، گوتیان: ناسیۆنالیزمی ئێمە نەبەستراوەتەوە بە زمان و بەم جۆرە زمانی فەرانسەیی، کە ئەوکات تەنیا زمانی نزیک بە ٤٠ لە سەدی خەڵکی وڵات بوو، بەسەر ئەوانی دیکەدا سەپێندرا، واتە جەیکۆبییەکان فێڵیان لە

بریتانەکان، باسکەکان و بەکەمینەکراوەکانی دیکە کرد. بە بیانووی ئەوە کە زمان گرینگ نیە زمانی خۆیان نەتەنیا بەسەر ئەوانی دیکەدا سەپاند بەڵکوو کارێکی ئەوتۆیان کرد کە ڕادەیەکی بەرچاوی ئەوانی دیکە زمانی دایکی خۆیان لە بیر بچێتەوە. ناسیۆنالیستی ئێرانی - فارسی یش کەمتاکورت هەر ئەم سیاسەتەی ڕەچاو کردوە و دەیکا، بە هەندێک جیاوازییەوە. بۆ نموونە دەڵێ: زمانی فارسی هی هیچ "قەوم"ێک نییە، لەبەر ئەوە هەمووە دەبێت لە خزمەتیدا بن؛ بەڵام کوردی زمانی "قەوم"ێکی دیاریکراوە، بۆیە ئەگەر ببێتە زمانی ڕەسمی، ئێران هەڵدەوەشێتەوە. ئاشکرایە لێرە گریمانەیەکی ئایدیۆلۆژاوی بناغەی ئەم تێزەیە کە دەڵێ: فارس قەوم نییە. کەچی وا نییە. فارس یەکێک لە قەومەکان یان نەتەوایەتییەکانی ئەو ناوچەیە بووە و ئێستاش هەیە. کە ئەمەت بینی، دەبینی کە تێزەکەی ناسیۆنالیستە فارسەکان دەڕووخێ و زمانی فارسی هیچ ڕەوایەتییەکی نامێنێ کە لەسەر زمانەکانی دیکە ئاغایەتی بکا یان خۆی بە زۆرتر بزانێ. کەواتە، بۆمان دەردەکەوێ هەموو ئەو زمانانەی کە لە ئێران قسەیان پێ دەکرێ و ئاخێوانیان داوای مافی زمانیی دەکەن، مافی خۆیانە کە بەو مافە بگەن و هەموو ئەو دەرەتانەیان بۆ بڕەخسێ کە یارمەتییان بدا زۆرتر بەخۆدا بێن و ببنە زمانی زانست و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان.

**کاروان مێراوی:** **پێوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات چییە و تاکوو چ ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە؟**

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی:** بەداخەوە شوێن بۆ وەڵامێکی تێروتەسەل نییە. بە کورتی؛ لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە پێنج خاڵ بکەم کە نیشان بدەین پێوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات چییە و تا چ ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر یەکترە:

١- زمان ڕەنگە خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتی نەبێ، بەڵکوو ئەو کاتە دەسەڵات پەیدا دەکا کە مرۆڤەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. لەم حاڵەتەدا زمان دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیی مرۆڤەکان وەدەردەخا.

٢- زمانێک چۆن دەنوێنێ و چ دەورێک دەگێڕێ، دەتوانێ دەسەڵاتی ئەو زمانە ئاشکرا بکا، بۆ نموونە زمانی ئینگلیسی خۆی لە خۆیدا هەر وەکوو هەموو زمانێکی دیکەیە، هیچ شتێکی لە زمانەکانی دیکە زیاد و کەم نییە، بەڵام بە حوکمی ئەو پێگەیەی کە ئێستە لە دنیادا هەیەتی، دەسەڵاتێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کردوە و سیمبۆلی هێز و باڵادەستییە.

٣- زمان خاوەن دەسەڵاتە بەو واتایە کە دەتوانێ دەسەڵات بەهێزتر بکا، بۆ نموونە درێژە بە تەمەنی ڕەگەزپەرستی بدا بە درێژەدان بە زمان و چەمکگەلی ڕەگەزپەرستانە. بۆ وێنە، هەتا نووسەری فارس و کورد بنووسن "سرخپوست" یان "سوورپێست" ئەوە خەڵکانی خۆجێیی بە چاوێکی سووک هەڵداوێرن و بە شارۆمەندی دەرەجە دووی هەندێک وڵاتیان (وەکوو ئەمریکا) دادەنێن. ئەم فارس و کوردانە، چ حەز بکەن و چ حەز نەکەن گوتاری ڕەگەزپەرستانەی سپیەکانی ئەمریکا

بەرهەم دەهێننەوە. "سوورپێست" جنێوێکی پیسە لە ڕوانگەی خەڵکانی خۆجێییەوە، بۆیە دەبێت بڵێین: خەڵکانی یەکەمی ئەمریکا، نەتەوەگەلی یەکەمی ئەمریکا، یان خەڵکانی خۆجێیی و خەڵکانی ڕەسەنی ئەمریکا (یان کەنەدا، یان ئوسترالیا.

٤- زمان هەم دەتوانێ نەتەوەیەک پارچە پارچە بکا و هەم دەتوانێ بیکاتە یەکپارچە.

٥- زمان دەتوانێ پێوەندیی مرۆڤەکان تێک بدا، باشتری بکا و کارتێکەریی لەسەر هەست و سۆزی خەڵک دابنێ. کورد گوتەنی: بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر. یان نێلسۆن مەندێلا گوتوویەتی: "ئەگەر کەسێک بدوێنی بە زمانێک کە تێی دەگا، ڕێت دەکەوێتە نێو مێشکی، بەڵام ئەگەر بە زمانی خۆی بیدوێنی، ڕێت دەکەوێتە نێو دڵی."

**کاروان مێراوی**: سپاس بۆ ئەوەی کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە دانا.

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند تاکوو لەسەر مژارێکی گرنگ و هەستیار پێکەوە بدوێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢

# زمان، شوناس و سەردەم




**د. قادر وریا: تاکی ناسنامەخوازی ئەمڕۆی کورد پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنیی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی**

**دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر**

**ئاماژە:**

**وێژمان" لە وتووێژێکدا لەگەڵ د. قادر وریا پێوەندیدار بە زمان، شوناس و سەردەم باسی لە چییەتی زمان وەک پێناسە و توخمێکی سەرەکیی شوناس کردوە، هەروەها بە سەرنجدان بە پێگەی یاسایی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی ئەم دۆخەی لەسەر ڕەوشی زمان وەک ناسنامەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندوە و پێویستییەکانی پاراستنی زمان و شوناس لە سەردەمی بەجیهانیبوونی خستووەتە بەرچاو. "کوردستان" ئەم وتووێژە لە دوو بەشدا بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە.**

**شنۆ مێهرپەروەر: زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی زمانی داگیرکردنن. زمانێکن کە لەسەر بنەما و بەستێنی ئەوان**

داگیرکـاری و شـەرعییەتی زەینـی و ئایـدۆلۆژیکیی داگیرکـردن بەرهەم هـاتووە. تـا چەنـد زمـانی کـوردی لەگەڵ هەمـوو ئاستەنگەکانی بەردەمیدا کە دەوڵەت نەتەوەکـانی نـاوچە بۆیـان دروست کـردوە، توانیـویەتی ببێـتە پێناسـە و تـوخمێکی سەرەکیی شوناسی نەتەوەیی کورد؟

**د. قادر وریا**: زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسیش وەک هەموو زمـانێکی دیکە لە لایەکەوە ئـامرازێکن بـۆ پێوەنـدیی نێـوان کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو، هەر لەو کاتەدا توانایەکن بۆ خستنەڕووی بیر و ئەندێشە و خـاڵ و هـزری ئەو کەسـانەی قسـە بەو زمانانە دەکەن. ئەوە زمانەکان نین کە پاوانخواز، داگیرکەر یان فاشیستن، بەڵکوو ئەو ئایـدۆلۆژیا و ئەو سیاسەتـانەی لە پشت بەکارهێنـانی ئەو زمانـانەن، ئەوانـن کە داگیـرکەرانە، فاشیسـتی و پـاوانخوازن و کـار بـۆ سـڕینەوەی ناسـنامەی ئەویدیکە و سەرکوتی زمانەکانیان دەکەن. ڕاستە ئەو زمانانە زمانی نەتەوەی سەردەستن، لەو وڵاتـانەی کە کوردستـانیان بە خۆیانەوە لکاندوە، هەر بۆیە پێویستە لە ئاست کاریگەریی نەرێنییـان لەسـەر زمـانی کـوردی هەسـتیار بین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تـاکی کـورد خـۆی فێـری ئەو زمـانـانە نەکـا. بـۆ کوردێک کە لە بەشە جۆراوجۆرەکـانی کوردستـان لەگەڵ ئەو زمانانە دەژی، بۆ نموونە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە زمانی فارسی بزانێ و باشیشـی بزانـێ، لە بـاکووری کوردستـان زمانی تورکی بزانێ و باشیشی بزانـێ و هەروەهـا لەو وڵاتـانەش کە کـورد لەگەڵ عەرەب دەژی و عەرەب نەتەوەی سەردەستە، پێویستە بە چەند هۆکار ئەو زمانانە بزانین. ئێمەی کورد تـا ئەوکـاتەی لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیکەدا دەژیـن یـانی کوردستـان بـوونێکی سـەربەخۆی نییە و کـورد ناچـارە لەگەڵ نەتەوەکـانی دیکە لە یەک وڵاتـدا بژیت، پێویستمان بە زانینی ئەو زمانە هەیە. بۆ وێنە نوێنەری کورد لە پاڕلەمـانی ئەو وڵاتـانە دەبـێ بەو زمانە شەڕ بـۆ داکۆکی لە مافەکـانی نەتەوەکەی بکـات. لە زانکۆکـان، لە کـۆڕ و کۆنفڕانسـە زانسـتییەکان، لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان، پێویسـتە بەو زمـانـانە ئامانجەکـانی خۆمـان ڕوون بکەینـەوە، ناراستییەکان بەرپەرچ بـدەینەوە، بـوونی خۆمـان و مافەکـانی خۆمـان و ویسـتەکانی خۆمان بسەلمێنین، ئەگەر ئەو زمانانە نەزانین، دەنگمان بە بەردەنگەکانمان لە نێو ئەو ولاتـانەدا ناگـات. بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئێمە دووری لەو زمانانە بکەین، پێویستمان بەوە هەیە کە ئەو زمانانە بزانین و بتوانین بە هۆیانەوە شەڕی خۆمان لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بکەین.

دێـمە سـەر ئەو بەشـەی پرسـیارەکەت کە سـەرەڕای ئەوەی ئەو زمانـانە لە خـزمەت سیاسـەتی داگیـرکەرانە و لە خـزمەت سیاسـەتی هەژمـۆنیی دەسـەڵات لە وڵاتەکـانی خۆیـاندان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا زمـانی کـوردی هەر توانیـویەتی بەشێکی سەرەکی بێت لە ناسنامەی نەتەوەیـی کورد، ئەو نەتەوانەی ئێمەی کورد لە گەڵ ئەوان لە چوارچێوەی ولاتێکدا دەژی لە باری ئایینەوە لێک نێزیکین، ڕاستە خاوەنی سەرزەویی خۆمانین، مێژوویەکی تایبەت بە خۆمان هەیە، و کۆمەڵێک شتی تـر هەیە کە ئـێمە لە ئەوان جیـا دەکـاتەوە، بەڵام گرنگتـرین هۆکـاری لێـک جیـاکردنەوە و جیاوازیمـان، ئەوەی لە هەمـووان بەرچاوترە، زمانی کوردییە. لە شوێنێک کە تاکەکانی سەر بە چەند نەتەوە پێکەوە دەژین، **یەکەم شت کە کوردیک خۆی**

پی لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، زمانەکەیەتی. لە سەردەمی ئێستادا بەجیهانیبوون و کەمرەنگبوونی سنوورەکان بۆ پێوەندییەکان و پێکەوەژیان وایان کردوە کە لە ڕووی جلوبەرگەوە، لە باری جۆری خواردن و خواردنەوە، مۆسیقا، بیناسازی و شێوەی ژیان و زۆر لایەنی دیکەی کولتووری، وێکچوونی زۆر لە نێوان کۆمەڵ و نەتەوەکاندا دروست بووە. یانی ئەمانە وایان کردووە ئێمە هەست بکەین لە ڕووی کولتووریشەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێمان لێک نزیکین. لە پلەی یەکەمدا ئەوەی ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە، زمانەکەیە. من بۆ خۆم وا بیر دەکەمەوە ئەگەر کوردێک بەرانبەر بە تورکێک بەرانبەر فارسێک، عەرەبێک و هەر کەسێکی دیکە کە بە زمانی دیکە قسە دەکات بیهەوێ بیر لە بوونی خۆی بکاتەوە، بیر لە ئەدەبیاتی خۆی، لە شێعر لە چیرۆک، ڕۆمان، بەیت و گۆرانی و لالایی و پەند و ئەفسانەی خۆی و... دەکاتەوە کە ئەوانە زۆربەیان لە زمانەکەیدا کە زمانی کوردییە، ڕەنگدانەوەیان هەیە، کە وایە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم زمانی کوردی توانیویەتی ببێتە بەشێکی سەرەکی لە ناسنامەی کورد و، تاکی کورد بەر لە هەرشتێکی دیکە بەهۆی زمانەکەی خۆی لە دەوروبەرەکەی جیا دەکاتەوە و هەست دەکات شوناسێکی تایبەت بە خۆی هەیە.



د. قادر وریا، زماناس و مامۆستای زانکۆ

**شنۆ مێهرپەروەر**: کوردی لە باشووری کوردستان زمانی فەرمییە، لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتی عێراقیشدا زمانی کوردی وەک زمانی عەرەبی، زمانێکی فەرمییە. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا زمانی کوردی، زمانی فەرمییە. بەڵام لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی نەک نییە، بەڵکوو قەدەغەشە. ئەم جیاوازییە لە پێگەی زمانی کوردی لەو چوار وڵاتەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی زمانە، داناوە؟

**د. قادر وریا**: پێگەی زمان بۆ خۆی چەمکێکی گرینگە و ئاماژەیە بەو پێگەیەی کە زمانێک لە وڵاتێک هەیەتی، جۆری پێگەیەکی کە زمانێک لە کۆمەڵ و وڵاتێکدا هەیەتی دەتوانێ زۆر ڕۆڵی لە پێشکەوتن یان لاوازبوونیدا هەبێت. یانی ئەگەر زمانێک پێگەیەکی ڕەسمی، قانوونی و پێگەیەکی ئایینیی هەبێت، ئەمانە یارمەتیدەری دەبن بۆ پێشکەوتنی. بۆ نموونە زمانی فارسی کە لە ئێران زمانی ڕەسمییە، پێگەیەکی قانوونی و تاقانەی هەیە و کراوە بە تاکە زمانێک کە لە ئێراندا لە بواری پەروەردەدا، لە ڕووی ئیدارییەوە، لە دادگا و پارلمان و دەولەت و لە گشت بوارە ڕەسمییەکاندا، کاری پێ دەکرێت و بێ ڕکابەرە، ئەمە کۆمەڵێک ئاسانکاریی بۆ دابین دەکات. یانی دەوڵەت و دەسەڵات ناچار دەکات کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە خزمەتیدا بن. بۆیە زمانێک کە لەو پێگەیە بێبەشە بە دڵنیاییەوە تووشی زۆر کێشە دەبێت. ئاماژەتان بە پێگەی زمانی کوردی لە ئێراق کرد، ئەمە نموونەیەکی زۆر باشە. لەگەڵ ئەوەی مێژووی عێراقیشبە تایبەتی لە هاتنە سەر کاری بەعسییەکانەوە هەتا کاتی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان، بەردەوام دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەگەڵ کورد لە شەڕدا بووە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە و سەرەڕای هەبوونی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەرە و ئەو هەموو وێرانکارییە؛ چونکە زمانی کوردی لە عێراق پێگەیەکی ڕەسمیی هەبوو و مافی ئەوەی پێ درابوو کە پێی بخوێندرێ و وەکوو زمانێک دانی پێدا نرابوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو زمانە نە تەنیا بڵێین لاواز نەبوو، بەڵکوو هەر توانی بەرەو پێش بچێ. چونکە منداڵێک کە دەچووە قوتابخانە، لە ڕۆژی یەکەمەوە بەو زمانە پەروەردە دەبوو و هەتا دوایین ساڵانی خوێندن ئەو زمانەی هەر لەگەڵدا بوو، ئەوە بۆخۆی خۆشەویستییەکی بۆ زمانەکە لای فێرخوازەکە دروست دەکرد و وای دەکرد ئەو زمانە لە ڕێگای پەروەردەوە بڵاو بێتەوە و پەرە بستێنێ. جگە لەوەی ئەو کەسانەی لە خوێندنگە دەیانخوێند لەگەڵ زمانەکە بەردەوام سەروکاریان هەبوو، زمانەکەش ناچار بوو پێداویستییەکانی خۆی لە باری زانستی و پەروەردەییەوە دابین بکات، بۆ وێنە بۆ بوارەکانی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرناسی، جۆگرافیا و بۆ زۆرێک لە زانستەکانی دیکە پێویستی بە زاراوە و بە وشەی نوێ هەبوو و ئەمانەشی دابین کردبوو، چونکە کاری پێ دەکرا. ئەوەی کە زمانی کوردی لە چاو هەموو بەشەکانی کوردستان لەو بەشە، باش مایەوە و توانی بەرەو پێش بچێت ، بە جۆرێک کە تا ئێستاش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ زۆر لەو چەمک و زاراوانە قەرزداری زمانی کوردی لەو بەشەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان و لە عێراق بوویەتی.

ئاماژەتان بە زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد، ئەمە زۆر جێگەی سرنجە کە لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی بەعسی سووریەدا نەک هەر زمانی کوردی مەجالی پێ نەدەدرا بەڵکوو هەوڵی سڕینەوەی دەدرا و کورد لەوێ لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و زمانی بێبەش بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا کە بێتە زمانی خوێندن و، بێتە نێو زانکۆ و ببێتە زمانی بەڕێوەبەری، ئەوە بۆ خۆی پێشکەوتنێکی گەورە بوو بۆ زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە لە هەر شوێنێک نەتەوەی کورد دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە و دەرەتانی خۆبەڕێوەبردنی هەبووە، نەک هەر هەوڵی داوە مافە زمانییەکانی خۆی دابین بکات، بەڵکوو مافە زمانی و

کولتوورییەکانی  ئەو کەمە نەتەوانەش کە لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا بوون، دابین کردوە. ئێمە نموونەی کۆماری کوردستانمان هەیە، نمـوونەی حکـوومەتی هەرێـمی کوردسـتانمان هەیە و لە ڕۆژئـاواش هەر بەو شـێوەیە، ئەمەش یەکێـک لە خـاڵە گەشەکانی سیاسەتی کوردی بووە بەرانبەر بە زمانی کەمە نەتەوەکان.

لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکراتە کە زمانی کوردی پێگەیەکی فەرمی و قـانوونیی نیە، ڕێگـای ئەوەی لـێ گیـراوە کە کاری پەروەردەی پێ بکرێ، پێی بخوێندرێ و زمانی بەڕێوەبەری بێ، ئەمە بۆ خۆیی زیـانی زۆری بە زمـانەکە گەیـاندوە و بـووەتە هـۆی لاوازبـوونی. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا بە هەڵسەنگاندنی خـۆم ئەمـن لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان زمـانی کـوردی کەمتـر زیـانی پـێ گەیشـتوە، هۆکـارەکەش ئەوە بـووە کە خەبـاتێکی نەتەوەیـی دوورودرێـژ لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەبووە. یانی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دواتـر دامەزرانـی حیزبـی دێمـوکرات و کۆمـاری کوردسـتان هەمیشـە پرسـی زمـان لە پێشـەوەی پرسـەکانی دیـکە بـووە، یـا پرسـێکی سـەرەکیی بـزووتنەوەی کـوردی بـووە و ئەمە وای کـردوە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لەسەر گرنگیی زمان، لەسەر فێربوونی زمان و پاراستنی زمـان پێـداگری بکات و جۆرێک وشیاریی زمانی لەنێو نەتەوەکەیدا پەرە پێداوە. **بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان  لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، هەمیشـە جۆرێـک هەسـتیاریی لە ئاسـت زمـانی کـوردی بە تـایبەتی لای نووسـەران، شـاعیران، ڕۆژنامەنووسـان و ئەو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ زمان هەیە، هەبووە و بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیوە پارێزەری زمانەکەیان بن  و بەشێوەی جۆراوجۆر بیپارێزن، بە تایبەتیش کە خەڵکەکە هەستی کردوە دەسەڵات دەیهەوێ ئەو زمانە پەراوێز بخات و سەرکوتی بکات،** ئەمە هاندەر بووە کە زمانەکەیـان باشتر بپـارێزن وخەمـی لـێ بخۆن. لە بـاکووری کوردسـتان ئێسـتاش بە داخەوە بە میلیۆنـان کـورد هەن کە نـاتوانن بە زمـانی کـوردی قسـە بکەن. ڕەنـگە بەشێکی بـۆ ئەوە بگەڕێـتەوە لە سـەدەی پێشوودا و لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەوەندی بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرینگیی بە ویست و داخوازیی چەپ داوە، ئەوەنـدەی گرنگیی بە زمانی کوردی و بە داخوازی نەتەوەیی نەداوە و ئەمەش بە نۆرەی خۆی وشیاریی زمانیی کەم کـردۆتەوە. هەڵـبەت ناکرێ حاشا لەوەش بکەین کە سەرکوتی  نەتەوەیی و زمانی لە تورکیە لە چاو ئێران، زۆر توندتر بووە.

**شنۆ مێهرپەروەر:** زمانی کوردی وەک یەکێک لە هێما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیـی کـورد چە پێگەیەکـی لە یـادەوەریی بەکۆمەڵ و گێڕانەوەی مێژووییدا هەیە و تـا چەندە لە ڕێگەی زمـانەوە پـێش بە فەوتـانی ئەو سـەرمایە دەوڵەمەنـدەی کـورد گیراوە؟

**د. قادر وریا:** گومان لەوەدا نییە کە بەشێکی زۆر لە سامانی زمانیمان، لە ئەدەبی زارەکیمان تەنانەت ئەدەبی نووسراومان بەو هۆیەوە کە زمانی کـوردی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و لە بەشـی هەرە زۆری بەشـەکانی کوردسـتان دەرەتـانی نووسین بەو زمانە و خزمەتکردنی نەدراوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ڕێگریشی لێ کـراوە، ئەمە بـووەتە هـۆی ئەوە بەشێک لەو سـامانە

ئەدەبی و زمانییەمان بفەوتێت. بەڵام هاوکات هەمیشەش لەنێو کۆمەڵی کوردستان، لەنێو نەتەوەی کورددا کەسانێک هەبوون بەهۆی دڵسۆزییان بۆ زمانەکەیان، بەهەر زەحمەتێک بووە توانیویانە بەشێک لە دەستنووسەکان، لە دیوانی شاعیران، لە پەند و فۆلکلۆر و بەیت و چیرۆک و ئەو سامانە زمانییەی هەمانبووە بپارێزن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی توانیویەتی هەڵگر و گوێزەرەوەی ئەو یادەوەرییە بەکۆمەڵانە بێت. لەگەڵ ئەوەی کوردستان دابەشکراو و چەند پارچە بووە، لەگەڵ ئەوەی دیالێکت و شێوەزاری جیاواز هەبووە و خەڵکی کوردستان لە وڵات و هەرێم و ناوچەی جیاوازدا ژیاون و بە هۆکاری سیاسی و ئەمنییەتی پێوەندییەکی زۆر کەم و سنوورداریان لەگەڵ یەکتر هەبووە، هەروەها سیستمێکی وەکوو پەروەردە بە زمانی کوردی یا ڕاگەیاندنێکی سەرانسەریی کوردی نەبووە کە هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە دەبینین زمانی کوردی توانیویەتی پردی پێوەندی و کۆکەرەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە هەموو پارچەکانی کوردستان بێت. من حەز دەکەم ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە تەمەنی خۆمدا بکەم. لەبیرمە وەختی خۆی کە لە ڕادیۆ یان لە کاسێتێک دەنگی کاوەیساغا بڵاو دەبۆوە کە بۆ خۆی خەڵکی بەشێکی دیکەی کوردستان بوو، بەڵام لە موکریان کەسێک کە گوێی لە دەنگی کاوەیساغا دەبوو، بە دەوروبەرەکەی گوتووە بێدەنگ بن با گوێمان لێ بێت، با بزانین  چۆن باسی شێخ مەحموود دەکات؟ چەندین ساڵ بەر لەوەی ئێمەمانان لە دایک بین کاوەیس‌ئاغا لە لاوکێکدا باسی شێخ مەحموود و حکوومەتدارییەکەی و شەڕەکانی و قارەمانەتییەکانی کردووە، لەسەردەمی ژیانی ئێمەدا، خەڵک پێی خۆش بوو لە ڕێگای لاوکێکی کاوەیساغاوە ئەم داستانە ببیستێتەوە. تەنانەت دایکی خۆمم لەبیرە هەر وەخت گوێی لە دەنگی عایشەشان یان دەنگی مێرەم خان دەبوو کە گۆرانییەکانیان لە ڕادیۆ - بە تایبەتی ڕادیۆ بەغدا - بڵاو دەبوونەوە، دیسان ئێمەی ئەو کات منداڵیان بێدەنگ دەکرد بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرێت، چونکە ئەو خەم و ئەو مەینەتییانەی لە گۆرانییەکانی ئەواندا هەبوو، بۆ نموونە باسی هەوێداری، باسی بە زۆر بە شوودانی کچ، یەخسیری و بندەستی کورد بە دەست تورک ؛ کارەساتەکانی سەردەمی ئەوانی بە ئاوێنەی خەمەکانی ئێستای خۆی و ژنانی وەک خۆی دەزانی.. لە بواری جۆاروجۆردا ئەو ڕۆڵەی زمانی کوردی دەبینین، بۆ نموونە بەیتی خەج و سیامەند لەگەڵ ئەوەی زێد و ژینگەی سەرهەلدانی ئەو بەیتە باکووری کوردستان بووە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش  بە زارێکی دیکەی زمانی کوردی سەری وەدەرناوە، گوێگری هەبووە و خەڵکێکی دیکە هەوڵی داوە پەرەی پێ بدا و حەماسە و قارەمانەتی و داستانی ئەویندارەتیی نەوەکانی پێش خۆی لەوێدا ببینێتەوە و ببیسێتەوە. دەتوانم بڵێم ئەم جۆرە حاڵەتە بە هۆکاری جۆراوجۆر تا واوەتر هاتووین، زیاتر بووە. چاپکراوی کوردی، رادیۆی کوردی و دروستبوونی تێکەڵاوی ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و نووسراومان، گۆرانی و لاوک و بەیت و چیرۆک و پەندی پێشینیانمان، سنوورە دەسکردەکان ببەزێنن، لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی دیکەی کوردستان و بە دیالێکت و شێوەزاری ناوچەیەکی دیاریکراو بەرهەم هاتوون، بەڵام لە پارچەیەکی دیکە، لە ناوچەیەک بە زار و شێوەزارێکی دیکە پێشوازییان لێ کراوە، چونکە لەنێو گوێگر و خوێنەری کورددا ئەو هەستە هەبووە کە ئەمە هەمان بەسەرهات و ڕابردووی خۆیان و پێشینیانی خۆیانە کە بە زار و شێوەزارێکی دیکەی زمانەکەیان   گوییان لێدەبێت یان دەیخوێننەوە.

دیارە لەم چەند دەیەی دواییدا زمانی کوردی زۆر زیاتر لە ڕابردوو توانیویەتی بێتە هەڵگری ئەو یادەوەرییە بەکۆمەڵانە، چونکە بە خۆشییەوە هەلومەرجێکی نوێ خوڵقاوە، ئەو دیوارانەی جاران داگیرکەران لە بەینی بەشەکانی کوردستان دروستیان کردبوو و، ئەو سانسۆرە توندەی ئەوان بەسەر خەڵکدا زاڵیان کردبوو، ئەو بەربەستانەی لە دژی زمانی کوردی پێکیان هێنابوو، ئەمانە بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بە هۆکاری بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوایەتیی تاکەکان و بە هۆکاری جۆراوجۆری دیکە خاوتر بوونەوە. ئەمە وایکردوە ئێستا تاکەکانی کورد پێوەندییان لەگەڵ یەکتر زیاتر بێت، باشتر لە زار و شێوەزارەکانی یەکتر تێبگەن و، گرنگیی زیاتر بە ئەدەبی کوردی و بە هونەری کوردی و بە زمانی کوردی بدەن. ئەمە وایکردوە کە ئێستا هەر شتێک کە بڵاو دەبێتەوە هەر بەرهەمێکی هونەری، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، گوێگر و خوێنەر و بیسەری کورد بەشێک لە خەم و ئازارەکانی میللەتەکەی تێدا بدۆزێتەوە. لەسەر یەک دەتوانم بڵێم ئێستا زمانی کوردی ڕاست ئەو ڕسالەتەی لەسەر شانە کە تاکی کورد لەهەر جێگەیەک و بە هەر دیالێکتێک شت بڵاو بێتەوە، بە هی خۆی دەزانێت، دەزانێ کە ئەوە بەشێکە لە جیهانی ئەو، ئاوێنەیەکە کە گۆشەیەک لە مەینەت و شادی و خۆشی و قارەمانەتی و مێژوویی نەتەوەکەی پێشان دەدات. کە وایە بۆم هەیە بڵێم ئەو زمانە توانیویەتی ئەو ڕۆڵە ببینێت و تا دێت لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتووتر دەبێت.

**شنۆ مێهرپەروەر:** شوناسی هەر نەتەوەیەک بە پێی گۆڕانی زەمەن دەگۆڕێت و وێنەیەکی دیکە وەردەگرێت، پاراستنیشی پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەتی و پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە. ئێمە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و قەیرانەکانی سەرچاوەگرتوو لە بە جیهانیبووندا دەژین، کە لەنێویاندا دەتوانین ئاماژە بە قەیرانی شوناس و زمان بکەین. چۆن دەتوانین لەم سەردەمەدا شوناس و زمانی خۆمان بپارێزین؟

**د. قادر وریا:** ڕاستییەکەی ئەمە وایە، یانی تێگەیشتن لە شوناس و پێناسەی شوناس بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێ. ئەگەر باس لە شوناسی نەتەوەیی بکەم و تێگەیشتنی تاکێکی کورد لە شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا باس بکەم، ئەم تێگەیشتنە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو قووڵتر و گشتگیرتر بووەتەوە. بەو مانایە کە تاکێکی ئەمڕۆی کورد کە شوناسخواز و شوناسپارێزە، شوناسی نەتەوەیی کورد بە شوناسێکی فرە چەشن دەزانێت، واتە پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی. بۆ نموونە لە ڕووی ئایینییەوە، ئێمە لەنێو کورددا مۆسوڵمان و نامۆسڵمانمان هەیە، لەنێو بەشە موسوڵمانەکەدا شێعەمان هەیە و سوننیمان هەیە، یارسان و ئێزەدی و پەیڕەوانی دین و ئایینی دیکەمان هەن، بێدینیشمان هەن. لە ڕووی زار و شێوەزارەوە کوردیی باکووری (کورمانجی)کوردیی ناوەندی (سۆرانی) و کوردیی باشووری (کەلهوڕی، لەکی)گۆرانی - زازایی (هەورامی، زازاکی)مان هەیە. تەنانەت ئەوانەشمان هەن کە زمانەکەیان کوردی نییە بەڵام کوردستانین. لە پێناسەی ئەمڕۆی شوناسی نەتەوەیی تاکی کورددا هەمووی ئەوانە دەبێ جێگەیان بێتەوە. تێگەیشتنی ئێمە لە شوناس لە جیهان و سەردەمی ئێستادا گرنگییەکی تایبەتی

هەیە.

هەر بۆیە کە باسی ڕێوشوێنەکانی پاراستنی شوناس دەکەین دەبێ ئەم فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەی نەتەوەکەمان و خەڵکی کوردستانمان لەبەرچاو بێت و ددانیان پێدابنێین، بەر بە سڕینەوەیان بگرین. ئەم جۆرە تێگەیشتن لە شوناسی نەتەوەیی هاندەرمان دەبێت کە منێکی کورد نابێ هەر تەنیا یەک زاری زمانی کوردی بزانم، دەبێ هەوڵ بدەم زارەکانی دیکەی کوردییش فێر ببم. نابێ هەر یەک جۆر ئەلف و بێی کوردی بزانم و دەبێ هەوڵ بدەم لانی کەم دوو ئەلف و بێی سەرەکی کە پێی دەنووسرێت و دوو شێوە نووسینی کوردی بزانم. دەبێ پاراستنی هەموو ئەو زار و شێوەزارانە بە ئەرک بزانم و هاندەری ئەوە بم کە هەموانیان بپارێزێن و وشەکانیان کۆ بکرێتەوە، توێژینەوەی زانستی لە بارەی هەموو شێوەزارەکان بکرێت. ئەمە بۆ خۆیی بەشێکە لە شێوازەکان یا ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئەو شوناسە.

ڕاستە کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا زمانەکان و شوناسەکان تووشی قەیران دەبن و پێویستە هەوڵ بدەین شوناس و زمانی خۆمان لەم قەیرانانە دەرباز کەین و بیانپارێزێن. کە باس لە پاراستن و مانەوەی زمانی کوردی دەکەین دەبێ لەبیرمان بێت کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا لە ڕاستیدا لە هەموو بوارەکاندا ئەوانەی کە بەهێزن دەمێننەوە، یانی لە بواری ئابووری، لە بواری پیشەسازی، لە بواری زانستی، لە بواری بازرگانی و لە بواری کولتوورییشدا ئەوانەی بەهێزن و دەستیان ئاوەڵاترە بۆ پاراستنی خۆیان، واتە دەسەڵاتی بەهێز و ئابووریی بەهێزیان لەپشتە، باشتر دەمێننەوە. باشە ئەدی نەتەوەیەک کە بێدەوڵەتە، زمانێک کە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە و لە پەروەردە و دام و دەزگای بەڕێوەبەری و یاسایی و لە زانکۆ و...هتد دا ڕێگای پێ نادرێت، لە دۆخێکی ئاوادا چۆن دەتوانێ بمێنێتەوە؟ ئەمە وا دەکا ئەرکی ئێمە قورستر بێت. ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان هەیە، دەتوانن ڕێگا و ڕێوشوێنی تایبەت بۆ بۆ پاراستنی زمانەکەیان بگرنە بەر، بەڵام ئەدی ئەو نەتەوەیەی دەوڵەتی نییە چ بکا؟ بۆیە ئێمە وەک نەتەوەی کورد زۆر پێویستە بە جیددی خەم لە پاراستنی سوناسی و زمانی خۆمان بخۆین. دەبێ هێندێک شت بکەین کە زۆر ئەساسین. یەک لەوان ئەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەبات بکەین کە زمانی کوردی بێتە زمانی ڕەسمی، یانی بە فەرمی بناسرێت و پاشان ببێتە زمانی پەروەردە. چونکە ئەگەر بوو بە زمانی پەروەردە، ئەوە باشترین دەستەبەرە بۆ مانەوەی زمانەکە و بۆ گەشەکردنی و بۆ پێشکەوتنی، زمانێک ئەگەر ببێت بە زمانی پەروەردە، بە شێوەی ئاسۆیی و بە شێوەی ئەستوونی ئەو زمانە پەرە دەگرێت و پێش دەکەوێت. بە شێوەی ئاسۆیی مەبەستم ئەوەیە کە لە هەموو شار و ناوچە و گوندێکی کوردستان پێی دەخوێندرێت و لە هەموو شوێنێک کار بەو زمانە دەکرێت. لە رووبەرێک بە پانایی کوردستان کاری فێربوون و فێرکردنی پێ دەکرێت، هەر منداڵێک دەنێردرێتە قوتابخانە، لەگەڵ زمانی نەتەوەیی خۆی ئاشنا دەبێت. مەبەستم لە بڵاوبوونەوەی زمان بە شێوەی ئەستوونییش ئەوەیە کەلەگەڵ قۆناغ بە قۆناغی پەروەردەدا لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، کاری پێدەکرێت. ئەمە وا دەکات کە هەموو تاکێکی کورد بۆ چەندین ساڵ ڕۆژانە لەگەڵ ئەو زمانە بژین و کاری پێ بکەن و پەرەی پێ بدەن،

زمانەکەش ئەرکدار دەکرێت کە پێویستییەکانی ئەو بوارە پڕ بکاتەوە و ببێتە زمانی زانست و لای خەڵک ڕێز و پێگەیەکی بەرزی هەبێت.

**شنۆ مێهرپەروەر**: بۆ پاراستنی زمانی کوردی وەک کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیمان لە دەست دێت؟ و دەبێ چی بکەین؟

**د. قادر وریا**: من ئەگەر بمهەوێ باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم دەبێ بەوپەڕی شانازی و پێزانین و خۆشحاڵییەوە باسی وشیاری و خەباتی نەتەوەکەمان بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بە تایبەتی زمانەکەیان بکەم. چەند ساڵ لەوە پێش کتێبێکم چاپ کرد کە پێوەندیی بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو. ناوێک کە بۆ ئەو کتێبە هەڵم بژاردبوو، تەعبیرێک بوو کە بۆ خۆم بۆ خەباتی ناسنامە پاریز و ناسنامەخوازی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەکاری دێنم: "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان". لەم باوەڕەدام کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ئێمە لە سەنگەری زماندا شەڕی داکۆکی لە ناسنامەی خۆیان دەکەن. ئەوان لە سەنگەری پاراستنی زمان و خزمەتی زمانی کوردیدا، دژی ئەو هێرشە جۆراوجۆرە وەستاونەوە کە سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی و میدیا و دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت نەتەوەی ئێران بۆ سڕینەوە و ستاندنەوەی ناسنامەیی نەتەوەیی ئێمە لەمێژ ساڵە وەڕێیان خستووە.

پێویستە ئەو تێکۆشانە بەرینەی کە هەتا ئێستا بە ئامانجی پاراستن و داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی هەیە بەردەوام بێت و بەرینتر و بەهێزتر بکرێت، ئەمە بۆخۆیی دەتوانێ باشترین داکۆکی بێت لە زمانی کوردی، چونکە ئەوەی ئێمە دەبینین کارکردنێکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترە بە زمانی کوردی. ڕەنگە هێندێک کەس پێیان سەیر بێت کە بڵێین زمانی کوردی ئێستا دووهەم زمانی نووسینە لە ئێران، یانی دوای زمانی فارسی کە دەوڵەت نەتەوەیەک بەو هەموو دام و دەزگا کولتووری و بەو هەمووە سەرچاوە ماڵییە لە پشتییەتی، زمانی کوردی زۆرترین شتی پێ دەنووسرێت، کتێب و گۆڤاری پێ بڵاو دەبێتەوە، زمانی پێگە ئەلکترۆنییەکانە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە فراوانی و بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون بەکار دەهێنرێت، کاری ڕۆژنامەنووسی و فەرهەنگنووسیی پێدەکرێت. لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ شارێک و هیچ ناوچەیەک تەنانەت هیچ دێیەک نییە هەتا ئێستا فێرگەی فێربوونی زمانی کوردیی لێ پێک نەهاتبێ و هەموو ئەو هەوڵانەش خۆبەخشانە دەکرێن.

هێندێک ناو هەن کە ئێستا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی بواری خزمەتی زمانی کوردین و لە دەلاقەی چیرۆکی ژیانی ئەوانەوە دەتوانین گەورەیی ئەو بزووتنەوە ناسنامەپارێزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوێنینەوە، بۆ نموونە: موژگان کاووسی، زارا محەممەدی، سروە پوورمحەممەدی، ئەو ناوانە لەو مامۆستا خۆبەخشانەن کە ئامادە بوون بە شانازییەوە بچنە زیندان بەڵام

پشت لەو ئەرک و ڕیسالەتە نەکەن کە لەپێناوی خزمەتی زمانی کوردییدا گرتوویانەتە بەر. ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم یەک دوو دەیەی دوایەدا لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە ئەمە هەر خۆی بە تەنیا بزووتنەوەیەکی گشتگیر لەپێناوی پاراستنی زمانی کوردی و فێربوونی زمانی کوردیدایە.

لە کارە باشەکانی دیکە کە ناتوانم لە ئاستیان بێتەفاوەت بم و باسیان نەکەم، ئاماژە بە گوڵبژێرێک لەو کارە زانستییانەن کە کراون. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین فەرهەنگی کوردی چاپ بوون. مامۆستا ئاکۆ جەلیلیان چەند فەرنگی چاپ کردووە کە لە هەمووانیان بەناوبانگتر و گەورەتر فەرهەنگی کوردیکایە. کاک سەلاح پایانیانی کە فەرهەنگی زارەکیی موکریانی چاپ کردوە. خاتوو سەحەری مۆعێزی کە فەرهەنگی ڕەنگی "پازار"ی چاپ کردوە. هەر یەک لەو فەرهەنگانە چەندین بەرگن. جگە لە چاپی فەرهەنگەکان، هەندێک لە خوێندکاران، خوێندنی بەرزیان لە ئاستی ماستەر و لە ئاستی دکتۆرادا بە زمانی کوردی بووە یان توێژینەوە و بابەتی تێزەکەیان زمانی کوردی بووە. ئەم هەوڵانە زۆر بە نرخن و جێگەی ڕێزن. ئەو کۆنفرانس و کۆڕ و فێستیواڵە ئەدەبی و هونەری و زانستییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێن کە و تێیاندا ڕێز لە توێژەران، هونەرمەندان، ئەدیبان و نووسەران دەگرن، ئەمانە کاری باشن و مایەی دڵگەرمین.

ئەو هەوڵانەن کە لاوە تێگەیشتوو و بە هەڵوێستەکانمان بۆ گۆڕین و بۆ گەڕاندنەوەی ناوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیدەن، وەک ناوی چیا و کوێستانەکان، تەپۆڵکەکان، پردەکان، ڕێگا و بانەکان، گەڕەکەکان، ئەمە کارێکی زۆر زۆر باشە. ئەگەر لە عێراق و سووریەی پێشوو سیاسەتی تەعریب لە دژی کورد هەبوو، لە ئێرانیش لە قۆناغ و سەردەمەکانی پێشوودا سیاسەتی تەفریس(بە فارسیکردن) و تەتریک بە تورکیکردنی ناوەکان جێبەجێ کراوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناوانە و برەودان و زیندووکردنەوەی ناوە ڕەسەنە کوردییەکانیان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ لادانی ژەنگ و ژاری برەوپێدراو لە لایەن دەولەتە دژ بە کوردەکانی ئێران و دامەزراوە ئیدارییەکانیان لەسەر ناوە کوردییەکان. تەنانەت ئەگەر ڕێگە بە سڕینەوە و لابردنی ناوە ساختە و داسەپاوەکانیش لەسەر تابلۆکان نەدرێت، با ناوە کوردییەکە لە تەنیشت ئەو ناوانە هەبێت و وەبیر خەڵکیان بێننەوە.

ئەوە کە هەوڵ دەدرێ لە ماڵەوە، لە قوتابخانە و لە ئیدارە بە کوردی قسە بکرێ، مامۆستا بۆ خوێندکار و قوتابییەکانی بە کوردی دەرسەکان شی دەکاتەوە، کارێکی زۆر باشە. جگە لەوەی لەم ڕێگایەوە سوود لە زمانی دایک وەردەگرن بۆ باشتر تێگەیاندنی بەردەنگەکان، لەلایەکی دیکەش بە ڕەسمی نەناسینی ئەو سیاسەتی تاکزمانییەیە کە لە ئێران بە سەر هەموو نەتەوە نافارسەکان و بە تایبەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندراوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین هەندێک لە لاوانی هۆگر و ئەوینداری زمانی کوردی هاتوون کاری ڕاستکردنەوەی هەڵەی

زمانی دەکەن. ڕەخنە لە شێوە ئاخاوتنی ئەمڕۆی تاکەکان دەگرن کە زۆر لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدایە. خەڵکێک لەژێر کاریگەریی هەژموونی زمانی فارسیدا جۆرێک قسە دەکەن کە لە ڕاستیدا زۆر بە زمانی کوردی نامۆیە و پڕە لە وشەی فارسی. جاری وایە دەبینین و دەبیستین تەنیا کرداری ڕستەیەک کوردییە، دەنا ئەوی دیکەی هەمووی فارسییە. ئەو لاوە دڵسۆزانە ئەم هەڵانە ڕاست دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک فێر بێت شێوە ئاخاوتنەکەیان بە زمانی کوردی خاوێنتر و کوردیتر بێت. ئەمانە هەڵبژاردەیەک لە کارە باشەکانن.

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین شوناسی نەتەوەیی خۆمان و زمانەکەمان بپارێزین، چ لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، چ لە نێو تێکۆشەران و چالاکانی کورد لە دەرەوەی وڵات و لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هێندێک ئەرکمان دەکەوێتە سەر شان.

**یەکەم ئەرک** بەردەوامبوونە لەسەر ئەو هەوڵانە، بەڵام بەردەوامبوونێک کە هاوکات لێک نیزیکبوونە و یەکگرتوو بوون، و خۆخۆڕێکخستن و کۆبوونەوە لەژێر چەتری کۆنفدراسیۆنێک یان ناوەندێکدا بێت بۆ ئەوەی ئەم هەوڵانە هەم لە ئامانجەکانیاندا لێک نیزیک ببنەوە، ئاراستەکانیان یەک بێت، و هەر لەو کاتەشدا ئەزموونەکان بە یەکەوە ئاڵوگۆڕ بکرێن، تواناکان بۆ هاوپشتیی یەکتر بەکار بهێنرێن، ئەمە یەکێک لە ئەرکەکانە.

**ئەرکی دووهەم** ئەوەیە کە داوای پەروەردە بە زمانی کوردی و ویستی بەڕەسمی‌ناسینی زمانی کوردی بێتە ڕیزی سەرەوەی لیستی داواکارییەکانی خەباتکارانی کورد و تێکۆشەرانی بواری خەباتی مەدەنی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ ئەو ویستە بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێندرێ کە پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێت بە زمانی کوردی.

**سێهەم ئەرکیش** کە تا ئێستا بە داخەوە زۆری قسە لەسەر نەکراوە، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی جیددی بخرێتە بەر سەرنجی بژاردە و دەستڕۆیشتووەکانی کورد. دەزانین لەنێو ئەو توێژەی خەریکی خزمەتی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پاراستنی شوناسی کوردیین، ئینسانی ئاوا هەن کە پرۆژەی باشیان هەیە، بۆ وێنە لە بواری بە دیجیتاڵیکردنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد، لە بواری کاری زانستی بۆ پێشخستنی زمانی کوردییەوە، بەڵام سەرچاوەی دارایی وپشتیوانیی ماڵی شک نابەن. لێرەدایە کە دەبێ ڕوو بکەینە خاوەن سامان و سەرمایەدارە کوردەکان کە توانایی ماڵیی باشیان هەیە و دەتوانن لەو بوارەدا سەرمایەکەیان بخەنە گەر. بۆ ئەمڕۆ ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بە پاراستن وپێشخستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەکەیان. ئەمە نەک بە فیڕۆدانی سەرمایە نییە، بەڵکوو سەرمایە تەرخانکردن بۆ بنیاتنانی داهاتوویە نەتەوەیە. ئەو پرۆژانە دەتوانن سوودی داراییشیان هەبێت و خێر و داهاتی باشیان بۆ خاوەن سەرمایەکە بەدواوە بێت.

**لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەگەر تۆ نەتوانی شان لەشانی ڕقەبەرەکان بدەی، ئەگەر خۆت بە زانست و دەسکەوتەکانی تەکنەلۆژیا تەیار نەکەیت و نەتوانی بۆ زمانەکەت و بۆ شوناسەکەت ئەو هەنگاوانە هەڵ بگری کە سەردەمەکە لێت دەخوازێت دەکەویە پەراوێز و لەژێر پێی بەهیزەکان و شوناس و زمانە سەردەستەکاندا، دەپلیشێیەوە. زۆر پێویستە لە باری دارایی و ماڵییەوە پشتیوانی ئەو زانایانە و ئەو توێژەرانەمان بین کە بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و ئاستی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستادا پڕۆژەیان هەیە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی: زمانێک کە لە پەروەردەی گشتیدا دەورێکی سەرەکی نەگێڕێت، زۆر زەحمەتە لە درێژخایەندا بتوانێت زیندوو بمێنێتەوە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

## ئاماژە:

**زمان تەنیا ئامرازی ئاخاوتن نییە، بەڵکوو قەڵای پاراستنی ناسنامە و مێژووی نەتەوەیە. لەم وتووێژە تایبەتەدا پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی موکری، پسپۆڕی زمانناسییە لە زانکۆی کارلتۆنی کەنەدا تیشکی خستووەتە سەر ئاڵەنگارییەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی ژیریی دەستکرد، گرنگیی خوێندن بە زمانی دایکی و ڕۆڵی سیاسەتی زمانەوانی لە پاراستنی جیاوازییە کولتوورییەکان، وەک مافێکی سەرەتایی و بنەڕەتیی مرۆڤ لە جیهانی هاوچەرخدا.**

**شەهرام سوبحانی: دوکتور زمانی دایکی تا چەند وەک تاقە بنەمای پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی دەبینرێت، و ئایا لە سەردەمی جیهانگیریدا زمان دەتوانێت بە تەنیا بەرگەی توانەوەی کولتووری بگرێت؟**

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: حاشا هەڵناگرە کە زمان نیشاندەرێکی سەرەکیی ناسنامەی ئیتنۆ - نەتەوەییە یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی - کولتوورییە. نەک هەر ئاماژە بە گرووپێک دەکات، بەڵکوو ڕۆڵی هەیە لە داڕشتن و دەربڕینی ئەو پێناسەیەدا. بۆ زۆرێک لە کۆمەڵگەکان، بەتایبەت ئەوانەی کراون بە کەمینە یان لە ڕووی سیاسییەوە پەراوێز خراون وەکوو کوردەکان،

**زمان چەند ئەرکێکی یەکجار گرنگ بەڕێوە دەبات:**

**یەکەم**: وەک هێمایەکی جیاکەرەوە؛ واتە جیاکردنەوەی "ئێمە" لە "ئەوان"، چونکە بە هەرحاڵ ناسنامە و پێناسە لە بنەڕەتدا واتایەکی ڕێژەییە و ئێمە شتێکین لە ئاست شتێکی تردا کە نین. لەبەر ئەوە زمان لێرەدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لە جیاکردنەوەی ئێمە و ئەوان، کە زۆر بنەڕەتییە بۆ دیاریکردنی ناسنامە.

**دووهەم**: زمان پێگە و کەناڵێکی پێویستە بۆ زیندوو ڕاگرتن و پاشەکەوتکردنی بیرەوەرییەکان، ئەفسانەکان، ئوستوورەکان و جیهانبینییەکانی خەڵکێک.

**سێهەم**: زمان کەناڵێکە یان هێزێکە بۆ گواستنەوەی کولتوور، دابونەریت و ڕێساکانی کۆمەڵگەیەک کە لەوانەیە بەدرێژایی چەند چەرخ و هەزاران ساڵ، ئەو سامانە کولتوورییە هۆشیارییەیان وەسەر یەک نابێت ئەم خەڵکە.

**چوارەم**: زمان بۆ هەندێک نەتەوە یان کۆمەڵە خەڵکێک، دیسان دەڵێمەوە وەکوو کوردەکان، هێما و سیمبولی خۆبوون و خۆهەڵسوڕاندنە. چەشنێک سەربەخۆیی دەدات؛ کاتێک زمانی خۆتت هەیە، هەست بە چەشنێک سەربەخۆیی هزری و فکری دەکەیت.

لە هەمان کاتیشدا، زمانی کوردی هێمای خۆڕاگری و بەرخۆدانە، هەر وەک چۆن بۆ کاتالۆنەکان هەمان شێوەیە، بۆ باسکەکان و بۆ وێڵشەکانی ئینگلستان وایە. بەهەرحاڵ بۆ هەندێک لەو کۆمەڵگەیانە، ئەوانەی کە ناوم هێنان، بەبێ شک (زمانی خۆماڵی، زمانی خەڵکەکە) ڕۆحی ئەو خەڵکەیە؛ بەبێ زمان، لەشێکی بێ گیان و بێ ڕۆح دەمێننەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بەڵام ئاخۆ پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە بە شێوەیەکی گشتگیر یان لە بنەڕەتدا جێگیرە؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: نا، وا نییە. واتە نابێت زۆر گشتگیری بکەین و نابێت بە چاوێکی بنەڕەتخوازانە لێی بڕوانین، چونکە شتەکە جیهانی نیە. گرینگایەتیی پەیوەندیی نێوان زمان و پێناسە بەڕاستی بەستراوەتەوە بە ژینگە و دەوروبەر.

**ئەمەش دوو هۆکاری سەرەکیی هەیە:**

**یەکەم؛** ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوە و گرووپە ئیتنییەکان بەرگەی ئەمەیان گرتووە، تەنانەت بۆ چەند سەدە کە زمانی خۆیان لەدەست بدەن، بەڵام کولتوورەکەیان ئێستاش ماوە. دەبینین جاری وا هەیە لە جلوبەرگدا، جاری وایە لە ئایینداد، جاری وایە لە مۆسیقادا یان لە هەڵسوکەوت و دابونەریتی تردا. واتە زمان بۆ هەندێک خەڵک توانیویەتی ئەم دەورە بگێڕێت؛ ئێستا بۆ نموونە زۆرینەی هەرە زۆری ئێرلەندییەکان بە ئینگلیزی قسە دەکەن، بەڵام هێندە شێوازی تری کولتوورییان هەیە (لە مۆسیقا، سەما، لەندسکەیپەکەیانەوە و خاکەکەیانەوە) ئەمانە هەمووی وای کردوە کە پێناسەیەکی جیاواز لە ئینگلیز بۆ خۆیان بپارێزن، هەرچەند نەیانتوانیوە زمانەکەیان بپارێزن.

**دووهەم؛** هۆکاریش ئەوەیە کە ناتوانین بەڕاستی ئەمە بکەینە شتێکی جیهانی کە پەیوەندیی نێوان زمان و پێناسە بنەڕەتییە، لەبەر ئەوەیە کە لە زۆر شوێنان، بۆ نموونە لە سویسڕا، چەند زمانێکی فەرمی هەیە، بەڵام خەڵکی سویسڕا بەگشتی خۆیان بە نەتەوەیەکی جیاواز دەزانن. تەنانەت ئەڵمانی قسەکەری هەیە، بەڵام خۆی بە جیاواز دەزانێت لە نەتەوەی ئەڵمان یان نەمسا. بۆ بەشی فەڕەنسییەکەش هەر وایە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو زمانەشی کە قسەی پێ دەکات - بۆ وێنە زمانی فەڕەنسیی سویسڕا - لە هەندێک بوارەوە جیاوازە لە فەڕەنسیی فەڕانسە. ئاوا توانیویانە خۆیان جیا بکەنەوە.

بەڵام تەنانەت لەم نموونانەشدا شتێکمان لەبیر بێت؛ واتە لەو نموونانەشدا کە دەڵێین زمان و پەیوەندیی ناسنامە ئەوەندە بنەڕەتی نین، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک شتی تر جێگەی زمان دەگرنەوە، واتە هێما و نیشانەی بەهێز پێویستە بۆ ئەوەی ناسنامەیەک دیاری بکرێت. هەندێک جار ئەمانە دامەزراوەی کۆمەڵایەتین؛ بۆ نموونە کەنەدا لە ئەمریکا زۆر بە ئاسانی جیا دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی لێرە ساغڵەمی (تەندروستی) یان کاروباری سەلامەتی بەخۆڕاییە، بەڵام لە ئەمریکا بە پارەیە. بۆ وێنە ئەمە بووە بە هێمایەکی ناسنامە بۆ کەنەدا، بەتایبەتی لەچاو ئەمریکا کە دراوسێیەتی. بەڵام بۆ کوردەکان وا نییە و ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت، هەروەها بۆ کاتالۆنییەکان و باسکەکان و وێلزەکانی ئینگلستان، بەو پێیەی کە ئەو کۆمەڵگەیانە چەندین تایبەتمەندیی کولتووریی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئەو خەڵکە باڵادەستەی کە لەگەڵیان دەژین.

زمان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت بۆ جیاکردنەوەیان لە خەڵکانی دەوروبەر، چونکە ئەم کۆمەڵگەیانە چەندین تایبەتمەندیی کولتووریی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو خەڵکە باڵادەستەی کە لەگەڵیان دەژین هەیە (وەک ئایین یان لە ڕووی هەندێک دابونەریتەوە وەکوو ئەوان دەچن). ئەمەش زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە چەند چەرخە لەژێر دەسەڵاتی نەتەوە

باڵادەستەكاندان، زۆر دابونەریت و هەڵسوكەوت و دەربڕین و شێوەی بیركردنەوە و ئەمانەشیان تا ڕادەیەک هاتۆتە ژێر كاریگەریی نەتەوە باڵادەستەكان، بۆیە لێرەدا زمان دەبێتە دەورێكی سەرەكی بۆ جیاكردنەوەیان، كورد لە خەڵكەكانی دەوروبەری؛ ئەمە وەک وتم بۆ باسكەكان و كاتالۆنییەكانیش هەروایە.

**شەهرام سوبحانی**: **لە ئێستادا كە جیهان بەرەو هەژموونی ژیریی دەستكرد (AI) هەنگاو دەنێت، پێگەی زمانی كوردی لەنێو كایە دیجیتاڵییەكاندا چۆن دەبینن؟ ئایا مەترسیی "نەخوێندەواریی دیجیتاڵی" هەڕەشە لە مانەوەی زمانی كوردی دەكات لە داهاتوودا؟**

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: هیچ شک لەمەدا نیە كە ئەمڕۆ ئامرازەكانی ژیریی دەستكرد لە پەروەردەدا، لە كاروباری ڕۆژانەدا بەڕاستی دەورێكی زۆر گرنگ دەگێڕن؛ بەڵام زۆربەی دەورە گرنگەكە لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە دەگێڕدرێت، یان لەلایەن ئەو زمانانەوە كە دەسەڵاتدار و خاوەن دەوڵەتن. ئەمە جۆرێک نابەرانبەری و نایەكسانییەكی هێناوەتە ئاراوە لەنێوان زمانەكاندا و هەر بەم پێیەش لەنێوان ئاخێوەرانی ئەم زمانانەدا.

پرسیار ئەوەیە كە لە وەها هەلومەرجێكدا زمانی كوردی چی بەسەر دێت؟ دوو شت؛ لە لایەكەوە ئەم نایەكسانییانە بەداخەوە هەر قووڵتر دەبنەوە، لەبەر ئەوەیكە ئەو داتا و زانیارییە پێدراوانەی كە ژیریی دەستكرد پشتیان پێ دەبەستێت و بەم جۆرە زیرەک دەبێت، بە زمانی كوردی كەمن، بە زمانی ئینگلیزی ئێجگار زۆرن، بە زمانی عەرەبی ئێجگار زۆرن، بە زمانی فارسی دیسان لە كوردی زۆرترە (كەمترە لە ئینگلیزی بەڵام لە كوردی زۆرترە)، بەڵام بە كوردی كەمە.

بەداخەوە لێرەدا ئەمە نایەكسانییەكی زۆر گەورەی دروست كردوە. هەر لە سەرەتای ئینتەرنێتیشەوە، كاتی خۆی كە من لە دكتۆراكەمدا ئەوەم خوێندووەتەوە كە ئینتەرنێت و زمانی كوردی، ئینتەرنێتیش ئەمەی دروست كرد، بەڵام ئێستا ئەمە هەیە. بەڵام دەتوانرێت ئەم ژیرییە دەستكردە، ئەگەر وشیار بین و ئەگەر پشتیوانیمان هەبێت، دەتوانێت بە بەرژەوەندیی زمانی كوردی و زمانە كەمینەكان تەواو ببێت. بەڵام ئەگەر لێی بگەڕێین و بڵێین بزانین چۆن دەبێت و بە تەمای خودا بیت بەڵكوو زمانی كوردی بپارێزێت، ئەوە نەک تەنیا ناپپارێزێت، بەڵكوو زۆرتر دەیخاتە پەراوێزەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بەڕاستی كەڵكی لێ وەربگرین، پێویستە دامودەزگاكان پشتیوانیی زۆرتر بكەن؛ بۆ نموونە پرۆژەیەک لە زانكۆی كوردستان لە هەولێر ئەمە ساڵێكە بەڕێوەیە و كاری زۆر باشیان كردوە. لە هەندێک زانكۆی دیكە، هەندێک مامۆستامان هەن لە فەڕەنسە، لە ئەڵمانیا، لە سوئید، لە ڕۆژهەڵات و لە باشوور كاری زۆر باشیان كردوە تا ئێستا. بۆ نموونە وەرگێڕی گووگڵ (Google Translate) یان ئێستا لە گووگڵدا زمانی كوردی بەتایبەت بە دوو

شێوەزاری سەرەکی: کوردیی ناوەندی و کوردیی کرمانجی هەن. لە ڕاستیدا دەبێت زۆرتر ئەو هەوڵانە بدەین. هەوڵەکانیش دەبێت لە بواری پڕۆگرامینگ یان کۆدنووسی و پڕۆگرامنووسی بە زمانی کوردی زیاتر کار بکرێت، هەروا پێویستمان بەوەیە کە خەزێنەی زمانیی دەوڵەمەندمان هەبێت. بەکورتی، تا زۆرتر ڤیدیۆ، دەق، و دەنگ بڵاوبێتەوە بە شێوەی دیجیتاڵ لەسەر سۆشیاڵ مێدیا و ئینتەرنێت، بە زمانی کوردی هێشتا کەمە. هەتا بۆمان بکرێت هەموو لایەکمان دەبێت ئەو کارە بکەین، لە حکوومەتەوە تا تاکەکەسی و دامودەزگاکان. هەموو لایەک دەبێت لە بیانوویەک بگەڕێن کە هەرچییەکیان هەیە بە نووسین، بە دەنگ، یان بە قسە بیخەنە سەر ئینتەرنێت بە زمانی کوردی. بەم جۆرە دەتوانین داهاتوویەکی گەش بۆ زمانی کوردی لە دنیای دیجیتاڵ و ژیریی دەستکرددا دابین بکەین بە بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی دیجیتاڵی و خوێندەواریی ژیریی دەستکرد.

**شەهرام سوبحانی**: ئێمە باس لە خوێندن بە زمانی دایکی دەکەین، بەڵام ئایا فرەدیالێکتی (فرە شێوەزاری) لەنێو زمانی کوردیدا، ڕێگرە لەبەردەم پڕۆسەی ستانداردسازیی خوێندن، یان دەکرێت وەک دەوڵەمەندییەک بۆ داڕشتنی سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێرن بەکار بهێنرێت؟"

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: هیچ گومانێک لەوەدا نییە، ئەگەر زمان، هەر زمانێک، یەک زمانی ستانداردی هەبێت بۆ پەروەردە، دەتوانێت زۆرێک لە کارەکانی باشتر بکات. ئەمە هیچ شکی تێدا نییە. بەڵام هەندێک جاریش هەیە کە ئێمە جیاوازیی زمانیمان هەیە، بەڵام دانی پێدا ناهێنین؛ ئەم خۆبواردنە لە دانپێدانان و ڕەوایی‌دان بە جیاوازیی زمانی، دەتوانێت دەرئەنجامی نەرێنیی زۆرتری لێ بکەوێتەوە، وەک لەوەی کە دانی پێدا بنێیت و پاشانیش بتوانیت بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ دابنێیت کە چۆن بسازێیت لەگەڵ فرەزمانی و فرەزاراوەیی.

بە بڕوای من ئەگەر دان بەم فرەچەشنییەدا بنرێت و ڕێک بخرێت، لە ڕاستیدا ئەمە دەتوانێت ببێتە سەرمایەیەک بۆ زمان و کولتووری کوردی. زۆرێک لە سیستەمەکانی پەروەردەی مۆدێرن، وەک ئەوانەی لە کاتالۆنیا، وێلز یان نۆرویژ هەن، بە سەرکەوتوویی فۆرمێکی نووسراوی ستاندارد لەگەڵ شێوەزارە ناوچەییەکان تێکەڵ دەکەن. بۆ نموونە: لە وڵاتی نۆرویژ، هەموو قوتابییەک دەبێت دوو شێوەزاری نۆرویژی فێربێت. زمانەکە جیاواز نیە، بەڵکو دوو شێوەزاری نۆرویژییە. دیارە ئەوان دوو ڕێنووسیشیان نیە، هەر ڕێنووسێکیان هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتیش هەروا دەبێت؛ تا ئێستا ئەوەندەی کە دیارە هەر ڕێنووسێک دەبێت. مادام ئەوەی کە ئیتر ئەو دەم کورمانجی‌ئاخێوەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کارتێکەریی باکووری کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان، ئەوانیش بیانهەوێت ڕێنووسی خۆیان بگۆڕن، ئەوە شتێکی ترە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، ئەمە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە نیە؛ ژاپۆنییەکان سێ ڕێنووسیان هەیە لە جیاتی یەک ڕێنووس. بە سێ ڕێنووس دەنووسن، دنیاش خراپ نەبووە و دەبینین کە وڵاتێکی ئێجگار پێشکەوتووە لە هەموو بوارێکەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بەڕاستی ئێمە پلانێکی تۆکمەمان هەبێت. پلانێک کە لەگەڵ ئەوەدا کە دەتوانێت ستانداردێکی هاوبەش بۆ خوێندەواری پێشکەش بکات، لە هەمان کاتدا ڕێگە بدات بە شێوەزارەکان کە هەم لە بواری زارەکییەوە خۆیان دەرببڕن و مەیدانیان بۆ دروست بکات، و هەم ئەوەی کە بتوانن منداڵەکانی خۆیان فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بکەن. ئەمە زۆرتر دەمێنێتەوە سەر کۆمەڵگەکە کە دەیەوێت چی بکات. ئەگەر لەوە بگەڕێین کە بەڕاستی کامیان لە بواری ئابوورییەوە، لە بواری هێز و وزەوە، لە بواری کاتەوە دەتوانێت زۆرتر بەسوود بێت، دیارە یەک زمان؛ بەڵام ئەم یەک زمان هەڵبژاردنە ئەگەر لە پێناو ئەوەدا بێت کە خۆمان گێل بکەین لە ئاست ڕاستییەکان و لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی، ئەمە زۆر زۆر ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت و زۆر بە پێچەوانەوە بەرهەم دەداتەوە. ئەودەم لەوانەیە، نەک لەوانەیە، بێگومان، بۆی هەیە تووشی هەمان هەڵە ببین کە حکوومەتەکانی ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق کاتی خۆی کردوویانە. داسەپاندنی یەک شێوەزار و یەک زمان جگە لەوەی کە مافی زمانییش پێشێل دەکات، تەنیا دوژمنایەتی بەرهەم دەهێنێت.

**شەهرام سوبحانی:** ئەگەر سەیری جاڕنامە نێودەوڵەتییەکان بکەین، مافی خوێندن بە زمانی دایکی وەک مافێکی سەرەتایی مرۆڤ ناسێنراوە؛ بە بڕوای ئێوە وەک پسپۆڕێک، بۆچی تا ئێستا زمانە دایکییەکان (بە تایبەت کوردی لە هەندێک پارچە) نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی 'ماف'ەوە ببەنە 'پڕاکتیزە' لەنێو دامەزراوە فەرمییەکاندا؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی:** پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دان بە مافەکانی زماندا دەنێن، بەڵام کەمن ئەو پەیماننامە و جاڕنامانەی کە پەروەردەی تەواو بە زمانی دایکی مسۆگەر دەکەن. ڕێکخراوەکانی وەک ڕێککەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یونێسکۆ و یەکیەتیی ئورووپا بانگەوازی ئەمە دەکەن کە هەموو منداڵێک دەستی بە زمانی زگماکیی خۆی ڕابگات، وەکوو قسەپێکردن یان فێربوونی خوێندن و نووسینەوە بە زمانی یەکەم، بەڵام ئەم پەیماننامانە، بەداخەوە، زۆرجار لە بڕگەگەلێک و دەربڕینگەلێک کەڵک وەردەگرن کە دەتوانین پێیان بڵێین، زمانی 'خۆدزینەوە' یان 'زمانی دەربازبوون لە بەرپرسیارێتی'. بۆ وێنە دەنووسن: مافی زمانی بدرێت 'لە شوێنێک کە دەکرێت' یان 'کاتێک گونجاو بێت' یان، 'ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێت'. ئەم جۆرە زمان و دەربڕینە ڕێگە بە دەوڵەتان دەدات بە ئارەزووی خۆیان پەیماننامەکە جێبەجێ بکەن، یان زۆر بە کەمی ڕەچاوی بکەن یان هەر بە ئێجگاری وەپشت گوێی بخەن. هەندێک لەو پەیماننامانە، وەکوو ئەوەی یونێسکۆ، زۆر بە ڕاشکاوی پشتیوانی دەکەن نەک هەر لە خوێندنی زمانی زگماکی لە فێرگە، بەڵکوو هەروەها لە 'خوێندن بە زمانی زگماکی'؛ بەڵام، جاری لەم چەشنە دڵخواز و ئەکادیمییانە چنگ و ددانیان نیە؛ واتە، هەر قسەن؛ پێشنیارن. ئەگەر وڵاتێک بە گوێیان نەکات، هیچ میکانیزمێک لە گۆڕێدا نیە کە سزا بدرێت.

جا، ئێستا پرسیار ئەمەیە کە بۆچی مافی زمانی بە ئاشکرا دەرنابڕدرێت و نایەتە مەیدانی کردەوە، نە لە جاڕنامەکاندا و نە وڵاتێکی وەکوو ئێران؟ هۆیەکەی ئەمەیە کە مافی زمانی تەنیا زمان ناگرێتەوە؛ بەڵکوو هەموو لایەنەکانی دیکەی

ژیانیش دەگرێتەوە. واتە، بەشکردنی دەسەڵاتی زمانی و دانی مافی زمانی، هەروەها بە واتای دابەشکردنی دەسەڵاتە. مافی زمان لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە داینامیکی دەسەڵاتەوە هەیە.

وڵاتانی وەک سویس، نۆرویژ، باشووری ئەفریقا و بێلژیک بە پاراستنی چەندین زمان، هاوبەشکردنی کاریگەریی سیاسی و ئابووری لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکاندا قبووڵ دەکەن. بەپێچەوانەوە، لە وڵاتانی وەک ئێران، پێدانی مافی زمانەوانیی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکیەتیی نەتەوەیی دەزانرێت. کەچی دەیان نموونە لە دنیا پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن. بۆ وێنە، کوبەک گەرەکی بوو لە کەنەدا جیا بێتەوە، بەڵام، هەتا زۆرتر مافی سیاسی و کولتووری، لەوانە زمانی، وەردەگرێت زۆرتر حەز دەکات وەکوو بەشێک لە کەنەدا بمێنێتەوە. ئەمە سەبارەت بە باسکەکان لە ئیسپانیا، وێلشەکان لە ئینگلستان و فلێمیشەکان لە بێلژیکیش ڕاستە.

کەواتە پرسی ڕاستەقینە خودی پەیماننامەکان نین؛ پرسە ڕاستەقینەکە ئەمەیە کە ئایا دەوڵەتەکان ئامادەن دەسەڵات هاوبەش بکەن و قبووڵ بکەن کە مەرج نیە یەک نەتەوە تەنیا یەک زمانی هەبێت؟ هەتا ئەمە پەسند نەکەن، مافی زمانی یان باسی ناکرێت یان هەر لە قسەدا دەمێنێتەوە".

**کاریگەریی دەروونی و مەعریفیی 'قەدەغەکردنی زمانی دایکی' یان 'پەراوێزخستنی' لە قۆناغی منداڵیدا چییە؟**

کاتێک زمانی دایکیی منداڵ قەدەغە دەکرێت یان دەنرێتە لاوە، کارتێکەرییەکەی لە ئاستی زمان تێدەپەڕێت؛ واتە ئەمە تەنیا زمان نیە کە پەراوێز خراوە، بەڵکوو ئاخێوەرەکە و ژیانی ئەو ئاخێوەرەیە. منداڵان یەکەم زمانی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ تێگەیشتن لە جیهان، بۆ دەربڕینی هەستەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵ خێزان. کاتێک ئەو زمانە وەک "هەڵە" یان "بڤە" یان "ناتەواو" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، زۆرجار منداڵان هەست بە شەرمەزاری، سەرلێشێواوی، یان فشار دەکەن بۆ شاردنەوەی بەشێک لەوەی کە کێن؛ واتە یان پێناسەکەیان دەشارنەوە یان شەرمی لێ دەکەن. خۆبەکەمزانین یەکێک لە کوشەندەترینی ئەو هەستانەیە کە نابێت ڕێگای بۆ مێشکی هیچ منداڵێک هەبێت. وەلانانی زمانی منداڵ هەروەها پەیوەندیی نێوان نەوەکان لاواز دەکات، چونکە ڕەنگە منداڵان کێشەیان هەبێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دایک و باوک یان باپیر و داپیر؛ بەم جۆرە، گواستنەوەی چیرۆک، دیرۆک و دابونەریتی بنەماڵە و خێزان زۆر قورستر دەبێت، یان هەر ناکرێت.

پەراوێزخستنی زمانی منداڵ، هەروەها، کاریگەریی لەسەر فێربوون هەیە. توێژینەوەکان دەری دەخەن کە زۆربەی منداڵان لە خوێندنی فێرگەدا سەرکەوتوو دەبن ئەگەر پەروەردە بەو زمانە دەست پێ بکەن کە باشتر دەیزانن و بە زمانی خۆیانی دەزانن. ئەگەر ئەو زمانە لابرێت، فێربوون قورستر دەبێت، متمانەبەخۆبوون دادەبەزێت و قوتابخانە دەتوانێت ببێت بە ژینگەیەکی ناهێمن و ناپارێزراو کە منداڵ حەزی پێ ناکات.

بە تێپەڕبوونی کات ئەمە دەتوانێت دابڕانی کولتووری دروست بکات. زۆرێک لە گەورەساڵانی گرووپە کەمینەکان دواتر دەڵێن هەست دەکەن لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بڕاونەتەوە، چونکە زمانەکەیان لە گەنجیدا بەهای نەبووە. لەو چل ساڵەدا کە لە کەنەدا بووم، بە دەیان جار، ئەگەر نەڵێم سەدان جار، ئەمەم بینیوە و بیستووە.
کاتێک منداڵان ڕێگەیان پێ دەدرێت زمانی دایکیی خۆیان بپارێزن و لە هەمان کاتیشدا زمانی زاڵ فێربن، لە ڕووی ئەکادیمییەوە باشتر دەبن، هەست بە دڵنیایی زیاتر دەکەن لە ناسنامەکەیاندا و پەیوەندییان بە کولتوورەکەیانەوە پتەوتر دەبێت. وەپێشخستنی زمانی زگماکی لە سیستەمێکی پەروەردەی فرەزمانەدا، منداڵ و هەم کۆمەڵگە بەهێز دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: زۆرینەی زمانە زیندووەکانی جیهان لە ڕێگەی 'زمانی ئەدەب'ەوە گەشەیان کردوە؛ ئایا ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی توانیویەتی وشەسازی و ڕستەسازیی زمانی کوردی نوێ بکاتەوە، یان هێشتا لەژێر سێبەری زمانە دراوسێکان و وەرگێڕانە لاوازەکاندا گیری خواردوە؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: خوێندن و پەروەردە بە زمانی زگماکی بە لەبەرچاوگرتنی هەموو کۆسپ و تەگەرە سیاسی و کولتوورییەکان کە خراونەتە بەر دەم زمانی کوردی، دەتوانین بڵێین کە کوردی لە ئاستی دەربڕینی سەردەمییانەوە پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە. هەر ئەوەندە بەسە کە دوو دەق پێک بگرین: کوردستانی ساڵەکانی ڕابردوو (سەردەمی کۆمار، پەنجاکان، هەشتاکان) و کوردستانی ئێستا، جا ئەو کاتە دەبینن کە لە ئاستی زمان و دەربڕینی سەردەمییانەوە پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، هەموویان زۆربەی بەرهەمە کوردییەکان شەقڵ و شوێنی زمان و گوتاری باڵادەستیشی پێوە دیارە. هۆیەکەشی ئاشکرایە: زۆربەی کوردی ڕۆژهەڵات کە فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت، بە فارسی فێر دەبێت، نەک بە کوردی. ئەگەر بە زمانی فارسی خوێندت، بیرکردنەوە و تێگەیشتنت لە دنیا و دەوروبەرت بەو زمانە ڕادێ و لە قاڵب دەدرێت. بۆیە، وشەکانت، دەربڕینەکانت، تەنانەت ڕێزمانەکەت وردە وردە خۆیان لەگەڵ فارسی ڕێک دەخەن، تەنانەت ئەگەر پێت وابێت کە بە کوردی قسە دەکەیت یان دەنووسیت.

**بۆ نموونە**، هەر لەسەر سۆشیال مێدیا گوێ لە قسەکردنی شارەدارە کوردەکان، ئەندازیارە کوردەکان، یان دوکتورە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بگرە. زۆربەی کاتەکانن فارسێک بە باشی لێیان تێ دەگات، چونکە نەک تەنیا زمانەکەیان، بەڵکوو شێوەی قسەکردنیان، ڕاوێژیان و بۆچوونەکانیشیان بە خەستی کەوتووەتە ژێر کارتێکەریی زمان و کولتووری فارسی. بۆچی؟ چونکە بەو زمانی دووهەمە پەروەردە بوون.

**پییێر بۆردیۆ، کۆمەڵناسی فەڕەنسی، زۆر بە دروستی گوتوویە:** "داسەپاندنی زمانێکی باڵادەستی ستاندارد تەنیا بۆ

ئاسانکردنەوەی پێوەندییەکان نییە، بەڵکوو بۆ یەکسانکردنی جیهانبینییەکانە"؛ لەو یەکسانکردنەشدا، زمان و کولتوورە بەکەمینەکراوەکان دەفەوتێن. جا بۆیە، خوێندن بە زمانی دایک ئێجگار گرنگە. لە سەردەمی خوێندەواریی گشتیدا، لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و ئەلگۆریتمدا، کە بەبێ زمان هەڵناسووڕێت، زیندوومانەوەی زمانێک بە توندی بەستراوەتەوە بە شوێن و پێگەی ئەو زمانە لە پەروەردەی گشتیدا؛ زمانێک کە لە پەروەردەی گشتیدا دەورێکی سەرەکی نەگێڕێت، زۆر زەحمەتە لە درێژخایەندا بتوانێت زیندوو بمێنێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆ پاراستنی زمانی کوردی، پێویستمان بە 'سیاسەتی زمانەوانیی' حکوومی هەیە. بە بڕوای ئێوە، گرنگترین خاڵ کە دەبێت لە ستراتیژیی نەتەوەیی بۆ پاراستنی زماندا هەبێت چییە، و ئایا ئەکادیمیاکانی زمان توانیویانە ئەو ڕۆڵە بگێڕن؟

**پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی**: گرنگترین خاڵ لە ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی زمانی کوردیدا بریتییە لە: پابەندبوونێکی پتەو بە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی پەروەردە، نەک تەنیا وەکوو مادەیەک، دەرسێک لە فێرگە، یان تەنیا وەکوو هێمایەکی کولتووری. کاتێک زمانێک دەبێتە بەشێک لە خوێندنی ڕۆژانە، پێگەی ڕاستەقینە و بەکارهێنانی ڕاستەقینە و قسەکەرانی ڕاستەقینەی داهاتوو بەدەست دەهێنێت. هەموو شتێکی تر، مێدیا، زاراوە، ڕاهێنانی مامۆستا، بەستراوەتەوە بەم بناغە پتەوەوە.

هەروەها سیاسەتی پەروەردەی بەهێز ئاماژەیە بۆ شتێکی قووڵتر، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەت ناسنامەی کورد وەک بەشێک لە میللەت قبووڵ دەکات و ئامادەیە فەزای کولتووری و سیاسیی هاوبەش بکات. ئەو وڵاتانەی کە چەندین زمان دەپارێزن، وەک سویس یان باشووری ئەفریقا، نیشان دەدەن کە ئەمە یەکیەتیی نەتەوەیی بەهێز دەکات، نەک لاوازی دەکات. ناوچەکانی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە سیستەمی فیدراڵیدا، وەکوو کوبەک لە کەنەدا، وڵاتی باسک لە ئیسپانیا و وڵاتی وێڵز لە ئینگلستان، دەیسەلمێنن کە پەروەردە بە زمانی دایکی دەتوانێت نەک تەنیا زمانێک زیندوو بکاتەوە و پەرەی پێ بدات، بەڵکوو دەتوانێت پشتگیری لە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکات.

کەواتە کاکڵ و ناوکی هەر سیاسەتێکی زمانی سەبارەت بە زمانی کوردی لە شوێنێکی وەکوو ئێران، دەبێت ڕوون و بوێرانە بێت: زمانی کوردی بکاتە زمانێکی ئاسایی بۆ فێرکردن و فێربوون لە فێرگەکاندا، لەپاڵ زمانی فارسی، ئینگلیزی و زمانەکانی تر. سیاسەتێکی تۆکمە و دادپەروەرانەی زمانی لە چەرخی ٢١دا دەبێ لەسەر بناغەیەکی دێموکراتیک و فرەچەشنی دابمەزرێت: خوێندن و پەروەردەی فرەزمانە کە لەسەر بناغەی زمانی زگماکی، وەکوو زمانی یەکەمی پەروەردەی زارۆک، دامەزراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# دکتۆر چەمەن‌ئارا: زمان؛ قەڵای بوون و تاکە چەکی مێژوویی بۆ بەرهەمهێنانەوەی شوناسی نەتەوەییە



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

## سەرەتا:

**لە گۆڕەپانی نەتەوەسازیدا، زمان تەنیا ئامرازێکی گەیاندنی پەیام نییە، بەڵکوو جیهانبینی و سەرمایەیەکی هێماین (ڕەمزی) و قووڵە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ دکتۆر بێهروز چەمەن‌ئارا، پسپۆڕی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، تیشک دەخەینە سەر ئاڵۆزییەکانی "دووزمانیی زۆرەملێ" و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی لەسەر منداڵی کورد. چەمەن‌ئارا بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و ئەکادیمییانە، باس لە دابڕانی نێوان "زمانی ناوماڵ" و "زمانی قوتابخانە" دەکات و مەترسییەکانی "دۆخی ناتەواو" دەخاتە ڕوو. هەروەها لە گەشتێکی مێژووییدا بۆ ناو پێکهاتە ڕێزمانییەکانی کوردی و ڕۆڵی زانکۆکان، هاوسەنگیی نێوان "فرەشێوەزاری" و "زمانی ستاندارد" وەک ستراتیژێک بۆ پاراستنی بوونی نەتەوەیی لە چوارچێوەی "ژین‌جیهان"ێکی هاوبەشدا، شی دەکاتەوە.**

**شەهرام سوبحانی: دکتۆر، کاریگەریی «دووزمانیی زۆرەملێ» لە تەمەنی منداڵیدا، لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە و داهێنانی**

**تاک لە کۆمەڵگەی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**دکتۆر چەمەنئارا**: بە بڕوای من، دەبێت هەر لە سەرەتاوە بە جیاکردنەوەیەکی تیۆری دەست پێ بکەین؛ بۆ ئەوەی پرسی «دووزمانی» کە خۆی بابەتێکی بێلایەن نییە، ڕوون بێتەوە. ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان «زمانی گەشەپێدەر» و «زمانی کزکەرەوە».

ئەو شتەی کێشەمان بۆ دروست دەکات و دووزمانی دەکاتە گرفت، ئەو کاتەیە کە زمانی دایک وەک زمانێکی پلە دوو لە پرۆسەی پەروەردە و دامەزراوە فەرمییەکاندا دەردەکەوێت و شکۆی خۆی لەدەست دەدات. لێرەدا گەر بپرسین: «دووزمانیی زۆرەملێ چییە؟» دەبێ بڵێین: جۆرێکە لە سەپاندن بەسەر منداڵدا؛ بەر لەوەی منداڵ لە ڕووی نووسین، خوێندن و دەزگای واتاییەوە لە زمانی خۆیدا بگاتە ئاستێکی پتەو و مسۆگەر، ناچار دەکرێت لە سیستەمی پەروەردەییدا بە زمانێکی دیکە ئەو کارە بکات؛ واتە بەو زمانەی کە خۆی هەڵگری سەرمایەی دامەزراوەیی و هێزی دەسەڵاتی فەرمییە. لەم دۆخەدا، زمانی سەپێنراو یان زۆرەملێ نابێتە زمانی گەشەپێدەر و هیچ شتێکی نوێ بە مرۆڤ نابەخشێت.

ئەگەر کەڵک لە ڕوانگەی فیکریی «جیم کامنز» وەربگرم کە پسپۆڕی بواری پەروەردەی دووزمانییە، دەڵێت: «ئەگەر زمانی دایک لە سیستەمی فێرکاریدا بە فەرمی نەناسرێت، منداڵ ڕووبەڕووی دیاردەیەک دەبێتەوە کە کامنز پێی دەڵێت: دۆخی ناتەواو (نیوەناچڵ) .»
دۆخی ناتەواو واتە چی؟ واتە منداڵ نە لە زمانی یەکەمدا دەگاتە ئەو لێهاتووییەی بۆ خوێندن پێویستە، نە لە زمانی دووەمیشدا دەگاتە ئاستێک کە لە ڕووی تێفکرین و بیرکردنەوەی داهێنەرانەوە جێگیر بێت. ئەمانە هەمووی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بنەمای بیرکردنەوە هەیە. دەزانین زمان تەنیا ئامرازی دەربڕینی بیرۆکە نییە، بەڵکوو خۆی پێکهێنەری ئەزموونە. تەنانەت لە ڕووی زمانەوانییەوە، ناسینی چەمکە ناواخنییەکان، گێڕانەوە هزرییەکان و خەیاڵە بنەڕەتییەکان لە بەستێنی زمانی یەکەمی منداڵدا ڕەگ دادەکوتن.

کاتێک منداڵ لە ژینگەی پەروەردەدا ڕووبەڕووی زمانێک دەبێتەوە کە زمانی هەست و نەستی ئەو نییە و لەگەڵ زمانی خێزانەکەی جیاوازە، دابڕانێک لەنێوان «زمانی ماڵ» و «زمانی قوتابخانە» دروست دەبێت.

**ئەم دابڕانە لانیکەم سێ لێکەوتەی هەیە:**

**١- دابەزینی متمانەی زمانی:** منداڵ هەست دەکات زمانی خۆی کەمبایەخە و بەکەڵکی زانست نایەت.

**٢- دواکەوتنی بیرکردنەوە:** جۆرێک لە سستی لە فۆرمگرتنی بیرکردنەوەی خەیاڵیی جێگیردا دروست دەبێت، بەتایبەت لە بواری ئەندێشەی زانستی و چەمکە دابڕاوەکاندا.

**٣- دروستبوونی پلەبەندی :(Hierarchy)** سیستەمێکی هێمایی پلەبەندی لە دەروونی منداڵدا جێگیر دەبێت؛ وا دەزانێت زمانی فەرمی، زمانی عەقڵانیەت و زانیارییە، بەڵام زمانی دایکی، زمانێکی پەراوێزخراو و بێبایەخە.

ئەمە بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە ڕوودەدات و جیهانی منداڵ دەکاتە دوو لەتەوە. سەبارەت بە داهێنانیش، دووزمانی لە بنەڕەتدا کۆسپ نییە؛ بە پێچەوانەوە، لە ژینگەیەکی تەندروستدا دەبێتە هۆی داهێنانی زیاتر و بەهێزبوونی توانای ناسیاری. بەڵام لە دووزمانیی زۆرەملێدا، لەبری ئەوەی منداڵ مافی جووڵەی ئازادانەی لەنێوان دوو دەزگای زمانیدا هەبێت، دەکەوێتە نێوان دوو سیستەمی واتا و بەهای نایەکسانەوە. کاتێک یەکێک لە زمانەکان دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی ئەویتر، داهێنانی زمانی سەرکوت دەکرێت.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەگەر منداڵ هەست بکات زمانی دایکی نابینرێت، ئەم دۆخی «نابینایی» و «پەراوێزخستنە» دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی چالاکیی منداڵ، ترس لە دەربڕین و جۆرێک لە «پارێزی ناسیاری » (caution Cognitive) کە ئاسایشی زمانیی منداڵ دەخاتە مەترسییەوە. کاتێک ئەو ئاسایشە نەما، ئەم کێشانە وەک نیشانەی تێکچوون دەردەکەون و منداڵ بەرەو گۆشەگیری دەبەن.

**شەهرام سوبحانی**: وەک شارەزایەکی دەقە کۆنەکان، پەیوەندیی نێوان "زمانی ئەدەبی" و "زمانی ئاخاوتن" لە مێژووی ئێمەدا چۆن بووە؟ ئایا دەقە کلاسیکییەکان (وەک بەرهەمەکانی گۆران یان خانی) توانیویانە پارێزگاری لە بونیاد و سیستەمی ڕێزمانیی کوردی بکەن؟

**دکتۆر چەمەنئارا**: سیستەمی ڕێزمانیی کوردی، تەنیا یەک جۆر نییە؛ ئێمە خاوەنی چەندین دارشتەی ڕێزمانیی جیاوازین و هەر یەک لە شێوەزارەکانمان بونیادی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**لەم نێوەندەدا، دوو جۆری گشتگیرترمان هەیە:**

یەکەمیان کوردیی کرمانجییە، کە تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین ئاخێوەرێکی زۆرتری هەیە و خاوەنی زمانێکی وێژەیی تایبەت بە خۆیەتی. دووەمیان؛ زمانی ئەدەبیی گۆرانییە، کە بەگشتی شێوەزارەکانی تری جگە لە کرمانجی لەخۆ گرتووە؛ وەک: کوردیی ناوەڕاست، فەیلی، هەورامی، کەلهۆڕی، لەکی و تەنانەت لوڕی، کە بە زمانی ئەدەبیی گۆرانی شیعریان نووسیوە.

ئەمە بە بڕوای من، بووەتە یارمەتیدەر بۆ چەشنێک لە یەکگرتوویی زمانی.

بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی - لانی کەم لە چەند سەدەی ڕابردوودا - زمانێکی سیاسی و دەوڵەتی نەبووە، ئێمە زیاتر لە چوارچێوەی ئەدەبێکی زارەکیدا ژیاوین. زمانی ئەدەبی، بووەتە هەوێنی خوڵقاندنی ڕۆحێکی یەکگرتووی زمانی و تا ڕادەیەک یاریدەدەری ستانداردبوونی زمانی ئەدەبی بووە؛ ئەمەش ئاراستە جیاوازەکانی شێوەزارە کوردییەکانی لە یەکتر نزیک کردووەتەوە.

هەر بۆیە، سەرەڕای کەمیی ڕێژەی خوێندەواری و بێبەشبوونی گەلەکەمان لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایک، بەڵام ئەو شێوازە لە ئەدەبیات گشتگیر بووە؛ خەڵک دەقەکانیان زانیوە و لە یادگەیاندا پاراستوویانە. ئەمە جۆرێک لە هاوئاهەنگیی لە نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی باڵای ئەدەبیدا نیشان داوە و بووەتە نموونەیەکی پەسند و جێی متمانە، هەم بۆ خەڵکی ئاسایی و هەم بۆ نووسەران و بیرمەندان. هەرچەندە ئەمە کاریگەریی ئەرێنی هەبووە، بەڵام بەو ئاستە نەبووە کە بتوانێت بونیادێکی ڕێزمانیی یەکگرتوو و سیستەمێکی ستانداردی گەورە بۆ هەموو زمانی کوردی دابین بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی زانکۆکانی کوردستان (بە تایبەت زانکۆی کوردستان لە سنە) لە زانستییکردن و سەردەمیانەکردنی وشەسازیی کوردیدا چۆن دەبینیت؟ ئایا بڵاوبوونەوەی گۆڤارە زانستییەکان بە زمانی کوردی توانیویەتی "بونیادی ناسیاری" (مەعریفە) لە کوردستاندا بگۆڕێت؟

**دکتۆر چەمەن‌ئارا**: دەتوانم هەم لایەنە گەشەکان و هەم لایەنە تاریکەکانی ئەم پرسە بخەمە ڕوو. لە ڕاستیدا، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان یان لە باشوور ڕوو دەدات، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٨ بەولاوە، دەرفەتی خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی ڕەخساوە. لە بەغدا بەشێوەیەکی فەرمی "کۆڕی زانیاریی کورد" و دەستەی زانستی بۆ زمانی کوردی هەبووە؛ ڕۆژنامەگەری گەشەی کردووە و هەمیشە دەسەڵاتێکی سیاسی لە پشت زمانی کوردییەوە بووە. ئەو دەسەڵاتە وای کردووە زانکۆکانی باشوور ئەو هەل و دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێت. پەروەردەکردنی نەوەکان بە زمانی کوردی خزمەتێکی گەورەی کردووە؛ خوێنەواران و دەرچووانی زانکۆکان ئەو توانایەیان هەبووە کە هاوکات لەگەڵ زمانی کوردی، زمانەکانی دیکەش فێر بن. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە ڕووی زانستی، دەربڕین، ڕستەسازی و وشەسازییەوە پتەوتر بێت و بەڕاستی خزمەتێکی شایستە بە زمانەکە کراوە.

بەڵام ئەوەش ناشاردرێتەوە کە بەهۆی ناهۆشیاریی سیاسی و ڕۆشنبیری لە باشووری کوردستان، جۆرێک لە "بەمۆسەساتکردنی" زمانی عەرەبی و فەرمیبوونی ئەو زمانە لە ناخی زمانی کوردی و مرۆڤی کورددا جێگیر بووە. واتە لەژێر کاریگەریی ئەو زمانەدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ناهۆشیارانە، وەها هەست کراوە کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە و

زمانی کوردی ئەو بایەخە و فەرمییەتەی نییە. هەر بۆیە دەبینین زۆربەی هەرە زۆری نووسراوە ئیدارییەکان و زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت لە زانکۆکانیشدا، بەداخەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی. کاتێک سەیری نووسراوێکی فەرمیی هەرێم دەکەی، ئەستەمە چەندین شێوازی "ڕستەسازیی" عەرەبیی تێدا نەبێت. بێجگە لە وشە و فۆرمی دەربڕین و نەریتی نامەنووسینی عەرەبی، بونیادی ڕستەسازیی زمانی کوردیش مەیلی بەرەو عەرەبی چووە. ئەگەر ئێمە لە ڕۆژهەڵات لە ئاستی وشەدا کێشەمان هەبێت، لە هەرێم ڕێزمان و ڕستەسازیمان زیاتر کەوتووەتە ژێر کاریگەری و مەترسییەوە. زانکۆکان نەیانتوانیوە وەک پێویست بەرگری لە ڕەسەنایەتیی زمانی کوردی بکەن، من لێرەدا مامۆستاکانی بەشی کوردی و بەرپرسانی زانکۆکان بە بەرپرسیار دەزانم. بۆ نموونە "زانکۆی کوردستان" کە ناوی کوردستانی پێوەیە و لە دڵی هەولێردایە، بەداخەوە زمانی خوێندنی ئینگلیزییە نەک کوردی؛ زمانی پەروەردە لەوێ زمانێکی جیهانییە و زمانی دایک پەراوێز خراوە، ئەمە یەکێک لە برینەکان و لایەنە تاریکەکانی سیاسەتی پەروەردەیی ئێمەیە.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و "زانکۆی کوردستان" لە سنە، دەزانن کە ئەوێ یەکەم زانکۆیە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زمانی کوردی تێدا دەخوێندرێت و بڕوانامەی "بەکالۆریۆسی زمان و ئەدەبی کوردی" دەبەخشێت. بە بڕوای من، بەشی کوردی وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی بۆی دروست دەکرێن و خراپیی بازاڕی کار بۆ دەرچووەکانی، خزمەتێکی زۆری کردووە؛ چ لە ڕووی پەروەردەکردنی خوێندکاران و چ لە ڕووی بەرهەمهێنانی سەرچاوە و دەقی پێویستەوە. لە هەمووی گرنگتر، بوونی ڕۆحێکی گشتگیر و فرەچەشنە لەم بەشەدا، بەتایبەت لە ڕووی بابەتەکانی خوێندنەوە. خوێندکار تەنیا شێوەزارێک ناخوێنێت، بەڵکوو دەرچوویەکی زانکۆی سنە، هەم دەقی هەورامی بەباشی دەخوێنێت (بە ڕێزمان و مێژووی ئەدەبیاتەکەیەوە)، هەم ئاشنای شێوەزارەکانی کەلهوڕی، لەکی، کرمانجی و سۆرانی دەبێت. هەروەها لەگەڵ ئەدەبی مۆدێرن، ڕۆژنامەوانی و فۆلکلۆر ئاشنا دەبێت. ئەمە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی خوێندنی زمانی کوردی وەک بوارێکی بەهێز و تێروتەسەل ببینین. ئەگەر بەراوردی بکەیت بە بەشی زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی یان فارسی، دەبینین بەشی کوردی زۆر دەوڵەمەندترە، ئەمەش شانازییە بۆ زانکۆی کوردستان لە سنە.

بەڵام بە بڕوای من هێشتا زووە بڵێین دەرچووانی ئەم بەشە لە ڕۆژهەڵات دەتوانن بونیادی ناسیاری بگۆڕن؛ چونکە هێشتا دە ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەو بەشەدا تێنەپەڕیوە و خوێندکاران دەرفەتی کاریان بۆ نەڕەخساوە، زمانەکەش لە ئاستی دەوڵەتدا فەرمی نییە. ئەمە تەنیا یەکەمین هەنگاو و هەوڵەکانی خەڵکە لە ڕۆژهەڵات. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێ چاو لەو شوێنە بکەین کە زۆرترین دەرفەتی هەبووە، ئەویش تەنیا لە عێراقدا بووە؛ لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە تا ئێستا، بەهۆی ڕۆژنامەگەریی کوردی و فەرمیبوونی زمانەکەوە. بەڵێ، ئەو گۆڕانکارییەی لە حەفتاکاندا لە "کۆڕی زانیاری" بینیمان، کە بەرهەمی پێکەوەدانیشتن و بیرکردنەوەی گرووپێکی گەورە لە مامۆستایان و بیرمەندان بوو، وای کرد زمانی کوردی گەشە بکات و ببێتە زمانێک کە بەرگەی زانست بگرێت و نەوەی پێ پەروەردە بکرێت.

هەست دەکەم لەم دوو دەیەی ڕابردوودا، ئاستی تەکنیکی و پەروەردەیی زمان لە هەرێمی کوردستان بەرەو لاوازی چووە. دەسەڵاتی کوردی بەرانبەر بە زمانەکەی کەمتەرخەمە. سەرۆککۆمار لە عێراق بەپێی دەستوور هەمیشە کوردە، بەڵام بەداخەوە لە زۆربەی شوێنەکان بە عەرەبی قسە دەکات، لە کاتێکدا کوردی و عەرەبی پێکەوە زمانی فەرمین. پەرلەمانتاران و سیاسییەکانی ئێمە، هەوڵ نادەن زمانی کوردی لە دۆخێکی "ناوچەیی"یەوە بگەیەننە ئاستێکی "نیشتمانی" و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکەن تا دەروازە بۆ وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە و چاپخانەکان بکەنەوە. دیارە وەرگێڕانی شاکارە فەلسەفییەکانی جیهان وەک "بوون و کات"ی مارتن هایدیگەر، یان بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و سۆکرات بۆ سەر زمانی کوردی، نیشانەی هێز و توانای زمانی کوردییە. بێگومان ئەگەر سیاسەت و پلانێکی دروستمان لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکاندا هەبێت، زمانی کوردی دەتوانێت زۆر پتەوتر و گەشاوەتر خۆی بنوێنێت.

**شەهرام سوبحانی: دکتۆر، چۆن لە پەیوەندیی نێوان "زمان" و "کەسایەتیی نەتەوەیی" دەڕوانیت؟ ئایا گرێدانی ڕۆژی زمانی دایک بە ۲ی ڕێبەندانەوە* تەنیا ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، یان دەکرێت وەک ستراتیژێکی بەردەوام بۆ پاراستنی بوونی کورد سەیر بکرێت؟**

**دکتۆر چەمەن‌ئارا:** هەروەک دەزانن لە لێکۆڵینەوەکانی بواری زمان و نەتەوەدا، لە بێندێکت ئەندەرسۆنەوە بگرە تا بۆردیۆ، و لە مارتن هایدیگەری ئەڵمانییەوە تا ڕەهەندە دژە داگیرکارییەکان (دژە کۆلۆنیالیزم)؛ زمان تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکوو مەیدانی بەرهەمهێنانی واتا و پێکەوەبەستنە. نەتەوە پێش ئەوەی واقیعێکی زیندووی بوونەوەرانە بێت، پێکهاتەیەکی گێڕانەوەییە؛ کۆمەڵگەیەکی گێڕانەوەیی یان وێناکراوە (خەیاڵکرد) کە لە ڕێگەی زمانەوە پتەو دەبێت، تۆمار دەکرێت و دەمێنێتەوە. زمان ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە خەڵک بەبێ ئەوەی یەکتر ببینن، خۆیان لە یەک ئاسۆی هاوبەشدا وێنا بکەن.

**لە ڕووی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، زمان لانیکەم سێ کارکردی پێناسەیی هەیە:**

**یەکەم:** دەرفەتی جیاوازی دەڕەخسێنێت، واتە سنوور دادەنێت.

**دووەم:** کارکردی یادەوەری (Memory) هەیە.

**سێیەم:** بە شێوەیەکی ڕەمزی (سیمبۆلیک) وەک سەرمایەیەکی نیشانەیی، پێگەیەک دەبەخشێتە خاوەنەکەی.

ئەم سێ کارکردە ئەگەر لە چاویلکەی "بۆردیۆ"وە سەیری بکەین، پێمان دەڵێن کە زمان تەنیا دەزگایەکی نیشانەیی نییە بۆ پەیوەندیبەستن، بەڵکوو هاوکات هەڵگری سەرمایەیەکی ڕەمزییە. کاتێک زمان دەخرێتە پەراوێزەوە، لە ڕاستیدا سەرمایە

ڕەمزییەکەی ئاخێوەرانیشی نامێنێت؛ هەر بۆیە بەرگری لە زمانی دایک، بەرگرییە لە هەر چەشنە دەرفەتێک بۆ مانەوە لە مەیدانی دەسەڵات و هێزدا. لەم سۆنگەیەوە دەتوانم بڵێم پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامەی نەتەوەیی، نەک تەنیا پەیوەندییەکی ڕێکەوت یان جۆرێک لە پەیوەندیی کولتوورییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی پێکهاتەییە. ناسنامەی نەتەوەیی بەبێ زمان، هیچ ئامرازێکی بۆ دووبارەکردنەوە یان بەرهەمهێنانەوەی خۆی نییە.

ئەگەر ئەم بەشەی وەڵامەکەم گرێ بدەمەوە بە بەشی دووەمەوە، واتە پەیوەندیی زمانی دایک و بەستنەوەی بە ڕۆژێکی مێژوویی وەک ٢ی ڕێبەندان (ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان)، ئێمە ناتوانین بڵێین تەنیا ئاماژەیەکە بۆ ڕۆژێکی مێژوویی. بە بڕوای من، بە پشتبەستن بە ڕەهەندی تیۆریی "کردەی ئاخاوتن (Speech Act) "کە لە "جۆن سێرل"ەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم پەیوەندییەی نێوان خواستێکی زمانی لەگەڵ ڕۆژێکی مێژوویی گەورە بۆ هەموو کورد، لە ڕاستیدا پەیوەندیی زمانە بە مێژووەوە؛ واتە پەیوەندییەکی "کردەیی - نمایشی (Performative) "و کارایییە. ئێمە کاتێک ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و ڕۆژی زمانی دایک پێکەوە گرێ دەدەین، چیتر تەنیا ئەو ڕۆژە یاد ناکەینەوە، بەڵکوو ناسنامەکەمان "پیادە" دەکەین؛ ئەمە جۆرێکە لە بەرجەستەکردن، نەک تەنیا وەبیرهێنانەوە.

**لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە لانیکەم سێ ئاستی جیاواز بدەین:**

**١- ئاستی مێژوویی:** کە تێیدا زمانی کوردی دەگاتە ئاستی زمانی فەرمی. کۆماری کوردستان یەکەم ئەزموون بوو کە زمانی کوردی تێیدا لە ئاستی زارەکی و ناوچەیی دەرچوو و گەیشتە ئاستی دەوڵەتی، کارگێڕی و فێرکاری. ئەمە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی سەرمایە ڕەمزییەکەی زمانی کوردیدا.

**٢- ئاستی دووەم:** پەیوەستکردنی زمانە بە جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری (یان ئەوەی وەک خودموختاریی سیاسی پێناسە دەکرێت). ئەمە جۆرێک لە قاڵبەندیی تایبەت دروست دەکات؛ واتە زمان چیتر تەنیا دیاردەیەکی کولتووری نییە، بەڵکوو بووەتە نیشانەی مافی سەروەری. ئەم قاڵبەندییە دەتوانێت هاوکات کۆکەرەوە و ڕێکخەر بێت، بەڵام دەشکرێت کێشەمان بۆ ساز بکات و زمان بخاتە نێو ململانێی سیاسییەوە.

**٣- ئاستی سێیەم (ستراتیژی):** ئەگەر ئەم پەیوەندییە بە وشیارییەوە و بە بەردەوامی نوێ بکرێتەوە، دەتوانێت ببێتە ستراتیژێکی یادەوەری (Memory Strategy). واتە هەموو ساڵێک زمان نەک تەنیا وەک ئامراز، بەڵکوو وەک مافێکی مێژوویی وێنا بکرێت و دووبارە بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی سیاسەت.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانم بڵێم ڕۆژی زمانی دایک، چیتر تەنیا ڕۆژی بەرزڕاگرتنێکی کولتووری نییە، بەڵکوو نواندنەوە و ئەنجامدانی داواکارییەکی دامەزراوەیی کۆمەڵگەیە. لێرەدا دەبێ وریای ئەوە بین کە هێنانی زمان بۆ ئەم گۆڕەپانە سیاسی و ستراتیژە ڕەمزییە، دەتوانێت هاوکات مەترسی و دەرفەتیش بێت. مەترسییەکە ئەوەیە کە ئەگەر زۆرتر لەوەی پێویستە تەنیا وەک ئەزموونێکی سیاسیی تەسک پێناسە بکرێت، لەبری ئەوەی ببێتە سەرمایەیەکی هاوبەش، دەبێتە سەرمایەی باڵ یان حیزبێکی تایبەت و دەبێتە جێی مشتومڕ. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتگیر و لە دەرەوەی هێڵە حیزبییەکان، وەک تەوەرێک بۆ یادەوەریی کۆمەڵگەی کوردی پێناسە بکرێت، ئەوا گرێدانی ڕۆژی زمانی دایک بە ٢ی ڕێبەندانەوە تەنیا بیرکردنەوە لە ڕۆژێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو ستراتیژێکی بەردەوامە بۆ نوێکردنەوەی پێناسی زمانیمان. بەو مەرجەی ئەم پەیوەندییە لە دەرەوەی سنووری حیزب و گرووپەکان بێت و بتوانێت دەرفەتی ژیانێکی بەکۆمەڵی گەورەتر و وێناکردنێکی گشتگیر بۆ هەمووان دروست بکات، نەک ببێتە پاوانی یەک ئەزموونی سیاسی.

**شەهرام سوبحانی**: لە گۆشەنیگایەکی زمانەوانییەوە، فرەشێوەزاریی کوردی (کورمانجی، سۆرانی، هەورامی، لکی و هتد) چۆن دەتوانێت لە یەک کاتدا هەم دەوڵەمەندی بێت و هەم نەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتن بە "زمانێکی پێوەری یەکگرتوو"؟ ئایا ئێمە پێویستمان بە زمانێکی پێوەرە یان پەیوەندییەکی پێوەر؟

**دکتۆر چەمەن‌ئارا**: لێرەدا دەبێ وەڵامی یەکێک لە بنەڕەتیترین پرسیارەکانی کۆمەڵناسیی زمان بدرێتەوە کە کارێکی سادە نییە؛ بەتایبەتی بۆ زمانی کوردی کە یەکێکە لەو زمانانەی زۆر ڕەهەندی سیاسیی وەرگرتووە، هەم پەرتەوازەیە و هەم پانتاییەکی گەورەی هەیە و پرسیارگەلێکی زۆریشی لەسەرە. بەڵام ڕێگەم بدەن لێرەدا لە ڕووی زمانەوانییەوە، هەندێک تیشک بخەینە سەر بابەتی فرەشێوەزاری.

لە زمانەوانیی نوێدا، شێوەزار لە ڕاستیدا لادان لە زمانی ستاندارد (پێوەر) نییە، بەڵکوو چەشنێکە لە دەرکەوتەکانی سیستمێکی زمانی. هەر شێوەزارێک خاوەنی خەزێنەیەکی واتایی و دەنگیی تایبەت بە خۆیەتی. سەبارەت بە زمانی کوردی، ئەو فرەچەشنییەی لە زاراوەکانی ناوەڕاست، سەروو، خواروو، هەورامی، لکی و بەشەکانی تریدا هەیە، نیشانەی ڕاستەقینەی ئەم واقیعەیە و دەلالەت لە کراوەیی و توانستە ناوەکییەکانی زمانی کوردی دەکات. واتە ئەگەر ئێمە "واتا" وەک ئاسۆیەک ببینین، جیهانی زمانی کوردی جیهانێکی فرەئاسۆیە و ئەمەش بەشێکە لە وزە و توانای ناوەکیی ئەم زمانە. زمانەوانی و نیشانەناسیی کولتووری پێمان دەڵێن کە هەر شێوەزارێک لە نێو خۆیدا ئاسۆیەکی ئەزموونییە؛ وشەکان، پەندەکان، سیستمی دەنگی و تەنانەت پێکهاتە وشەسازییەکان، هەموویان بە جۆرێک دەربڕ و نوێنەری ئەزموونی ژیان و جیهانە جیاوازەکانی ئێمەن. هەر بۆیە فرەشێوەزاری، لەبری ئەوەی وەک گرفت ببینرێت، دەبێ وەک ڕەنگاڵەییەکی ناوەکیی

زمانی کوردی تەماشا بکرێت، کە داهێنان و توانای وشەسازی و نەرمی نواندنی واتاییمان بۆ بەهێزتر و دەوڵەمەندتر دەکات.

لە تیۆرییە زمانەوانییەکاندا، بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی "ویلیام لابۆڤ" و دوای ئەویش لە لێکۆڵینەوەکانی فرەچەشنیی زمانیدا، ئەو ئەنجامە بەدەست هاتووە کە فرەڕەنگی و فرەچەشنیی زمانی نەک هەر بەربەست نین بۆ گەشەپێدان، بەڵکوو بنەمای پەرەسەندنی زمانن. زمانە پێوەرەکان یان زمانە یەکدەنگەکان (نەک فرەدەنگ)، زیاتر بەرهەمی سیاسەتن نەک دەرئەنجامی سروشتیی خودی زمان. ئەمە بەشێکی گرنگی ئەو بابەتەیە کە زانست پشتیوانی لێ دەکات.

با باس لەوە بکەین کە ئایا ستانداردکردنی زمان پرۆژەیەکی زمانییە یان سیاسی؟ دیارە پێوەرکردنی زمان لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی زمانەوانیی پەتی نییە، بەڵکوو پرۆژەیەکی دامەزراوەییە. هەڵبژاردنی یەک شێوەزار وەک شێوەزاری پێوەر، پێش ئەوەی بەرهەمی باڵادەستی یان باشتربوونی خودی ئەو شێوەزارە بێت، دەرئەنجامی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی پەروەردەیی، میدیایی و دامەزراوەییە. ئەگەر بە دەستەواژەی "بۆردیۆ" بیڵێم: زمانی پێوەر، هەمان ئەو زمانەیە کە سەرمایەی ڕەمزیی (سیمبولیی) زۆرتری لە گۆڕەپانی فەرمیدا هەیە. هەر بۆیە پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا شێوەزارێک دەبێتە لەمپەر لەبەردەم زمانی ستاندارد؟ بەڵکوو پرسیار ئەوەیە: چ دامەزراوەیەک، بە چ ئاستێک لە ڕەوایی و بە چ میکانیزمێک دەیەوێت پرۆسەی یەکبوونی زمان بەڕێوە ببات؟

یەکدەستکردن پرۆسەیەکی سیاسییە و دەسەڵات و دامەزراوە سیاسییەکان دەیکەن. واتە فرەشێوەزاری لە بنەڕەتدا بەربەستی ستانداردکردن نییە. زۆرێک لە زمانەکانی جیهان وەک ئەڵمانی، عەرەبی و ئیسپانی، ئەوانیش وەک زمانی کوردی فرەڕەنگیی زۆریان تێدایە و ئەوەش بەشێکە لە زاتی زمانی خۆیان؛ بەڵام بەهۆی بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی و گوتارییەوە و لە ڕێگەی پەروەردە، میدیا و نووسینەوە، گەیشتوونەتە ئاستێکی هاوبەش لە پەیوەندیگرتندا. ئەم ئاستە هاوبەشە وەک پێشمەرجێکی حەتمی هەموو جیاوازییەکان ناسڕێتەوە، بەڵکوو دەتوانین بڵێین هەموویان لە کایەیەکی هاوبەشدا کۆ دەکاتەوە.

لێرەدا دەتوانم پردێک لە نێوان پرسیاری یەکەم و دووەمتدا دروست بکەم: ئایا باس لە "زمانی ستاندارد"ە یان "پەیوەندیی ستاندارد"؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر وردە. بە بڕوای من، لەبەر ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوەی بۆ مانەوە و گەشەی زمانێک گرنگ و بنەڕەتییە، "توانای پەیوەندیی دامەزراوەیی"یە نەک سڕینەوەی جیاوازییەکان.

**ئێمە پێش ئەوەی و زیاتر لەوەی پێویستمان بە یەکدەستکردنی تەواو بێت، لانیکەم پێویستمان بە سێ خاڵ هەیە:**

١- لە بواری پەروەردەی فەرمیدا، سیستمێکی نووسینی تا ڕادەیەک جێگیر و پتەومان هەبێت (ڕێنووس و شێوازی فەرمیی نووسین).

٢- لە میدیا و بەرهەمهێنانی زانستدا، توانای گواستنەوە و تێگەیشتنی هاوبەشمان هەبێت.

٣- ئاخێوەرانی زاراوە جیاوازەکان هەست بە پەراوێزکەوتن، بندەستبوون و سڕینەوە نەکەن.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، ستانداردکردنی پەیوەندییە. من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە پێویستمان بە پەیوەندییەکی پێوەرە بۆ ئەوەی بگەینە تێگەیشتنی هاوبەش لە ئاستی دامەزراوەییدا و بتوانین بڵێین ئێمەش لە جیهاندا خاوەنی جیهانی ژیانی خۆمانین.

لێرەوە پێویستە ئاماژە بە مەترسیی دووفاقییەکی ناڕاست بکەم. ئەم دووفاقییە بابەتەکان سادە دەکاتەوە و دەڵێ: یان دەبێت فرەچەشنیی تەواو بێت بەبێ ناوەند، یان دەبێت ناوەندێکی ڕەها بێت کە هیچ جیاوازییەک نەهێڵێتەوە. ئەم دیدە مەترسیدارە. سەیری زمانە گەورە و سەرکەوتووەکان بکەن؛ هەموویان پێکهاتەیەکی چەندتوێژ و چەندلایەنیان هەیە. بۆ نموونە: ڕەهەندێکی ناوچەییان هەیە، ڕەهەندێکی گۆڕەپانە گەورەکەیان هەیە و ڕەهەندێکی پێوەریشیان هەیە بۆ نووسین و کاروباری فەرمی. تەنانەت زمانی دەزگای داد لە زۆر وڵاتدا لەگەڵ زمانی ستانداردیش جیاوازیی هەیە. زمانی ستاندارد لەگەڵ زمانی ناوچەیەکی تایبەت جیاوازە و زمانی ناوچەیەکیش لەگەڵ دەڤەرێکی تر دەکرێ جیاواز بێت. ئەمانە دەتوانن هەمیشە بمێنن، پێکەوە بژین و دەرفەتی پەیوەندیی هاوبەشیش ئاسایی بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

# زمان جەوهەر و ناسنامە

## رۆژی جیهانیی زمانی دایکی

### زنجیرە وتووێژ:

زمان سەرەکیترین توخمی فەرهەنگ و کەلتووری هەر نەتەوەیەک و ناسنامەکەیەتی، توخمێکی ئەوتۆ کە لەناوچوونی، لە ناوچوون و توانەوەی نەتەوەکەیە، هەر بۆیەش ئەو کەس و نەتەوانەی کە ویستبێتیان، نەتەوەیەکیتر بتوێننەوە، سەرەکیترین و زیاترین هەوڵیان، تواندنەوەی زمانی ئەو نەتەوەیە بووە. گەلی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە زمانەکەی بە بەردەوامی کەوتۆتە بەر لێشاوی شاڵاوی درِندانە و هۆڤانەی دوژمنان و داگیرکەرانی بەڵام بە خۆشییەوە هەوڵی کورد بۆ پاراستنی زمانەکەی نەگۆڕ و نەپچڕاوە.

زمان جیا لەوەی کە مافی سرووشتی و خواپێداوی هەر نەتەوەیەکە، لە هەمان کاتێشدا کاریگەری لەسەر ڕامان و هزر هەیە و پچڕانی پێوەندی لە نێوان زمان و هزر، گەورەترین خەساری نەبووبی پەروەردەیە بە زمانی زگماکی کە پسپۆڕانی ئەو بوارە و لە ناویاندا ڤیگۆتسکی، بە تەسەلی کاریگەرییە نەرێنییەکانیان شیکردۆتەوە.

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی و هەروەها ئاوڕدانەوە لە گرنگی پەروەردەبوون بە زمانی زگماکی، زنجیرە وتووێژێک لەگەڵ چەند کارناس و پسپۆرێکی بواری زمانی کوردی ئەنجام دراو.

ڕۆژی کورد

---

## سەرجەم وتووێژەکان:



**سازدانی: هاشم عەلی وەیسی**

### شەریف فەلاح: زمان جەوهەری بوونمانە، با ئەم جەوهەرە بپارێزین.



**کاک "شەریف فەلاح" شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان و خەباتکاری کورد،**

**زنجیرە یەکەم**

**ڕۆژی کورد**: زمان فەکتەری سەرەکی جیاوازیی نیوان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەرگۆی زەوییە کە دەتوانێت هەموو ئایدیا و خەونەکانی پێ تۆمار بکات و بە هۆیەوە لە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆی لە سەرەتای بوونییەوە تا ئێستا گەلێک

**گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن لەناو مرۆڤایەتی لە پانتا جیاوازەکانی پێناسەی زمان هاتووەتە گۆڕێ، ئێوە وەکوو کەسێکی چالاک لە بواری زمانی کوردی لە ساڵڕۆژی زمانی دایکی چۆن دەڕوانن زمان و پێناسەی ئەم چەمکە لە خوێندنەوەی ئێوە چۆنە؟**

**شەریف فەلاح**: هەروەک خۆشت ئاماژەت پێکردووە، زمان جیا لە جەوهەر و پێکهاتەی ئەندێشەی تاکەکەسی، هاوکات رۆحی نەتەوەشە و لە دەرەوەی زمان هیچ نەتەوە و ئێتنیکێک ناتوانێ پێناسەی خۆی بکات. ئەم پرسە بە تایبەت بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی کە زمان، کولتوور و ناسنامەیان لەبەردەم مەترسیی سڕینەوە و ئاسیمیلاسیۆن دان، زۆر جێگەی باسە و زمان لەلایان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. زمان لە چۆنیەتیی بیرکردنەوە، پەروەردەی تاک و کۆمەڵدا دەوری سەرەکی دەگێڕێت، هەر نەتەوەیەک زمانی خۆی نەپارێزت، ئەوا گۆڕی خۆی هەڵکەندووە.

زمان جیالەوەی لە ئاقاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەوری مەدواسازی دەگێڕێت، هاوکات جیاوازیی ناسنامەی نەتەوەیی "من و ئەو" (خۆت و بەرامبەر) دیاری دەکات، لەڕێگەی زمانەوە دەتوانی بوونی خۆت بسەلمێنی، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین زمانە فرە زاراوەکان وەک داری پڕ لق و پۆ وان، گەر لە دەست لێدان و مامەڵەکردنیدا وریا نەبین، لق و پۆکان دەشکێن و بەژنی دارەکەش خەوشدار دەبێت، سەرەنجام مەترسیی لێکترازانی زاراوەیی، لێک تێنەگەیشتن و سەرەنجام کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لێدەکەوێتەوە، بۆیە هەڵسوکەوت لەگەڵ زمان دەبێ زۆر ئارام و هێور و ژیرانە بێت، چونکە دوژمنانی ئازادی و نیشتمانی نەتەوە زوڵمکراوەکان هەموو کات بۆ زاڵبوون و خۆسەپاندنی کولتووری خۆیان لە دەروازەی زمانەوە دزە دەکەنە ناو فەرهەنگی ژێردەست و لە کەلێنەکان بە قازانجی خۆیان کەڵک وەردەگرن.

ساڵڕۆژی زمانی دایکی لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە نەتەوەی کورد لەبەردەم خۆناسینەوە و پێناسەی نوێ و هاوچەرخانە دایە بۆ ناسنامە و جەوهەری خۆی، دەرفەتێکی زۆر لەبار و هەلێکی زێڕینە هەتا بە شێوازی کردەیی لەڕێگەی زمان و زیندوو پاراستنی، زیندوویی خۆت و زمان و نەتەوەکەت بسەلمێنی. دەبێ زمانی دایکی لەلای نوخبە، نووسەر و تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری ببێتە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیان و بوون و لەو دەلاقەوە بڕواننە رابردوو و ئێستا بکەنە دەرەتانێک هەتا داهاتوویەکی روون بۆ کولتووری نەتەوەییمان بنیات بنێن.

**ڕۆژی کورد: هەروەک دەزانن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لە زمانەکان لەبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زەبرووزەنگ و روانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە، یان لەناو چوون و یان رێگە و دەرەتانێکی وایان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان نەبووە، ئێوە وەکوو کەسێکی رۆژهەڵاتی کە هێشتا دەسەڵاتی داگیرکەر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی رێگە لە خوێندن و پەروەردە بەم زمانە و زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش گرتووە چۆن دەڕواننە ئەم بابەتە؟**

**شەریف فەلاح**: ئەمە پرسێکی زۆر گرنگ و هەستیارە و دەبێ بە وریاییەوە لێی بڕوانین، چونکە ئێمە لەگەڵ دوژمنێکی غەدار و فێڵەزان بەرەوڕووین و دەماری لاوازیمانی ناسیوە و دەیهەوێ لەو دەمارانەوە کولتووری نەیار و نامۆی خۆی بەسەرماندا بسەپێنێ و خوێنی زمانمان بمژێ، چونکە ئەو باش دەزانێ توانایی و تایبەتمەندییە هەراوەکانی زمانی کوردی چەندە گرنگن و بە پاراستنیان، واتا و چەمکە درۆیین و داتاشراوەکانی وەک بلقی سەر ئاو دەپووچێنەوە و واتای نەبوونی ئەو دەگەیەنێ. ئەو فێڵ و تەڵەکە و چەواشەکارییانەی دەسەڵاتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر دەماکی خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی و لەڕێگەی جاش قەڵەمەکانی و شەڕی نەرم ئامێرەوە زۆر هەڵمالراوانە بەکاریان دەهێنێ، بەداخەوە زۆر کەسی فریو داوە و کەتوونەتە داوی ئەم زرکە تاڵەوە، گەر فریای نەکەوین و ریشەکێشی نەکەین، خەرمانی زمانی نەتەوەییمان بەم ئاگری ژێر کایە دەسووتێت. بە کورتی ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەکاری بەناو فەرهەنگی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا ئەمانەن و تۆزقاڵێک نیاا پاکیی پێوە دیار نییە:

- ❊ داماڵینی واتای سیاسی و نەتەوەییە لە زمانی کوردی
- ❊ کورتکرنەوەی مافە نەتەوەییاکنی کورد لە چوارچێوەی مافی فەرهەنگی و شارومەندی بە پێناسەی تایبەت بە کۆماری ئیسلامی وەک کارێکی خێرخوازی
- ❊ هەوڵدان بۆ سەپاندنی
- ❊ لەخشتەبردن
- ❊ شەفکردنی زمان
- ❊ لێکترازانی زاراوەکان
- ❊ نامۆکردنی کولتووری ناوچە جیاجیاکان بە یەکتر
- ❊ زەقکردنەوەی جیوازییەکان و گومکردنی خاڵە هاوبەشەکانی زاراوە جیاجیاکنی زمانەکەمان
- ❊ جێخستنی کولتووری پڕمەترسیی ناوچەگرێتی
- ❊ فەرزکردنی زاراوە بەسەر زمان و شێواندنی واتای زمانی پێوەر – هاوبەش
- ❊ دانانی پیلان بۆ سووککردنی زمانی کوردی
- ❊ رێگە خۆشکردن بۆ پەرەدان بە زمانی گاڵتەجاڕی و تەنزی بەدوور لە پسپۆڕی بە زاراوەکان و رێگەگرتن لە بەرهەمهێنانی شانۆی جیدی بە زمانی پیوەر لە کەناڵە فەرمییەکان.

**ڕۆژی کورد**: پێتان وایە لە ئاوا بارودۆخێک بە تایبەتی ئەرکی ئەو کەسانەی لە ناوخۆن و لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە پێوەندی دان چی و چۆن دەبێت بەرانبەر بە سەرەکیترین شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆییمان؟

**شەریف فەلاح**: دوژمنی زمان و ناسنامەمان سەرەڕای ئەوەی وەک ڕۆژی روون دەزانێت، زمان و کولتووری ئێمە بە هیچ پیلان و زەبروزەنگ و سیاسەتی هەڵاواردن، ئاسیمیلاسیۆن و دژە کوردانەیەک ناسرێتەوە، بەڵام بەووەشەوە ٣٧ ساڵە هەر بەردەوامە و لە هەوڵێ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیە. ئێمەش دەبێ ماندوویی نەناس و کۆڵنەدەر بین. زمان و فەرهەنگی رەسەنمان تاکە چەک و تاکە بوارە دەتوانێ دوژمن بە چۆکدا بێنێ، هەروەک هەتا ئێستا نوخبە و نووسەر و چالاکوانان بە شێوەی خۆڕسک و زمانەکەمانیان پاراستووە و رووسوورین، بەرای من دەبێ لەمەودواش شێلگیر و پێداگرتر لە جاران هەموو رێکار و شێوازێکی رەوا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پیلانانە بگرینەبەر هەتا زمان هەر ناسنامەی بوون و چەکی پاراستن و قەڵای لەگیران نەهاتووی کورد بێت.

چالاکوانان و نووسەرانی کوردی رۆژهەڵات گەر لەڕووی هەست و سۆزی ناوچەیی و زاراوەیی و عەشیرەییەوە لە زمان و زاراوە و کولتووری ناوچەیی نەڕوانن، بەڵکوو بە ئاراستەی ئەندێشەی نەتەوەیی بەرەوڕووی زمان ببنەوە، لە وەها دۆخێکدا بێگومان پیلانەکانی دوژمن نابنە بەربەستی هەستی نەتەوەیی و هۆکارێک بۆ هەڵخەڵەتاندنمان کە ئامانجیان لێکترازانی زمانی و کولتوورییە.

خوێندنەوە و لێک تێگەیشتنی راستی لە پێناسە و ئەرکی راستەقینەی زاراوە و زمان و بەرەودان بە خاڵە هاوبەشەکان و پشتگوێ خستنی جیاوازییەکان، دەبێتە هۆکاری گەشەکردنی زمانەکەمان.

دەبێ ئەوەش بزانین گرنگیدان بە زمانی پێوەر - هاوبەش لە پێناسەی نوێی نەتەوەییدا بە واتای توانەوەی و سڕینەوەی زاراوە و بن زاراوە و کولتووره خۆماڵی و ناوچەییەکان نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لەژێر چەتر و سێبەری زمانی یەکگرتروو و هاوبەشدا هەموو زاراوەکان پارێزراون، بە مەرجێک نەهێڵین هەست و سۆز جڵەوێ عەقڵ و بیرکردنەوەمان بگرنە دەست، چونکە گەر وا بین دوژمنیش دزە دەکاتە ناو زمان و کولتوورمان و دەبێتە ملۆزمێک بۆ باخی نەتەوە و بژارکردنی ئەستەمە.

بۆیە پێم وایە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی (دایکی) دەرفەتێکی گونجاو و لەبارە بۆ بەڕێوەربردنی چالاکی و رێکخستنی کۆڕ و کۆبووەوەی تایبەت بە زمان و دەرخستنی تواناکانی، بەڵام ئەوەش راستییەکە کە نابێ تەنیا جەخت لەسەر بۆنە تایبەتەکان بکەینەوە و تەنیا لەو کاتانەدا، بۆیە هەموو کاتێک کاتی خزمەکردنە بە زمان، چونکە دوژمن هەموو کات لە بۆسە دایە هەتا تیری خۆ بهاوێ، ئێمە دەبێ وریا بین و لە سەنگەری زانین و زانستەوە بەرپەرچی ئەو هێرشانە بدەینەوە و بە چاپکردنی بەرهەمی خۆماڵی و زیندووکردنەوە سەرچاوە و پاشخانە رەسەنەکان خەسڵەتە جوانەکان و دنیابینیی

هەمەلایەنی زمانی نەتەوەییمان بخەینەڕوو، چونکە ئێمە بە زمانەوە کوردین، بێ زمان بێ ناسنامەین، بۆیە زمان جەوهەری بوونمانە، با ئەم جەوهەرە بپارێزین.

---

## فەرەیدوون سامان: زمان کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی نەتەوەسازییە



**زنجیرە دووهەم**

**کاک "فەرەیدوون سامان" سەرۆکی رێکخراوی خانی بۆ لێکۆلینەوەی هزری . وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد**: زمان فەکتەری سەرەکی جیاوازیی نیوان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەرگۆی زەوییە کە دەتوانێت هەموو ئایدیا و خەونەکانی پێ تۆمار بکات و بە هۆیەوە لە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆی لە سەرەتای بوونییەوە تا ئێستا گەلێک گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن لەناو مرۆڤایەتی لە پانتا جیاوازەکانی پێناسەی زمان هاتووەتە گۆڕێ، ئێوە وەکوو کەسێکی چالاک لە بواری زمانی کوردی لە ساڵڕۆژی زمانی دایکی چۆن دەڕوانن زمان و پێناسەی ئەم چەمکە لە خوێندنەوەی ئێوە چۆنە؟

**فەرەیدوون سامان**: زمان کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی نەتەوەسازییە،هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەی لەدەست بدات،ئەوا بێگومان خەسڵەتی سەرەکی نەتەوە بوونی خۆی لەدەستداوە، نموونەش لەرۆژهەڵاتدا گەلانی رەسەنی ناوچەکە وەک فینیقی.بابلی،ئاشووورو کلدان،دواترلەباکووری ئافریقیا قیپتی و ئەمازیغیەکانن، با لە رابردووشدا خاوەنی شارستانییەت و

فەرهەنگی خۆیشیان بوون، وەک چۆن ئەمرۆش دەبینین سەبارەت بەداگیرکاری عەرەب و ئیسلام بۆ وڵاتی شام و عێراق و باکووری ئافریقا، وەلێ مخابن ئەورۆ وەکو ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کە زمانە، رەش بوونەوەتەوە، مەگەر لەسەر ئاستی چەند گرووپێکی بچووک نەبێت، لێرە و لەوێ کە تەنێ بۆقسەکردن نەبێت، ئیستا ئەم گرووپە ئیتنیکیانە لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستی عەرەبدا تواونەتەوە، با خاوەنی قەوارە ونیشتمانی خۆیشیان بن، ئەو نەتەوانە زمانەکەی خۆیان لەدەست داوە و رەش بوونەوە، تارادەیەک کوردیش هەمان چارەنووسی تراژیدی ئەو گەلانەی هەیە بەڵام بە کەمێک جیاوازتر،ئەویش ئەوەیە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆرییەکەی توانی زمانەکەی بپارێزێت، هەرچەند پتر لە ١٤٠٠ ساڵە نیشتمانەکەی داگیر و دابەشکراوە ،نەتەوەکەی پارچەپارچەکراوە، دەبینین تارادەیەکی زۆریش زمانەکەشی داگیرکراوە و بۆ چەند دیالەکتیک و بن دیالەکتیکی جیاواز دابەش بووە، هەرچەند ئێمە قوربانی جوگرافیای سرووشتی کوردستانین، داگیرکەران زۆر بە توندی زمانەکەیان لەبوارەکانی پەروەردەو فێرکردن لێ قەدەغە کردووین. بەڵام خۆشبەختانە چیاکان پشتوپەنامان بوون زمانەکەیان پاراستووین.دەبینین هەتا ئەورۆش دایکی کورد لەهەر بستێکی جوگرافیای پان و بەرینی زمانەکەمان، منداڵەکانی بە زمانی شیرینی کوردی گەورە دەکات.

**رۆژی کورد**: هەروەک دەزانن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لە زمانەکان لەبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زەبرووزەنگ و روانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە، یان لەناو چوون و یان رێگە و دەرەتانێکی وایان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان نەبووە، ئێوە وەکوو کەسێکی شارەزا لە زمانی کوردی کە هێشتا دەسەڵاتی داگیرکەر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی رێگە لە خوێندن و پەروەردە بەم زمانە و زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش گرتووە چۆن دەڕواننە ئەم بابەتە؟

**فەرەیدوون سامان**: بۆ من گرنگ نییە رۆژهەڵاتی بم، یان باشووری. من هەر بەشێکی کوردستان بە هی خۆم دەزانم، بەڵام رەوشەکە بۆ بەشەکانی باکوور و رۆژاوای کوردستانیش هەر سەخت بووە، ئێمە دەزانین لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ لەسەر دەستی ئەتاتورک، بە یاسا زمانی کوردی قەدەغەکراو، تەنانەت چەندان بەڵگەو دۆکۆمینت هەیە کە چۆن دەیان تاکی کورد لەسەر قسەکردن بە زمانی کوردی سزای ماڵی یان بەند کردن تەنانەت لە هەندێک حالەتدا بەڵگە هەن خەلک لەسەر بەکارهینانی زمانی کوردی کوژراون و سزای قورس دراون. هەڵبەت ئەمە بۆ رۆژهەلات و رۆژاوای کوردستانیش هەروابووە،تەنانەت لەسەردەمە جیاوازەکانی دەسەڵاتی رەگەزپەرستی عەرەبی عیراقیشدا زمانی کوردی دووچاری هەمان کارەسات بوو،لەمەسەلەی بە عەرەبکردنی بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا،بەتایبەتیش لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەک کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، مەخموور، شاروشارۆچکەکانی پارێزگای نەینەواو هەروەها کوت و عیمارەی فەیلینشین کە بەسەدان هەزار کوردی لێ بەعەرەب کراوەو بەزۆر کۆچبەرییان پێ کراوە..

**ڕۆژی کورد**: پێتان وایە لە ئاوا بارودۆخێک بە تایبەتی ئەرکی ئەو کەسانەی لە ناوخۆن و لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە پێوەندی دان چی و چۆن دەبێت بەرانبەر بە سەرەکیترین شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆییمان؟

**فەرەیدوون سامان**: "سەربارى هەبوونى دەسکەوتى گەورە بۆ زمانى کوردى بەتایبەت لە باشوورى کوردستاندا کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی عیراقدا لەلایەن پەرلەمانی ئەو وڵاتە بەفەرمی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی ناسێنرا، وێڕای هەبوونی دامودەزگاکانی پەروەردەو فێرکردنی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت لەهەندێ دەڤەری دەرەوەی هەرێمیش بە کوردی دەخوێنرێت، سەرباری هەبوونی دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکالی و ئاسمانی. دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنی زۆر، وەلێ مخابن هێشتا لەسەر ئاستی مێدیا و پەروەردەدا چەندان گرفتی زمانەوانیمان هەیە وەک گرفتەکانی جووت ستانداردی، فرە ڕێنووسی، هەبوونی وشەو زاراوەی بیانی نامۆ و نەگونجاو لەناو زمانیکوردیدا، کە بونیاتی زمانەکەمانی شێواندووە، یان بوونی دەیان تێکست و کتێبی وەرگێردراو لە زمان بیانییەکان بۆ زمانی کوردی کە بەداخەوە زۆربەی زۆریان بەسەقەتی وەرگێردراون و ڕەچاوی مەرجەکانی ئەفراندنی وەرگێرانیان بۆ نەکراوە، ئەمانە هەر هەموویان کاریگەری نەگەتیڤیان لەسەر گەشکردنی سرووشتی زمانی کوردی هەبووە.

ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریویری ٢٠١٦

## ئامانج عەزیزکەندی: رێگری لە زمانی دایکی، زوڵمێکی نا مرۆڤانەیە



**کاک "ئامانج عەزیزکەندی" نووسەر و شارەزا لە زمانی کوردی**

**زنجیرەی سێهەم**

**ڕۆژی کورد**: زمان فەکتەری سەرەکی جیاوازیی نیوان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەرگۆی زەوییە کە دەتوانێت هەموو ئایدیا و خەونەکانی پێ تۆمار بکات و بە هۆیەوە لە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆی لە سەرەتای بوونییەوە تا ئێستا گەلێک گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن لەناو مرۆڤایەتی لە پانتا جیاوازەکانی پێناسەی زمان هاتووەتە گۆڕێ، ئێوە وەکوو کەسێکی چالاک لە بواری زمانی کوردی لە ساڵڕۆژی زمانی دایکی چۆن دەڕوانن زمان و پێناسەی ئەم چەمکە لە خوێندنەوەی ئێوە چۆنە؟

**ئامانج عەزیزکەندی**: لە ڕوانگەی منەوە زمان بنەمای سەرەتایی و سەرەکی پێکهێنەری کەسایەتی و شوناسی مرۆڤە. ئێمە لە زمانی دایکمانەوە چاکە و خراپە و بوون و نەبوون و ڕەنگ و دەنگ و خۆش و ناخۆش، واتا هەرچی هەیە لەم گەردوونەدا، فێری دەبین و دەیناسین. مناڵ لە زگی دایکیدا ئاشنا دەبێ بە دەنگ و ئاواکانی دایکی و هەر لە سەرەتای بوونیەوە دەیان ناسێتەوە. کە لە دایکیش بوو کەسانی دەور و بەری کە بە هەمان شێوەزار دەدوێن، کۆد و ڕەمز و شێوە و بەرزی و نزمیەکانی ئەوەندە بە وردی فێر دەبێ کە بە گۆڕینی دەنگێکی بچووک تێدەگا، ئاماژەکانی دەناستەوە و دەیان شتی دەروونی و رەفتارناسانەی تر. بۆیە ئەو هەست و سۆز و دەربڕینەی کە بە زمانی دایک نیشان دەدرێ و دەردەبڕدرێ، بە هیچ زمانێکی تر مرۆڤ ناتوانێ ئەوانە دەربڕێ. ئەوە سەرەڕای ئەوەیە، کە هەر زمانەی خاوەنی فەرهەنگ و کولتوور و داب

و نەریتی تایبەت بە خۆیەتی، کە وەک سەرمایەی مەزن و ڕەنگاڵەی مرۆڤایەتی دەبێ پێناسە بکرێ. زمان گرێدراویەکی زۆر قووڵ و بنەڕەتی هەیە بە دەروون و کەسایەتی و شوناس و بایەخەکانی تاک و کۆی کۆمەڵگاوە. پاراستن و پاکژ کردنەوە و زەنگین کردن و نوێ کردنەوەی ئەرکێکی گرنگی دەسەڵات و ڕێخرا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگایە و لە ڕیزی یەکەمیاندا پەروەردە بە زمانی دایک مافێکی بنەمایی مرۆڤە.

**ڕۆژی کورد**: هەروەک دەزانن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لە زمانەکان لەبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زەبرووزەنگ و روانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە، یان لەناو چوون و یان ڕێگە و دەرەتانێکی وایان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان نەبووە، ئێوە وەکوو کەسێکی رۆژهەڵاتی کە هێشتا دەسەڵاتی داگیرکەر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ڕێگە لە خوێندن و پەروەردە بەم زمانە و زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش گرتووە چۆن دەڕواننە ئەم بابەتە؟

**ئامانج عەزیزکەندی**: وەک دەبینین ساڵی ٢٠٠٠ مرۆڤایەتی هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو سەرمایە گرینگ و بنەڕەتیەی خۆی بپارێزێ و رۆژێکی دانا بۆ زمانی دایک. بەداخەوە زۆرێک لە زمانەکانی دیتری دەسەڵات، بە هۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و بەتایبەتی ناسیۆنالیستەکان، لە دوو سەدەی ڕابردوو دا پامال کران و هەوڵی سڕینەوەیان درا و بێ بایەخ نیشان دران و یاخود قەدەغە کران. ئێمەی کوردیش بەر ئەو شاڵاو و تاوانانە کەوتووین و زمانی کوردی زەربەی گورچوو بڕی وێ کەوتووە. لەو هەلومەرجانە دا کە زمانی دەسەڵات لە وڵاتێکی وەک ئێران دەبێتە زمانی باڵا و بە موقەدەس دەکرێ، هەموو ئەو خەڵک و نەتەوانەی بە زمانی تر دەدوێن دەکەونە پەراوێزەوە. پەروەردە و ئیدارە و بەڵگەنامە و کتێب و ڕادیۆ و تیڤی و هەرچی بیسیاری و نووسیاری و دیداریە دەبێتە زمانی دەسەڵات. ئەوە هەمان شتە کە زماننـاس ڕابێرت فلیپسن پێی دەڵێ: ئیمپریالیسمی زمان. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو کۆمەڵگایانەی زمانی دایکییان زمانی باڵای دەسەڵات نیە و دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئیپریالیسمی زمانەوە، وردە وردە دەپووکێنەوە و لە درێژماوەدا لەلای خودی خاوەنانی ئەو زمانانەشەوە باوەڕ بەوە دێنن، کە زمانەکەی ئەوان کەمی هەیە و هێندێک جار خۆ بەکەم زانین، تەنانەت لە ناو رۆشنبیران و پێشڕەوانی خەباتی رزگاریخوازی ئەو گەلانەشدا، دەبێتە شتێکی ئاسایی و دەروونی، زوڵمی زمانی جینایەتێکی گەورە و قەرەبوو نەکراوەیە.

**ڕۆژی کورد**: پێتان وایە لە ئاوا بارودۆخێک بە تایبەتی ئەرکی ئەو کەسانەی لە ناوخۆن و لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە پێوەندی دان چی و چۆن دەبێت بەرانبەر بە سەرەکیترین شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆییمان؟

**ئامانج عەزیزکەندی**: بە وتەی زۆرێک لە زمانناسە گەورەکان، هیچ زمانێک گەورەتر و دەوڵەمەندتر نیە لە ویتر، بەڵکە ئاستی خزمەتکردن و پاراستن و دەوڵەمەندکردن و ڕۆژەڤ کردنەوەیەتی، کە زمانێک بەرز دەکاتەوە و دەیکاتە سەرچاوە.

هەرچەند مرۆڤەکانی دونیا هاوکات لە گەڵ پاراستنی زمانی دایکیی، پێویستیان بە زمانی پەیوەندی و لێک تێگەیشتن لە یەکتر هەیە هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهانیدا. بەڵام گرینگی زمانی دایک لەوەدایە، کە مرۆڤ بەو زمانە بیر دەکاتەوە، خەون دەبینێ، گۆرانی پێدەڵێ چاکتر لە هەر زمانێکیتر هەستە نەوتراوەکانی خۆی پێ دەردەبڕێ و ئەوپەڕی چێژی لێ وەردەگرێ. ئێمە لێرە دایک و گوند و شار و نیشتیمانمان لە گەڵ خۆمان هێناوە، تەنیا زمانمان لە گەڵ خۆمان هێناوە، زمان دیاری دەکا نیشتمانی تۆ کوێیە. هەرچەند زمانی کوردی لە خۆرهەڵاتی سەدان ساڵە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی زمانی دەسەڵاتی ئێران دایە، خۆشبەختانە لەو مەترسیە تێپەڕیوە کە تەنانەت وەک باکوری وڵات، بسڕدرێتەوە. پاراستی زمان و بە پەروەردەیی کردنی، ئەرکی دەسەڵات و ڕێکخەرانی یاسای بنەرەتی وڵاتە. ڕۆشنبیران و نوسەران و شاعیران و هونەرمەندان و چالاکانی بوارە جۆرا و جۆرەکان، لە وەها هەل و مەرجێکدا هەر ئەوەندەیان لە دەست دێ کە کردوویانە و دڵسۆزانە و شێلگیرانەش دەیکەن. ئەوەی کە دەسەڵات ڕێگرە و ناهێڵێ بە زمانی دایک، پەروەردە هەبێ، زوڵمێکی نا مرۆڤانەیە، کە لە گەلی کورد و هەموو گەلانی هاوچارەنووسی دەکرێ.

ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریویری ٢٠١٦

---

## شەرمی لێ بکەین




**کاک دوکتور هیوا شەمس بورهان. مامۆستای زانکۆ لە فەڕەنسا و نووسەر و وەرگێر**

**زنجیرەی چوارەم**

**ڕۆژی کورد**: زمان فەکتەری سەرەکیی جیاوازیی نێوان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەرگۆی زەوییە کە دەتوانێت هەموو ئایدیا

و خەونەکانی پێ تۆمار بکات و بە هۆیەوە لە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆی لە سەرەتای بوونییەوە تا ئێستا گەلێک گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن لەناو مرۆڤایەتی لە پانتا جیاوازەکانی پێناسەی زمان هاتووەتە گۆڕێ، ئێوە وەکوو کەسێکی چالاک لە بواری زمانی کوردی لە ساڵرۆژی زمانی دایکی چۆن دەڕواننە زمان و پێناسەی ئەم چەمکە لە خوێندنەوەی ئێوە چۆنە؟

**هیوا شەمس بورهان**: مرۆڤ لە هەر کوێ لە دایک بێ و بژی دوو فەکتەری زۆر گەورە پێناس و کەسایەتییەکەی پێک دێنن:

١- زمانی دایکی ٢- دین و ئایین، تەنانەت ئەگەر لە داهاتووشدا مرۆڤێکی دیندار نەبێ. ئەوە شتێکە لە کتێبی "پێناسەکانی پیاوکوژ"دا زۆر بە وردی شی کراوەتەوە و قسەی خۆم نییە. بەڵام بەڕاستی بڕوام پێی هەیە چونکە کە لە خۆم وەک مرۆڤێکی کورد دەڕوانم، ئەگەرچی خاوەن وڵاتی خۆمان نین، چ ئەودەم لە ڕۆژهەڵات دەژیام و چ ئێستا لە ڕۆژئاوا دەژیم، زمانی کوردی بە سەرەکیترین لایەنی کەسایەتی خۆم دەزانم. چونکە پرسیارەکە لە بابەت زماندایە ناچمە سەر خاڵی دووهەم و باسی ئایین ناکەم هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر مرۆڤێک باوەڕداریش نەبێ، چونکە ئایین چۆتە نێو ناو و دابونەریتەکان و تەنانەت ڕۆژەکانی پشووانی کۆمەڵگا، هەم زۆر زەحمەتە بتوانی لە خەڵکی بستێنی، هەم کارێکی بێهوودەیە.

لەوەی سەر بە زمانی دایکییە توێژەرەکان سەلماندوویانە: منداڵێک کە بە زمانی دایکی خۆی دەرفەتی خوێندن و تێگەییشتن لە دنیای هەبێ، لە دواڕۆژدا مێشکی چاکتر دەکرێتەوە و هێزی حاڵی بوون و لێکدانەوەی لە بابەتەکان بەرزترە. بۆیە ئەمڕۆکە لە تەڤ دنیادا بایەخ و بەهایەکی زۆر دەدەن بە زمانی دایکیی کەمینەکان، تەنانەت لە وڵاتانێک کە زمانەکەیان لە دنیایی ترین زمانەکانە وەک ئینگلیزی، فەڕەنسی و ئەڵمانی. هەموو دەوڵەتەکانی مۆدێرن تێگەییشتوون بێبەش کردنی مرۆڤەکان لەو مافە مرۆڤ تووشی کێشەکانی پێناسی و دەروونی دەکا و بێگومان مرۆڤی نەخۆش و پڕ خەتەر بۆ کۆمەلگا پێک دێنێ. مرۆڤێک کە خۆی باشتر ناسیوە و دەگەڵ پێناسی خۆی کێشەی نییە باشتر دەگەڵ پێناسەکانی تریش هەڵس و کەوت دەکا.

**ڕۆژی کورد**: هەروەک دەزانن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لە زمانەکان لەبەر دەسەڵاتی زۆردار و روانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە، یان لەناو چوون و یان رێگە و دەرەتانێکی وایان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان نەبووە، ئێوە وەکوو کوردێکی رۆژهەڵاتی کە هێشتاش لە ئێران مافی خوێندن و پەروەردە بە کوردی و زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش نەدراوە، چۆن دەڕواننە ئەم بابەتە؟

**هیوا شەمس بورهان**: ئەم مافەی باسی دەکەن تا زیادتر خۆی لێ گێل کرێ خەتەر و ئەنجامە مەترسیدارەکانی پترە. وەکی گوتم ئەوە شتێکە بە زانست کۆمەڵێک دەروونناس و کۆمەڵناس و توێژەر لێیان کۆڵیوەتەوە و تێگەییشتوون ئەمە مافێکی بەرزی مرۆییە. لە بواری سیاسەتیشدا ئەم مافە درەنگ یان زوو دەبێ بدرێ. سیاسییەکانی ڕۆژئاوا زووتر لەو شتە تێگەییشتن چونکە گەلانی مۆدێرن دەزانن مرۆڤ پەیڕەوی زانستە نەک زانست دەسکردی مرۆڤ! ئێستا لە بریتانیا کە زمانی نەتەوەکەی ئینگلیزییە و زمانی دەربڕینی زانستە لە گشت تۆپی زەویدا لە وێلز هەم بە ئینگلیزی شت دەنووسرێ هەم بە وێلزی. ئەگەر زۆریش لێک نێزیک بن چونکە مرۆڤی وێلزی پێی خۆشە بەشێک لە پێناسەکەی لە دار و دیواری وڵاتەکەیدا ببینێ ئەوە مافی خۆیەتی. کانادا هەروا، بەلژیک هەروا، تەنانەت فەڕانسە کە ٥٠ ساڵ پێشتر بە زمانی برۆتۆنی و کەمینەکانی دیکە پێدەکەنین ئێستا وای لێهاتووە لە دوورگەی کۆرس پارلەمانتەر مەجبوور نییە بە فەڕەنسی گوتاری خۆی پێشکەش کا، فەڕانسەیەک کە زێدی بیرۆکەی "یەک نەتەوە، یەک زمان" بووە. ئێران و گەلی فارسیش ناتوانن لەو مافە ڕەوایە خۆ ببوێرن و بە بیانووی ئەمنی و یەکگرتوویی وڵات ئەو حەقە ڕەچاو نەکەن. سەدەی ٢١ ە و دنیا زۆر چکۆڵەترە لەو قسانە کەسانێک بیانەوێ گەلێک بە گێل بزانن. هەر ئەوەندەی منداڵێکی فارس مافی هەیە لە خوێندنەوەی شێعرێکی حافزی شیرازی چێژ وەرگرێ هەر ئەوەندەش منداڵێکی کورد مافی هەیە لە خوێندنەوەی شێعری حەزرەتی نالی و حاجی قادر و هێمن لەززەت بەرێ. کاتێک کورد لە ئێران دەگەڵ گەلانی تر دەژی، باج و ماڵیات دەدا، کوڕی دەنێرێتە سەربازی و هەموو بەشدارییەک لە گەشە کردنی ئەم وڵاتەدا دەکا، بۆ نابێ مافی خوێندنی بە زمانی خۆی هەبێ؟ مادام ئەوە شتێکە لە ماددەی ١٥ی دەستووری ئێراندا هاتووە، دیارە ئەو مافە دەبێ وەدی بێ. نەک بۆ کورد بۆ هەموو کەمینەکانی ئێران. منداڵێکی تورک ڕەچاو کەن کە شەو و ڕۆژ بە تورکی دەگەڵ ئاقاری خۆی دەدوێ بەڵام کە دەیەوێ بچێتە زانکۆ دەبێ بە زمانێک تاقی کرێتەوە کە بەڕاستی لە فارسی دوورە، ئینجا ئەو کێبەرکێیە ناعادڵانەیە. نەک تەنیا دنیای ڕۆژئاوا بەڵکوو لە زۆر شوێنی دیکەش لەم ماف و ڕەنگاوڕەنگییە تێگەییشتوون و ڕێزی لێدەگرن، بڕۆن سەیری پارەی هیندووستان کەن، بە پانزە زمان لەسەری نووسراوە، چین هەروەتر. تەنیا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆو بابەتە لە پاشە، ئەنجامەکەشی تەمەشا کەن، لە نێو خوێن و ئاگردایە!

**ڕۆژی کورد**: پێتان وایە لە ئاوا بارودۆخێک بە تایبەتی ئەرکی ئەو کەسانەی لە ناوخۆن و لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە پێوەندی دان چی و چۆن دەبێت بەرانبەر بە سەرەکیترین شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆییمان؟

**هیوا شەمس بورهان**: ئەرکیان ئەوەیە لەو شوناسە شەرم نەکەن، هیچ ڕەنگێکی مرۆڤایەتی نابێ شەرمی لێ کرێ، ئەوەی عەیب و شوورەییە نامرۆڤایەتییە. دەبێ لەسەر مافی ڕەوای خۆیان سوور بن، بایەخ بدەن بە زمانی دایکییان. ئەگەر بۆ خۆیان دەرفەت و ئیمکانی خوێندنیان نەبووە تێ بکۆشن ئەو مافە بۆ منداڵەکانیان مسۆگەر بکەن. کتێبی کوردی بخوێننەوە، تێ بکۆشن لە زاراوەکانی دیکەی کوردیش تێ بگەن، کوردییەکی پاراو و دوور لە دەمارگرژی فێر بن. بایەخ بدەن بەو

کەسانەی بۆ زمان و داب و نەریتی کوردی تێدەکۆشن، هەر بە قسە نەبێ بەڵکوو بەڕاستی وا بکەن کە تیکۆشەرانی ئەو بوارە هەست بە دڵساردی نەکەن.

من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەوەندەی نەیارانی گەل و زمانەکەمان ئێمەی لەبەر چاو سووک بووە هەر ئەوەندەش بۆ خۆمان دەگەڵ زمان و ئەدەبیاتمان بێ منەت و کەترەخەم بووین و هێشتاش کەم تا کورت هەین. ئەو قسانەی کردمن نەک هەر کورد لەناوخۆی وڵات بەڵکوو لە هەندەرانیش دەگریتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. ئەوانیش لەسەریانە بە پێی توانا لە ناساندن وگەشاندنی زمانمان بەشدار بن. ئاوایە کە دەتوانین جێگە و پێگەیەکی دنیایی بۆ زمانمان پێک بێنین، چونکە کەم نییە کاتێ لە ٤٠ میلیۆن مرۆڤ دەپرسی زمانت چییە بڵێ کوردییە. لە بیرمان نەچێتەوە گەورەیی و ڕێزی زمانی دایکیمان یەکەمجار دەبێ دە نێو خۆماندا سەقامگیر بێ. دوای سوپاس بۆ پرسیارەکان و بەسەر کردنەوەم وەک هەمیشە قسەی خۆم سەبارەت بە زمانی کوردی بەم پارچە شێعرەی حاجی قادری کۆیی دوایی دێنم:

وەکوو جۆلایێ کە ڕازی نەبێ بە سەردڕی خۆی
مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا
بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ
لە بێتەعەسسوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها.

ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریویری ٢٠١٦

# عەبدوڵا عەلیدوست: فەلسەفە لە ڕێی زمانەوە گەشە دەکات



**کاک عەبدوڵا عەلیدوست، خوێندکاری دوکتورا لە بواری فەلسەفەی سیاسی و فەلسەفەی کۆمەڵناسییە لە وڵاتی ئاڵمان**

**زنجیرەی پێنجەم**

**ڕۆژی کورد**: سەربووردە و ڕەچەڵەکی باسە زمانەوانی و زماننـاسییەکان بۆ کەی و کوێ دەگەڕێتەوە و پێگەی لە جیهانی فەلسەفەی مۆدێڕن بەملاوە چییە؟

**عەبدوڵا عەلییدوست**: با هەر لە سەرەتاوە بە کورتی ئاماژەیەک بە ژانرِی فەلسەفەی زمان یاخۆ ڕێزمان بکەین تا بزانین کە لە ژێر چەتری ژانرِی ناوبراودا چ چالاکییەکی فەلسەفی و چ شیکاریەک بەڕێوە دەچێت. فەلسەفەی زمان سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەک، گەشە، واتا، مانا و ئەرکی بنەڕەتی زمانە. دواتر لەو بەستێنەدا پەیوەندی نێوان زمان و حەقیقەت و زمان و هزر، یاخۆ زمان و هەست بە ئاگاهی خۆ دەورێکی سەرەکی دەگێڕن. بەڵام فەلسەفەی زمان بە هەمان شێوە ئاوڕ لە لۆژیکی شیکاری ستراکتەر و پێکهاتەی زمان و فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجی دەداتەوە، بە تایبەت لێرەدا زمان بۆ ناسینی ستروشتی مرۆڤ بایەخێکی گەورەی پێدەدرێت. ئەگەرچی فەلسەفە لە سەدەی بیستدا بە تەواویی و بە تێروتەسەلی فەلسەفەی زمان دەکاتە باس و تەوەرێکی گەورە، بەڵام هەر لە یونانی باستان و کۆنەوە زمان لە فەلسەفەدا دەورێکی بەرچاوی هەبووە. چونکە زمان گەورەترین و سەرەکیترین کەرەسە و مێدیۆمی خودی فەلسەفەیە، بیر تەنیا لە زماندا و بە زمانەوە بە ئاکام دەگات، دواتر ئێمە تەنیا بە زمان لە سەر خودی زمانیش بیر دەکەینەوە و گەشە و ئاڵوگۆر لە زماندا

پێکدێنین. ئەگەرچی بیرمەندانی پێش سەردەمی سۆقراتیش (هێراکلیت و پارمێنیدیس) بایەخ بە ڕۆڵی زمان دەدەن، بەڵام یەکەم فیلسوفەکان "ئەفلاتون" و "ئاریستۆن" کە تایبەتمەندی زمان تیۆریزە دەکەن. ئەفلاتوون بە ڕوانگەیەکی مێتافیزیکییەوە لەو بڕوایەدایە کە ئێمە دەتوانین بە ئایدیاوە ستراکتەری بنەڕەتی هەموو "هەبووەکان" بخوێنینەوە و پێیان بگەین، بەڵام ئاریستۆ زیاتر بیرێکی ڕیالیستی هەیە و دەڵێت نەک ئایدیا (پێشبینی) بەڵکە ستراکتەری هەموو "هەبووەکان" لە خودی هەبووەکاندایە، ئەوە ئەو تایبەتمەندییە بەرچاوەیە کە ئاوێتەی زمان دەبێت و کاریگەری لە سەر داهێنان لە زماندا دادەنێت. دیارە بیرەکانی ئاریستۆ تا چەرخی ناوەندیش ڕەنگدانەوە و کاریگەری بەرچاویان لە فەلسەفەدا دەبێت. لە چەرخی ناوەندا "تۆماس فۆن ئێرفۆرت" بانگەشەی تێزەیەکی تازەی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە زمان دەکات. ناوبراو دەڵێت: گەردوون ناتوانێت لە ناخی خۆیەوە خاوەن نەزمێکی نەگۆڕ بێت کە ئێمەی مرۆڤ بە ناخی بگەین.

مرۆڤ تەنیا لەو پێکهاتە و ستراکتەر دەگات کە خۆی بۆ گەردوونی دروست دەکات و دایدەهێنێت. ئەم تێزە فەلسەفەی زمان بە تەواوی دەگۆڕێت، چونکە ئەگەر گەردوون خاوەن نەزمێکی نەگۆڕ نەبێت وئەگەر زمان کەرەسەیەکی دەرەوەی گەردوون بێت، ئەوە دەبێت ئەو دوو کاتەگۆرییە جیاواز لە یەک بیربکرێنەوە. واتە ئێمە بۆ تێگەیشتن لە نەزمی گەردوون وادار بە داهێنانی زمان دەکرێین، تا لە پلەی دووەمدا بەو کەرەسە لە پێکهاتەی گەردوون بگەین. بەڵام شۆڕشێکی تازەی فیکری سەبارەت بە زمان لە چەرخی تازەدا ڕوو دەدات، لە چەرخی ناوەندا هێشتا ئاوڕ لە مێشکی تاک و پەیوەندی تاک لە گەڵ گەردووندا نەدرابووەوە. بۆ ئەم هەنگاوە پێویستە بە لۆکالی و ناوچەیی بۆ تایبەتمەندی مێشک بڕواندرێت، لێرەدەدا فەلسەفەی "ڕێنێ دێکا" سەبارەت بە زانست و مێشکی مرۆڤ گەورەترین گۆڕانکاری دەهێنێتە گۆڕێوە. بۆ "دێکا" ڕوونە کە ئێمە بۆ هەڵسانگاندن و تێگەیشتنی هەموو پەیوەندییەکانی ڕووی دەرەوەی گەردوون لە گەڵ مەترسی فریووخواردندا ڕووبەڕووین. تەنیا بە بۆنەی پرۆسەیەکی بیرکردنەوەوە لە مێشکدا کە بەردەوام لە گەڵ گوماندا ڕووبەڕوومان دەکاتەوە دەتوانین بە ڕێژەیەکی تایبەت بە ئەرخەیانی و زانیاری مسۆگەر بگەین. کەوایە ئەوە تەنیا هزر و مێشکە کە گومانمان لە سەر هەبوونی نییە، جا ئەو تێزە لە ڕستەیەکی ناوداردا فۆرموولە دەکرێت: "من بیر دەکەمەوە، کەوایە هەم". پاش "دێکا" بیرمەندێکی دیکە بە ناوی "جان لاک" درێژەی بەو تیۆرییە دەدات، بەڵام ڕەخنەیەکی زۆر کاریگەر لە ڕوانگەکانی "دێکا" دەگرێت، "جان لاک" بە دروستی نازانێت کە لەو بڕوایەدا بین تەنیا بە خودی مێشک و عەقڵەوە هەبوونی مێشک و عەقڵ بسەلمێنین، بەڵکە مرۆڤ پێویستی بە هەست و هەستی بۆ گەردوون هەیە تا بە زانیاری بێگەرد بگات. بە پێی ئەم ڕوانگە یەکە بە یەکی هەستەکانمان لە پەیوەند لە گەڵ گەردووندا دەبنە بنەمای بە دەستهێنانی زانیاری هەرچی زیاتر. ئا لەم بەستێنەوە ئەوەندە بۆ ناو و هەبوون و شتومەک ناڕواندرێت، لێرەوە ئەو پرسیارەیە کە گەردوون چۆن پێکهاتووە پشتگوێ دەخرێت، بەڵکە زیاتر ئەو دیاردە بایەخی پێدەدرێت کە من خۆم چۆن گەردوون دەبینم و چ هەستێک ئاوێتەی ئەو شێوە بینینەم دەکەم، دواتر چۆن و بە چ زمانێک هەواڵ لەو بەسەرهاتە دەدەم، چۆن لەو هەستەم دەدوێم. لێرەدا زمان دەبێتە کەرەسەیەک بۆ باسکردن لە هەست و عەقڵ و ئاوێتەییەک لە هەردووکیان و هەواڵدان و ڕاگەیاندنی ئەو شێوە هەست و

بینینە بۆ کەسی دەرەوە لە خۆ. دواتر ئەم تیۆرییەی "جان لاک" بە ناوی فەلسەفەی ئاگایی لە خۆ ناو دەبرێت، ئەگەرچی شتوومەک هێشتا لە لای "لاک" هەر دەور دەگێڕێت، بەڵام هەست و هەواڵی ناخی هەر تاکێک وەک "سەبجەکت" دەبێتە بنەمای فەلسەفەی زمان. لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا کۆمەڵێک بیرمەندی دیکەی ناودار هەن کە ئاوڕ لە پرسی ناوبراو دەدەنەوە. بۆ وێنە "ئیمانوێل کانت"، بۆ کانت شەفافە کە بە ناخ گەیشتن و دەرک پێکردن بە ستراکتەرەوە بەندە، بەڵام ستراکتەرەکە لە خودی مرۆڤ و تاکدایە، نەک تەنیا هەستەکان، بەڵکە تێکهەڵچووی هەست و فام لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دونیادا بە ناسیین و زانیینمان دەگەیێنێت، بەڵام "کانت" لەو بەستێنەدا هیچ باس لە زمان ناکات، هەربۆیە بیرمەندانی وەک "یۆهان گێئۆرگ هامان و یۆهان گۆتفرید هێردەر" بێدەنگ نامێننەوە و کاکڵی بیرەکانی "کانت" بە زمانەوە گرێ دەدەن و دەڵێن ئەو ستراکتەرەی کە "کانت" لە تاکدا بەدی دەکات، لە ڕاستییدا ستراکتەری خودی زمانە. ئەم دوو بیرمەندە دەڵێن تەنیا زمانە کە پەیوەندی مرۆڤ لە گەڵ گەردووندا دروست دەکات، جا ئەم تێزە دەبێتە بنەما و هێڵی فیکری فەلسەفەی زمانی سەردەمی مۆدێرن. لە سەدەی بیستدا سێ دانە شاخەی فەلسەفی گەورەترین کاریگەرییان هەیە و هەرسێ شاخەکەش تایبەتمەندی زمان دەخەنە مەڵبەندی فەلسەفەوە. بۆ وێنە "گۆتلۆب فرێگە" و بازنەی بیرمەندانی شاری ڤیەنا و "فێردیناند ساوسوڕە". ئەم سێ ڕوانگە زمان دەکەنە بنەمای هەموو پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە گەڵ گەردووندا. واتە لێرەدا تەنیا کۆک بوون لە سەر ڕۆڵی زمانە کە ئەو سێ ساخە فەلسەفییە لە یەک نزیک دەکاتەوە. فەلسەفەی ئەنالیزی زمان، فەلسەفەی هێرمۆنۆیتیک و فەلسەفەی ستروکتورالیزمی فێنۆمێنۆلۆجی بەو خاڵە دەگەن کە پێویستە زمان بخرێتە مەڵبەندی هەموو هزر و بیرێکی فەلسەفییەوە، چونکە ئەوە تەنیا زمانە کە تێیدا فەلسەفە گەشە دەکات، ئەوە زمانە کە سەرەتا و بنەڕەتی داهێنانی فیکر و فەلسەفە و هزرە، ئەوە زمانە کە فەلسەفە دەیکاتە بنەمای خودی ڕەخنەی فەلسەفە، تەنانەت ئەو تێزە ڕادیکاڵەش هەیە کە تەواوی فەلسەفە تەنیا ڕەخنەی زمان بێت. ئەگەرچی نە "هایدیگەر" وە نە "گێدامە" ئەم تێزە ڕادیکاڵە بەو ڕادیکاڵییەی وەردەگرن، بەڵام فەلسەفەکەی ئەوانیش بە هەمان شێوە لە ژێر کاریگەری بەرچاوی زمان و فەلسەفەی زماندایە. من پێم وایە لێرەدا توانیبێتم بە گەشتێکی خێرا و سەرەپێیی بە سەر مێژووی ئەو ژانرە فەلسەفییەدا وەڵامی پرسیارەکەتانم دابێتەوە.

**ڕۆژی کورد**: پەیوەندی زمان و حەقیقەت واتە "ڕاستی" چۆناوچۆنە لە فەلسەفەدا و باسە گرینگ و تێزە تەوەرییەکان کامانەن؟

**عەبدوڵا عەلییدوست**: ئەگەرچی لە وەڵامی پرسیاری پێشووتردا ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەم پرسیارە دراوە، بەڵام لێرەدا دەچمە سەر کۆمەڵێک وتەی هەندێک بیرمەندی سەردەمی تازە کە پێشتر بە بۆنەی جێگاوە کەمیان هێنا و ناونەبران. بۆ وێنە "ئادۆرنۆ" وتەیەکی زۆر جوانی هەیە کە دەڵێت: فەلسەفە بریتییە لە ووتن و بەیانکردنی ئەو پەیامەی کە لە ڕاستییدا وتن و دەربڕینی ئەستەمە. بۆ "ویتگنشتاین" سنورەکانی زمان سنورەکانی دونیا دەستنیشان دەکەن، واتە هەر شتێک

و هەر پەیامێک کە بەیان نەکرێت ئەوە هەبوونی نییە. دونیا هەموو حاڵەت و بەسەرهاتەکانە، تەنیا مانەوەی فاکتەکان حەقیقەت دەخەنە ڕوو. دواتر ئێمە بۆ خۆمان وێنەیەک لە ڕاستییەکان هەڵدەگرینەوە، ئەو وێنانە هەموو هەبووەکانی دونیا پێناسە دەکەن، ئەوکات تەنیا فیکر و ئەندێشەیە کە دەبێتە لۆژیکی وێنەی فاکتەکان. لە کۆتاییدا تەنیا ئایدەنتی و هوویەتی دونیا و فیکرە کە دەبێتە جەوهەری حەقیقەت. تەنیا ڕستەکان واتا بە دەستەوە دەدەن، هەر فیکرێک بۆ خۆی ڕستەیەکی واتادارە، هەربۆیە "ویتگێنشتاین" لە تیۆری "ئمیجیدا: هاوشێوە" بە زمان پەیوەندیەکی نێوان دونیا و فیکر دروست دەکات، واتە هەم دونیا وە هەم فیکر یەک شێوە ستراکتەریان هەیە، هەر شت و هەر پەیامێک بەیان بکرێت ئەوە بە شەفافیش بەیان دەکرێت و هەر پەیامێک کە بەیان نەکرێت ئەوە پێویستە کە لەو پرسەدا بێدەنگ بمێنینەوە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە نە فەلسەفە، نە ئایین و نە ئەفسانە دەتوانن ڕستەی واتابەخش دابڕێژن. هەر ڕستەیەک مۆدێلێکە لە دونیا، بەڵام دونیایەک کە لە کۆبەندی یەک دونیا فاکت و حاڵەتەوە دەبێتە دونیا. بۆ "هایدگەر" پرسیاری "فەلسەفە چییە؟" و "بیر و فیکر چییە؟" پرسیارە سەرەکییەکانن، ئاکامی ئەم پرسیارانە دەچێتە چوارچێوەی پرسیاری سەبارەت بە ماهییەت، واتە "هایدەگەر" لە سەر بنەمای ئۆنتۆلۆجی بۆ هەبوونی هەموو هەبووەکان دەڕوانێت. بەڵام زانستەکان بە گشتی زیاتر بۆ ئەرک و ئەرک بەجێهێنان دەڕوانن و زیاتر پرسیاری وەک چۆن ئەو ئەرکە بە ئاکام دەگات دەخەنە مەڵبەندی پیشەکەیانەوە. بە واتایەکی دیکە، زانستەکان فیکر ناکەنەوە، بەڵکوو زیاتر حیساب و ڕێژە و ڕێژەکاری دەکەن. بۆ "هایدگەر" هەبوون بریتیە لەوەی کە مرۆڤ فیکری لێدەکاتەوە، ئەو هەبوونە مێژووی ڕابردووی مرۆڤە، واتە ئەو هەبوونە هەر زووتر و پێشتر دەستبەر کراوە. واوەتر زمان بە دەستەواژەی دیاریکراو و جێکەوتوو و بە هۆی گرامەرێکی نەگۆڕەوە دەسەڵاتی بە سەرماندا هەیە. هەر وشەیەک پەنجە بۆ وشەیەکی دیکە ڕادەکێشێت و هەر وشەیەک بە وشەیەکی دیکەوە بەندە و لەو ڕێگاوە ئازادی ئەو هەڵبژاردنە لە منی مرۆڤ زەوت کراوە. لە سەرئەنجامدا بەستێنە و گرامەر پرسیاری سەبارەت بە هەبوون ئەبڕنەوە. هەربۆیە "هایدگەر" بەدوا کەرەسەیەکدا وێڵە کە بە سەر زمان و ڕێزماندا باز بدات، واتە خۆ ئەوە ڕووداوێکە  کە من بە بیرکردنەوە وادار دەکات، بەڵام بیرکردنەوە بیرکردنەوەیەکە بۆ تێپەڕ بوون لەم دۆخ بۆ دۆخێکی دیکە و بۆ سەرەتایەکی دیکە، تا بیرە سەرەتاییەکە بیرێکی جیاواز لە خۆی وەدۆزێت. "ویتگنشتاین" لێرەدا زۆر ڕاشکاوانەتر سەبارەت بۆ زمان و سنوری دەسەڵاتەکانی زمان دەڕوانێت. بۆ ناوبراو ئەوە لۆژیکە کە دونیا پێناسە دەکات، واتە سنورەکانی لۆژیک سنورەکانی دونیا دیاری دەکەن. بەڵام ئەو سەبجەکتی خاوەن بیرە کە ڕستەی واتابەخش دادەڕێژێت سەر بە دونیا نییە. خودی تاک سنورێکە، چونکە خۆ چاو خودی خۆی نابینێت، کەوایە مانای دونیا دەبێت لە دەرەوەی خودی دونیا بدۆزرێتەوە، لە بەر ئەوەی لە دونیادا مانا و بەها نییە. "ویتگنشتاین" هەنگاوێکی گەورەتر هەڵدەگرێت و دەڵێت کە تەنانەت لە ئیخلاق و ستاتیکیشدا ڕستەی واتابەخش نین، بەڵکە زمانی هەردوو ژانرەکە تەنیا بێدەنگییە، ڕستەی واتابەخش تەنیا لە ڕووی پرسیاری "چۆنەوە" دێتە گۆڕێوە و ئەو پرسیارەش تەنیا سەبارەت بە "مێشانیکی" دونیا دارشتنی بە سەمەر بە دەستەوە دەدات. بە سەر ئەوەشدا پرسیاری "چۆن" سەبارەت بە هەبوویەکی ئەبەدیی و دایمیی بێواتا دەمێنێتەوە، چونکە پەروەردگار و هونەر خۆییان لە دونیادا پیشان نادەن. "ئادۆرنۆ" بە شێوەیەکی دیکە لە واتا و مانای

ڕستە و زمان دەدوێت، ناوبراو لە نێوان زانیاری لە سەر بنەمای دیسکورس و زانیاری لە سەر بنەماییەک کە کاری بە دیسکورس و زمانەوە نییە جیاوازییەک بەدی دەکات. بۆ وێنە بەرهەمێکی نیگارکێشی جوانییەک لە خۆ پیشان دەدات کە بە وشە و بە ڕستە بەیان نەکراوە، بەڵکە ئەوە ئێمەین کە ئەو جوانییە بە ڕستە و لە نێوان ڕستەکاندا بەیان دەکەین. جا ئەو جوانییە لە مەنتیقەوە دوورە و ئێمە زیاتر لە ڕوی هەستەوە وەریدەگرین. بەڵام فەلسەفە لە هەستەوە نزیک نییە، هەربۆیە حەقیقەت بۆ "ئادۆرنۆ" خودی پارادۆکسە، پارادۆکسێک لە نێوان شوناسی نەهێنی و شەفافییدا. لێرەدا زۆر سەرنجڕاکێشە کە لە لای بیرمەند "کیرگەگارد" ئەو پارادۆکسە پەروەردگارە و لە لای بیرمەندی ئاڵمانی "نیچە" خوداوەند مردووە. بۆ "ئادۆرنۆ" ڕستەی ژیانی ڕۆژانە و ڕستەی زانستە سروشتییەکان پڕ واتان، چونکە ئەو ڕستانە پەیامێکی شەفاف دەگەیێنن و بە کەڵک دێن، دواتر ئەو کەڵکەش لە لایەن زۆرینەمانەوە دەبینرێت و دەسەلمێنرێت. فەلسەفە دەبێت ئەوە بەیان بکات کە لە ڕاستییدا بەیان ناکرێت، واتە فەلسەفە پێویستە بە توانای زمان و بە یارمەتی زمان بە سەر زماندا باز بدات، بەڵام بەرهەمێکی نیگارکێشی جوان واتاکەی لە بێوشەییدا دەخاتە ڕوو. ئەگەر لێرەدا بازنەی ئەم وەڵامم دابخەمەوە، ئەوە دەتوانم بڵێم کە زمان لە فەلسەفەدا بە بونبەستێک گەیشتووە، زمان ناتوانێت وەڵامێکی پرسیارە "چییەکان" بداتەوە، دواتر زمان گرفتی سەرەکی لە گەڵ ئەوەدا هەیە، سەبارەت بە ماهییەتی هەبووەکان بدوێت، تەنانەت زمان بە بۆنەی سنورە دیاریکراوەکانییەوە بەردەوام هەندێک لە حەقیقەتی هەبووەکان لە ناو دەبات. ڕەنگە زانستە سروشتییەکان (فیزیک، کوانتن فیزیک، ئیڤولۆژن و هتد) بتوانن لە داهاتوودا لەم بەستێنەدا بە هانای فەلسەفەوە بێن و بە دیاریکردنی دەستەواژە و واتای شەفاف بۆ کات، مەکان، ئایدەنتی و کاوزالیتیی فەلسەفە لەم چەقبەستوییەدا ڕزگار بکەن.

**ڕۆژی کورد**: ئایا زمان و جیهانە پێناسە نەکراوەکەی دەتوانێت ملکەچی پێکهاتمەندەکانی زانستە مرۆییەکان بێت؟

**عەبدوڵا عەلییدوست**: ڕەنگە لە کوتایی وەڵامی پرسیاری پێشتردا ئاماژە بە وەڵامی ئەم پرسیارە درابێت، بەڵام بە سەر ئەوەشدا هەندێک ڕوونکردنەوە هەر پێویستە. بێگومان گەورەترین کەرەسەی شیکاری و لێکدانەوەی زانستە مرۆییەکان تەنیا زمان و زمانە، ئەگەرچی بیرمەندی گەورە لە مێژوودا هەبوون کە هەوڵی بەرچاویان بۆ داهێنانی زمانێک و گرامەرێکی تایبەت بۆ تیۆرییەکی تایبەت داوە، بەڵام لە ئاکامدا ئەوە تەنیا زمان بووە کە سنوری بۆ بیری تازە و بۆ تیۆری تازە دیاری کردووە. بە سەر ئەوەشدا ئەو ڕوانگە هەیە کە زمان زۆر جار لە گەڵ سنورگەلێکدا ڕووبەڕوومان دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوە کە لە خاڵێکی فیکرییدا بە ڕاوەستان وادار بکرێین. من لەو ڕوانگە دام کە ئەمە دوو جەمسەرە کاریگەرییان لە سەر یەک هەیە و سنور بۆ یەکتر دیاری دەکەن، واتە زمان و فیکر و هزر هەردووک گەشە و باڵا بە یەکتر دەکەن و هەردووک لە هەندێک شوێندا بەر بە یەکتر دەگرن. دیارە لە زانستە سروشتییەکاندا کارئاسانی کراوە و زمان بە گشتی شەفافتر دەتوانێت زۆر دیاردە و زۆر داهێنان و زۆر پڕۆسەیەکی گەشە پێناسە بکات و بە لۆژیکێکی شەفاف و بە مەنتیقەوە

باس لەو پرۆسە و گەشانە بکات. بەڵام لە ڕوانگەی منەوە ئەو پێناسە نادیار و ناشەفافەی جیهانی زمان مەرج نییە تەنیا وەک گرفتێک و وەک ڕێگرێک بۆی بڕواندرێت، بەڵکە ئەو بەرئاواڵابوونەی زمان و ئەو نادیارییەی سنوورەکان و ئەو خەسڵەتە دوور لە مەنتقەی زمان دەتوانێت وزەیەکی گەورەی داهێنانن بە زانستە مرۆییەکان ببەخشێت. بەڵام بەو مەرجەی کە زانستە مرۆییەکان هەوڵ نەدەن کە مێتۆدی کار و شیکارییان هاوشێوەی مێتۆدی کاری زانسیتتە سروشتییەکان بکەن، ئیلهام وەرگرتن و دەستەواژەی پێویست وەرگرتن بە جێیە، بەڵام نەک هێمای کار و مێتۆدییان تەنیا بە زانستە سروشتییەکانەوە گرێبدەن. خۆمان باش دەزانین کە مرۆڤ و کۆمەڵگە و هاوژینی نیو کۆمەڵگە بە لۆژیکێکی تایبەت بە خۆیەوە بەڕێوە دەچێت و لەو بەستێنەدا بێجگە لە مەنتیق، مێژوو و سیاسەت و پەروەردە و چەندان بواری دیکە کاریگەری و ڕەندانەوەیان هەیە.

**ڕۆژی کورد**: زمان لە پێگەی هەر پێناسە و ڕۆڵێکی فەلسەفی یان دەروونشیکارانەدا چۆن لە گەڵ وشەی دایک یان زگماکدا گرێ دەخوات و پێوەندییان چۆنە؟

**عەبدوڵا عەلییدوست**: من خۆم چونکە پسپۆڕی بواری فەلسەفەی زمان نییم، ئاگاداری ئەوەشم نییە کە چەندە فەلسەفەی زمان ئاوڕ لە زمانی دایک یاخۆ لە زمانی زگماگی دەداتەوە. ئێمە دەزانین کە فەلسەفە بە گشتی ژانرێکی گەردوونی و یونیڤێرسالییە، واتە پرسە ناوچەیی و لۆکالییەکان لە فەلسەفەی کلاسیکدا بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە، ئەگەرچی ئەمڕۆ ڕوانگە و خوێندنگای فەلسەفی وەک "کۆمونیتاریزم" هەن کە زیاتر بایەخ بە کۆمەڵی بچوک و ناوچەیی و فەرەنگی ناوچەیی دەدەن و ئەو تایبەتمەندییانە بۆ شوناسی کوڕ و کۆمەڵی تایبەت بە حەیاتیی دەزانن. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم بیرۆکە فەلسەفییەش هەمان بوردی سەرەتای سەرهەڵدانی خۆی و وزەی بەربەرەکانێی لە بەرامبەر لیبراڵیزمدا نەماوە. کەوایە تا بە ئەمڕۆش سنور و زمان و نەتەوە لە فەلسەفەدا کەمتر دەور دەگێڕن، ئەو تەوەرانە لە ژانری وەک سیاسەت و کۆمەڵناسی و ژانرە مرۆییەکانی دیکەدا زیاتر تاوتوێ دەکرێن. هەربۆیە من لێرەدا وەلامێکی سیاسی بەم پرسیارە دەدەمەوە، چونکە کەم تا زۆر ئاگاداری بەستێنەی ئەو پرۆژەی ئێوەم و دەزانم کە گرینگی ئەم پرسە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردوستان و کوردوستان بە گشتی لە چیداییە. بە تایبەت لە ئێراندا بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە زمانی فارسی وەک زمانێکی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێران بۆ یەکگرتووی نەتەوە و ئە وڵاتە زۆر حەیاتیی و پێویستە. هەر ئا لێرەدا ئێمە لە گەڵ پەیامێکی سیاسییدا ڕووبەڕووین کە مێژووەکەی بۆ دوو سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لێرەدا باس لە پەیامێکی سیاسی کۆن و تەپ و تۆزلێنیشتوو و ناسەردەمی دەکرێت. دیارە ئێمە لەم بەستێنەدا باس لە دەسەڵاتێکی سیاسی دەکەین کە لە هەموو پرسە گرینگە سیاسییەکاندا ناتەبایی و نارەزایەتییەکی بەرچاوی لە کۆمەڵگەدا دروست کردووە. ئێستا هیوا و هەوڵ ئەوەیە کە زمانیش نەبێتە بوارێکی دیکە بۆ جوداکاری و پارچە پارچە بوونی نێو نەتەوە جیاوازەکانی ئەو پارچە جوگرافیاییە. دەسەڵاتێک کە دەرفەتی ئەوە بە چەندان میلیۆن شارۆمەند نەدات کە بە زمانی دایکی خۆی

بخوێنێت و بنوسێت، ئەوە بێگومان دەسەڵاتێکە کە لە گەشەی سەردەمیی دەسەڵاتداری تەواو دواکەوتووە و بە هیچ شێوە – هەروەک "هانا ئارێنت" دەڵێت: مافی ماف هەبوون بۆ چەندان میلیۆن شارۆمەند بە ڕەوا نابینێت. بەڵام ئەو شێوە دەوڵەت و دەسەڵاتدارییە تەنیا و تەنیا بە توونددگیریی و گشتگیری و ئاوتۆریتەی دوور لە مەنتیقی سەردەم دەتوانێت هەوڵی هێشتنەوەی جێگە و پێگەی خۆی بدات، هەربۆیە ئەو دەسەڵاتانە ناتوانن فرەچەشنی، سەبک و ژیانی جیاواز، زمان و نەتەوەی جیاواز لە پارچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیاییدا تەحەموول بکەن، بەڵکە بە هاودەستکردنێکی ڕووکەشکراو و ناسروشتی بەردوام هەوڵی یەکگرتوویی دەدەن. ئێمە بە داخەوە لەم حاڵەتەدا لە گەڵ دەسەڵاتگەلێک سەروکارمان هەیە کە بۆ جیهانی سەردەم و بۆ ژیانی شیاوی سەردەم و ئەمڕۆیی کە کاکڵەکی ئازادی و ئازادی تاک و ئازادی زمان و بیروڕا دەربڕینە، هیچ شێوە بانگەشە و پەیام و بەهایەکی سیاسی سەردەمییان پێنییە. ئەم شێوە دەسەڵاتانە تەنیا زیان بە کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی دەبخشن و تەنیا لەتمە لە گەشەی ئازادی سیاسی و تۆلەرانسخوازی و بیرکراوەیی دەدەن. نزیک بە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر بیرمەندی ناوداری ئاڵمانی چەرخی فەلسەفەی ئیدیالیزم "یۆهان گۆتلیب فیشتە" سەبارەت بە یاسای گشتی هەر نەتەوەیەک دەنووسێت: یاسای گشتی تەنیا و تەنیا بۆ بەرتەسککردنەوەی بازنەی دەسەڵاتی دەوڵەت و بە بەرفراوانکردنی بازنەی ئازادی شارۆمەندان مانای هەیە و قابیلی قەبووڵە. بەڵام ئێمە ئێستا لە ئێران و لە وڵاتی تورکیەشدا لە گەڵ دەسەڵاتگەلێکی سیاسییدا ناچار بە مامەڵەی سیاسی کراوین کە لە سیاسەت داڕشتن و لە سەبکی حوکمڕانیاندا هێشتا هەر لە چەرخی ناوەنددا دەژین. هەربۆیە نەتەوەی کورد کە مافی سروشتی و مافی ڕەوای خۆیەتی بە زمانی کوردی بخوێنێت، بنوسێت و بەرهەمی گەورەی هونەری، ئەدەبی و فەلسەفی دابهێنێت، هێشتا ڕێگایەکی دور و درێژی لە پێشە. بێگومان زمان لە پاڵ کۆمەڵێک کەرەسەی دیکەدا دەبنە هوویەت و شوناسی هەر نەتەوەیەک، بۆیە ئێمەی کورد پێویستە لە هەر لایەک و لە هەر بوارێکدا پێمان دەکرێت خزمەتی هێشتنەوە و گەشەی زمانی کوردی بکەین.

ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریویری ٢٠١٦

# ئەنوەر عەباسی: با واز لە فارسی نووسین بهێنین و خزمەتی زمانی خۆمان بکەین



**کاک ئەنوەر(هەرەس) عەباسی، نووسەر و شاعیر**

**زنجیرەی شەشەم**

**ڕۆژی کورد**: زمان فەکتەری سەرەکیی جیاوازیی نێوان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەرگۆی زەوییە کە دەتوانێت هەموو ئایدیا و خەونەکانی پێ تۆمار بکات و بە هۆیەوە لە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆی لە سەرەتای بوونییەوە تا ئێستا گەلێک گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن لەناو مرۆڤایەتی لە پانتا جیاوازەکانی پێناسەی زمان هاتووەتە گۆڕێ، ئێوە وەکوو کەسێکی چالاک لە بواری زمانی کوردی لە ساڵڕۆژی زمانی دایکی چۆن دەڕوانن زمان و پێناسەی ئەم چەمکە لە خوێندنەوەی ئێوە چۆنە؟

**ئەنوەر عەباسی**: بەڵێ زمان بە دڵنیاییەوە یەکێک لە سەرەکیترین فاکتەرەکانی پێناسەی گەلانی جیاواز لەسەر گۆی زەوییە. نازانم ئەم قسەیە هی کێیە کە دەڵێ: زمان نزیکترین جیرانی مێشکە. لەو سۆنگەیەوە گرنگی زمان لە ژیانی مرۆڤدا زۆر باشتر دەردەکەوێ. زمان سەرەکیترین ئامرازی دەربڕینی هزر و بیرکردنەوە و ساز کردنی پێوەندی نێوان مرۆڤەکانە و بە دڵنیاییەوە ئەگەر مرۆڤ توانیویەتی ژیانی کۆمەڵایەتی پێکبهێنێت لە سایەی سەری زمانەوە بووە.

زمان واتە پەیوەندی. مرۆڤ بە زمانەوە خۆی پێناسە دەکات و پاشان بنەماڵەکەی و پاشان کۆمەڵگاکەی و پاشان وڵاتەکەی بۆ خۆی پێناسە دەکات و بە پێی ئەم پێناسەیە قایل بە خۆم و ئەویتر دەبێت. خۆم و ئەویترێک کە لە بچووکترین ئەندامی کۆمەڵگای جیهانییەوە دەست پێدەکات واتە لە "من"ەوە. زمان جگە لە گشتییەتی خۆی وەکوو زمان، خاوەن زۆر ئێلێمانی دیکەشە کە توانای "بەکەسی کردنی"شی تێدایە. بەو روانگەیەوە تەنانەت ئەتوانین بڵێین کە هەر تاکێکی مرۆڤ زمانی تایبەتی خۆی هەیە. واتە من و تۆ و ئەویترێک کە هەموومان کورد یان عەرەب یان فارس و هتد زمانین لە نێو ئەم هاوزمانییەدا کۆمەڵێک ئێلێمانی شەخسی هەیە کە زمانی من لە زمانی براکەم جودا دەکاتەوە. وەکوو شێوازی دەربڕینی وشەکان، چۆنییەتی دەربڕینی پیتەکان، بەکارهێنانی سترێسەکان لە شوێنی جیاوازدا. لە راستیدا ئەمەوێ بڵێم کە کاتێک کە ئێمە دەنگی کەسێک دەبیستن لە راستیدا بە پاڵس و ئەو ئێلێمانە زمانییانەدا دەنگی واتە زمانی ئەو دەناسینەوە. بەو شێوەیە گرنگی زمان لە پێناسەی مرۆڤ وەکوو تاک بە روونی بۆمان دەرئەکەوێ. لە قۆناغی کەمێک گشتیتردا بن زاراوەکان دێن کە پێناسەی گوندێک یان شارێک لە بەرانبەر گوند یان شارێکی دیکەدا دیاری دەکەن و کەسایەتی پێدەبەخشن و لە قۆناغی گەورەتردا زاراوە سەرەکییەکانی یەک زمان دێنە ئاراوە کە لە راستیدا من لەسەر ئەو باوەڕەم کە زاراوەکانی یەک زمان رەهەندەکانی یەک زمانن. ئەمانە لە هەمان کاتدا کە پێناسەی شوێن و مرۆڤەکانن پێناسەی زمانیش هەن و هاوکات پێناسەی خۆشییان لە زمان وەردەگرن و ئەم پێوەندییە ئەوەندە تەعامولییە کە ئەستەمە کە بە بێ یەکتری بتوانن کەسایەتییەکی ساخ لە خۆیان پیشان بدەن. زمان هەموو ئەمانەیە و بێگوومان هەموو ئەمانەش لە سۆنگەی شوناس بەخشینەوە زمانن.

**ڕۆژی کورد**: هەروەک دەزانن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لە زمانەکان لەبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زەبرووزەنگ و روانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە، یان لەناو چوون و یان رێگە و دەرەتانێکی وایان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان نەبووە، ئێوە وەکوو کەسێکی رۆژهەڵاتی کە هێشتا دەسەڵاتی داگیرکەر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی رێگە لە خوێندن و پەروەردە بەم زمانە و زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش گرتووە چۆن دەڕواننە ئەم بابەتە؟

**ئەنوەر عەباسی**: ئەم بابەتە ئەبێ لە روانگە و بیرۆکەی کۆنی "دەسەڵات"دا بۆی بگەڕێین. لە دنیای ئێمەدا لانیکەم هەتا ئەمڕۆ یەک راستی هەبووە و ئەویش لۆژیکی ماکیاولیستی سیاسەت و دەوڵەتدارییە. بە داخەوە من ئەمڕۆکە دەبینم کە لەملاوئەولا دەوترێ کە دەوڵەتی کوردی شتێکی ناپێویستە و ئێمە دەتوانین بە بێ بوونی دەوڵەتیش زمان و فەرهەنگ و هەموو شتێکی خۆمان بپارێزین. بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئێستاکە ئەوترێ: ئێمە لە سەردەمێکی هەستیاری مێژووییداین. من پێموایە کە کورد لەو رۆژەوە کە دەسەڵاتی خۆی لەسەر خۆی لە دەستدا کەوتە سەردەمی هەستیار و مەترسیداری مێژووی خۆیەوە و هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. دەوڵەت نەتەوەکان بەردەوام لە خوێنی گەلی ئێمە کە هەمان زمان و فەرهەنگمان بێت خۆیان قەڵەو کردووە و هەرچی قەڵەوتر بوون جێگایەکی زیاترییان ویستووە و لەبەر ئەوەی کە نەیانتوانیوە جێگا بە

دەوڵەت نەتەوەکانی دیکە تەنگ بکەن، ئێمەی نەتەوەی بێ دەوڵەتییان بەردەوام بچووکتر کردووەتەوە. ئێوە سەیر بکەن سنوورەکانی کوردستان یان لانیکەم ئەو شوێنانەی کە هەتا هەزار ساڵ لەمەوپێش مێژوونووسان بە کوردستانییان دەزانی ئێستا ئیتر یەک کوردی لێ ناژی مەگەر ئەوەی کە زمانەکەی و پێناسەکەی خۆی گۆڕی بێت. ئێمە بچووک کراوینەتەوە و سەرەکیترین ڕێگا بۆ بچووک کردنەوەمان هێرش کردنە سەر زمانمان بووە. بە هەر شێوەیەک کە بیری لێبکەنەوە زمانی ئێمە هێرشی کراوەتە سەر. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە ئێمە لە خەوی مێژوویی خۆمان هەڵنەستاوین. ئێستا کە من لەگەڵ ئێوەدا قسە دەکەم شارەکانی ناوەندی کوردستان - ئیتر باسی سنوورەکان ناکەم - خەریکن لە زمان و پێناسەی کوردی دەشۆرێنەوە. بۆیە دەگەڕێمەوە سەر بابەتی سیاسەتی ریالیستی لە دنیای واقعدا. لە ڕاستیدا بە پێی لۆژیکی سیاسەتی باوی دنیا دەوڵەتان خۆیان بە خاوەن ماف دەزانن کە بۆ یەکدەست کردنی وڵاتێک کە لە ژێر دەستیان دایە پێش هەموو شتێک زمان بە ئامانج بگرن. ئەگەر سەیری بکەن لە دوو دەوڵەتی تورکیا و سووریادا ئەم مەبەستە بە تەواوی روونە. یەکێکییان خۆی بە وڵاتی تورک زمان پێناسە دەکات و ئەویترییان بە وڵاتی عەرەب زمان خۆی دەناسێنێ و هەردووکیشییان هەموو هەوڵییان ئەوە بووە کە ئەم پێناسەیە وەها گشتگیر و موقەدەس بکەن کە هەر شتێک جگە لەوە خۆ بە خۆ تەکفیر کرابێ. نموونەی کاریگەریی ئەم بیرۆکە لە نێو خەڵکی ئەو وڵاتانەدا دەتوانی ببینی کە تەنانەت بە بیستنی زمانێکی جگە لە زمانەکەی خۆیان هەستیاری پیشان دەدەن و تەنانەت بڕواش ناکەن کە کەسێک لەو وڵاتەدا زمانێکی دیکەی هەبێ. لە ئێراندا هەمان سیاسەت بە شێوەیەکی جیاواز و باشترە بڵێم مەلایانە پەیڕەو کراوە. لە سەردەمی ڕەزاشا و کوڕەکەشیدا هەوڵ درا کە سیاسەتەکانی تورکیا پەیڕەو بکەن و کردیشییان. دوای ئەوان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا سیاسەت هەمان شت بوو بەڵام هەوڵ درا نەرمتر و لە ماوەی کاتییەکی زیاتردا ئەو کارە بکەن و هاوکات لە جیاوازی زمانی نەتەوەکانی نێو ئێران کەڵک وەرگرن. واتە هەر کاتێک کە پێویست بوو تورک و کورد و فارسی بە گژی یەکتردا دەدا و هەر کاتێک کە پێویست بوایە بە ناوی ئێرانی مەزن هەموویانی دەهێنایە ژێر یەک ئاڵا. هاوکات کە زمان و فەرهەنگی میلەتانی وڵات داگیر کراو دەمژێ و خۆی پێ قەڵەو دەکات، ئەوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاواز و کزتر دەبن. لە زمانی ئەوان کەڵکی وەرگرت کە زمانەکەی خۆی بە هێزتر بکات، لە موسیقای ئەوان کەڵکی وەرگرت کە موسیقاکەی خۆی دەوڵەمەندتر بکات... جل و سەرچاوە سروشتییەکان و فەرهەنگ و شارستانییەت و هتد. دیسانەوە ئەبێ پێمان سەیر بێت کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەتا ئێستا ماوە.

**ڕۆژی کورد**: پێتان وایە لە ئاوا بارودۆخێک بە تایبەتی ئەرکی ئەو کەسانەی لە ناوخۆن و لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە پێوەندی دان چی و چۆن دەبێت بەرانبەر بە سەرەکیترین شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆییمان؟

**ئەنوەر عەباسی**: سەیرکەن، ئێمە بە درێژایی مێژوو چەند سەردەمێکی زۆر دەگمەن نەبێت قەت نەمانتوانیوە بەو ڕۆشنبیرییە جەماوەرە بگەین کە ئێمە خاوەن وڵاتێکی داگیر کراوین. ئەمە بەڕای من ئەرکی حزبە سیاسییەکانە کە واز لە

دەستەواژەگەلی سیاسی بهێنن و لەگەڵ گەلی خۆیاندا بێ پەردە ئەو باسە بهێننە ئاراوە. لە راستیدا گەلی کوردستان لە هەر چوار بەشی سەرەکی کوردستان هەتا ئێستاش نازانێ حزبەکانی ئێمە چییان دەوێ. چالاکانی مەدەنی و رۆشنبیرانیش لەو باسە بەدەر نین. بەڕای من ئەبێ هەوڵ بدرێ هەروا کە دەوڵەتی داگیرکەر وای کرد کە ئێمە زمانەکەی خۆمان لە پێش چاو بکەوێ و ئابەم رۆژە رەشە بگات کە زیاتر لە نەوەد لە سەدی خەڵکی کورد ناتوانن دو دێڕ بە زمانی دایکی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە، ئێمە دەبێ لانیکەم پلانێکمان هەبێ بۆ تێکشکاندنی ئەو کەرەستەیەی کە ئاوای لە ئێمە کردووە. ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ بە هەزار و یەک هۆکار ناتوانین وڵاتەکەی خۆمان لە دەوڵەتانی داگیرکەر پاک بکەینەوە با لانیکەم بەرەنگاری ئەو کەرەستە بینەوە کە هەمان زمانەکەیانە. با واز لە فارسی نووسین بهێنین. بە روونی رووی قسەکانم لە رۆشنبیر و نووسەران و چالاکانی ئەدەبی و فەرهەنگی و سیاسی کۆمەڵگای کوردستانە. تەنانەت ئەگەر بە زمانی فارسیش دەنووسن ئەبێ لە ئاراستەی بەرەنگاری لەگەڵ ئەو زمانەدا بنووسن. ئەگەر بە زمانی فارسی قسە دەکەن ئەبێ پێش هەموو شتێک بڵێن کە خۆیان بە شەرمەزار دەزانن کە بە زمانی داگیرکەر قسە دەکەن. رۆشنبیر و نووسەر و چالاکی ئێمە ئەبێ دەست لەو لوتبەرزییە ئەحمەقانەیەی خۆی هەڵگرێت. کەسێک کە هەموو شتێکی لە بن دەستی داگیرکەر دایە چۆن دەتوانێ کەرامەتی هەبێ چ بگا بەوەی کە لوتبەرز بێت. بەڵێ ئەبێ پێش هەموو شتێک شەرمەزار بێت کە بە زمانی فارسی چالاکی دەکات. تەنانەت ئەگەر مەبەستی لەو چالاکییە ئەوە بێت کە گەلی بەرانبەر لە ئازار و ژانی خۆی تێبگەیەنێت. ئاوایە کە بنەمای شەرمەزار کردن و پاشان تێکشکاندنی ئەو کەرەستەیە کە زمان و فەرهەنگی ئێمەی پێدەچەوسێتەوە دائەڕێژرێ و خەڵکیش کە دیتی کەسانی دیاری نێو کۆمەڵگاکەی شانازی بە زمانی داگیرکەر ناکەن و تەنانەت تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو زمانە هۆی شەرمەزارییانە، خۆی بە شەرمەزار دەبینێ. کاتێک کە ئێمە بتوانین ئەو شەرمەزارییە گشتگیر بکەین توانیومانە گەلەکەمان راچڵەکێنین و لە خەوی مێژوویی هەڵیستێنین.

**رێکەوتی: ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦**

## نەعیم نەجەفی: کاری باش بۆ زمان و ئەدەبی کوردی لە کرماشان کراوە



**کاک نەعیم نەجەفی، نووسەر و رۆژنامەنووس**

**زنجیرەی حەوتەم**

**ڕۆژی کورد**: زمان یەکەمین و گرینگترین شوناس و ناسنامەی مرۆیی و لە هەمانکاتدا نەتەوەییە کە تێیدا مرۆڤ ئاوێنەی باڵا نوێنی خۆی لە رەوتی مێژودا بە هەموو گۆڕانکاری و وەرچەرخانە مێژویی، ئایینی، کۆمەڵایەتی... بە دیی دەکات، کە چی ئەم ئاوێنە باڵا نوێنە لە رۆژهەڵات بە بوونی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی نەک بە تەنیا کوردی لێ بێبەش کراوە، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئەم جوگرافیایەی لێ بێبەش کراوە و هەوڵی سڕینەوە و لە گۆخستنی زمانیان دراوە لە ساڵڕۆژی زمانی دایک چۆن ئەم بابەتە بە نسبەتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵات هەڵدەسەنگێنن و دەنرخێنن؟

**نەعیم نەجەفی**: ناسیۆنالیزم وەک "نەتەوە - دەوڵەت"، لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ی زایین گەیشتە رۆژهەڵاتی ناوین و دوای ئەوەی کە گەلی تورک بە پێشاهەنگی ئاتاتورک، ئەم هزرەیان بۆ خۆیان دەستنیشان کرد، ڕۆشنبیرانی فارس و شۆێنکەوتووانی پانئێرانیزمیش، لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی قاجارەکان، ئەم هزرەیان بۆ پێکهێنانی نەتەوە-دەوڵەت، بۆ گەلی فارس دەست نیشان کرد و دواتر بە پێشاهەنگی ڕەزاخان و بە دامەزراندنی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی، لە پێناو وڵاتی نوێی ئێران، ئەم هزر و تێراونینەیان بردە پێش و لەو کاتەوە، بەشێک لە نەتەوەکانی ئازەری، کورد، عەرەب و هتد لە ڕۆژهەڵاتیناوین، لە ژێر ناوی وڵاتی نوێی ئێران و نەتەوەی ئێران، لە پارادایمی فەرهەنگ و

زمانی فارسیدا، لە لایەن پانئێرانیستەکانەوە پێناسە کراونەتەوە.

لە سەرەتای دامەزراندنی ئێرانی نوێ، لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی "پەهلەوەی-١"دا، سیاسەتی نێگەتیڤی ئاسیمیلاسیۆن" ی زمانی و فەرهەنگی. مەزهەبی و ئێتنیکی، بۆ قڕکردنی «پێناسەی نەتەوەیی» و « لاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی» لە دژی نەتەوەکانی غەیری فارس بە ڕێوە چووە و هەتا ئێستاش دریژەی هەیە و وەک پرەنسیپێکی هەتاهەتایی بۆ بەرژەوەندی ئابووری و ڕامیاری نەتەوەی فارس، لە لایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی و شۆێنکەوتووانی پانئێرانیزم لە دژی خەڵکانی غەیرە فارس و بندەستی ئێراندا پەسەند کراوە.

ساڵی ١٩٣٠ی زایینی، بە دەستووری ڕەزاخان، تەنیا زمانی فارسی، وەک زمانی خوێندن و نووسین بۆ هەموو ئەو گەلانە کە لە ژێر ئیختیاری دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەویدا بوون دەستنیشان کرا. تەنانەت هاوکات لە گەڵ ئەمە هەر بە دەستووری ڕەزاخان، خوێندن و نووسین بە زمانەکانی غەیری فارس وەکوو عەرەبی، ئازەری، کوردی و هتد قەدەغە کرا کە هەتا ئێستا سەردەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامییە لە ئێران، ئەو سیاسەتە دریژەی هەیە.

زۆرینەی فارسەکان و شوێنکەوتووانی پانئێرانیزم فەرمی کردنی زمانی فارسی، بە خزمەتێک بۆ یەکگرتوویی گەلانی ئێرانی بەناو دەکەن، بەڵام بۆ چی خوێندن و نووسین بە زمانەکانی غەیری فارسی وەکوو ئازەری، عەرەبی و کوردی قەدەغە کرا؟

ناسیۆنالیزم لەو کاتەو کە وەک "نەتەوە - دەوڵەت" لە ئەورووپاو گەیشتە بووە ڕۆژهەڵاتی ناوین و پانئێرانیزمیش ئەم هزرە کە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ جێگای لە لایەن خەلکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە هێز بوو و، بۆ گەلی فارس دەستنیشانێان کردبوو؛ هاوکات لە گەڵ ئەمەش، ئەم مەترسییە لە لایەن پانئێرانیزمەکان دەرکەووت، کە ئەگەر ئەو نەتەوانە کە لە ژێر دەسەڵاتداری پاشایەتی ئەمانن؛ وەک سەردەمی قاجار و ڕابردودا لە سیستمێکی "ئیالەتی–وڵایەتی" یان کۆنفدرالیدا سەربەخۆ بمێنن؛ ئەگەری ئەمە هەیە کە عەشیرەتەکانی ئەو نەتەوانە لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەی خۆیاندا وەک گەیشتن بە دەسەڵاتێکی "نەتەوە – دەوڵەت" یەکگرتوو بن و بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان دا سەرهەڵدان بکەن؛ و چۆن زۆرینەی سەرچاوە سرۆشتیەکان وەک نەوت و بە گشتێ خەزێنە ژێرزەوییەکان؛ خاکی کشتوکاڵ و هتد لە عەرەبستان و کوردستان و ئازەربایجانی بندەستی ئێستای ئێران بوون و وەک نیازی گرنگ، بۆ سەرکەوتنی گەلی فارس یان پانئێرانیزم، دیاریکرا بوون؛ بۆیان ئەم مەترسییە دەرکەووت، کە سەربەخۆیی ئەو گەلانە دەبێتە هۆی نەگەیشتنی گەلی فارس و پان ئێرانیزم بە ئەو ئامانج و ئاواتەی کە هەیە.

ئەم دەسەڵاتدارییە بۆ سەرکەوتنی گەلی فارس لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری نیازی هەبوو ئەم جۆرە سیاسەتێکی دژبەرانە لە پێناو بەرژەوەندی گەلی فارسدا بە ڕێوە ببات، تا بەلکو بتوانن وەک گەلێکی بەهێز لە دنیا و بە تایبەت ڕۆژهەلاتی ناوەڕاس ڕۆلێان هەبێت...؛ بەلام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە؛ هەر «گەلێک کە خوازیاری ئەمە بێت، وەک نەتەوێکی بەهێز و یەکگرتوو، خۆیدا پێناسە بکات؛ دەبێ لە باری ئابووڕی زۆر بە هێز بێ» ؛ ئەگەر چاوێک لە نەخشەی ئیستای ئێران بکەین، بۆمان دەر ئەکەوێ کە ئەو شۆینەی فارسەکان لە ناوەندی ئێران تێدا نیشتەجێن، ٧٠ لە سەدی، وشکەڕۆیە. لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە هیچ سەرچاوە و و پتانسیەلێکی ئابووریان نەبووە بتوانن لەم بوارەدا، بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانیان، سوودی لێوەرگرن. بۆیەش چاویان بڕییە سەرچاوە سروشتییەکان و خاکی کشتوکالێ، هەرێمگەلی وەک کوردستان، ئازەربایجان و عەرەبستانی بندەستی ئێرانی ئێستا.

پان ئێرانیزم بۆ ئەمە کە بتوانێ ئابووری ئەو ناوچانە بخاتە ژێر رکیفی خۆی و لە هەر جۆرە سەرهەلدانێکی سەربەخۆییخوازانەی نەتەوەکانی عەرەب، ئازەری، کورد و هتد لە پارادایمی ولاتی دروستکراوی ئێران رزگاری بێت، هەوڵێکی زۆری داوە. ڕێکاری سەرەکی و تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوە لە سەرهەلدانی جەماوەریی گەلانی غەیری فارس و کپکردنی دەنگیان لە بەرامبەر بە تالانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانیان، زەفکردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی سەر ئەو نەتەوانە بوو. چۆنکە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو گەلە سەبارەت بە "ناسنامەی فەرهەنگی و جوگرافیایی" خۆیەوە لاوز بێت و لە بەرامبەر بە تالانبردنی فەرهەنگ و سەرمایەکانی نیشتمانیی خۆیدا هیچ هەلوێستێکی نەبێت. کە گرنگترین ترین شتیش لە ناوبردنی زمانی ئەو نەتەوانە بوو. چۆن بە درێژایی مێژوو، لەناوبردنی زمانی هەر نەتەوە و زالکردنی فەرهەنگ و زمانی داگیرکەر، خالی سەرەکی بۆ داگیرکردنی نیشتمانی ئاخێوەرانی زمانەکە بووە. هەر نەتەویەک زمان و فەرهنگی قڕ یا لاواز کرێ، بێگومان لەبەرامبەر بە تالانچوونی سەرچاوەی سروشتی و پتانسیلی ئابووری نیشتمانی خویدا لاواز و دەنگ کپ دەبێت. بۆ نمونە لە ڕابردووی مێژووی ئەلجەزایر، بۆ ئەوەی کە فەڕەنسا بتوانێ نیشتمانی ئەلجەزایر داگیر بکات، یەکەمجار مێژوو و زمانی ئەو گەلەی گۆڕی. نموونەی دیکەی ئەمە لە باکووری کوردستان(کوردستانی بندەستی تورکیا) لە لایەن ئاتاتورکەوە بوو کە تەنانەت کوردی بە" تورکی کێوی" ناو دەبرد.

ئەم تێراونینە لە لایەن ڕەزاخان و بنکەی تێفکرینی پانئێرانیزم و هەتا ئێستا کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەلاتدارە درێژەی هەیەو وەک یەکێک لە ڕێکارە سەرەکییەکان بۆ پێشبردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن بۆ بە تالانبردنی سەرچاوەی سروشتی و پتانسیلی ئابووری ئازەربایجان، کوردستان، عەرەبستان و هتد یەکەمجار زمان و فەرهەنگی ئەو گەلانەیان قەدەغە کرد و دوایی بە گۆرانی مێژووی ئەمانە و زالکردنی زمان و مێژووی فارسی و دلخوازی خۆ لە سەریان، ئامانجەکانی خۆیان بردە پێش.

**ڕۆژی کورد**: کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە چەند پاریزگای جیاواز پێکهاتووە کە هەر کامەیان تایبەتمەندی خۆی لە رووی دیالکت و زمانی و ئاینی هەیە، کە ئەمەش لە شێوازی روبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی باڵادەست و پیلانەکانی بۆ ئەم بابەتە رەنگی داوەتەوە و هەر پارێزگایەک بە شێوازێ هەڵکەوتەی ژئۆپۆلۆتیکی و دێمۆگرافی هەوڵی سڕینەوە و دوور خستنەوە لە شوناس و ناسنامەی دراوە، چۆن لەم بابەتە دەڕوانن و پێتان وایە تا چەندە ئەم سیاسەت و هەوڵە چەواشەکارانە توانیویانە سەرکەوتوو بن؟

**نەعیم نەجەفی**: لە سەرەتای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی پەهلەوی، ئەم نیشتمانە بە چوار هەرێم وەک ئازەربایجان، بەلووچستان و هتد، وە هەندێک ویلایەت دابەش کرابوو کە تا رادەیەک هەر گەل لە ناو ئیالەت یا ویلایەتی خۆیدا بە شێوەی کۆنفدراڵییەکی سەربەخۆ دەژیان و هیچ نەتەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوین یا وڵاتێک بە ناوی ئێران پێناسە نەکرابوو. بەڵام لە سەردەمی ڕەزاخاندا بە پێکهاتنی دەسەڵاتی ناوەندی، ئێران ئەم هەرێمانەی لە پێناو سیاسەتی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و لە ناوبردنی دەسەڵاتی ئیالەتی-ویلایەتی، لە دەیەکانی ٣٠ تا٤٠ی زاییینیدا بە ١١ پارێزگا و ٤٩ شارستان بە پێناسەی هاوبەشی وڵاتی ئێران دابەشکران. لە ئاکامدا ئیالەت-ویلایەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان بوون بە چەند بەش(پارێزگا) کە تەنانەت بەشێک لە کوردستان (باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە تێکەڵاوکردنی کورد لەگەڵ ئازەرییەکان، بە پارێزگای ئازەربایجانی پێناسە کرا، کە دوایی بوو بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و هەتا ئیستا بەو جۆرە ماوە.

• ئامانجی ڕەزاخان (پەهلەوی - ١) لە دابەش کاری وڵاتی لە دابەشکاری هەرێمی لە ئێراندا بە تایبەت لە ئیالەت-ویلایەتە غەیری فارسەکان وەک ئازەربایجان، کوردستان، عەرەبستان و هتد، زۆرتر تێکەڵاوکردنی نەتەوەکان لە یەک جوگرافیا بە ناوی پارێزگا، بوو تا لەم ڕێگەوە بتوانێ پێش بە یەکگرتن و یەکدەنگی ئەو گەلانە بگرێ و بە دابەشکردنی هەریەک لەو نەتەوانە، لە چەند یەکەی جوگرافیایی بچووکتردا، بتوانێ باشتر، لە باری ئاسایشی و بەڕێوەبردنی هەر جۆر سیاسەتێکی ئاسیمیلەکردن و ئاژاوەخستن، سەرکەوتووتر بێت.

ئەم دابەشکاریە کە هەتا ئیستەش ماوە و لە سەردەمی پەهلەوی -٢ و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا بەڕێوەچووە، ئامانجی سەرەکی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و پێشبردنی سیاسەتی "ئاژاوەخستن و ئاسیمیلاسیۆن" بووە. تەنانەت بە دابەشکردنی هەر نەتەوە بەسەر چەند یەکەی جوگرافیایی بچووکتردا، یا بە تێکەڵاوکردنی چەند نەتەوە لە یەک جوگرافیادا هەوڵی لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیی ئەو گەلانە ی دەدا.

بۆیە کە لەو حاڵەتەدا، هەوڵدان و تێکۆشانی ئەو گەلانە زیاتر مەیلەو ڕکەبەری عەشیرەیی و ناوپارێزگایی بوو تا لە پێناو نەتەوە. بەم شێوە "ململانێی پارێزگایی و عەشیرەیی" بووتە هۆی ئاژاوە لە نێوان خۆدی نەتەوەکە.

ئەم سیاسەتە لە کوردستانی بندەستی ئێران بە قورسی دیار و بەرچاوە. بە گوێرەی ئەم سیاسەتە، کوردستانی ئەوکات بە ناوەندێتیی کرماشان، کە بە پارێزگای ژمارە پێنجیش ناسرابوو، بە چەند پارێزگای بچووکتر دابەشکرا و ناوی کوردستان تەنیا لە سەر ناوچەکانی ئەردەڵان و بەشێک لە موکریان نرا و بە پارێزگای کوردستان بە ناوەندی سنە لکێندرا. جگە لەمە، هەر کە یەکە جوگرافییەکان دەگۆڕان و نەتەوەکان لە گەڵ یەک تێکەڵاو دەکران، ناوی زۆر لە شار و ناوچە و و ئاواییەکانی کوردستان و شوێنەکانی تری گۆڕان. بۆ نموونە ناوی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا بە ڕەزاییە، یان هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی کرماشان کرا بە کرمانشاهان و زۆر شوێنی تر هەر بەم شێوە.
بەس ناڵێم سەرکەوتوو بووە! بەڵام دەسکەوتی زۆریان هەبووە، چۆن هەتا ئێستا ئەم ناوچانە بە دەست بیری تەسکی عەشیرەای و ناوچەگراییەوە ئەنالێنێت و بۆ هەمووان ڕوونە کە بیری عەشیرەییش گەورەترین مەترسی و هەڕشە بووە لە دژی بیری نەتەوایەتی و بزاڤی رزگاریخوازی کورد!

**ڕۆژی کورد**: ئێوە لە پارێزگای کرماشان کە هاوکات چەندین دیالێکت و زاراوەی کوردی تێیدا پێکەوە ژیان بە سەر دەبەن و هاکات لەم ساڵانە بە و پێیە کەمچەندین هەوڵی باش لە لایەن نووسەران و روناکبیران بۆ ئەوەی ئەم سامانە لە نێو نەچێت لە گۆڕێ دا بووە و هەوڵی باش چ بە نووسینی شێعر چ چیرۆک و لێکۆڵێنەوەی زانستی بۆ زیندو هێشتنەوەی ئەم سامانە مرۆیی و نەتەوەیی دراوە پێتان وایە بارودۆخی ئێستای زمانی کوردی لەم بەشەی ڕۆژهەڵات لە چ قۆناخ و ئاستێک دایە و لەمپەر و بەربەستەکان لە لایەنی دەسەڵات و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە ڕێگە لە گەشە و پێشکەوتنی ناسنامە و شوناسی زمانی کوردی دەگرن چییە و چۆنی لێک دەدەنەوە؟

**نەعیم نەجەفی**: بەڵێ سەرەرای کەمو کوریەکان و کەمتر خەمی مێدیای کوردی بەم ناوچانە و هاوکات دژایەتی دەسەڵات بۆ بەرەنگاربوونەوە، دەتوانین بڵێین: چالاکی لە پێناو نەتەوایەتی کورد و یەکریزی و یەکدەنگی لە ئاستی تایبەت دایە، ئەگەر چاوێک بخەینە ناو روکی بابەتەکانی نووسین و بابەتە هۆنەریەکان لە کرماشان بە باشی هەستی نەتەوایەتی بە دی ئەکەین، نمونەی دیکە کە زۆر بەرچاو بوو هەر لەم مانگەکانی ڕابردوو کە کارەساتی دڵتەزینی شەنگاڵ و هێرش بردنە سەر کۆبانی و ئاوارە بوونی کوردێکی زۆر لە باشوور و ڕۆژئاوای وڵات؛ بە دەیان کۆبوونەوە و ریککخستنی پێشەنگا و کەمپەین و بەرهەمهێنانی گۆرانی بۆ هاو خەمی و هاو دەنگی لە گەڵ کوردانی شەنگال و کۆبانی و تەنانەت پێشمەرگە و گریلا چالاکی زۆرێک لە کرماشان کرا. لەمەو پێش بۆ نموونە سالانێک لەمەوبەر لە سەر مانگرتنە مەزنەکەی باکوور و یان

ناکوکی نێوان هەریم و بەغدا لە سەر کەرکووک چالاکوانانی کرماشان بە لێدوان پێشتگێری خۆیان لە کوردانی باشوور و باکوور دەربڕیوە.

لە بواری شێوەزارییشەوە هەرچەندە هەندێک جار نەیاران و ناهەزان هەولی ئەوەیان داوە و ئەدەنیش کە بە ناوی عەشیرەوە جیاوازی زاراوەیی لەم ناوچانە ساز ببێت و جیاوازی درۆیین زەق بکرێتەوە؛ کە وەها بتوانن بەرەنگاری هۆشیاری نەتەوەیی بن کە بەداخەوە ئەبینین بەشێک لە نووسەر و ئەدیبەکانمانیش بە ئاگاهانە یان نائاگاهانە بە پێی هەست و بیرێکی عەشیرەیی کەتوونەتە نێو یاری نەیارانی گەلەکەمان.

جێێ باسیشە لە دەیەکانی ٩٠ - ٩١ زایینیدا، ناوچەکانی کرماشان سەرهەڵدانێکی ڕۆشنبیرانەی لە زانکۆکان بە خۆیەو بینیوەو و هەتا ئێستاش بەردەوامە کە وەک شۆڕشێکی نوێی نەتەوایەتی لە کرماشان حیسابی بۆ ئەکرێت. کە بناغەی فکری و شۆناسی نەتەوەیی لەم سەرهەڵدانە نوێیە، شۆڕشێکی فەرهەنگی، ئەدەبیە کە دوور لە هەر جۆرە توندوتیژی و شێوازی شەڕی چەکدارییە و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە، دەسەڵاتی ناوەندی ئێران نەتوانێت بە قورسی بەرەنگاری ئەم چالاکیانە بێت کە بە مانگانە بە چاپ کردنی دەیان پەرتووکی کوردی؛ چیرۆک؛ شێعر؛ وەرگێڕان؛ وتار؛ گۆڤاری خوێندکاری؛ بەرهەمهێنانی گۆرانی کوردی و چالاکی مەدەنی بە بابەتە جیاوازەکاندا لە پێناو بەرز بوونی باوەری نەتەوەخوازی کورد، لە کرماشان ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان جێبەجێ بکەن. بەڵام ئەمە کەمینەیەکن کە هیچ جورە پاڵپشتێکیان نییە و دەسکەوتەکانیان لە سەر ئاگادار کردنی خەڵک زۆر بە ئارامی بەرەوپێش دەچێت. ئەوەی ئێستە کرماشان پێویستێ پێیەتی، پشتگیری چالاکەکانێتی تا بەلکوو بتوانن دەسکەووتەکانیان بۆ بەرز بوونی هزری نەتەوایەتی بگاتە ئاستێکی بەرچاو و دلخوشکەر!

کرماشان ئێستا شاعیر و نووسەر و گرووپی هونەری و ڕۆشنبیر و چالاکی فەرهەنگی و مەدەنی هەیە؛ بەڵام چیرۆکی ئەمانە وەک ئەمە دەمێنێ کە "فیشەکت هەبێت و چە کت نەبێت". لە ڕاستیدا لە دنیای ئەمڕودا ئەوە ڕاگەیاندن و مێدیایە کە وەک چەکێکی مەزن و خاڵی سەرەکی پێشکەوتنی گەل دێتە ئەژمار، کە بە داخەوە گەلی ئەم ناوچانە و چالاک و نووسەر و هۆنەرمەندەکانی، لەم "چەکە" بێ بەشن کە بتوانن ڕۆڵێکی مەزن و پۆزتیڤیان هەبێت لە سەر جەماوەری ئەم ناوچانە کە هەتا ئێستاش زۆر لە نووسەر و ڕوشنبیرانی ئەم ناوچانە لەو "وتووێژگەلە" کە هەیانبووە یان لە نووسینەکانیان لە نەبوونی مێدیایکی تایبەت بەم ناوچانە ئەناڵێنن و زۆر لە سەر پۆزتیڤ بوونی دابین کردنی مێدیایوکی تایبەت بۆ ئەم ناوچانە باسیان کردووە. هەر چەند لێرەدا دروشمەکان نەڕاوەستاون و ئامانج پێشوەچوونە؛ بەڵام لە ڕاستی پێشوەچوونەکە وەک حەرەکەتێکی کیسەڵانە دێتە ئەژمار؛ بۆ ئەوەی کە دەسکەوتەکان بە ئاستی بەرزی خۆی بگات ١٠٠% نیازی هەرە زۆریان بە پشتیوانی مێدیایی هەیە.

ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦

## سمایل زارعی: تا دەتوانین بە زمانی کوردی لە هەموو بوارەکان دا بەردەوام بین




**سمایل زارعی، نووسەر و وەرگێڕ**

**زنجیرەی هەشتەم**

**ڕۆژی کورد**: زمان فەکتەری سەرەکی جیاوازیی نێوان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەرگۆی زەوییە کە دەتوانێت هەموو ئایدیا و خەونەکانی پێ تۆمار بکات و بە هۆیەوە لە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆی لە سەرەتای بوونییەوە تا ئێستا گەلێک گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن لەناو مرۆڤایەتی لە پانتا جیاوازەکانی پێناسەی زمان هاتووەتە گۆڕێ، ئێوە وەکوو کەسێکی چالاک لە بواری زمانی کوردی لە ساڵڕۆژی زمانی دایکی چۆن دەڕوانن زمان و پێناسەی ئەم چەمکە لە خوێندنەوەی ئێوە چۆنە؟

**سمایل زارعی**: سەیر و سەمەرە لەوەدایە زمان هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا بەرهەم دێنێ، کەچی خەونی هەموو لایەکیش بە هەموو جیاوازییەکانەوە وەدی دێنێ. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە زمان مەودایەکە لە نێوان جیاوازییەکانی مرۆڤدا، کەچی خۆشە کە دەبینین لاولاوەی چەپەرەی تێگەیشتنەکان و خەونە جیاواز و ئایدیا جیاجیاکانی مرۆڤە جیاوازەکانیشی لەسەر هەڵدەسووڕێ. بە دەگمەن شتێکیترمان وەک زمان پێشک دێ کە لە نێو ئەو شتانەی وەک میراتی مرۆڤ لەسەرتاوە هەوڵی پاراستنی و راگواستنی بۆ تۆرەمەکانی دواتر هەبوو بێ، رەساڵەتی خۆی پاراستبێ، ئەویش بە تێبینی ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە بە میلیۆنان ساڵ تەمەنیانە. لێگەڕێ بڵێین لەگەڵ ئەوەشدا کە رەسالەتی خۆی پاراستووە، کەچی بەدەگمەن شتیشمان بەبیردا دێ کە وەک زمان گۆڕابێ و گۆڕانی بۆ مرۆڤیش لەگەڵ خۆی هێنابێ. بەڵێ، زمان دەمانگۆڕێ، کەچی ئێمەش زمان دەگۆڕین. ئەم ئاشە تا دێ توندتر دەسووڕێ و پتریش دەهاڕێ. کەچی مرۆڤ

لەگەڵ ئەم ئاشی زمانەدا وا سازاوە کە: بمانهاڕە، بمانگۆڕە، دەتگۆڕین.

زمان هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەتوانێ »فەلسەفە« بێ، دەتوانێ »فەلسەفی»ش بێ. زمان فەلسەفەیە وەک فەلسەفەکانیتر، فەلسەفیشە وەک هەموو تەوەرەکانیتر. واتە هەم دەتوانێ ئامێرێک بێ بۆ کارپێکردن لەهەمبەر هەموو بەشەکانیتری مەعریفەی مرۆڤ و هەمیش تەوەرێک بۆ بیرکردنەوە وەک هەموو تەوەرە فیکری و فەلسەفەکانیتر کە مێشکی مرۆڤی بەخۆیەوە خەریک کردوە. بۆیەشە فەلسەفەی زمان بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە ئێستا وەک زانستێک زۆرانی بەخۆیەوە خەریک کردوە.

زمان هێندەی حەز و هۆگرییە، هێندەش تێوڕمان و خەملاندنی ژیانە. تێوڕمانە بەو واتایە کە دەرفەتێکە بۆ رامان و تێفکرینمان و، خەملاندنە بەو واتایە کە زمان خەرەندێکە بۆ خلۆربوونەوە بۆ نێو شیوی ئامرازەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ. من زمانم پێ هەمبانەی تێگەیشتنی مرۆڤایەتی و خۆشبژی مرۆڤەکانە. بە بێ زمان، نەک یەکتر، تەنانەت خۆشمان ـ وەک خود ـ ناناسین، لەبۆیەش زمان هۆکارێکە بۆ مان و نەمان، بەشێکە لە هزر و بیر، ئامرازێکە بۆ تواندنەوە ـ ئەوەی ناسیۆنالیزم و شۆڤەنیسم کاری پێدەکا ـ و خوێنە بە دەماری ئەوانەشدا دەگەڕێ کە نایانەوێ بتوێنەوە.

زمان بۆ من چێژە و هیچیتر (هەڵبەت لەم رستەدا زمانی کوردیم مەبەستە). ئەو لەززەتەی خرۆڵەکانی بە دەمارەکانی مرۆڤدا دەگەڕێن و لە زاری یەکێکەوە بۆ زاری یەکیتر دەگوازرێتەوە. مرۆڤ هیچ شتێک بەقەدرا زمان دەکار ناهێنێ. وەک هەسانێک کە بەردەوام بۆ دەمەزەردکردنەوەی پەیوەندی، تێگەیشتن، کار و کردەوە، تێڕوانین و تەنانەت خەونەکانیشمان پێویستە. چێژی بەردەوام دەکارخستنەوەی زمانە کە وای لە مرۆڤ کردوە لە ژیاندا بەردەوام بسوێ و قەتیش لە دەم نەکەوێ.

**ڕۆژی کورد**: هەروەک دەزانن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لە زمانەکان لەبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زەبرووزەنگ و روانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە، یان لەناو چوون و یان رێگە و دەرەتانێکی وایان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان نەبووە، ئێوە وەکوو کەسێکی رۆژهەڵاتی کە هێشتا دەسەڵاتی داگیرکەر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی رێگە لە خوێندن و پەروەردە بەم زمانە و زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش گرتووە چۆن دەڕواننە ئەم بابەتە؟

**سمایل زارعی**: ئیزنم بدەن پرسیارەکەتان بکەمە دوو بەش و لە دوو بەشدا وڵام بدەمەوە:

**یەکەم**: ئەوەی ئێمە بڵێین بە درێژایی مێژوو (بە تایبەتی رەنگە مەبەست لە مێژوویەکی دوور و درێژی چەندین سەدە بێ)

ڕەنگە بە تەواوی ڕاست نەبێ، چونکە ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە مێژووی تەنیا هەزار یان دوو هەزار ساڵ لەمەوبەری مرۆڤ ـ هەر بۆ وێنە مێژووی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری ـ بدەینەوە کە لە چاو "درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی" مەودایەکی مێژوویی زۆر کورتیشە، بۆمان دەردەکەوێ کە زمان ئەو ڕۆڵەی ئەمڕۆی نەبووە تا ئەو زەبر و زەنگ یان ڕوانگە نامرۆڤانەشی لەسەر بووبێ. بۆ وێنە کاتێک ئیمپراتۆرییەک لە هەر کوێی ئەو دنیایە هاتۆتە سەر کار، ڕەنگە توانیبێتی شارێک یان چەند شارێک کاول بکا و دانیشتوانەکانیشی بکوژێ ـ دیارە دووریش نەبووە کە زمانەکەشی قەدەغە کردبن ـ بەڵام ئەوە سیستماتیک نەبووە و وا نەبووە و واش نەکراوە کە کون و قوژبنی وڵاتێک کە زمانێکی جیاوازی تێدایە بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو دەسەڵاتەوە. هەر بە گشتی مێژووی قەدەغەکردنی زمانێک تەنانەت بۆ چەند سەدە لەمەوبەریش دوورتر ناگەڕێتەوە. ڕەنگە یەکێک لە کۆنترینی ئەو قەدەغەکردنەی زمانی زگماک یان زمانی خەڵکی خۆجێی وڵاتێک ئەوە بێ کە ئەورووپاییەکان ـ هۆڵەندییەکان و دوایەش ئینگلیزییەکان ـ ئەوستراڵیایان لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا دۆزییەوە و داگیریان کرد و زمانی خەڵکی خۆجێی ئەو وڵاتەیان بەرە بەرە قەدەغە کرد. کەوابوو من لەگەڵ ئەو بەشە لەگەڵ پرسیارەکەدا کێشەم هەیە. نموونەیەکی نزیک لە خۆمان و تۆزێکیش لەباری زەمەنییەوە دوورتر بێنینەوە. خراپ نیە نموونەی ئەو پانتاییەش لەبەرچاو بگرین کە زمانە ئێرانییەکان دایانگرتووە. ئێستا ئەوە نزیک بە سەدەیەک دەبێ وڵاتێک بە ناوی ئێرانیشی تێدا دروست بووە. تەنانەت لەم وڵاتەی بەشێک لەو پانتاییەی زمانە ئێرانییەکانی داگرتووە و ناوی ئێرانیشیان لێناوە شتەکە هەر ئەو جۆرەیە. لە هیچ کام لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا شتی وا وەبەرچاو ناکەوێ کە دەسەڵاتێک ـ هەتا پێش دەسەڵاتی شاهەنشاهی کە دوایین دەسەڵاتی بنەماڵەیی و شاهانە بوو ـ سیاسەتی قەدەغەکردن یان نەهێشتنی زمانەکانیتری هەبووبێ. خراپ نیە لێرەدا ئاماژە بە گەشەی بیری نەتەوەیی و نەتەوەسازیش بکەین. ئەگەر زمان خوێنی نەتەوەیەک بێ، ئێمە بیر و سیاسەتی نەتەوەسازی لە سەردەمە کۆنەکانمان وەبەرچاو ناکەوێ. مەسەلەن کەی "مادەکان" دەیانویست لە پانتایی دەسەڵاتەکەیان دا کە ئێستا حەوت هەشت وڵاتە هەمووان بە هەمووان بکەنە کورد؟ یان ئالێکساندێری گەورە کەی لە مەکدۆنییەوە هەستا و ویستی هەمووان بکاتە مەکدۆنی و هەموو زمانەکانیتر قەدەغە بن جگە لە زمانی زگماک یان زمانی فەرمی ئەو؟ هەر بە گشتی تەوەرێک وەک "نەتەوە" جێی باس نەبووە تا "زمان" وەک یەکێک لە توخمە گرینگەکانی بکەوێتە بەر سەرنجەوە. دیارە بەردەوام و بە درێژایی مێژوو "گەشەی زمان"ەکان وەبەرچاو دەکەوێ، جا ڕەنگە کاریگەری و توانایی زمانێک وایکردبێ کە زمانێکیتر لەنێو چوو بێ. یان دەسەڵاتێک و داگیرکاری ناوچەیەک لە لایەن خەڵکانێکیترەوە وایکردبێ کە زمانی ئەو ناوچەیە بگۆڕدرێ بە زمانی داگیرکەر، بەڵام ئەوە سیستماتیک نەبووە و ناتوانین ئەوە وەک بەشێک لە مێژووی سیاسی زەبروزەنگ یان سیاسەتی لەنێوبردنی زمانێک بێنینەبەرچاو. خۆ هەرچەند نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، لەو سەردەی کۆندا، تاکە هۆکارێک بۆ جیاوازی نێوان دوو نەتەوە زمان بووە و بەس، کەچی بەو حاڵەشەوە زمان هەمیشە کێشەی سەرەکی دەسەڵاتەکان و خاڵی سەرەکی گۆڕانکارییەکان نەبووە.

**دووهەم**: هەر وەک باسمان کرد، سیاسەتی قەدەغەکردنی زمانەکانیتر جگە لە زمانێک لە وڵاتێکدا زۆر کۆن نیە. ئەو

سیاسەتە هەر بە تەنیا لە ئێراندا نیە، لە زۆر وڵاتیتریش هەبووە و ئێستاش هەیە. بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە بەشێکی هەرە بەرچاوی دنیا لەگەڵ ئەو سیاسەتە ـ نە زۆر کۆنەدا ـ نیە و بە تەواوی دژیشی دەوەستنەوە و دەشزانن کە سیاسەتێکی زۆر هەڵەیە، کەچی بەداخەوە لە وڵاتی ئێراندا کە لەم چەند دەیەی رابردوودا ئەوەندەی هەوڵ بۆ وەبەرهێنانی شۆڤەنیستمی ئێرانی ـکە سەرچاوەکەشی نەتەوەی فارس و زمانی فارسییە ـ دراوە، کار بۆ هیچ شتێکیتر نەکراوە. بۆیە من ئەوە هەر بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی نازانم، بەڵکە بە بەشێک لە میراتی سیاسەتی شۆڤەنیستمی ئێرانی کە لەسەردەمی شاهەنشاهیدا سەریهەڵدا و بە خوێنی نەتەوەی فارسدا دەگەڕێ دەزانم کە ئەو میراتە ئێستا بە دەسەڵاتی ئیسلامیش لە وڵاتی ئێراندا گەیشتوە. هەمووان ئاگادارین کە زمانیش وەک زۆر شتیتر بۆتە پرسێکی تەواو سیاسی و حقوقی. من لێرەدا دەڵێم بەداخەوە وای لێهاتووە، بۆیەش دەڵێم بەداخەوە چونکە سیاسەتی تواندنەوە لە زمانێکدا (و دواجار لە نەتەوەیەکدا) وای لە ئێمەش کردوە کە تەنانەت نەتوانین خۆ لەو سیاسیبوونەش دەرباز بکەین و ئەو مافە کە مافێکی بێئەملاوئەولامانە وەک بابەتێکی تەواو جیاواز بێنینە گۆڕێ. ـ دیارە لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەڕوونی دیارە کە لە رۆژهەڵات خەڵکێکی زۆر بەدوای ئەوەوەن کە پرسی زمانی کوردی و پرسی سیاسەتی دژە کوردبوون لە یەکتری هەڵاوێرن. ـ هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەوانە تەواو لێکگرێدراون، کەچی هونەر و بوێری زۆران لەو بارەوە جێی شانازی و دەستخۆشییە و دەوڵەتیش زۆر باش لەو بابەتە گەیشتووە، بەڵام چ بکا لەگەڵ ئەو هەموو ئیرادەیە بۆ پاراستنی زمانی کوردی؟ مەگین وەک هەمیشە کوشتن و بڕین، دەنا هیچ، بەڵام تەنانەت دەوڵەت بەخۆشییەوە بەو کوشتن و بڕینەش راناگات.

ئیزنم بدە لێرەدا بۆ کۆکردنەوەی هەردوو بەشی وڵامەکەم باسی ئەوش بکەم کە ئەگەر "فیردەوسی" ـ بە کتێبی شانامە ـ هەوڵی دا لە رێگای دەسەڵاتی ناوەندییەوە زمانەکەیان زیندوو راگرێ، چەند سەدە دواتر "سەعدی" ـ بە کتێبەکانی گوڵستان و بووستان ـ هەوڵی دا لە رێگای مزگەوت و شەقامەکانەوە پەرە بە زمانەکەیان بدات. من بە زەحمەت دەتوانم شک لەوە بکەم کە ئەو دوو کەسە ناسیۆنالیزمێکی فارس بوون، بەڵام هەرکیان خەمخۆر و زمانزانێکی فارس بوون کە هیچ شکم لە کاریگەریی بێوێنەیان لەسەر زیندووڕاگرتنی زمانی فارسی نیە. ئەوان بە بێ ئەوەی بە دەست خۆیان بێ ئەو دوو فاکتەرە گرینگەیان بەدەستەوە بوو و کاریان پێکرد. زمانی کوردییش پێویستی بەو دوو رێگایە هەیە. یان دەسەڵات پشتی بگرێ ـ کە دەرکەوتووە نایگرێ و زەربەشی لێدەدا ـ یان خەڵکەکەی پشتی بگرن ـ کە دەرکەوتووە لەو پێناوەدا زۆر بوێر و جێی شانازین ـ. من پێم وایە هەرچەندی دەسەڵاتی ئێران دژ بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی بێ، مادامی خەڵک لە کۆڵان، لە شار، لە شەقام، لە ماڵ و لە هەموو شوێن و قوژبنێک هەوڵی پاراستنی زمانەکەیان بدەن ئەو سیاسەتی دژی کەمینەزمانەکان لە وڵاتی ئێراندا سەرناگرێ و پووچەڵیش دەبێتەوە. ئەوە نەک بۆ کوردی، بۆ زمانەکانی دیکەش هەر وایە، بەڵام من ئەو هەڵوێست و تواناییەی لە خەڵکی کوردیدا دەبینم بەداخەوە لە بەشەکانیتری وڵاتی ئێرانیدا نابینم، بۆیەش وێدەچێ زمانەکانیتری وەک بلووچی، ئازەری و... لەو بارەوە پتر زیانیان وێکەوێ. هەروەک ئاماژەم پێدا، تەنیا و

تەنیا رێگای پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی خەڵکی خۆمان راهێنانە بۆ فێربوون و پاراستنی زمانەکەمان. جا ئەوە بە کردنەوەی قوتابخانەی نادەوڵەتی، کۆرس و خولی تایبەتی، چاپکردنی کتێب و بەرهەم و... دەکرێ‌و خۆ ئەگەر لە پاڵیشەوە هەوڵ بدرێ بۆ چەسپاندنی ئەو شتانە لە کاری پەروەردەی دەوڵەتیدا ئەوە ئیتر هێندە باشە کە هەر نەبڕێتەوە. ـ بە خۆشییەوە من ئەو رەوتە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕوونی دەبینم و زۆریشی پێ‌گەشبینم، لە بەرامبەریشدا بە هیش شێوەیەک پێم وانیە کۆماری ئیسلامی حەز بەو هەوڵانە بکات و دەرفەتێک بۆ پاراستنی زمانی کوردی بهێڵێتەوە ـ.

**رۆژی کورد**: پێتان وایە لە ئاوا بارودۆخێک بە تایبەتی ئەرکی ئەو کەسانەی لە ناوخۆن و لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە پێوەندی دان چی و چۆن دەبێت بەرانبەر بە سەرەکیترین شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆییمان؟

**سمایل زارعی**: هەرچەند بەشێکی بەرچاو لە وڵامی ئەم پرسیارەشم لە وڵامی پرسیاری پێشوودا داوەتەوە، بەڵام خراپ نیە ئەوەندۆکەشی بخەمە سەر کە پێم وایە ئەوە نەک هەر ئەرکی ئەوانەی لەنێوخۆی وڵاتن، بەڵکە بە هی هەمووانی دەزانم. زمان هێندە بەهێزە کە هیچ سنوورێک بۆ گەشەکردن و پەرەگرتنی ناناسێ، بە دیوێکیتردا، ئەوانەش کە کاری زمانەوانی لە زمانێکدا دەکەن ـ بە لوتفی چڕبوونەوەی پەیوەندییەکان و مۆدێرنیتەبوون ـ لە هەر کوێی دنیا بن دەتوانن کاریگەری خۆیان هەبێ، بەڵام لە کردە(پڕاکتیک)دا کاری ئەوانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا کە راستەوخۆ لە بن سێبەری ساردی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی‌دان ئەستەمتر و زۆرترە. هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، کاری هەموومان ـ چ ناوخۆ و چ دەرەوە ـ بەر لە هەموو شتێک داماڵینی پرسی زمانی کوردی بێ لە پرسی سیاسەتی دژی "زیدی ئینقلاب"ی کۆماری ئیسلامی. بەو واتایە کە هەر کەس کاری بۆ زمانی کوردی کرد، تاوانی دژی ویلایەتی فەقی و هتدی لێ نەدرێ و لە سێدارە نەدرێ، و هاوکاتیش ئەوانی دەرفەتی ئەوەیان هەیە ئەو پرسە لە ئاستی دەسەڵات و دەوڵەتدا بێننە گۆڕێ کار بۆ ئەو بابەتە بکەن. دووهەم، چاوەڕوانی دەستی رەحمەتی کۆماری ئیسلامی ـ کە قەت نەیبووە و قەتیش نابێ ـ نەبین. بۆخۆمان و هەموومان قۆڵی لێ هەڵماڵین. هەر کەس و بە هەر شێوەیەک. کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی نادەوڵەتی، پەرەدەدان بە بڵاوکراوە بە زمانی کوردی ـ جا کتێب، کۆڤار، رۆژنامە یان هەر شتێکیتر بێ ـ، دیارە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، باشووری کوردستان وەک پشتخانێک بۆ باشترکارکردن لەو بوارەدا یەکجار یارمەتیدەر بووە. شەپۆلێک کە لە دوای راپەڕینی باشوور بۆ زیندووراگرتنی زمانی کوردی هەستاوە، رۆژ لە دوای رۆژ پتر هەڵدەستێ و بەخۆشییەوە نەک هەر رۆژهەڵات، باکوور و رۆژئاواشی گرتۆتەوە. دیارە گرفت زۆرن، بەڵام سەرکەوتن لەو بوارەدا بەو گرفتانەی بەردەمانەوە شیرینتر دەبێ. من پێم وایە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی، تەنیا رێگایەک کە لەبەردەممانداییە ئەوەیە کە تا دەتوانین لە کارکردن بە زمانی کوردی لە هەموو بوارەکان دا: بەردەوام بین، دیسان بەردەوام بین، هەمیسان هەر بەردەوام بین.

رێکەوتی: ٢٥ی فێبریویری ٢٠١٦

## د. موحسین ئەحمەد عومەر: زمان ناسنامەی نەتەوەیە



**دوکتور موحسین ئەحمەد عومەر، مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە زمانی کوردی**

**زنجیرە نۆیەم**

**ڕۆژی کورد**: زمان فەکتەری سەرەکی جیاوازیی نێوان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەرگۆی زەوییە کە دەتوانێت هەموو ئایدیا و خەونەکانی پێ تۆمار بکات و بە هۆیەوە لە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆی لە سەرەتای بوونییەوە تا ئێستا گەلێک گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن لەناو مرۆڤایەتی لە پانتا جیاوازەکانی پێناسەی زمان هاتووەتە گۆڕێ، ئێوە وەکوو کەسێکی چالاک لە بواری زمانی کوردی لە ساڵڕۆژی زمانی دایکی چۆن دەڕوانن زمان و پێناسەی ئەم چەمکە لە خوێندنەوەی ئێوە چۆنە؟

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**: بێ ئەوەی بچینە ناو کێشە مێژووییەکانی هەر زمانێک، زمان بۆ خۆی ناسنامەیە، کەسایەتی مێژوویی و ئەقڵی هەر میللەتێکە کە بەو زمانە تایبەتەی هەیە قسەی پێ دەکات. زمان ناسنامەیەکی مێژووییە، ئیندیڤیوالیزمی هەر میللەتێکە، بێجگە لەمەش زمان هەڵگری هەموو تایبەتمەندییەکی شارستانی ئەو میللەتەیە کە قسەی پێدەکات، شارستانی ئاگایی بە کۆمەڵ، یانی کۆمەڵێک کەس لە ڕێگای زمانی دایکیان هەمان شارستانییان هەیە و هەست دەکەن لە یەکتری نزیکن و دەتوانن بە یەکەوە بژین، بە کورتی زمان ناسنامەیە، ئەم ناسنامەیە وەک ئەرنست ڕێنان دەڵێ دوای دروستبوونی نەتەوە سەرهەڵدەدا، ئەو مەبەستی لەمە ئەوەیە بڵێ زمان لایەنی کولتووری هەر میللەتێکە کە دواتر دەبێتە ناسنامە و هەڵگری تایبەتمەندی ئەقڵی و مێژوویی و شارستانی. بێگومان تیئۆرە تازەکانی دوای ڕێنان تەنیا لەو

خاڵە لەگەڵ ڕێنان دان كە زمان لە دوای دەركەوتنی نەتەوە كە لەسەر بڕیاری بەكەوە ژیان دروست دەبێ، یەك دەگرنەوە. بڕیاری بە یەكەوە دان لە بیركردنی ڕووداوە كارەساتبارەكانی رابردوو نەتەوە دروست دەكات، دواتر زمان وەك فاكتەرێكی نامادی دەردەكەوێ و شێوەی ناسنامەی یەكەمی ئەو نەتەوەیە وەردەگرێ و دەبێتە زمانحالی شارستانی و سیاسی، زمان خۆبەرجەستەكردنە لە ناو دنیا و لە ناو مێژوو.

ئەمە بە سادەیی لە بارەی سەرهەڵدانی زمانی دایكەوەیە، بەڵام زمان وەك خۆی، وەك كەرەستەیەكی نامادی هەردەم، دەكەوێتە ژێر كاریگەری پێكهاتە ماددییەكانی هەموو میللەتێك، ئەم پێكهاتە نامادییانەش بریتین لە خاك و جوگرافیا و بزووتنەوە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی هەر میللەتێك. زۆر زمانی دایك هەن بە هۆی گۆڕانەكان و زەمەن و كاریگەری و قورسایی میللەتانی تر لەناوچوون، هەموو زمانێك دەشێ بزر بێ و لەناو بچێ. بەڵام هەندێ فاكتەر هەیە وا لەم زمانانە دەكا درەنگتر لەناوبچن. بۆ نموونە ئێستا لە كوردستان هەندێ زار هەن خەریكە لە ناو دەچن یان لە ڕێگای لەناوچوونن وەك كرمانجی، زازاكی، هەورامی، كەلهوری، شەبەكی و زۆری تر. بەڵام ئەمە پرۆسەیەكی مێژووییە و لە ڕۆژێكدا روو نادات. بۆ زیندووكردنەوەی زمانی كوردی، ئەبێ دەستەڵاتەكانی كوردی بە شێوەیەكی سیستەماتیك كار بۆ پاراستنی بكەن. ئەم كارەش لە كوردستان بە گشتی لاوازە.

**ڕۆژی كورد:** هەروەك دەزانن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێك لە زمانەكان لەبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زەبرووزەنگ و روانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەكی دیكە، یان لەناو چوون و یان ڕێگە و دەرەتانێكی وایان بۆ گەشە و پێشكەوتنی خۆیان نەبووە، ئێوە وەكوو كەسێكی شارەزا لە زمانی كوردی كە هێشتا دەسەڵاتی داگیركەر و سەرەڕۆی كۆماری ئیسلامی ڕێگە لە خوێندن و پەروەردە بەم زمانە و زمانەكانی نەتەوەكانی دیكەی ئێرانیش گرتووە چۆن دەڕوانن ئەم بابەتە؟

**د. موحسین ئەحمەد عومەر:** لە كوردستانی رۆژهەڵات زمانی كوردی كەوتۆتە بەرهێرش، لەو بڕوایە دام دەبێ كورد خەباتە مەدەنییەكانی خەست تر بكاتەوە، ئیدی ئەو سەردەمەش مۆدێلی نەماوە زمانی فارسی تاقە زمانی ئێران بێ، چونكە ئێران خۆی فرەزمانی و فرە ئیتنیكییە، لەو باوەڕەدام، ئێران لە ماوەیەكی كورتخایەن بۆ درێژەدان بە گەشانەوەی خۆی، دەبێ كوولتووری خۆی بە هەموو زمانەكانی بپارێزێ، بە پێچەوانەوە، ڕەنگ ئێرانیش لێك هەڵبوەشێتەوە، چونكە ئێستا سەردەمی بە هەرێمایەتی كردنەكانە كە بە فرەنسی پێی دەوترێ Regionisation ئەمەش پێچەوانەی مۆندیالیزاسیۆنە، فاكتەری سەرەكی ئەمەش بە پلەی یەكەم خۆی لە دابینكردنی كار و ئاسایشدا دەبینێتەوە. بۆیە ئێران ئەگەر بیەوێ بە یەكپارچەیی بمێنێتەوە ئەبێ سیستەمی فیدرالی و كۆنفیدرالی لە ئایندەی دوور پەیڕەو بكا، ئەمەش واتە زیندووبوونەوەی كولتووری میللەتانی ئێران و زمانەكانیان.

**ڕۆژی کورد**: پێتان وایە لە ئاوا بارودۆخێک بە تایبەتی ئەرکی ئەو کەسانەی لە ناوخۆن و لەگەڵ جەماوەری خەڵک لە پێوەندی دان چی و چۆن دەبێت بەرانبەر بە سەرەکیترین شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆییمان؟

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**: بۆ پاراستنی زمانی دایک و بەهێزکردنی ئەبێ، دەستەڵاتی تاک و گشتی لە پێناوی ئەم کارە خەبات بکەن، بوونی روانگەیەکی تر بۆ بووژانەوە و زیندووبوونەوەی زمان، کەمکردنەوەی هێرشی زمانە گەورەکان و دانانی نەخشە پلانی دروست لە بواری پەروەردە و فێرکردن، لەولاشەوە ئەبێ زمان، بە تایبەتی زمانە بچووکەکان بۆ پاراستنیان دەبێ بە مێدیایی بکرێ، لە گشت مێدیاکان، ئەلیکترۆنی غەیرە ئەلیکترۆنی بەهێز بکرێ و بە بەربڵاوی کاری پێ بکرێ.

ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریویری ٢٠١٦

---

## عەلی قەنبەری: زاراوەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە



**عەلی قەنبەری، نووسەر و چالاکی سیاسی**

**زنجیرە دەیەم**

**ڕۆژی کورد**: زمان یەکەمەین و گرینگترین شوناس و ناسنامەی مرۆیی و لە هەمانکاتدا نەتەوەییە کە تێیدا مرۆڤ ئاوێنەی باڵا نوێنی خۆی لە رەوتی مێژودا بە هەموو گۆڕانکاری و وەرچەرخانە مێژویی، ئایینی، کۆمەڵایەتی... بە دیی

دەکات، کە چی ئەم ئاوێنە باڵا نوێنە لە رۆژهەڵات بە بوونی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی نەک بە تەنیا کوردی لێ بێبەش کراوە، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئەم جوگرافیایەی لێ بێ بەش کراوە و هەوڵی سڕینەوە و لە گۆخستنی زمانیان دراوە لە ساڵرۆژی زمانی داییک چۆن ئەم بابەتە بە نسبەتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵات هەڵدەسەنگێنن و دەنرخێنن؟

**عەلی قەنبەری**: با پێش لە وڵامدانەوە بە پرسیاری یەکەمتان هەڵوێستەیەکمان هەبێت لە سەر شوناسی نەتەوە و کۆڵەکە گرنگەکانی ئەم شوناسەیە. نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکێک دەگوترێت کە خاوەنی زمانی هاوبەش، خاک، جوگرافیا یان نیشتمانی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و ئابووری هاوبەشن. لە نێو ئەم چوار کۆڵەکە بە هێزەدا کە بوونی نەتەوەیەک ڕادەگرن، بە بێشک زمان کۆڵەکەی یەکەم و هەر بە هێزی بوونی هەر نەتەوەیەکە. بە بێ بوونی زمان نەتەوە ناتوانێت هیچ مانا و واتایەکی هەبێت. ئیمرۆ لە هەموو دونیای پێشکەوتوو و تەنانەت نیوە پێشکەوتووشدا بوونی نەتەوە پێش لە هەر شتێکی دیکە بە نیشتمان و زمانی مرۆڤەکانەوە پێناسە دەکرێت.

بێجگە لەمانەش لە ڕووی بنەماکانی مافی مرۆڤەوە، لە پاڵ هەموو مافە ڕەواکانی هەر نەتەوە و تاکێکدا پاراستن و گەشەپێدانی زمانی دایک، واتە ئەو زمانەی کە مرۆڤ لە ئامێزی دایکییەوە فێری دەبێت و لە ماڵەوە قسەی پێ دەکات، ئەرکی بێ ئەم لاو و ئەو لای دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری هەر وڵات و کۆمەڵگایەکە.

**هەر بۆیە لە وڵاتە دیموکراتیکەکاندا ئەم مافە پارێزراوە و لە خوێندنگاکان لە سەری پێداگری دەکرێت.**

پاراستن و گەشە پێدان، واتە خوێندن و نووسین بە زمانی دایک جیاواز لەوەی کە مافی هەموو تاکێکە، هاوکات بە پێی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان یارمەتیدەرێکی زۆر باشیش دەبێت بۆ فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم لە کۆمەڵگا و لە خوێندنگاکاندا.

دیسان بە پێی زۆر لێکۆڵینەوە ئەو کەسانەی کە زمانی دایکیی خۆیان بە باشی نازانن، واتە ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن، با چەن زمانی دیکەیان بە باشی خوێند بێت، بەڵام هەموو کات هەست بە نووقسانییەک دەکەن و لە ڕاستیدا بە نەخوێندەوار دێنە ئەژماردن. زۆربەی لێکۆڵێنەران لە بواری زمانەوانییەوە پێیانوایە کە تەنیا زمانێک کە مرۆڤ دەتوانێت بە بێ گرێ و بە بێ گیر و گرفت بتوانێ هەستی دەروونی خۆی پێ بەیان بکات، تەنیا و تەنیا زمانی دایکییە.

ئەوەی کە هەر لە زەمانی ڕەزاشاوە تا ئیمرۆی کۆماری ئیسلامی زمانی نەتەوەکانی غەیرە فارسی ئێران و یەک لەوان زمانی کوردییان خستووەتە بەر هێرشی ئاسیمیلاسیون و لە نێوبردن جیاواز لەوەی کە پێشێل کردنی مافی نەتەوەیی و

مرۆیی تاکەکانی ئەو گەلانەیە، هاوکات پیلانێکی گەڵاڵە بۆ کراویشە بۆ لە نێوبردن و توانەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهەق بە زمانی گەلانی بندەست دەیکات، واتە ڕێگە پێنەدان و کار ئاسانی بۆ نەکردن بۆ خوێندن بە زمانی دایک بەشێک لەو شەڕ و داگیرکاری و بێ مافییەیە کە ئەم ڕژیمە دژە مرۆڤ و دژە ئازادییە بۆ لە نێو بردنی گەلی ئێمە و باقی گەلانی دیکەی بندەستی ئێران پەیڕەوی دەکات.

**ڕۆژی کورد**: کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە چەند پاریزگای جیاواز پێکهاتووە کە هەر کامەیان تایبەتمەندی خۆی لە رووی دیالکت و زمانی و ئایینی هەیە، کە ئەمەش لە شێوازی روبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی باڵادەست و پیلانەکانی بۆ ئەم بابەتە رەنگی داوەتەوە و هەر پارێزگایەک بە شێوازێ هەڵکەوتەی ژئۆپۆلۆتیکی و دێمۆگرافی هەوڵی سڕینەوە و دوور خستنەوە لە شوناس و ناسنامەی دراوە، چۆن لەم بابەتە دەڕوانن و پێتان وایە تا چەندە ئەم سیاسەت و هەوڵە چەواشەکارانە توانیویانە سەرکەوتوو بن؟

**عەلی قەنبەری**: زۆر ڕاستە، ئێمە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەر لە خۆی و ماکۆوە لە باکوورەوە تا دەگاتە پارێزگا لەک و لوڕنشینەکان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە خەڵکەکەمان لە ڕووی ئایین و مەزهەب و زاراوەوە سەر بە چەنها ئایین و مەزهەب و زاراوە و تیرەو تایفەی جیاوازن.

ئێمە موسڵمانی شیعە و موسڵمانی سونیمان هەیە، یارسانی و زەردەشتی و یەهوودی و مەسیحیمان هەیە، خەڵکی سکولار و لائیکمان هەیە، زاراوەی کرمانجی، زاراوەی سۆرانی، زاراوەی گۆرانی و زاراوەی لوڕیمان هەیە و هەر کامیش لەم چوار زاراوە سەرەکییەی زمانی کوردی دابەش بە سەر چەنها ژێر زاراوەی دیکەدا، بە داخەوە من لە سەر ژێر زاراوەکانی زاراوەی کرمانجی زۆر شارەزائیم نییە، بەڵام کەم تا زۆر لە سەر ژێر زاراوەکانی ئەو سێ زاراوە سەرەکییەکانی دیکەدا شارەزائیم هەیە کە خراپ نییە لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرم و ئاماژەیەکیان پێ بکەم.

ژێر زاراوەکانی زاراوەی سۆرانی بریتین لە موکریانی، ئەردەڵانی، بابانی، جافی و زاری ناوچەی هەولێر و ڕەواندز.
ژێر زاراوەکانی گۆرانییش بریتین لە زەنگنە، لەکی، باجەڵان، هەورامی، کەلهوڕی، شەبەک و هەر وەها زازاکیش.

هەر وەها ژێرزاراوەکانی زاراوەی لوڕیش بریتین لە لوڕی سەلاسی، بەختیاری، بروجردی، لوری ناوچەی مەمەسەنی و بویر ئەحمەدی.
دیارە ئەگەر زیاتر ورد ببینەوە تەنانەت ژێرزاراوەکانیش لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند، لەم تایفەوە بۆ ئەو تایفە جیاوازییان هەیە. بەڵام هەموو ئەم جیاوازییانە چی لە ڕووی زاراوە و ژێرزاراوەوە بن یان لە ڕووی ئایینی و مەزهەبییەوە، هیچ لە

کورد بوون و کوردستانی بوون ئەم خەڵکە و زمانەکەیان ناگۆڕێت. لەم بارەوە کۆمەڵێک زمانناس ومێژوناسی کورد، ئێرانی و خارجی لە سەر ئەم تەوەرە پەرتووکیان نووسیوە.

بەڵام نابێت ئەو ڕاستییەش فەرامۆش بکەین کە دەسەڵاتدارانی شوینیست و ناوەندگەرای ئێران لەم نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ تواندنەوەی زمانی دایکیمان، بۆ لە نێو بردنی بوونی نەتەوەئیمان و بۆ ئاسیمیلە کردنمان لە پاڵ سەرکووتی بێڕەحمانە و بێبەزەییانەیاندا لە یەک بە یەکی ئەو جیاوازییە مەزهەبی و زاراوەییانە کەڵکیان وەرگرتووە و بە داخەوە لە زۆر بواریشدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون. بۆ نموونە لە ئێمرۆدا زاراوەی لوڕی تا ئاستێکی یەکجار زۆر کەوتووەتە بە هێرشی ئاسیمیلاسیون و تا لێواری لە نێوچوون ڕۆیشتووە، زاراوەی گۆرانیش بە نەختێک جیاوازای ڕێژەییەوە هەر بە هەمان شێوە.

دیسان بە داخەوە لە زۆربەی شارە گەورەکان، بۆ نموونە لە کرماشان و سنە و شارە لوڕنشینەکان فارسی ئاخافتن تەنانەت لە نێو بەشێک لە بنەماڵەکاندا بووەتە جێگرەوەی زمانی دایک.

هەر وەها دەسەڵاتی ناوەندگەرای شوینیست لەم سەد ساڵەدا توانیویەتی لە ڕێگای جیاوازییە مەزهەبییەکانەوە کەلێنێکی گەورە لە نێوان کوردی شێعەمەزهەب و کوردی سونی مەزهەب، کوردی موسڵمان و کوردی غەیرە موسڵمان درووست بکات و لەم ڕێگایەوە پێش لە یەکگرتوویی کوردانی ڕۆژهەڵات بگرێت.

**ڕۆژی کورد**: ئێوە لە پارێزگای کرماشان کە هاوکات چەندین دیالێکت و زاراوەی کوردی تێیدا پێکەوە ژیان بە سەر دەبەن و هاکات لەم ساڵانە بە و پێیە کەمچەندین هەوڵی باش لە لایەن نووسەران و روناکبیران بۆ ئەوەی ئەم سامانە لە نێو نەچێت لە گۆڕێ دا بووە و هەوڵی باش چ بە نووسینی شێعر چ چیرۆک و لێکۆڵێنەوەی زانستی بۆ زیندو هێشتنەوەی ئەم سامانە مرۆیی و نەتەوەیی دراوە پێتان وایە بارودۆخی ئێستای زمانی کوردی لەم بەشەی ڕۆژهەڵات لە چ قۆناخ و ئاستێک دایە و لەمپەر و بەربەستەکان لە لایەنی دەسەڵات و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە ڕێگە لە گەشە و پێشکەوتنی ناسنامە و شوناسی زمانی کوردی دەگرن چییە و چۆنی لێک دەدەنەوە؟

**عەلی قەنبەری**: ئەگەر چی لە خاڵی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا باس لە مافی خوێندن بە زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران کراوە، بەڵام پاش ٣٧ ساڵ لە دەسەڵاتی ڕەش و سەرکوتگەر، ئەو ڕژیمە نەک لەو بوارەدا هیچ هەنگاوێکی بە کردەوە هەڵنەگرتووە، بەڵکوو تا بۆیشی کرا بێت پێشی بە گەشە کردنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران گرتووە و هەر چەشنە هەوڵێکی دڵسۆزانی ئەو بوارەشی خستووەتە بەر هەڕەشە و گوشار و بوختان بۆ هەڵواسین. دیارە لە

کۆماری ئیسلامی وەک هەر دەسەڵاتیکی دیکەی ملهووڕ نابێت لەوەش زیاتر چاوەڕوانیمان هەبێت. ئیزامە دڕندە و نادیموکراتیکەکان لە ئاستی وشیاری و گەشە کردنی تاکەکان و گرووپەکانی کۆمەڵگا دەترسن. هەر بۆیە پێش لە هەر هەنگاوێک کە ڕەنگ و بۆی ئازادی و مافی مرۆڤی لێوە بێت، دەگرن. بەڵام ئەوە ئەرکی ڕووناکبیران، نووسەران، تێکۆشەران، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان، میدیا کوردییەکان و بە گشتی ئەرکی تاک بە تاکی خۆمانە کە لە بوونمان، لە پاراستنی زمانمان، لە کەرامەتمان و لە ماف و ئازادییەکانمان پارێزگاری بکەین.

سەرەڕای هەموو ئەو تەنگەژە و بەربەستانەی کە کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگ لە بەر پێی گەلەکەماندا دایاننناوە، بەڵام لەم ١٠، ١٥ ساڵی ڕابردووەدا لە ناوخۆی وڵاتەوە لە بواری نووسین و هونەر و کاری کولتووری و فەرهەنگییەوە هەنگاوی باش هەڵگیراوە و بووژانەوەیەکی بەرچاو لە گەشە کردنی زمانی کوردی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە فەرهەنگی و کولتوورییەکاندا، هەر چەن کەم بەڵام بە ڕێک و پێکی بەرەو پێش هەنگاوی بڕیوە.

من بەش بە حاڵی خۆم بەو هەنگاوانە زۆر دڵخۆش و گەشبینم. بەڵام هاوکات لە ئاستی بەردەوامی هێرشی ئاسیمیلاسیون لە سەر زمانی کوردی و خەمساردی بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتەکەمان، ناتوانم نیگەرانی خۆم بشارمەوە!


ئەم نیگەرانییەم زۆرتر لە سەر فەرامۆش کردن و ئەو ئاسیمیلاسیونەن کە زاراوەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووەتە ئامانج.

هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم کاری زۆر زیاتر ڕوو بەو ناوچانە بکرێت و ئەو زاراوە شیرینانە کە سەرمایەیەکی زێڕینی زمانی کوردین لە مەترسی فەوتان و لە ناوچوون ڕزگار بکرێن.

لە کۆتایی و لە پێوەندی لە گەڵ ڕۆژی جیهانی زمانی دایکدا ماندوو نەبوونی دەکەم لە هەموو خەباتکارانی ئەم بوارە و سەرجەم ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلانی چەوساوە و ماف خەوتکراو!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢١ تا ٢٨ی فێبریویری ٢٠١٦

## پرسی زمانی دایکی لەگەڵ ژمارەیەک نووسەر و وەرگێڕ




**٢١ی فێڤرییەی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماک یان زمانی دایکی یە و بە بایەخەوە چاو لەو ڕۆژە دەکرێ.**

**جەمال نەجاری: گرنگی و بایەخی زمانی دایکی لە چ دایە و ئێمە وەک نەتەوەی کورد دەبێ چ بکەین بۆ ئەوەی لە ژێر هەژموونی داگیرکەرانی کوردستاندا پەرە بە زمانی دایکیمان بدەین، ئەو تایبەتمەندییانە چین کە لە زمانی کوردیدا هەیە و دەبێ کاریان لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی وەک زمانێکی زیندوو لە گشت بوارەکانی هزر و بیرکردنەوەدا کاری پێ بکرێ؟**

**بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، ڕای کۆمەڵێک نووسەر و مامۆستای شارەزا لە زمانی کوردیم وەرگرتووە.**

**ئامادەکردنی: جەمال نەجاری**



**ڕەشید کرمانج، مامۆستای زانکۆ**

**وەڵام**: "زمانی زگماک بناغەی هزر و بیر وشوناسی مرۆڤە. مرۆڤ بێ زمانی زگماک شوناسی نییە. مرۆڤی بێ شوناس تووشی قەیران و بۆشایی دەبێت. جگە لە شوناس هزری مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ زمانی زگماک هەیە. ئەو مرۆڤەی زمانی زگماکی خۆی چاک فێر دەبێت و چاکی بەکاردێنێت هزر وبیری بەرفرەوانتر دبێت. متمانە و پەرمون و باوەڕبەخۆبوون بە مرۆڤ دەبەخشێت. کەسایەتی بەرز دەدا بە خاوەنی. زمانی زگماک هەر وەک ئالفۆنس دودە دەڵێ: کلیلی بەندیخانەیە و تا کاتێ بیپارێزین وەک ئەوە وایە کلیلی بەندیخانەی خۆمان پێ بێت و خۆمانی پێ ڕزگار دەکەین.

ئێمەی کورد بۆ پاراستنی زمانی زگماک دەبێ لە ماڵی خۆمانەوە تێکۆشانەکان دەست پێبکەین. ئێستا کە بواری خوێندن بە زمانی خۆمان لە سەرەتاییەوە نییە دەبێ خۆمان فێر بین و منداڵمان فێر بکەین و لە ماڵێ زمانی پاراو بەکاربێنین. ڕێکخراوە ناحوکمییەکانیش دەتوانن دەورێکی باش بگێڕن و خەڵک فێر کەن. لەم هەل ومەرجەدا دانانی زمانی کوردی لە لایەن ڕەژیمەوە زیاتر بە پیلان بۆ تێکدانی زیاتری زمان دەزانم تا پلان بۆ پاراستنی، جا بۆیە پێم وایە لەم بارودۆخەدا تەنیا خودی خەڵک و ڕێکخراوە ناحوکمییەکان دەتوانن زمان بپارێزن. ئەم ئەرکە زیاتر دەکەوێتە سەر شانی دایکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دایکان خۆیان بە باشی زمانی کوردی فێر بن و بە باشی فێری منداڵانی بکەن و پێیان شوورەیی نەبێ بە زمانی خۆیان قسە بکەن و خۆیان بە کەم نەزانن چونکێ گەورەترین هۆی بە زمانی بێگانە قسەکردن خۆ بە کەم زانینە. زمانی کوردی بە کەڵک وەرگرتن لە زاراوە جۆراوجۆرەکانی دەتوانێ خۆی لە هەمبەر هێرش و هەژموونی زمانی بێگانە ڕاگرێ. ئێمە دەبێ زاراوە جیاوازەکان وەک دەرفەت چاو لێ بکەین و بۆ هاوتاسازی لە هەمبەر وشەی بێگانە کەڵکیان لێ وەرگرین. ڕێساکانی وشەسازی کوردی ئەگەر بە تێر وتەسەلی کاری لە سەر بکرێ ژێرخانی وشەی کوردی زۆر لە ئێستا دەوڵەمەندتر دەکا و لانی کەم بۆ زانستە مرۆڤییەکان کێشە و کەمایەتیمان نابێ و زۆر بە جوانی دەتوانین بیر وهزری خۆمانی پێ ڕاگۆزین و بیری پێشکەوتووی بێگانەی پێ بێنینە ناو زمانی خۆمان و هزر وبیرمان دەوڵەمەندتر بکەین. لەم ڕاگوێستنەوەدا زمانیش زیاتر کاری پێدەکرێ و زیاتر گەشە دەکا. زۆر تایبەتمەندی زمانی کوردی چون کاری پێنەکراوە قەتیس و بەرتەسک ماوە. دەبێ ئەو تایبەتمەندییانە پەرەیان پێبدرێ و لەکار بگیرێن تا هێزی زمان زیاتر بکەن."



**جەلیل ئازادیخواز، نووسەر**

**پێمخۆشە بەم ڕستەی هایدگر بچمە باسەکەوە کە دەڵێ:**

**"زمان یانەی بوونە"**

**فاکتەرێکی بەڵگە نەویستی بوون و جیهان زمانە. ئەم ڕستەی یەکێ لە فەیلەسوفانی فەلسەفەی مۆدێرن بەرجەستەکەرەوەی زەرورەت و حەتمیەتی زمانە، لە خولقان و پێکهێنانی شارستانیەت و بوون و دەرکەوتن و بەرجەستەبوونەوەی مرۆڤ و ژیاندا. ڕەنگە ڕەوابێت بڵێین; زمان یەکەم بەستێنە، کە مرۆڤ هەست بە ئازادی و ئافراندن و دەربڕین و وانوێنەوەی خۆی دەکات، بە وجۆرەی کەخۆی حەزدەکات. یا مرۆڤ لە زماندا بە مانا ئابستراکەکەی دەگاتە ئازادی و سەربەخۆی.**

**زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندی و گواستنەوە و لێک تێگەشتن و خەملانی ئەم ڕەوتە و ئافراندنی نییە. کاتێ زمان دەیەوێت خۆی و نەتەوە مووتوربە بکات، لە ئامراز بوون دەردەچێت و دەبێتە مەبەست. ئەو زمانانەی کە دەخوازن نەتەوە پێناسە و بەرجەستەکەنەوە و تایبەتمەندی دیاری خۆی پێببەخشن، واتە بوونی نەتەوە ومرۆڤ زامن بکەن، زۆرتر مەبەستن، تا هۆکارێک بۆ گەیاندن و گواستنەوە.**

**لەڕاستیدا زوان، بەشێوەکی قوڵ تیکچنراویەکی بنەمایی و هزری و کۆمەڵایەتی هەیە، لەگەڵ کۆی ئەو باوەڕو بەهاو**

ناسنامەیەی، کە جەماوەری گەل فام و هەستی دەکات. بۆیە زوان لە ڕەخسانی دەرفەتی تێفکرین و هزرین و قوڵبوونەوە بۆ ئاستەکانی ئافراندن ڕۆڵی کاریگەری هەیە. زمان لە بیچمگیری و ڕواڵەت بەخشی و پێکهێنانی کەسایەتی تاک و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کۆی کولتووری گشتیدا، ڕۆڵی هەرەگرنگ دەبینێ و دەتوانین بڵێین: خولقێنەرو ئافرێنەری ئەم ڕەوتەیە. گرنگترین ئامرازی پەیوەندی کولتووری و ڕەوایەتی مێژوو و هێڵانەوەی یادەوەری بەکۆمەڵ و ناسنامەی جەماوەر و گەلانە. لە زۆر چرکەساتی مێژووی دا لە زەمەنی ژیانی کۆمەڵایەتی گەلاندا، تەنیا زمان هۆکاری مانەوە و بوونیان بووەو هەیە.

زمانی کوردی سەرەڕای هەبوونی هەمووتایبەتمەندیە باسکراوەکان، لە مێژووی کۆن و نوێ دا فاکتەرێکی سەرەکی ڕاگرتنی کورد بووە وەک نەتەوە. سەرەڕای ئەمەش زیاتر لە سیاسەت و ئابووری توانیویەتی خزمەتی یەکێتی لێکترازێنراوی نەتەوەیمان بکات. لە ترازانی زۆرتر و سڕینەوەی کولتووری هاوبەش و سۆزی نەتەوەیی و سۆزداریی نیشتمانیمان بەرگری بگات. لە ڕاستیدا لە سەدساڵەی دوایدا، زمانی کوردی سیمای مەزن و بەرجەستەی کورد بووە، وەک نەتەوە .لە غیابی دەوڵەت و دەسەڵات دا ئەوە زمان بووە، کەئەرکی هێڵانەوەی نەتەوەی بەئەستۆ بووە. فۆرمەکانی زمانی کوردی لە ئەدەب و فۆلکلۆردا و کۆی ژانەرەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و پەخشان و فۆرمەکانی ترەوە، بە کلاسیک و نوێ وە هەڵگری تایبەتمەندیەکانی کورد بوون. زمان و نیشتمان و سرووشتی مرۆڤی کورد و سرووشتی نیشتمانە کەشیەتی.

فۆلکلۆری کوردی ڕەوایەتی بوون و ئافراندنی ڕۆژانەی نەتەوەیەکە، کە تەنیا لە توانایەکانی ئەم زمانەدایە، کە ئەگەری بوون مانەوەو ئافراندنی ڕۆژانەیان زامن دەکرێت.

گرنگی زمانی دایک تەنیا هەوڵی ئاسانکردنی پەیوەندی ئاخێوەرانی زمانێک نییە. بەڵکو حورمەتە بە نەریتی ئازادی و فرەچەشنی کولتووری و تێفکرین و بەرگری لەسەرەڕۆی و سڕینەوە. سڕینەوەی زمان سڕینەوەی مرۆڤ و ناشیرینکردنی جیهان ژینی مرۆڤە مرۆڤی کورد لە هەرکوێی ئەم ئەم جیهانەدا بێت، ئەرکێکی ئەخلاقیی و مرۆیی و نەتەوەیی لەسەرشانە، کە پاراستن و فێربوون و گەشەی زمانی کوردیە. زمانی کوردی زمانێکی فراوان ئینسانی و ئاشتی خوازانەو سرووشت پارێزە. ڕاستە ئاست و جۆرەکانی زمان لەگەڵ ئاست و ڕەوتەکانی زەمەن وژین و وشیاریدا دەگۆڕێن و ڕەنگدانەوەی ئەو واویەعەن. بەڵام واقعی بە ئەختیاری زمان لە بەرەبەیانی بوونەوە ماکە هەناویەکانی خۆی دەگرێت.

فۆلکلۆری کوردیی و باوەڕە کۆنەکانی و فۆرمەکانی گێڕانەوەو لاوانەوەو ناساندنی زمانی کوردی، هەموو بەرجەستەکەرەوەی ئەم تایبەتمەندیانەن.

ئەمانی هەر زمانێ ئەمانێ کولتوورێک و بە مێژووسپاردنی گەلێک و ژاکانی فرەڕەنگی جیهانە، بۆ یەک ڕەنگی و بێزاری و ملهوڕی.

مرۆڤ لە زماندا دەخولقێت و دەخولقێنێ. مامەڵە لەگەڵ سەربەستی دەکات و سەربەستە. زیندانی کردن و سەپانی پەراوێز نشینی هەر زمانێ سەندنەوەی خولقان و سەربەستی و بوونی ئازادا لە ئاخێوەرانی ئەو زمانە."

---



**هێمن عومەر خۆشناو: مامۆستای زانکۆ**

"من بە کورتی ئەوەندە دەڵێم، خۆزگە کوردستان چل پارچە بوایە بەڵام یەک زمانی یەکگرتووی هەبوایە، تازە کار لە کار ترازاوە و ئەستەمە ئەمە دروست بێت، پیاو نازانێ بە کام ڕێنووسی لاتینی بنووسێ (هی جەلادەت یان ئەوانی تر؟) بە ڕێنووسی ئارامی - عەرەبی بنووسێ کە لە باشوور سەد ساڵە بۆتە ڕەسمی، یان بە هی مەدرەسە کۆنەکان کە ئێستا لە باکوور کتێبی پێ چاپ دەکرێت؟ بە کرمانجی بنووسێ یان بە سۆرانی یان بە زازاکی (کە ئێستا زازاکی تێزی ماستەر و دکتۆرای پێ دەنووسرێ)، بە کرمانجی بادینان بنووسێ (کە لە ناوەڕاست ماون نە لەگەڵ سۆرانی خۆیان دەگونجێنن و نە لەگەڵ کرمانجی باکوور) یان بەو کرمانجییە لاتینییەی کە سەدان کتێبی پێ نووسراوە؟ لەوەش گەڕێ دەنگی بەرزکردنەوەی لەهجەی هەورامی و زازاکیش هەیە وەک زمانی جیاواز لە کوردی، ئیدی خوا ئاسانی بکات بەڵایەکی هێندە گەورەیە هەر

**نەبێتەوە. ئاخر کام نەتەوەی سەر زەوی هەیە ڕۆمانێکی بیانی بۆ چوار لەهجەی زمانەکەی وەربگێڕێت؟ ڕۆمانی بیانی هەیە، کورد هاتووە وێڕای ئەوەی هەر بە سۆرانی دوو سێ وەرگێڕ وەریانگەڕاندووەتە سەر کوردی، بە کرمانجی (بادینی و پیتی عەرەبی) و کرمانجی لاتینی و زازاکی وەرگێڕدراوە، واتە چوار پێنج جار وزەی کوردی بۆ یەک کتێب بە خەسار داوە و کورد دەبێت هەر لە چوارچێوەی خۆیدا بخوێنێتەوە. بۆیە ئەوە خەمێکی گەورەیە و نابێ هەر لە چوارچێوەی شێوەئاخاوتنی خۆمان بخولێینەوە و ئەز بۆیە ناچاربوومە ئەو کتێبانەی بە کرمانجی کاریان تێدادەکەم لە یەک کتێبدا بە هەر دوو ڕێنووسی لاتینی و ئارامی چاپیان بکەم، کە ئەوەش بەڵایەکی گەورەیە بەڵام چارمان ناچارە. لەبەرهەندێ وەڵامی پرسیارەکەتان هەرگیز بە چاوی خۆمان نابینین بەداخەوە!"**

---



**شەریف فەلاح: نووسەر**

**"زمان، گەوهەر و ناسنامەی بوون و شادەماری ڕۆحی نەتەوەیە، کەواتە ئەو نەتەوەیە زیندووە کە ئەم شادەمارە بپارێزێت، چونکە لەڕێی ئەم شادەمارەوە خوێنی نیشتماندۆستی، هەستی نەتەوەیی دەگاتە هەموو دەمارەکانی دیکەی تاک بە تاکی کۆمەڵ. زمانی دایکی هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە لەبەر ئەوەی زمانی ئاخاوتن، فەرهەنگی خۆماڵی و زمانێکە مرۆڤ پێی گۆ کراوە و فرچی گرتووە، دەبێتە سەرچاوەی هزر، دنیابینی و خەیاڵی مرۆڤ و لە هەموو کایەکانی ژینی تاک و کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو تاکەی کە لە داوێنی ماڵباتێکدا گەورە بێت و بە فەرهەنگی ڕەسەن و ئەدەبی زارەکی خاراو ببێت و زۆربەی قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی زکماکی بخوێنێت، ئیدی بیر و خەیاڵدان و کەسێتی و بیرکردنەوەی لەسەر قەوارەی نەتەوەی خۆی فۆرم دەگرێت، ئەم مرۆڤە گەر بە قووڵی بچێتە هەناوی پاشخانی ئەدەب و زمانی نەتەوەکەیەوە،**

گومانی تێدا نییە لە داهاتوودا گەر چەند زمان و فەرهەنگی دیکەی جیا لە زمانی خۆی فێر بێت، هیچکامیان ناتوانن کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دابنێن.

کاریگەرترین ڕێگەی پەرەدان بە زمانی دایکی و ڕێگری لە ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و لەخشتەبردنی زمانی کوردی کە پیلانی داگیرکەرانی نیشتمانە، تەنیا و تەنیا پەروەردە و بارهێنانی منداڵان و نەوەی وشیاری ئەمڕۆیە بە زمانی شیرینی دایک و پەردانە بە پاشخان و فەرهەنگی نەتەوەیی.

زمانی کوردی کە بە یەکێک لە توخمە سەرەکی و شادەمارەکانی نەتەوەییمان دێتە ئەژمار، خاوەنی توخم و بەهایەکی پتەوی بەرەنگارییە، هەڵگری ئیقاع و ڕیتمی مۆسیقایی و پڕ لە ژیانە، زاڵبوونی توخمی سروشت و ناتۆراڵیزم، شیعری بوونی شێوەزارەکانی و پتر لە گشت دەوڵەمەندیی ئەدەبی زارەکی کە خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکی و نادیار داهێنەریەتی، توانیویانە ئەم کۆڵەکە گرنگە بۆ میللەتی کورد بپارێزن و ببێتە شادەماری ڕۆحی هەرمانی نەتەوە و بە هیچ پیلان و زەبرێک نەتوێتەوە. ئێستا کە سەردەم گۆڕاوە و شەپۆلی بەجیهانیبوونی دنیای تەنیوە و سەردەمی تێکەڵاویی فەرهەنگەکانە، دەبێ بە هزر و ئەقڵ و ئامرازی سەردەمیانە و بە زانستی ئەمڕۆیی ئەویش بە زمانی خۆت ڕووبەڕووی پیلانی داگیرکەران و خەونی گڵاوی دوژمنان ببینەوە. بەڕای من پەرەدان بە هێڵی ناسیۆنالیزمی زمانی و پەروەردەکردنی نەوەیەک کە بە ئەقڵی خۆماڵیی کوردیی بەدوور لە دەمارگرژی گۆچ بکرێت، هاوکات بە چەکی زانستی سەردەم تەیار بێت، دەکارێ ببێتە پارێزەرێکی قایمی زمانی دایکی ک ناسنامەی بوونمانە."



**تەوار تورابی: شاعیر و مامۆستای قوتابخانە**

فێر بوون و خوێندن بە زمانی دایکی مافێکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە. ئینسانەکان نەک تەنیا بە پێی جارنامەکانی مافی مرۆڤ بەڵکوو لە جیهان و تێگەیشتنی مۆدێرن و ئەورۆیی دا یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانیان ئەوەیە کە بتوانن زمانی دایکیان فێر بن و بە زمانی دایکی فێر بن. زمان بێ شک گرنگترین کەرەسەی پێوەندی گرتنە. لە هەمان کات دا زمان کەرەسەیەکە بۆ تێگەیشتن و فێر بوون. زمانی یەکەمی هەر مرۆڤێک زمانی دایکیە. فێر بوون و خوێندن بە زمانی دایکی رێگەی سەرەکییە بۆ فێر بوونی زمانی زیاتر و هەروەها فێر بوونی زانست. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان دا زمانی دایکی گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێ لەبەر ئەوە کە زمانی دایکی دەرگای فێر بوونی پیوەندی گرتن و فێربوونی زمانەکانی دیکەشە. بێ شک ئەگەر زمانی دایکی فێری منداڵ بکرێ دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵە بتوانێ ئاسانتر زمانەکانی دیکەش فێر ببێ. ئەوە بۆ وڵاتانێکی کە چەند زمانەن زۆر بە کار دێ. لە وڵاتێکی وەکوو سۆئێد پێنج زمانی رەسمی هەیە و کە جیا لە سۆئێدی زمانەکانی دیکە زمانی کەمینەگەلێکی چەندین هەزار کەسی یا یا چەند سەد هەزار کەسین. هەروەها چەندین زمانی دیکەش نارەسمین. بەڵام بۆ هەمو زمانەکان مافی ئەوەیان هەیە کە پێیان بخوێندرێ و پەرەیان پێ بدرێ. لە سۆئێد دا ئەگەر هەر شارەی "کۆمموونێک" سێ منداڵ یان زیاتری هاوزمانی تێدابێ مافی ئەوەیان هەیە مامۆستای زمان دایکیان هەبێ و هاوکات لە گەڵ زمانی سۆئێدی زمانی دایکیشیان فێر بن. ئەوە نەک تەنیا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر زمانی سۆئێدی سەیر ناکرێ، بەڵکوو بە هۆکاریی پێشەکەوتنی زمان، کولتوور و کۆمەڵگای سۆئێدی دەژمێردرێ.

ئەوەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و بە تایبەتی لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان زمان وەک هەڕەشەیەک دەبینرێ، دیدێکی فاشیستیانە و بەرچاوتەنگانە و تەواو ئەمنیانەیە. واتە هەوڵەکە بۆ سڕینەوەی لایەنی بەرابەرە لە هەموو بوارێک و ریشەوییترین سڕینەوەی هەر نەتەوەیەکیش ئەوەیە زمانەکەی لێ قەدەغە بکەی و نەهێڵی پەرە بەزمانەکەیان بدەن. لەڕاستی دا ئەگەر ئەو دیدە فاشیستی و بەچاوتەنگانەیە نەبوایە زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی نەتەوەکانی دیکە لەو وڵاتانە دا دەبووە کەرەسەیەک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لە هەموو بوارەکان دا.

ئەو روانینە فاشیستیانەیە لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەوڵ دەدا کە زمانی دایکی لە پێش چاوی خەڵکی کورد بخا. ئەگەر من باس لە کوردستانی ژێر دەستی ئێران بکەم، بەو پێیە کە خۆم لەوێ گەورە بووم و زانیاری زۆرترم لەسەر ئەوێ هەیە، دەبێ بڵێم کە ڕوانینی فاشیستی لە پێش هەموو شتێک دا هەوڵی کەم بایەخکردن و ناشیرین کردنی زمانی کوردی لە پێش چاوی خودی خەڵکی کورد دەدا. چون وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، ریشەییترین هەوڵ بۆ سڕینەوەی نەتەوەیەک کەم بایەخکردنی زمان و کولتوری ئەو نەتەوەیە. بۆیە پێویستە لە پێش هەموو شتێک دا بۆ بەرەنگاربوونەوە لە پەرەپێدان بە کەمبایەخکردنی زمان و کولتوری کوردی خەڵکەکەمان بە تایبەتیی خەڵکی جەوان و تازەپێگەیشتوومان زیات ئاگادار بکەینەوە لەوەی کە هیچ زمانێک لە دونیا دا کەم بایەخ نیە و زمانی کوردیش یەکێک لەو زمانانەیە کە بە تایبەتی لە چاو زمانی خەڵکانی دەوروبەرمان نەک تەنیا کەم و کوڕی نیە، بەڵکوو توانستی لە بواری زانستی جوانیناسی زمانییەوە ئەگەر لەوان زیاتر نەبێ، کەمتریش نیە.

نموونەیەکی زیندوو ئەوەیە کە دەبێ لاوەکانمان ئەوە بزانن بەکارهێنان و جێگرتنەوەی هێندێک وشە و چەمکی زمانی فارسی بە جێگای زمانی کوردی، نەک تەنیا هونەر نیە، بەڵکوو جۆرێکە لە خۆدۆڕاندن و خۆبەکەم زانین.

واتە پێویستە ئەو ئیرادەیە بۆ خەڵکی کورد بگەڕێتەوە کە زمانەکەی خۆی پێ کەمتر نەبێ لە زمانی ئەو نەتەوانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە.

با ئەوەش لە کەوانەیەک دا باس بکەم کە ئەو گەڕاندنەوەی رێزە بۆ زمانی کوردی بە بێ ڕێزی کردن بە زمانەکانی دیکە نابێ. واتە نابێ من بڵێم چون من کوردم بۆوەی کە ڕێزی زمانەکەم بگرم دەبێ بێ ڕیزی بە زمانی فارسی بکەم. بەڵکوو باشترین رێگە بە لای منەوە ئەوەیە کە لە پێش دا زمانی دایکیمان فێر بین و پەرە پێ بدەین، دواتر زمانی خەڵکانی دیکە فێر بین. هەرچەندی زمانی دیکە جیا لە زمانی دایکیمان بزانین، نەتەوەکەمان و کولتوورەکەمان دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووتر دەبێ.

من خۆم پێشتر لە کوردستان مامۆستا بووم. مامۆستای منداڵانی یەک تا پێنجی سەرەتایی. بۆیە لێرە دا پێموایە رۆڵی مامۆستایەک کە هەست بە بەرپرسیارێتی لەبەرابەر نەتەوەکەی دا بکا زۆر گرنگە. زۆر گرنگە کە گرینگی بەو هەڕەشانە نەدرێ کە لە چوارچێوەی "بخش نامە" دا بەردەوام لە نێوان مامۆستایان دا بڵاودەکرێتەوە کە دەبێ تەنانەت شی کردنەوەکانیش بە زمانی فارسی بێ. زۆرگرنگە کە مامۆستایان ئەگەرچی بە زۆر و بە بێ دڵخواز ناچارن کتێبی فارسی بە منداڵەکان بڵێنەوە، بەڵام هەوڵ بدەن هەر نەبێ شیکردنەوەکان بە زمانی دایکی بێ، بۆوەی کە منداڵەکان زیاتر و باشترتێبگەن و هەروەها بایەخی زمانی دایکیشیان زیاتر بۆ روون بێتەوە.

---



**خەبات ڕەسووڵی: چیرۆکنووس**

"بە کورتی زمانی دایک، یانی ئەو زمانەی دایک و بابت قسەی پێدەکات.کەوایە پێناسە و شوناسی سەرەکی تاکە بۆ ناسینەوە و پێوەری جیاکەرەوەی گەلە جیاوازەکانە لە یەکتر. تا ئێرە هەموومان ئەو قسانە دەزانین و دەشزانین هەر زمانێک پشتیوانی مادی و مەعنەوی نەبێ لە ناو دەچێ.ئەوەش دەزانین کە سەرچاوەی گرینگی ئەم پشتیوانییە دەوڵەتە - دەوڵەت دەتوانێ بە دامەزراندنی ڕاگەیاندنی بەهێز و کردنەوەی قوتابخانە و پشتێوانی هەمە لایەنە لە زمانێک ،ئەو زمانە پەرە پێ بدات.

ئەگەر بە پێی قسەکانی سەرەوە هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخی زمانی کوردی بکەین بە سانایی بۆمان روون دەبێتەوە کە زمانی

کوردی لە تەنگژەیەکی مەترسیداردا پەلەقاژەیەتی.ئەمە بەمانای نکووڵی کردن لە هەوڵەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تا ڕادەیەکی باش ئاگاداری ئەو هەوڵانە هەم کە لە ئارادان، بەڵام ئەم هەوڵانە لە بەرانبەر هێرشی چڕی زمانەکانی دیکە و خێرایی توانەوەی تاکەکانمان لە زمانەکانی دیکەدا زۆر کەمن و لە درێژخایەندا زەرەرمەندی سەرەکی دەبین. بۆ خۆم عادەتم نییە بە قسەی زریقەوبریقەدار و خەڵک هەڵخەڵەتاندن باسەکە بەرمە پێشێ.ی ڕوا بکەن زمانی کوردی هیچ تایبەتمەندییەکی سەیروسەمەرەی نییە کە بڵێین ئەو زمانە هەر لە خۆڕا دەتوانێ خۆی بپارێزێ، ئێستا تەنانەت لە کوێرە دێیەکانی کوردستانیش زمانی کوردی کەوتووەتە ژێر هەڕەشە .جیا لەوەیکە ڕۆژانە بە دەیان تاکی کورد دەبینین کە لە کاتی قسە کردندا، یان بەشێک لە قسەکانیان کوردی نییە،یان تەواو تواونەتەوە و بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن. بە میلیۆنان کوردمان هەیە ناتوانن رستەیەکی کوردی بە رێکوپێکی بنووسن و هیچ لەو بارەیەوەش تووشی نیگەرانی نابن. حیزب و رێکخراوی زۆر گەورەمان هەیە کە نەک پرسی زمانیان بۆ گرینگ نییە، بەڵکوو بە شانازییەوە باس لە وەلانانی ئەم پرسە دەکەن. کەوایە خۆشبینی سەبارەت بە گەشەی زمانی کوردی زۆرتر خەڵک گەوجاندنە.

مامۆستاکانی زمانی کوردی و نووسەر و شاعیر و هونەرمەندەکانی کورد کە لە راستیدا سەربازەکانی زمانن لەئەوپەڕی پەرتەوازەیی و بێ نازیدا دەژین و کەم وایە بە جدی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. لەو جێگایانەی کە زمانی کوردی لە قوتابخانە دەگوترێنەوە، زمانی کوردی یەکێکە لە هەرە وانە خراپەکان و کەمترین بایەخی زانستی پێ دەدرێ. بێ هیوا بوونم بە مانای تەسلیم بوونم نییە، بەڵام ئەگەر کورد دەیەوێ بە راستی لەو قۆناغەی ئێستا ڕزگاری بێت دەبێ لانیکەم دە هێندەی ئێستا هەوڵ بۆ پاراستنی زمانەکەی بدات. دەبێ بە جدی لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا بێ. دەبێ حیزبایەتی و شارچییەتی و زاراوەچییەتی وەلا بنێ.

دۆخی جیهانی ئێستا دۆخی سەد ساڵ لەوە پێش نییە، هەنووکە نەک هەر ئێمە، تەنانەت داگیرکەرەکانی کوردستانیش تووشی هێرشی زمانە جیهانییەکان بوونەتەوە و هەوڵ دەدەن خۆیان لە بەرانبەر ئەو هێرشانەدا کە بە جیهانیبوون ناسراوە بپارێزن. جا دەبێ دۆخی کورد لەو ناوەراستەدا چۆن بێ. هیوادارم وتەکانی من ببێتە دەنگی زەنگی مەترسی و ئەوانەی دەتوانن کارێک بکەن هۆشیار بکاتەوە. سەردەمی نووقم بوون لە خەون و خەیاڵ تێپەڕ بووە، باشترە چاوەکانمان بکەینەوە و سیمای ڕاستەقینەی خۆمان ببینین. هەوڵە تاکەکەسییەکان گرینگن بەڵام ناکرێ ئەم دۆخە بەردەوام بێ و تا سەر ئاوامان بۆ ناچێتە پێشێ، لانیکەم هۆشیار بوونەوەمان و گوتنی راستییەکان هیوادارم ببێتە هۆی ئەوەی کە بە هەمووما‌ن کاتێکی زیاتر و هەوڵێکی جدیتر بۆ پاراستنی زمان بدەین. هەر هیچ نەبێ منداڵەکانی خۆمان فێری کوردی بکەین و خۆشەویستی زمانی کوردی لە دڵی نەوەی داهاتوودا بچێنین."



**ئامانج عەزیزکەندی: نووسەر و لێکۆڵەری ئەدەبی**

زمانی دایکی چەمکێکی زۆر بەربڵاو و پڕ ڕەهەند و لایەیەنە. زمانی دایکی وەک بە دروست ئەو ناوەیان لێ ناوە، چ وەک زمانی ئاخاوتنی دایکی مرۆڤەکان، چ وەک زمانی ماک و سەرەکی کە منداڵ لە زگی دایکی دا گوێی لێ دەبێ پێی ڕادێ، گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە. هەم وەک مافێکی ڕەوای مرۆیی و هەم وەک مافی سروشتی و سیاسی و کەلتووری و هەموو بوارە مرۆییەکان.

زمانی دایکی بەو گشتە، تایبەتمەندی و گرینگیەوە، زەوت کردن و پاوان کردن و قەدەغە کردن و سەرکوت کردنی، هیچ کەمتر نیە لە کارەساتە هەرە گەورە و وێرانکەرەکانی دونیا.

ژیان بریتیە لە تێکۆشان بۆ هەرچی زیاتر چێژ وەرگرتن و چێژ بەخشین، بە بێ زمانی دایکی ئەوە مومکین نیە. هەروەها جگە لەوەی کە زمان ئامرازی پەیوەندیە، هیچ شتێکی مرۆڤایەتیش لە دەرەوەی زمان دا بوونی نییە. هەموو ئەو وەسف یا ڕوانینانەی من بۆ زمان، ڕەنگە شەخسی بن، بەڵام لە گفت و گۆیەکی وردا رەنگە بکرێ باشتر بۆ گشت ئەم روانگە و بۆچوونانە نموونەی سەلمێنەر بێنیەوە.

من پێموایە زمانی دایکی هەر گروپ و خێڵ و قەوم و نەتەوەیەک، وەک مافێکی گرینگی مرۆیی و سەرمایەیەکی جیهانی بپارێزرێ و گەشەی پێ بدرێ.

ئـێمەی کـورد لە سـەدەی ١٦ زایینـیەوە و لە خەبـاتی مـافخوازانەی ئەو یەک دوو سـەدەیەی ڕابـردوودا یەکەم داوامـان، بە درووست داوای ئـازادی زمانمـان بـووە. ئەوەش لە گرینگـی ناسـنامەیی و ئەو گرینگیـانەوە سـەرچاوە دەگـرێ کە هێنـدێکیانم ئاماژە پێ دان.

هەرچەند پێموایە زمانی کـوردی مەترسـی فەوتـانی لە سەر نەمـاوە، بـا ئەوەی کە ئەو هەوڵە زۆر ئاگاهـانە لەلایەن داگیـر کەرانەوە دەدرێ. بەس مەترسی تێکدان و بە لاڕێ دابردن و فەوتـاندنی کۆدەکانی لە سەرە. ئەوەش تەنیا داگیرکەران نین، زۆرێک لە ئۆرگانە کوردییەکانیش نا ئاگایانە ئەوە دەکەن، بە تـایبەتی. لە باشوور و تـایبەتیتر ئۆرگان و دەزگاکانی دەنگ و ڕەنگ. ئەرکی گەشە پێدانی زمان، ئەرکێکی گرینگە کە لە ئەستۆی ئۆرگانیزاسیۆنە کولتـوری و پەروەردەیـی و سیاسیەکان دایە، گرینگی ئەو ئەرکە کەمتر بۆتە درکێکی گشتی و گرینگ.جا بـۆیە ڕۆشـنبیران و نووسـەر و ئەدیب و هونەرمەنـدان، ئەو ئەرگە قورس و گرینگەیـان کەوتـۆتە سەرشـان. دیـارە لەو سەردەمەشدا سۆسیـالمیدیـاش زۆر گـرینگە. بـۆ ئەوەی بتوانـدرێ بە ئاراستەی پاراستن و گەشە پێدان بەکـار ببـرێ. هەرچەنـد پەروەردە لە دایەنگەکـانەوە گرینگتـرینە بـۆ ئەو مەبەسـتە، بەڵام بەداخەوە لە چەنین پارچەی کوردستـان، ئەو زوڵمە نا مرۆڤانەیە لە زمانی دایکی دەکرێ.

---



## ڕەسووڵ سوڵتانی: نووسەر و وەرگێڕ

لە نێو توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنانی نەتەوەدا، زمان یەکێکە لە توخمە هەرە گرینگەکان. ئەگەرچی ئەم فاکتەرە ڕەنگە

لە وڵات و میللەتێکەوە لەگەڵ وڵات و میللەتێکی دیکەدا جیاواز بێ، بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا گرینگییەکەی خۆی لەدەست نادا و وەک توخمێکی سەرەکی پەراوێز ناخرێ.

بۆ پێناسەکردنی نەتەوە کۆمەڵێک توخمی وەک خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و زمانی هاوبەشیان کردووەتە بنەما. لە هەندێ پێناسەی دیکەدا یادەوەریی هاوبەشیش هەیە کە ئەم یادەوەرییە بەشێکە لە مێژوو، بەڵام رەنگە میللەتێک مێژووی هاوبەشی نەبێ یان هەموو قۆناغ و برگەکانی مێژووی پێکەوە نەبووبێ، کەچی خاڵێکی هاوبەشی یادەوەریی هەیە کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە.

زمانی کوردی، یەکێک لە توخمە بنەڕەتییەکان. بەڵام نابێ بپرینگێینەوە لەوەی کە بڵێین زمانی کوردی کۆڵەکەی نەتەوەکەیە. تەنانەت هەبوونی خاک و مێژوو و کولتووری هاوبەشیشمان بەبێ هەبوونی زمان نەیاندەتوانی ببنە پێناسەی کوردبوونمان. ئێمە ئەگەر زمانەکەمان نەمێنێ و بە زمانێکی دیکە قسە بکەین، بەڵام خاک و کولتوور و مێژوویەکی هاوبەشیشمان هەبێ، رەنگە بەخۆمان بڵێین نەتەوە، بەڵام ئیتر نەتەوەیەک دەبین جیا لە کورد. نەتەوەیەک دەبین لەسەر ناسنامەی ئەو زمانەی کە پێی دەئاخڤین جا هەر زمانێکی دیکە بێت. بۆ؟ چونکە کورد بە نیشتمانەکەشییەوە لەو نەتەوانەیە کە هەم خۆی و هەم نیشتمانەکەیشی بە زمانەکەی پێناسە کراوە. ئێستا ئەمریکا بە ئینگلیزی قسە دەکەن و کەنەداش چەند زمانێکی جیاجیای تێدایە ئەگەرچی ئینگلیزی زمانی زاڵ و سەرەکییە بەڵام هاوشانی ئەو زمانی فەرەنسیش قسەی پێ دەکرێ. کەچی خەڵکی کەنەدا بە زمانەکەیان پێناسە ناکرێن و ناوی وڵاتەکەشیان لەسەر زمانەکەیان نییە. ناوی ئێران هیچ پێوەندییەکی بە زمانی خەڵکی نێو چوارچێوەی ئێرانەوە نییە و ئەوان بۆ پێناسەی میللەتبوونی خۆیان پاڵ بە زمانی هاوبەشەوە نادەن بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ خاکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و کولتووری هاوبەش. سوویسرایش کە پێشتر باسمان کرد هەروەتر. بەڵام ناوی کورد و کوردستان بە زمانەکەوە بەستراوەتەوە.

کورد بێت و زمانەکەی نەمێنێ، ئیتر هەر زمانێکی دیکە وەرگرێ، ئیتر ناتوانێ بەخۆی بڵێ کورد و کەسیش وای پێ ناڵێت، بەڵکو بەو زمانە پێناسەی دەکەن کە قسەی پێ دەکات. هەر بۆیە کورد لەگەڵ دۆڕاندنی زمانەکەی یان تووانەوەی زمانەکەی پێش هەموو شتێک پێناسەی نەتەوەبوونەکەی و بەدوای ئەویشدا ناوی وڵاتەکەیشی دەگۆڕدرێ. چونکە کوردستان، واتە ئەو وڵاتەی کوردی تێدا دەژی. دەی کە تۆ وێکرا وازت لە زمانەکەت هێنا، یان وازیان پێ هێنایت، ئیتر دەبێ پێناسەیەکی دیکە بۆ وڵاتەکەیشت بدۆزیتەوە.

**کورد ئێستا سێ توخم و فاکتەری زۆر بەهێزی بۆ پێناسەکردنی نەتەوەبوونی خۆی هەیە:**

**یەکەم**: خاکێکە کە پێی دەگوترێ کوردستان و سنووره جوگرافیاییەکەی سەرەڕای هەموو شێواندن و گۆڕینێکی دیموگرافیایی دیاره.

**دووەم**: زمان، ئەو زمانەی سەدەیەکە لەلایەک داگیرکەران هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆیانیان بۆ تواندنەوەی بەکار هێنا، چونکە دەیانزانی تەنیا بە تواندنەوەی زمان دەتوانن ببنە خاوەنی ئەو خاکەی ناوی کوردستانە، بەڵام لە سایەی پاڵەوانێتیی پێشمەرگە و خۆڕاگریی میللەت و قەڵەمی نووسەر و شاعیر و رووناکبیره ئازادیخوازەکانمانەوە هەر پارێزراوە.

---



**لەیلا قادری: نووسەر و وەرگێڕ**

## زمان، ناسنامە و بە نرخترین میراتی یەک نەتەوەیە.

ئەگەر زمانی میللەتێک لە ناو بچێ ئەو میللەتەش لە گێژاوی نەبوون نزیک دەبێتەوە. گەر داگیرکەران بیانەوێ نەتەوەیەک بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەر لە هەموو شتێک، لە سەر تواندندنەوە و لە ناوبردنی زمانی ئەو گەلە کار دەکەن .کەسێک کە زمانی دایکی خۆی نەزانێ وەک کەسێک وایە کە کلیلی زیندانی خۆی ون کردبێ.

**زمانی زگماکی، پێناسەی هەر نەتەوەیەکە.** نەتەوەیەک زمانی دایکی خۆی لە بیر بکا دەبێتە ژێر دەستە و موستەعمەرەی فەرهەنگی گەلی زاڵ کە زمانی بە سەر دا سەپاندووە...

**یەکەم**: بـایەخی زمـانی دایکـی بـۆ هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە ئەوەی وا لە ناخـت دا هەیـە، دەتـوانی بە ئاسـانترین و ساکارترین پیت و وشە بیگوازییەوە بۆ بیسەر و بەردەنگەکەت؛ چون جگە لە زمانی دایک هیچ زمانێکی تر ناتوانێت مەبەست و قسەی شاراوەی دەروون وەدەرخات؛ جا کە وابوو زمانی دایک دەبێتە یەکەم ئامێر بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی تاکەکەسیی نێو کۆمەڵگا. هەروەها کاتێ هەموو کەسێک بتوانێ ئەوەی لە ناخی دایە بە جوانی بیدرکێنێ، ڕێگەی گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانی ئاوەڵا دەبێ.

گەر زمانی دایکی نەبێ، دایکێک چۆن کۆرپەکەی بلاوێنێتەوە! ئەویندارێک، چۆن بە قەد و باڵای یارەکەیدا هەڵبڵێ!، کاتێ کۆچی ئازیزانمان، چۆن ڕۆڕۆیان بۆ بگێڕین!

لەو کاتانەدا جگە لە زمانی دایک، هیچ زمانێک ناتوانێ ئەم سۆز و هەستە دەرونییە، بە شێوازێکی پاراو و جوان، ئەو جۆرەی کە پێویستە، دەربڕێت. با زمانی دایکیی خۆمان بە گیان و دڵ بپارێزین.

**دووهەم**: ساڵەهایە کورد لە هەر چوار پارچە ژێر چەپۆکە و لە ژێر دەسەلاتی هێز و دەوڵەتانی غەیری کورد دا دەژی (فارس لە ئێران، عەرەب لە عێراق و سورییە و تورک لە تورکیە)، بەو حاڵەش ئەدیبان و شاعیران زمانی زگماکی خۆیان پاراستووە و نەیان هێشتووە زمان و کولتووری خۆیان لە بیر گەلەکەیان بچێتەوە و لە ناو زمان و کولتووری دەستەلاتدار دا بتوێتەوە.

یەکەم هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە لە بنەماڵە چکۆلەکەی خۆمانەوە دەسپێبکەین و منداڵەکانمان وەها تێبگەیێنین کە لەگەڵ ئەوەی زمانەکانی یاسایی سەردەم فێر ببن پێویست و گرینگتر ئەوەیە زمانی دایکییان فێر بن کە لەم بوارەدا دایکان لە نێو بنەماڵەدا نەخشێکی هەرە گرینگیان هەیە؛ هەر ئەوەی دایکێک نەهێڵێ منداڵەکەی وشەگەلێکی بێگانە وەکوو: "مامان"، "خالە"،"عمو"، "زن دایی"، "زن عمو"، "عمە"و..... بەکار بێنێ، خۆی گەورەترین خزمەتی بە زمانی دایکی کردووە.

لە ڕاستیدا ڕۆڵی پیاوان بەداخەوە لەم بوارەدا کەمە کە دەبێ ببنە پشتگر و یارمەتیدەری هاوژینەکەیان بۆ ئەو مەبەستە. جا ئێستە ئەگەر دایک و باوکی بنەماڵەیەک، زمانی دایکی بە لایانەوە گرینگ نەبێ یان شارەزاییان کەم بێ، بە پێکهێنانی کۆڕ و فێرگەی وانەکوتنەوە بە هەرزانترین شێوەی شیاو و بەیارمەتی شارەزایانی پسپۆر و لێهاتوو بۆ گەورەسالان دەتوانێ نەخشێکی بەرچاوی هەبێ.

**سێهەم**: زمانی کوردی پێویستی بە نوێکردنەوەی (ئاپدێیت)ی ڕۆژانە هەیە؛ جیهان بەخێرایی بەرەو پێشکەوتنە، لە هەموو بوارێکدا، بەتایبەت تێکنۆلۆژی. وێژە (ئیستلاحات) و ناوی نوێ دەخوڵقێن. زمانی کوردی دەبێ لە قالبی کلاسیکی خۆی بێتەدەر و سەردەمی وەرزێڕی و شوانی جێهێڵێ. ئەگەر بۆ جووت و گا دەیان ناو و وێژە هەیە، بۆ ئاشەوانی و مەڕداریش بە هەمان شێوە، ئێستا لە جێگای ئەوانە مۆبایل و کامپیۆتێر هاتوونەتە گۆڕێ. زمانزانە کوردەکان دەبێ وشەگەلی گونجاو بۆ ئەو بوواره نوێیە بدۆزنەوە. ئەگەر ئەو وشانە نین، پێویستە بە قەرز وەریان بگرن و بیانکوردێنن. هەموو زمانەکانی جیهانی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کەڵک لە زمانی دەوڵەمەندی یۆنانی وەردەگرن و گرفتیش نەبووە.

ئەوانەی زۆرتر ڕاسپاردە یا پێغەمبەری زمانن، وەکوو شاعیر، نووسەر، ڕۆماننووس، گۆرانیبێژ، وێژەر، سیاسەتوان....
پێویستە بۆ نووسین و ئاخاوتنیان ڕوو لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان واتە لادێ و گوندەکان بکەن و بە زمانی ڕەسەنی ئەوێ بنووسن و تێکەڵ بە بابەتی ئەوڕۆیی بکەن، بۆوەی زیندوو بمێنێ و زیاتر گەشە بستێنێ.

کەسێک کە بە زمانی دووهەم، جگە لە زمانی دایکی، دەخوێنێ، ئەو بوارەی بۆ گەشەی فکر و هزراندن دەبێ بخوڵقێ، هەر لە سەرەتاوە لێی زەوت دەکرێ. بیرکردنەوەی، لقوپۆی لێ ناکەوێتەوە، داوێنەی بیرکردنەوەی گەشە ناکا و لە بازنەیەکی داخراو و تەنگەبەردا قەتیس دەمێنێ.

ئەوەشم بۆیە باسکرد کە بڵێم هەنگاوی سەرەتا بۆ ئەم بەستێنە *خوێندن بە زمانی زگماکییە.
هەڵبەت لەوەش گرینگتر هەوڵدان بۆ چێکردنی *ڕێنووس و ڕێزمانێکی یەکگرتوو و ستانداردە تا قۆناغی یەکەم کە خوێندن بە زمانی دایکییە ساناتر بخرێتە بواری جێبەجێکردن.

* دامەزراندنی ناوەندێکی زانستیی زمانەوانی بەدوور لە باندووڕی زاراوە یا بنزاراوەیەکی تایبەت، پێویستیی حەتمییە.

* مادام ئاسۆی دەوڵەتی کوردی لێل و ناڕوونە و جارێ چارەنووسی کورد وا داڕشتراوە کە لە هەر پارچەیەک وەک هاووڵاتی دەرجە دوو یا سێ چاو لێ بکرێ، هەوڵ بدرێ کولتوورێکی نوێ دابڕێژرێ کە تێیدا تاکی کۆمەڵگای کوردی لە حاست نەتەوەی باڵادەست هەست بە کەمایەسی نەکا، زمان و نەتەوەکەی خۆی خۆش بوێ، پێی شانازی بێ کە خاوەن زمانی تایبەت بە خۆیەتی. ئەوەش وەک ئاسۆیەکی دوورەدەست دەبینم؛ بەداخەوە کورد بەگشتی تاکوو ئێستا لەو چەمکە خافڵ بووە، ئەوەی لەو بەستێنەشدا دەبینرێ هەوڵ و تێکۆشانی تاکوتەرای هەندێک تاک و دامەزراوەی بە دەروەست و دڵسۆزە.



**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە: نووسەر و وەرگێڕ**

**هەڵبەت ڕۆژی جیهانی زمانی دایکیی زیاتر لەو وڵاتانەدا قورسایی یان باشترە بڵێم کە مانای هەیە کە لە چوارچێوەکەیان دا چەندین کۆمەڵگای زمانیی دەژیین.**

**دەرونزانەکان بە گشتی پێیانوایە کە ناسنامە (identity) لەو وێناکردنانە پێکدێت کە تاک وشیارانە یان ناوشیارانە لەبارەی خۆیەوە بەدییان دێنێت. زمان یەکێکە لەو توخمە جەوهەرییانەی ناسنامە ساز دەکات، زمان پرسێکە کە ناسنامەی مرۆڤی تایبەت بەو زمانە دادەڕێژێت و هەڵگری کولتووری داهاتووەکەیەتی. بەو واتایە کە ئێمە لە نیشانە و شەپۆلەکانی زمان کەڵک وەردەگرین بۆ ناسینی خۆمان کە ئێمە کێین و چی و چۆنمان دەوێت، سەر بە کێها گروپی کۆمەڵایەتیین و بە کام گروپی کۆمەڵایەتیی پێناسە دەکرێین. لێرەدا زمان هەمیشە بەو جۆرە نییە کە کە دەیناسین، واتە لە ئاساییترین توانستی زمانەوە واوەتر دەچین. لێرەدا زمان تەنیا بۆ پەیوەندیی گرتن لەگەڵ ئەویتردا نییە بەڵکوو زمان لە ناخیدا ئەو فەلسەفەیەی هەڵگرتووە کە وڵاتێک نا، با وردتر و ڕاستتر بڵێین کە هەموو نەتەوەیەک خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیانن کە بە زمانی دایکیی ناسێندراوە. زمانێک کە پاشخان و میراتێکی مەزنی ئەدەبی و کولتووریی پێیە و مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر زمان ڕێکدەخەن. بەڵام لە چ کات و قۆناغێکدا زمان وەکوو هەڵگرێکی ناسنامە سەرنجی پێدەدرێت، ئەمە پرسێکە کە دەمانخاتە ناو بازنەی کاتێک کە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ناسنامە کاڵ دەبنەوە، واتە ئەو تایبەتمەندییانەی گرێماندەدەنەوە بە کولتوورێکی تایبەت و لە ئێستادا زیندوو نین و فەوتاون، بۆیە گرینگبوونی زمان وەکوو هەڵگری ناسنامە دەردەکەوێت.**

ئەم پرسە کەمێک وردتر دەکەمەوە؛ زۆر شت هەن کە لەسەر ناسنامەی ئێمە و چۆنییەتی تێگەییشتنی دیتران شوێندانەرن. دەشتوانن یاریدەدەرێکی باشیش بن بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵکی. بۆ نمونە جۆری جلوبەرگ، جۆری خواردن، گۆڕینی پرۆفایلی لاپەڕەی شەخسی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا. لە جلوبەرگدا رەنگێکی دیاریکراو و بەردەوام دەتوانێ کەسێکی پێ بناسرێتەوە. لە خواردندا دەکرێ کەسێک بۆ نموونە بە رووەکخۆر ناوبانگی هەبێت. یان پرۆفایلی ئینتێرنێتیی کەسێکی شانۆیی لەگەڵ کەسێکی سیاسی جیاوازیی هەبێت. بەڵام کاتێک هەمان خەڵک زار دەکەنەوە بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە مانا بەرهەم دێنن. کات چ کورتخایەن بێت یان درێژخایەن بەڵام تۆمار دەکەن. لە دنیای بچوک و گەورەی کە تێیدا دەژین دەناسرێن و بە بایەخ دەگەن، هەمووی واتاکان هەڵگری تایبەتمەندیی جیاوازن. هەڵگری توخمی جوگرافیی تایبەتن، واتاکان دەکرێ بچنەوە سەر هۆکارگەلێکی سیاسی و مێژوویی دیاریکراو، یان ئاماژە بکەن بە لایەنی ئابووری و چینایەتی، لایەنی کولتووری و.. ئەمانە هەموو لە تایبەتمەندییەکانی زمانی دایکیین. بە واتایەکی دیکە زمانی دایکیی ئێمە تا رادەیەک پێمان دەڵێت کە ئێمە کێین، لە کوێوە هاتووین و چیمان گوێ لێبووە و هەستمان بە چی کردووە. ئەمە دەرکێکی تایبەتمان تێدا دەئافرێنێ و هۆگرمان دەکات. لەبەر ئەوە گرینگبوونی زمانی دایکیی حاشاهەڵنەگرە.

ئێزنم بدە کە بە هەناسەیەک وەڵامی پرسیاری دوو و سێت بدەمەوە. بۆ هەموو کەسێک گرینگە کە ناسنامەیەکی هەبێت و بە هۆیەوە رابگەیەنێت کە ئەوە ئەوە! ئەگینا تووشی قەیرانێک دەبێت کە لە سەرلەبەری هەبوونیدا رەنگ دەداتەوە. قەیرانی بێ ناسنامەیی و لە ئاکامدا جۆرێک سەرگەردانیی. کورد کە بە هۆی ژێرچەپۆکەبوونەوە حاشای لێدەکرێت یان لە گەشبینانەترین حاڵەتدا بۆتە پاژێکی کاڵی ناسنامەی نەتەوەی زاڵبوو، پێویستی بە خۆپاراستن بۆ مانەوە هەیە. لە رێگەی زمانی دایکییەوە دەتوانێ یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەو پێویستییە بنیات بنێت. پەیوەندییەک بە رەچەڵەکەوە و شوێنێک بۆ هاتن. ئێمە دەتوانین بە هۆی زمانی دایکییەوە ئاستێک لە سەربوردە و مێژووی خۆمان بگێڕینەوە. گێڕانەوە رۆحی لەگێرانەوەهاتووی زمانە. بەسەرهاتی ئەوەی کە ئێمە لە کوێوە هاتووین و چۆن بووینەتە ئەوەی کە هەین و دەشمانەوێ ببین بە چی و هەروەها شانازشی پێوە بکەین هەتا ئەو ئاستەی کە بگەینە هاوشانی گەلانی دیکە.

ئەگەر سووکە ئاوڕێک لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران بدەینەوە، سنوورێکی داسەپێندراوی سیاسیی دەبینین کە چەندین کۆمەڵگای زمانیی تێیدا دەژین وەکوو ئازەری، کوردی، فارسی، عەرەبی و.. بە ملیۆنان کەس بەو زمانانە قسە دەکەن کە ئاماژەم پێکردن بەڵام لە چوارچێوە سیاسییەی ئێراندا تاکە زمانێک باڵادەستە. تاکە زمانێک دەرفەتی ئەوەی هەیە کە لە دەزگا فەرمییەکانی فێرکردن و بارهێناندا پێی بنووسرێت، بوترێتەوە و گەشەی پێبدرێت، واتە زمانی فارسی بە پێی سیاسەتی تاکزمانی - تاکنەتەوەییدا تاکە زمانە لە ئاکاری فەرمی و ئیداریی ئێراندا بەکردەوە کراوە. بە درێژایی مێژووی ئێران زمانی کوردیی کە یەکێکە لەو زمانانەی بە ملیۆنان کەس قسەی پێدەکەن، زمانێکی بقەکراو بووە لە قوتابخانەکاندا. نایاسایی بووە لە دایرەکاندا. بە پێی لێکۆڵینەوەکان پرسی خوێندن و بارهاتن بە زمانی دایکیی لە

خوێندنگاکاندا پرسێکی گەلێک گرانە، زمانی دایکیی تاکە زمانێکە کە منداڵ بە تەواویی بە هۆیەوە تێدەگات و کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ فێرکردن و گەشەپێدانی منداڵ. بۆیە ئێرانیش وەکوو پیشەی وڵاتە داگیرکارەکاندا هەستی بە گرینگیی زمانی دایکیی کردووە و بە هەموو شیوەیەک هەوڵی سڕینەوەی زمانی کوردیی دەدات و ئەگەر رووبدات لە ئاکامدا دەبێتە هۆی سڕانەوەی ناسنامەی زمانیی. مەبەست لە سڕانەوەی ناسنامەی زمانی کوردیی ئەوە نییە کە خەڵکەکەی لە رووی جەستەییەوە بە تەواویی قڕ بکرێن و ئیتر کەسێک نەمێنێت بە کوردیی قسە بکات، کارەساتەکە شتێک لەوە کەمتر نابێ، لەبەر ئەوەی گەلێک و لێرەدا کورد ئەگەر زمانەکەی بکوژرێت ئیتر ئەو گەلە هەمان گەلی پێشوو نییە، کولتووری زمانی خۆی لێ دەسێندرێتەوە و کولتووری زمانێکی دیکەی بەسەردا دەسەپێندرێت و دەبێتە ئەو دیترەی کە خاوەنی زمانێکی دیکە و هەڵگری کولتوورێکی دیکەیە. ئیتر وەکوو کورد دەمرێت.

هەر وەک لەسەرەوە باسمان کرد زمانی دایکیی تەنیا یان باشترە بڵێم بەهێزترین توخمە کە مرۆڤەکان دەتوانن بەهۆیەوە بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی خۆیان بگەن. واتە ئەو توخمە مرۆڤەکان بە تانوپۆکانی بنەماڵە و کولتوورەکەیانەوە گرێدەداتەوە. بەڵام لە ئەگەر ئەو توخمە کاریگەرە بمرێندرێت چی؟ لە ئێراندا زمانی فارسی کە زمانی نەتەوەی زاڵە بەرزترین پێگەی بۆ دانراوە و بە پاڵپشتیی هێزەوە توانیویەتی لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا واتە لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئیدارییدا خۆی فەرز بکات. بۆ نموونە هەر لە قوتابخانەوە بگرە کە کراوەتە زمانی فێرکردن و پەروەردە، کاری پێدەکرێت. کراوەتە زمانی کتێب لە گشت بوارەکاندا، کراوەتە زمانی رۆژنامە، فیلم، مۆسیقا. کاتێک کە زمانی زاڵکراو بە هەموو دەمارەکانی هەبوونی نەتەوەیەکدا رۆکرا بە ئاستی پیرۆزبوون دەگات و ئەو مرۆڤانەی کە بەو زمانە دەدوێین بە بایەخە باڵاکانی مرۆڤبوون دەبیندرێن، یا بە شێوەیەکی وردتر بڵێم کە کەسانێکی بە زمانی فارسی نادوێن لە هەموو بوارەکاندا تەنگیان پێهەڵدەچنرێت بۆ ئەوەی خۆیان قەناعەت بەوە بێنن هەست بە نزمی و چرووکیی لە کەسایەتیی خۆیاندا بکەن.

بە سەرنجدان بەو خەسارانە و نەبوونی هیچ کام لە دەرفەتەکانی فێرکردن و بارهێنان لە کوردستاندا، لە پێشدا پێویستە رادەی زیندووبوونی زمانی کوردیی لە نیوان مان و فەوتاندا هەڵسەنگێنین. گوێ بگرین خەڵک کە چۆن زمانی کوردیی دەردەبڕن. زمانەکەیان هەتا چەندە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زمانی زاڵکراو. ئەوکاتەیە کە بۆمان دەردەکەوێ زمانی کوردیی لە قەیران دایە. رۆژ لەگەڵ رۆژ لاوازتر دەبێت. پێموایە کورد تاکە ڕێگایەکی لەبەرە ئەویش بەرگرییە لە سەر لەبەری هەبوونیدا بۆ مانەوە. بۆ مانەوەش باشترین کارێکی کە دەکرێت کارکردنە لەسەر وشیاریی نەتەوەیی. وشیاریی نەتەوەیی دەبێت ببێتە هەوێنی گشت چالاکیی ئەوانەی وا هەست بە لەناوچوونی سڕی زمانی کوردیی دەکەن. ئەوە روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سوورە لەسەر تواندنەوەی کورد و کوردیش لە ئیستادا ئەو هێزەی نییە خۆی لە چنگی حکومەت و نەتەوەی سەردەست ڕاپسکێنیت بۆیە پێویستە بەشی زۆری وزەی چالاکان تەرخان بکرێت بۆ کاری بنچینەیی کولتووریی

ئەمیش نەک بۆ گەشەپێدان بەڵکوو لە گەشبینانەترین حاڵەتدا بۆ قرنەبوونە کە دیارە هەر بە هۆی هەمان بندەستبوون کارێکی ئاسان نییە بەڵام مەحاڵیش نییە. بۆ نموونە کارکردن لەسەر مێتۆلۆژییەکان، ترادسیۆنی زارەکی، هونەر، مۆسیقا و زمان..

---



**ئازاد رۆستەمی: نووسەر**

مرۆڤ بە گشتی گرینگترین خوڵقێنراوی سرووشتە، بە نۆبەی خۆی زمانیش گەورەترین خوڵقێنراوی مرۆڤە. سرووشت و مرۆڤ هەرکام بە نۆبەی خۆی لەپێشدا راڤەی خودی خۆی دەکات پاشان راڤەی دەرەوە و کۆمپۆزیسیونی دەرەوەی خۆی دەکات. مرۆڤ بە پێی دابەشبوونی لە پانتایی سرووشتدا یەکەم راڤەی خۆی دووهەم راڤەی دەوروپشتی خۆی دەکات، هاوکات پەیوەندیی نێوان خۆی و دەوروپشتی. بەرینتر لەوەش راڤەی بەشەکان یان پێکهاتەکانی دەوروپشتی لەگەڵ خۆی دەکات. بە تێپەڕینی کات و هەنگاونانی مرۆڤ بۆ ناو مێژووی تۆمارکراو هەم بەشەکان و هەم پەیوەندییەکان بەرین و بەرینتر بوونەتەوە. پەیوەندییەکان و راڤەکانیش بەرین و بەرینتر بوونەتەوە. لە واقعدا سیستەمی پێکهاتوو لە مرۆڤ - سرووشت یان واقعیاتی هەستپێکراو و نەستپێکراو هەرچی زۆرتر ئاڵۆزتر بووە. بەڵام بەووەشەوە لۆژیکێکی گشتی زاڵە بەسەر ئینسان، سرووشت و پەیوەندییەکانی نێوان ئینسان - سرووشتدا. مرۆڤ لە دەنگەکانەوە تا پیتەکان، تا وشەکان و رستەکان زەمەنێکی یەکجار دوور و درێژی بردۆتەسەر. بۆیە جیاوازییەکان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر و زیاتر بوونە، بەو مانایەی کە مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا جیاوازییەکانی زۆرتر بووە و بە پێی دابەشبوونی جوگرافیایی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی گرووپ - سیستەمەکانی زیاتر و زیاتر پەرە پێداوە. هەر ئەمەش کارێکی وەهای کردووە کە مرۆڤەکان بە پێی زمانی داهێنراوی خۆیان زیاتر و زیاتر لە یەکتر دوور بکەونەوە. نزیکتر ئەگەر بڕوانین ئەم دوورکەوتنەوەیە لە گوتندا خۆی دەبینێتەوە. لە راستیدا گوتن پێناسەی تاک - کۆمەڵێکی تایبەتە لە چوارچێوەیەکی جوگرافیایی، کولتووری،

کۆمەڵایەتی و لە ناو مێژوودا بە تایبەت لە باری ئابووری و سیاسییەوە. هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە چەمکێک بە ناوی نەتەوە بەتایبەت لە سەردەمی ئێستەدا پێناسە بکرێت.

لەم سەردەمەدا زمانی هەر نەتەوەیەک "دال"ێکە لە شوناسی مێژوویی، جوگرافیایی، کولتووری، سیاسی و ئابووری بە کۆمەڵێک "مەدلول"ی "تایبەت"ەوە کە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە زۆر جیاوازە. کەوابوو زمان پێناسەکردنەوەی حزوری تاک - کۆمەڵ - نەتەوەیە لە پێش مێژووەوە هەتا بە ئێستای مێژوو. جیهانی ئەورۆ لانیکەم جیهانی باسکردنە لە مافەکان. زمان یەک لە سەرەکیترین مافەکانی مرۆڤە کە بە وردیی باس لە شوناسی تاکەکەسیی، شوناسی کۆمەڵایەتی، شوناسی نەتەوەیی ئەو گرووپ - سیستمە دەکات لە پانتایی سیاسەت و موقعیەتی دابەشبوونی بەرژەوەندیی ئەورۆدا. بۆیە جیهانی ئێستا جیهانی دابەشبوونی بەرژەوەندییەکانە. ئەگەر سەیرێکی راستییەکانی ئێستای جیهان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکەین دەبینین زمان یەک لە گرینگترین فاکتەکانی هەبوونی هەر نەتەوەیەکە بۆ وەدەستهێنانی بەشێک لە مافەکانی لە چوارچێوەی جیهانی ئەورۆی دەوڵەت - نەتەوەدا. تەنانەت ئەگەر وەکوو ئیدئۆلۆگێک هەر لە راستی راستەوە هەتا چەپی چەپ چاو لە مەسەلەی بەرژەوەندییەکانی حوزووری گرووپ - سیستەم یان نەتەوە - دەوڵەت بکەین زمان گەورەترین کاریگەریی خۆی هەیە. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەر وشەی زمان لە دەوڵەتانی پێکهێنەری ئەو چوارچێوەیە لێکەینەوە شتێک بە ناوی نەتەوە یان تەنانەت تاک مانای نییە. با بیر لەوە بکەینەوە ئەگەر شتێک بە ناوی زمانی تورکی نەبێت وڵاتێک بە ناوی تورکیە هەیە؟ شتێک بە ناوی زمانی عەرەبی نەبێت ئەو هەمووە وڵاتە عەرەبییە هەیە یان شتیک بە ناوی زمانی فارسیی نەبێت!؟ تەنیا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، لە شەرقی دوورەوە هەتا "غەربی وەحشی" کامە دەوڵەت هەیە کە بە پێی نەک نەتەوە زمان شکڵی نەگرتبێت. لە مەسەلەی دەوڵەت و نەتەوە بگەڕێنەوە، وەکوو مرۆڤێک لەم سەردەمەی باسکردن لە مافی مرۆڤدا کە رۆژهەڤی هەموو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە زمانی مرۆڤ کە ئێستا پێناسەی زمانی دایکە، سەرەکیترین مافی مرۆڤی سەردەمی مافخوازییە! لەناوبردنی زمانی دایک لەناوبردنی شوناسی مرۆڤە لە پانتایی هەستییدا. بە بێ داکۆکیکردن لە زمانی دایک ناتوانی داکۆکی لە هیچ مافێکی دیکەی خۆت لە جیهانی ئەورۆدا بکەی. نەبوونی زمانی دایکیی بە مانای نەبوونی کیان و شوناسی ئینسانییە. نەبوونی ئەو مافە بە مانای درووستبوونی ئینسانی بێشوناسە لە پانتایی هەستییدا. بە مانای درووستبوونی گرێی دەروونی لە تاک و کۆمەڵگا دایە. بە مانای دەرچوون لە چوارچێوە دیموکراتییەکانی سەردەمە. ئەوەش ئەگەر نەڵێین یەکەمین کێشەی جیهانی ئەمرۆیە لانیکەم پاش ئابووری گرینگترین کێشەی جیهانی ئەورۆ لەبەرچاونەگرتنی ئەو مافە سرووشتییەیە کە هەموو نەتەوەیەک دەبێ بیبێت. گرینگترین کێشەی ئەورۆ لە جیهاندا تەنانەت لە دیموکراتیکترین بەشەکانی جیهاندا کێشەی شوناسە، کێشەی سنوورە سیاسییەکانە، کێشەی سنوورە زمانییەکانە. زمان پێناسەی مرۆڤە کاتێک خۆی لە نێوان کردەوە و دژکردەوە لەم جیهانە ئاڵۆزەدا دەبینێتەوە. لە خشتەبردنی زمان لە خشتەبردنی هەموو یاسایەکە بۆیە زۆربەی هەرە زۆری

ناکۆکییەکان، دژبەرییەکان لە جیهانی ئەوڕۆدا مەسەلەی زمان و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی زمانی تاک، کۆمەڵگا یان نەتەوەیەکە.

هەموو پرسیارەکە ئاوا کۆ دەکەمەوە؛ ئاخۆ ئەگەر ئێمەی کورد زمانمان لە ئەزەلەوە تورکی، عەرەبی یان فارسی بووایە بەشێکی گرینگی بەرخۆدانی ئەستەم و دژواری بەرەوەدیموکراسیمان لەکۆڵ نەدەبۆوە؟ ئاخۆ ئەگەر لە دڵی ئەورووپادا سامییەکانی نۆروێژ و سوید و فەنلاند کێشەی جیاوازیی زمانیان نەبووایە کە هەمان شوناسی نەتەوەییە نەیاندەتوانی سەرەکییترین جمکەکانی دەسەڵاتی دیموکراتیکیان بەدەستەوە بووایە؟

کۆتا رستە ئەوەی کە ئەرکێکی ئینسانی - نەتەوەییە بۆ هەر کوردێک لە هەرکوێیەکی جیهاندا کە زمانی خۆی وێرای گواستنەوە لە نەسلێکەوە بۆ نەسلێکی دیکە هەوڵی پەرەپێدانی بدات. هیچ زمانێک گرینگتر لە زمانێکی دیکە نییە لە جیهاندا، ئەوە تەنیا کارکردنی ماندوویی نەناسانەیە لە سەر ئەو زمانە کە دەتوانێ لە هەندێک بواردا قابیلی تێگەیشتنتری بکات.

---



**ساماڵ ئەحمەدی: نووسەر و وەرگێڕ**

رۆژی جیهانیی زمانی دایکی، لە دەرەنجامی ستەم و کارەساتێکی خوێناوییەوە لە لایەن رێکخراوی یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراوە، کە هەرچەند نموونەی لە دنیادا کەم نەبووە و ئێستاش هەیە، بەڵام ئەوکاتە کەوتە بەر سەرنجی جیهانی، کە ساڵی ١٩٥٢ پاکستان بڕیاری دا بە زەبری زۆری زمانی ئۆردوو بەسەر گەلانی پاکستاندا بسەپێنێت،

کە ئەودەم پاکستانی ڕۆژهەڵات، واتە بەنگلادشیشی دەگرتەوە و گەلی بەنگالی لەهەمبەر ئەو ستەمەدا وەستانەوە و لە پێناو پاراستنی زمانەکەیاندا تووشی کوشتار هاتن. کەواتە گرینگیی ئەم ڕۆژەوە لەوەدایە کە سەپاندنی زمانی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەک، یان چەند نەتەوەی دیکەدا، بە هەر پاساوێک ڕەد دەکاتەوە و ئەو مافە بە نەتەوە ژێردەستەکان دەدات، کە نەچنە ژێربـاری سەپاندنی زمانی نەتەوەی باڵادەستەوە و لە ساڵی ١٩٩٩ـەوە کە یونسکۆ ئەم ڕۆژەی وەک ڕێزگرتن لە زمانی دایکی دیاری کردووە، زماننـاسان و کۆمەڵناسان و دەروونناسان و دەرمارناسان و پسپۆڕانی زۆربەی بوارەکانی زانستە مرۆڤییەکان گەلێک تیۆریی زانستییان سەبارەت بە کاریگەری و گرنگیی زمانی دایکی لەسەر کەسایەتیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و تەنانەت ئابووریی ئاخێوەری زمانی دایکی خستووەتەڕوو. چونکە زمانی دایکی یەکەم زمانە کە منداڵ لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونییەوە گوێی لێی دەبێت و بەرەبەرە لە ڕێی ئەو زمانەوە بە خۆی و هەموو دەوروبەری خۆی ئاشنا دەبێت و لە هەموو ئەو زمانـاش باشتری فێر دەبێت، کە دواتر بە هەر شێوەیەک فێریان دەبێت. لە ڕێی زمانی دایکییەوە، منداڵ هەر لەگەڵ ئەوەی چاوی بە ڕووی دنیادا هەڵدێنێت، شێوەی دەربڕینی کردار و ڕەفتارە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەبوونیدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی هەر گرووپێکی مرۆیی، وەکو باوەڕەکانی، خدەکانی، دابونەریتەکانی لە زمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە و لە ڕێی زمانەکەشیانەوە دەردەبڕدرێنەوە. بۆیە ئەو کەسەی بە زمانی دایکی دەدوێت هەست بە پاشخانێکی دەوڵەمەندی ناسنامەی کەسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لە پشت دەربڕینەکەیەوە دەکات و، بە شێوەیەکی ئەرێنی دەتوانێت لە خۆی تێبگات و ئاسانتریش دەتوانێت پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە بگرێت، چونکە پێش ئەوەی پێوەندی بە دنیای دەرەوەی گرووپەکەی خۆیەوە بگرێت، لە دنیای گرووپەکەی خۆیدا لە ڕێی زمانەکەی خۆیەوە گرینگترین پێوەندییە خێزانییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەی زمانەکەی خۆی ئەزمووە و کورد گوتەنی، زاتی شکاوە لەوەی بە بوێرییەوە ڕێ دەربەرێتە نێو دنیای زمانانی دیکەی، بەدەر لە زمانی دایکیی خۆیەوە. لایەنێکی دیکەی گرینگیی زمانی دایکی ئەوەیە کە مرۆڤ لە زمانی خۆیدا هۆشیارترە، ئاخر زمان پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بیرکردنەوەی ژیربێژانە و بەپرسیار و ڕەخنە هەیە، ئەو چەشنە بیرکردنەوەیەش ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی تێگەیشتن دەپشکنێت و مرۆڤ لە سۆنگەی ئەو خەسڵەتە گرینگەیەوە دەتوانێت ئاسانتر لە هەبوون و فرەیی ڕاستییەکان تێبگات. بێجگە لەوانەش، توێژینەوە دەمارزانییەکان نیشانیان داوە کە منداڵ لە سەرەتای تەمەنییەوە زۆر زیاتر توانای فێربوونی زمانی هەیە و لە تەمەنی سەرووی ١٠ ساڵانەوە درەنگتر دەتوانێت فێری زمان ببێت، بۆیە گرینگە هەر منداڵێک بواری ئەوەی هەبێت کە لە سەرەتاکانی تەمەنییەوە فێری زمانی دایکیی خۆی ببێت و لانی کەم قۆناغی بنەڕەتیی خوێندنی بە زمانی دایکی بێت.

باسکردن لە گرینگایەتیی زمانی دایکی زۆر ئاو هەڵدەگرێ، خۆ ئەگەر لەبەر تیشکی ئەو چەند هۆکارەی سەرەوە سەرنج بدەینە زمانی کوردی، بەتایبەت لە پارچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، دەبینین دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە هیچ شێوەیەک بواریان نەداوە بەوەی کە منداڵانی کورد لەو دوو پارچەیەدا بە زمانی دایکیی خۆیان قۆناغی بنەڕەتیی

خوێندن بئەزموون. لەبەر ئەوە باسی باشوور و ڕۆژاوای کوردستانم جودا کردووەتەوە، چونکە لە باشووری کوردستان لانی کەم لە دەیەی ١٩٧٠ی زایینییەوە بوار بە پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی دراوە و لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠یشەوە بەشێکی ئەو پارچەیەی کوردستان ئازاد بووە و پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردییە. هەرچەند دەوڵەتی داگیرکەری سووریەش پێشتر هیچ مافێکی بە کوردانی ڕۆژاوا ڕەوا نەدیوە، بەڵام ئەوە پێنج شەش ساڵێکە دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەر لە ڕۆژاوای کوردستان هەیە و ئەوەندەی ئاگادار بم لەوێش خوێندن بە زمانی کوردی خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام لە پارچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور، کە هەتا ئێستاش داگیر کراون، داگیرکەران ناهێڵن منداڵی کورد بە کوردی بخوێنێت، کەچی دێڵن لە زانستگە ئەدەبیاتی کوردی بخوێندرێت، یان جاری وایە بوار بە چاپ و بڵاوبوونەوەی چەند گۆڤار و کتێبێک لە ژێر چاودێری و سانسۆردا دەدەن، مەبەستی سەرەکیی ئەوان ئەوەیە کە قۆناغە گرینگەکەی فێربوونی زمان لە منداڵی کورد بستێنن و زمانی داسەپاوی خۆیانی پێ فێر بکەن، بۆ ئەوەی وای لێ بکەن نەتوانێت لە زمانەکەی خۆیدا بیر بکاتەوە و نەتوانێت کردە زمانییەکانی خۆی بە ئاسانی لەکار بێنێت و بەناچاری لە زمانی ئەوانەوە تێگەیشتنی خۆی لە دنیا و هەبوون دەرببڕێتەوە، واتە لە فەرهەنگی ئەوانەوە فێری بیرکردنەوە و دەربڕین ببێت، تاکو ئەوان ئیدیعا بکەن، کە زمانی دایکیی ئینسانی کورد توانای دەربڕینی ڕەهەندە قووڵەکانی هەبوونی نییە.

سەرباری ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان بواریان بە زمانی کوردی نەداوە، بەڵام نەتەوەی کورد، وەکو نەتەوەیەکی خاوەن شارستانییەتیی دێرین، کە بەرهەمی زمانەکەیەتی، تا ئێستاش هەر زیندووە. ئەم ڕاستییەش لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا سەلماوە و بە هەر زەحمەت و مەینەتییەک بووە، کاری لەسەر کراوە و ئەوەی لێ وەدیار کەوتووە، کە زمانی کوردی زمانێکی نەزۆک نییە؛ بەو واتایەی کە ئەگەر بواری پێ بدرێت پێکهاتەی جەستەیی، واتە پێکهاتەی ڕێزمانیی زمانی کوردی توانای ئەوەی هەیە، لەسەر پێوانەی دەربڕینە سروشتییەکەی خۆی زاراوە و چەمک و دەربڕینی نوێ ڕۆبنێت و خۆی لەگەڵ گۆڕانە زانستی و مۆدێرنەکان بگونجێنێت. قسەکردن لەم بابەتە لە کورتەدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ناتوانێ بپەرژێتە سەر ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی تایبەتمەندییە جەستەیییەکانی زمانی کوردی بخاتەڕوو، بەڵام بە بوێرییەوە دەتوانم ئیدیعا بکەم، زمانی کوردی تایبەتمەندیی خۆگونجاندن لەگەڵ مودێرنیتێ و زمانی زانستە سروشتی - ئەزموونی و مرۆڤییەکانی هەیە. سەبارەت بەوەیشی کە چون کار لەسەر ئەو تایبەتمەندییانە بکرێ بۆ ئەوەی وەک زمانێکی زیندوو لە گشت بوارەکانی هزر و بیرکردنەوەدا کاری پێ بکرێ؟ دەتوانم بڵێم، بەداخەوە ئێستا، بەتایبەت لە کوردستانی ئازاد (باشووری کوردستان) سەرباری ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی هەیە، کەچی تا ئێستا سیاسەتێکی دیار و لەویش خراپتر پلانی زمانیی ئەوتۆ نییە، کە بتوانێ پەرە بە توانا هێزەکی و کەمتر کارلەسەرکراوەکانی زمانی کوردی لە بەرەگەی دنیای نوێ و شەپۆلەکانی مۆدێرنیتێدا بدات، بەپێچەوانەوە ئەگەر بتەوێ سەرنج بخەیتە سەر کتێبەکانی خوێندنی کوردی و چاپەمەنی و ڕۆژنامە و گۆڤار و، تەنانەت زمانی نامەگەلی ڕێنوێنی و کاروباری دیوانسالاریی نێو دامودەزگاکانی میریشەوە، دەبینی ئاڵۆزییەکی وەها بەسەر هەرسێ بواری ڕێزمان، ڕێنووس و وشە و وشەسازیی کوردیدا زاڵە، کە لەجێی ئەوەی خزمەت بە

زمانەکە بکات، بەرەو لاوازیی دەبات. بۆیە بە ڕای من، پێویستە لە کوردستانی ئازاد بیرێکی خێرا لەو ئالۆزییە زمانکوژە بکرێتەوە و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، مادام داگیرکەران مۆڵەتی خوێندن بە زمانی کوردی نادەن، خانەوادەکان خۆیان هەوڵ بدەن منداڵەکانیان پێش ئەوەی بچنە بەرخوێندن بە زمانی داگیرکەر و داسەپاو، فێری خوێندن و نووسین بە زمانی دایکیی خۆیانیان بکەن و بە هەر ڕێیەکدا دەگونجێت هەوڵ بدەن کتێبخانەیەکی کوردی لە ماڵەکانی خۆیاندا پێک بێنن و جودا لە بەرهەمە زانستی و ئەدەبی و کەلەپوورییەکان، ئەو کتێبە ڕێزمانییانەش دابین بکەن، کە بۆ فێرکردنی ڕێزمانی کوردی نووسراون. جوادا لەوەش پێویستە نەتەوەی کورد لە ڕێی چالاکیی مەدەنی و خۆپێشاندانەوە، لە بۆنەی جیاجیادا، بەتایبەت لە ساڵهاتی ڕۆژی زمانی دایکیدا فشار بخاتە سەر داگیرکەرانی کوردستان و داوای مافی ڕەوای خوێندن بە زمانی دایکی بکات و شێلگیربوون لەسەر ئەو داوایە بکاتە فشار لەسەر ئاسایشی سیاسیی داگیرکەران لە نێو کوردستاندا. بە هەرحاڵ، ئێمە دەزانین دژمنانی نەتەوەکەمان بۆ ئەوە ڕێ لە پەرەگرتنی زمانەکەمان دەگرن، چونکە دەزانن گرنگترین بناغەی نەتەوایەتی و هۆشیاریی هەر نەتەوەیەک زمانەکەیەتی، بۆیە ئێمەش دەبێ بە چنگ و بە ددان، نەک هەر زمانەکەمان بپارێزین، بگرە هەوڵ بدەین بە قووڵی فێری ببین و پەرەی پێ بدەین.



**سووسەن محەمەدخانی قیاسوەند**: **ڕۆژنامەنووس**

زمانی دایکی وەک دڵ و هەناسەیە ئەرە لەشی ئایم. بێ دڵ و هەناسە نمەتینیم بژییم، ژیان بێ زمانی دایکیژ گاس نەتینم بووشم نماو بەلام مەتینم بووشم فرە سەختە و وەک شکەنجەیە. ئایمێ دیرکەتی ئەژ زمانی دایک، ئایمێ کاملی نیە.

ئە ئایمە هیچ کات نمەتینی خاس و راهەت ئە سەرێ گوژ و ژیانی گوژ و پیویستەیلی قسە بکەی. نلسون مانـدلا فتیـە «وە زمانی کە یەک ئایم هالیە ماوتێ ئە گەردی قسە نەکەن چون قسەتون وە مێشکیە مەرەسی، بەلام ئەر ئە گەردی ئە ئایمە وە زمـانی دایکی قسـە بکـەینون، قسـەتون وە دڵیـە مەنیشـی.». فـەوتانی یـەک گـەل پیویست وە لەشکەر و چـەکی شـەڕ و چەکوچوڵی نیزامی نیەری. هەر فەقەت کافیە زمانی دایکی ئەژنی بگرین تـا وردە وردە کولتورێ گـوژ ئـە دەس بـەی و دەس ئاخریژ گوژیژ ئەناو بچوو.

زمانی دایکی هەر ئەژ ئایلی یەکی ئەژ گرینگترین ئەبزارەیلیکە کە هیمە دیریمـون ئـەرە یـە کـە دنیـامون خاستر بشداسیم، خاستر و راهەتر ئە گەردی دنیامون و ئایمەیلی ترک ئیرتبات بگریم، ئـەرە یـە کـە بتینیم بووشیم ئـە نـم سـەر و میشک و دلی هیمە چە هەس و چە مەگوزەری و یام بتینیم ئیحساسی گوژمان وە زمان باریم. بەلام ئەرە پەرە گرتنـی ئـی گوژناسـی و ئەژ گوژ فتن و جیهانناسی و ئیرتباتە هیمە پیویست وە یە دیریم کە وە زمانی دایکی دەرس بخوەنیم. چشتی کە بەداخـەوە تـا ئیسگە هیمەی کورد ئیمکانی ئەومونە ئە نـاو ئیـران ناشـتیە و هـەر یـایژە وە تـەنیایی مـەتینی زیـانی فـرەی بیـەر ژیـانی هیمە کورد. یـە قسـە منێ کورد نیـە، میـدیایلی فـارس پـرە، دەسلاتدارەیلی ئیرانـە مووشـن ئـە ناوچـەیلی کـە زمـانی دایکـی ئایلەیلێ فارسی نیە، ئانە نمەتینن وەک ئایلەیلێ فارس دەرس بخـوەنن، ئـە نـاو دەرس خـوەنتن سـەرکەووت نمێن، ئـەرە یـە کتێب و کلاس وێیلە مەکەن. ئە ئایلەیلە گوناهی نیەرێن. مسالی خاسی ئەرێنی هەس «وەک یەسە هومە بێتـون یـەکی وە پـا شەیل ئە نـاو موسابقە دو ماراتـون شرکەت بکەی» خا هەر وەرێژ موسابقەیژ خاس دیارە کە هیچ کات سەرکەووت نماو.

هیمە تەنیا و ئەوەل ئەژ گشت نەبـاس قەبول کەیمون وە زمانی داگیرکەرەیلی کوردستان قسە بکەیم و دەرس بخوەنیم. یـایژە پیویست وە ئیتحادی گشتی کوردی دێرێ. بەداخەوە من فرە دیمە تـەنانەت ئـە نـاو پارتـەیلی کوردی کەسەیلێ کە مووشن هیمـە وە زمـانی رەسمی موشتەرەک ئـە نـاو ئیـران پیویستمونە بـەلام هیچ کـات فکـر نمەکـەن هـەنی بچیمـە ژێـر هژمـونی زمـانی داگیرکەرەیل یا هەر زمانی ترک یە ئەوەل ئەژ گشت کومەلگا و کولتور کوردە، ئایلێ کورد و زمانی کوردیە کە زیانـە مـەینێ. هەنی ئە ژێر ئێ هژمونیە هاتیمە دەرێر وە ئاسونی رێگای پـەرەداینی زمـان پیـا مەکـەیمون. هـەر چـەن زاراوەیلـێ سورانی و کرمانجی بەخشی ئەژ ئێ رێگا چنە. بەلام زاراوەیلێ کوردی خوارین چون میدیا ناشتنە، پارت ناشتنە، وە فرە چشـتی ترکیـژ ناشتنە ئەرە یە وە ئاوردانەوەی تایبەت پیویست دێرن.

بە رای من یەک زماننـاس خاسترە مەتینی ولامی ئێ پرسیارتـانە بـێ. من هـەر یـە مـەتینم بووشم نـە فەقـەت کـوردی، هـەر زمانی ترکیژ کە دەرفەتی گەشە پیاکردن داشتیە، ئە بوارەیلی جوربـەجور زانستی، فکری، کومەلگایی و ... تینستیە پـەرە بگـری. یـە نیـە کـە بووشیم بـاس زمـان هەتمـەن تایبەتمەنـدییەیلی دەگمەن داشتووتی تـا بتینـی هـەلی گەشـە پیـا بکـەی. زمانەیلی زنێ کە ئیستا ئە نم دنیا دیریم تەنانەت ئینگلیزی هەر ئەژ ئەوەل ئەجوورە نێینەسە. ئە سەرێ ئێ زمانەیلە کـار

بیە، وشەناسەیل و زماننناسەیل وشە بەرهەم ئاوردنە. ئی زمانەیلە ویرای گەشە زانست، پیشکەوتنە. زمانی کوردیژ هەرئیجورە. بەتایبەتی زاراوەیلی کرمانجی و سورانی. ئەژ ئورەیلە کە کرمانجەیل و سورانیەیل زانکو داشتنە، راگەیاندنەیلێ گشتی و پارتی داشتنە، دەرفەتێ کتێب بلاوی کردن داشتنە خا وە نسبەتی زاراوەیلێ ترک هەلێ گەشە پیا کردنە. یانی میا بووشم بە باواری من یە هەڵەیە کە هیمە فکر کەیم تایبەتمەندییەیلێ دەگمەن باس ئە ناو زمان بوو تا بتینی ئە بوارەیلی جوربەجور پیش‌بکای. زاراوەیلی کوردی ئەرە پیش‌کەتن، پیویست بە کەرەستە و ئیمکانات دێرن، زماننناس و وشەناس، خەڵکی دەروەست و پسپۆڕ ئە تایبەتمەندییەیلێ بەرچاو.

---



**فەرەیدوون ئەرشەدی**: **شاعیر**

زمانی کوردی یەکێ لە زمانەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەڵکەوتوو لە جوغرافیای سیاسی و فەرهەنگی نێوان وڵاتانی ئێران، تورکیا و عێراقی ئێستادا. ئەم زمانە بە چەند زاراوەی سەرکییەوە، لە کۆنترین زمانەکانی ئەم ناوچەیە دێتە ئەژمار. لە هەمان کات دا، یەکێ لە داخراوترین زمانەکانی ئێستای ناوچەکەیە. داخراوە لە بەر ئەوەی لە سیستەم و رەوتی دیپلۆماسی و ئابووری و پێوەندییەکانی ناوچەکەدا، بەشدار و کارا نییە.

هۆکاری بەشدار و چالاک نەبوونی ئەم زمانەی ئیمە، لە سیستەم و چەرخەی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی ناوچەکەدا، دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی کیان و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ئەو میلەتەی بەم زمانە قسە دەکەن.

ئەوەی تا ئێستە ئەم زمانە بێ دەسەڵات و کەم مەودایەی هێشتوەتەوە، لە خاڵی یەکەم دا، ئەدەبیات و شیعرێکی زۆر

دەروەستە، لە نیوسەدەی ڕابردووش دا، بەتایبەت بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە سەرانسەری کوردستان دا، کە دیارترینیان کۆماری کوردستانە و پاش کۆماری کوردستان لەم سالانەی دواییدا، پاش دەستەبەر بوونی نیمچە دەسەلاتی باشووری کوردستان، مەوداکانی خۆی فراوانتر کردوە. ئەڵبەتە تەنیا لە ئیدارە و مۆئەسساتی ناوخۆیی دا.

گەرەکمە ئەو بیژم کە زمانی هەر نەتەوەیەک، تەنیا بە پێوەری ناوخۆیی و هەست و عاتیفەی تاکەکان ناپارێزرێ و گەشە ناکات، ئەگەر زمان لە دانان و پەرەپێدانی کیان و دەسەلات و سیستەمی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی دا، بەشدار و کارا نەبێت، تەنیا بۆ بەردەنگی ناوخۆی خۆی زیندووە و کارا.

بە بۆچوونی من، زمان، مەسەلەیەکی ستراتژیکی زۆر گرینگە کە ناسنامەی هەر نەتەوەیەک بونیاد دەنێ.

بەڵام ئەگەر ئەو زمانە، لە ئاستی دیپلۆماسی، زانست و کاری ئیداری کۆمەڵگا و پەروەردە دا، بەشێوەی ڕەسمی چالاک نەبێت، تەنیا زمانی ماڵ و منداڵ و کۆڕی فەرهەنگی و ئەدەبیی و بەلانی زۆرەوە، گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆنە ناوخۆییەکان دەبێت.

زمانی کوردی، وەکوو هەموو زمانە هاوشێوەکانی لە جوغرافیای سیاسی و کلتووری ئێمەدا، زمانێکی کۆن و پڕ وزە و ئامادەی بەشداری کردنە لە بەڕێوە بردنی ئەرکی ئیدارە کردنی کۆمەڵگا و پەرە پێدانی ئاستی زانیاری و وشەسازییە.

ئەگەر ئەم زمانە، کیانێکی سیاسی، هەوڵی بەرەسمی ناساندنی ئەسەلات و تواناکانی لە بەستینی پێوەندی مرۆڤانی ئەم ناوچەیەی ئێدا نەدات، هەر وەک هەمیشە تەنیا و تەنیا مەسرەفی نێوخۆیی هەیە، هەستی ڕوشاو و غروری شکست خواردومان ڕازی دەکات و ناتوانێ سنوورەکانی خۆمان بەرەو ناساندنی وەک زمانکی زیندوو. ببەزێنێ.

هەوڵی تاکە کەسی و بنەماڵە و ئەنجومەن و مەحفێل و کلووپ و کافەکان،لە پرۆسەی گەشە پێدان و بەڕەسمی کردنی ئەم زمانە دا، کاریگەرن بەڵام، تا زەمانێک دەسەلاتێکی ڕاستەقینە، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی لە دیپلۆماسی دراوسێیەکانی دا و لە سیستەمی پەروەردە و ڕاگەیاندنی دا، وەک سەرەکی ترین کۆڵەکەی پاراستنی ماڵی کورد بە کار نەهێنێ، هەوڵەکان دڵسۆزانە و کورت مەودا دەبن.

زمانی کوردی، سەرەڕای هەموو گرفت و کەمیی مەودای پێوەندییەکانی، وەک هەموو زمانە زیدووەکانی دونیا، خاوەنی خەسڵەت وتایبەتمەندی و توانای فرە گەورە و گونجاوە.

خەسارەی گەورەی ئەم زمانەش کە تا ئێستە بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی سیاسی، ستاندارەکەی دیار نییە، دابەش بوونیەتی بەسەر دوو "پیتی" ئارامی و لاتینە.

من بۆ خۆم لە هیچ وڵاتێکی دیکەی دونیادا نەمدیوە کە یەک زمان بە دوو پیت بنووسرێ! بە داخەوە هەر ئەم کێشەیە، خەریکە دووپارچەی گەورەی کوردستان لە باری فکری و کلتوورییەوە لەیەکتر دوور و دوورتر دەکاتەوە.

---



**جەواد حەیدەری: نووسەر و وەرگێڕ**

**زمانی کوردی لە باشووری کوردستان لە مەترسیدایە**

یادی زمانی دایک لە کاتێکدا دەکەینەوە کە نەتەوەکەمان لەبەردەم چەندین هەڕەشەی نەیاران و دوژمناندایە، هەمووان بارودۆخی باشووری کوردستان دەزانن و پێویست بەوە ناکات من باسی لێوە بکەن، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموو لێی ئاگادارن و باکوور و ڕۆژئاواش کەوتونەتە بەر لاشاوی هێرشی ڕەگەز پەرستەکانی تورک و ڕۆژ نییە بە دەیان کەس لە خوشک و براکانمان شەهید و بریندار نەبن.

هەنووکە ئێمەی کورد لەهەموو بوار و لایەنەکانەوە بەردەم لەناوچوون و هەپروون بە هەپرووندایین. خاک و نیشتمان و ئاڵا و سەروەت و سامانی سروشتی و .. هتد هەمووی لەبەردەم مەترسییەکی گەورە دان.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بە کورتی باسی لێوە بکەن زمانی کوردییە کە بەداخەوە خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، میدیای کوردی بە تایبەتی میدیای باشوور ئەوەی کە نەیارانی کورد بە زمانی کوردییان نەکرد ئەوان دەیکەن و ڕۆژانە لە میدیای باشوور (چ بینراوە و چ بیستراو و چ نووسراو) کە چۆن وەک قەسابێک کەوتوونەتە گیان زمان و ڕێنووسی کورد و ئەوەی خوا پێی ناخۆشە بەم زمانەی دەکەن و کەسیش نییە متەقی لێوە بێت. بەداخەوە میدیای باشوور خەریکە کاریگەری خراپیش لەسەر پارچەکانی تر بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت و ئێستا زۆربەی میدیاکارانی باشوور خۆیان بە زمانزان و زمانناس دەزانن و ڕۆژانە چەندین وشەی بێ سەرو پێ کە خۆیان نەبێت کەس نازانێت لە کوێوە هاتووە و کورد وتەنی لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نییە.

پێموایە ئەگەر ئاوا بڕوات ئەشێ لەم بەشە لە کوردستان فاتیحای زمان و ڕێنووسی کوردی بخوێنین ، ئەوە باسی بەشی وەرگێڕان ناکەم کە ئەوەیان وێرانە و جێی قسەی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە. ڕۆژانە بە دەیان کتێبی وەرگێردراو بە سەقەتی و نوقسانی دێتە ناو کتێبخانەی کوردی کە دەبێتە لە داهاتوودا لیژنەیەک بۆ پێداچوونە و ڕاستکردنەوەی هەڵە زەقەکانی ئەو کتێبانە پێکبهێندرێت.

شتێکی تر کە پێویستە بوترێت بۆ زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە هەندەران دەژین منداڵەکانیان بە باشی فێری کوردی نەکردووە و ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، چونکە نوام چۆمسکی زمانزان و بیرمەندی ئەمریکی دەڵێت: هەرکەسێ زمانی دایکی بە باشی نەزانێ زمانەکانی تریش بە باشی فێر نابێت. هیوادارم دایک و باوکان لەوبارەیەوە هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان لەپاڵ زمانە دەرکییەکان زمانی زکماگی خۆیشیان بە باشی فێر ببن و هەموومان بتوانین خزمەتی زمان و کلتوری خۆمان بکەین.



**هادی عەزیزی: مامۆستای زمانی کوردی**

**وێڕای پیرۆزبایی لە هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی، دەمهەوێ راستەوخۆ بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکان و هیچ باسێک لە سەر مێژووی ماتریاڵی زمانی کوردی نەکەمەوە، چوونکە هەست دەکەم وەک زنجیرەیەکی تێهەڵکێش کۆمەڵێک ئاخافتن و نووسینی دووبارە و چەندبارە دێنێتە پێشەوە کە هەموومان زۆر جار بیستوومانە یان خوێندوومانەتەوە.**

**وەک گرینگی زمانی کوردی، بە پلەی یەکەم ژێئۆپۆلتیکی کوردستان یان جوگرافیای سیاسی کوردستان و سنووری هەموو سەرحەدەکانی وڵات دیاری دەکا و بناغەی فەرهەنگیش دادەڕێژێتەوە.**

**هەر بۆیەش داگیرکەرانی کوردستان بە بەردەوامی ویستوویانە خاکی کوردستان لە ژێر هاڕینی ئاسمیلاسیۆن و کۆچبەرکردنی زۆرەملێی کوردان، لە نەتەوەی کورد پاک بکەنەوە هەتا لە پانتایی و بەرینی و جوگرافیای سیاسی کوردستان کەم ببێتەوە.**

**زمانی کوردی لەو دەگمەن زمانانەیە لە دونیادا کە هەموو وشەکانی بە بێ هەبوونی ناوەندێکی زمانەوانی، لە سروشت وەرگیراون و ژینگەی کوردەواری راستەوخۆ لە داڕشتنی زمانی کوردیدا کاریگەرە و سەلمێنەری ئەو حەقیقەتە ئەوەیە کە نەتەوەی ئێمە دوای ئەو هەموو نەهامەتیە هەتا ئێستاش زمانەکەی بە هەموو شێوەزارەکان و لکەزارەکانی وەک خۆی ماوەتەوە. تەنانەت لە دراوسێیەکانی کوردستان بە تایبەت زمان و وێژەی داگیرکەرانی کوردستان، سەرەڕای زاڵبوونیان**

نەیانتوانیوە بەوشێوەیە کە ویستوویانە دەست بخەنە زمانی کوردییەوە یان وشەکانی زمانی ئێمە وەکوو غارەت کردن، بۆ زمانی خۆیان بگوازنەوە.

## بەرامبەر بە خۆمان؛

ئێمەی کورد دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ ناوەندێکی زمانی کوردی بە پاڵپشتی سیاسەتی نەتەوەیی و ئابورییەکی بەهێز دابمەزرێنین، هەتا بتوانین تەواوی ئەو کەلەبەرانەی زمانی کوردی لەهەمبەر نوێکردنەوەو دانانی زمانی فەرمی و ستاندارد بۆ دامو و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی پەروەردە، بدوورینەوە.

لە ساڵەکانی سی زایینی سەدەی ڕابردوو و بە هاتنە ئارای تیپی لاتینی کوردی لە ناوچەکانی باکووری کوردستان و قەوقاز و ئەرمێنیا، بە جۆرێک دو دەستەبییەکی گەورە و دابڕانێکی گەورە لە نێوان ئێمەی کوردا دروست کردووە کە بە لاتینی و بە ئارامی دەنووسین. خاڵێکی دیکە کە ئێمەی کورد بە دەستییەوە دەناڵێنین بە سیاسی کردنی زمانی کوردیە، کە بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکانی باشووری کوردستان دەبیندرێ وهەر ڕاگەیاندنێک بە میکانیزمی بەکارهێنانی وشەی باو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بە تایبەت لە شێوەزاری کورمانجی ناوەڕاست یا سۆرانیدا کەلێنێکی گەورەیان درووست کردووە.

**خاڵی سێهەم؛** سەرهەڵدانی نووسین بە شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکی و کەڵووڕییە کە لەو دواییانەدا هەر کامەیان حەول دەدەن بە نووسین و خەتی تایبەت، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆیان لە شێوەزارەکانی دیکە جیا بکەنەوە و لە کتێبخانەی کوردیدا ئەم باسە بێننە ئاراوە کە شێوەزارەکانی کورمانجی و سۆرانی ستەمیان لە زارەکانی دیکە کردووە.

**خاڵی چوارەم؛** دانانی فەرهەنگستانێکی وشە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمانی کوردی لە هەموو شێوەزارەکاندا و هەروەها نووسینەوەی ئەدەبی زارەکی کوردی هەتا بە چاودێری لێکدانەوەی وشەکان بە شێوەیەکی زانستی ڕەچەڵەک و ئیتۆمۆلۆژی، ئەو روناکاییە دەوڵەمەندە بخاتە بەرچاوی تاکی کورد، کە بنەچەک و بنەوانی زمانی کوردی لە هەموو زارەکاندا یەک شتەو و هەبوونی شێوەزار و لکەزار لە سەر ئەساسی جوگرافیای کوردستان دەوڵەمەندی بە زمانی کوردی بەخشیوە.

**خاڵی پێنجەم؛** تێکشکاندنی ئەو دیوارەی کە نەیهێشتووە زمانی کوردی وەک نەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە دوای ڕۆنێسانسەوە بە دونیای پیشەسازییەوە بلەکێت و کەلە قۆناغی دەوڵەت - نەتەوەدا سازی و ڕێکخراوی تایبەت بە گەشەکردنی زمانی نەبووە، هەتا زمانی کوردی لە رووبەری کۆچەری بپەڕێنێتەوە.

**خاڵی شەشەم؛** هاندانی زیاتر بۆ وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە بوارەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و پزیشکی و پیشەسازی و سیاسەت و هونەر و هتد، هەتا زمانی کوردی لە چوارچێوەی هەڵبەست و گۆرانی و چیرۆک و بەسەرهات نەهێڵێتەوە و پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی بە واتای خۆی جێ پێی لە ناو زمانەکەماندا بکاتەوە.


لە بەشی کۆتایی ئەم باسەدا، وەک خاڵێکی وەچەرخان لە مێژووی زمانی کوردیدا، ئێمە دەبێ ئەو هزرە وەک خەت دابڕێژینەوە کە بتوانین لە پەنجەرەیەکی کوردییەوە چاو لە دنیا بکەین. واتای ئەم روانینە، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆرینەی تاکی کورد بە کوردی بیر ناکاتەوە و لە ناو مێشکیدا بە تورکی، فارسی و عەرەبی لێکدانەوەانی هەلاجی دەکا و دواتر بە کوردی دەیڵێ، کە ئەم میکانیزمە تەنیا بەفەلسەفەی زمانی کوردی تێکدەشکێندرێت.

کاتێک ئێمەی کورد، لێکدانەوەکانی ناو مێشکمان بەشە پۆلێکی کوردی هەڵسەنگێندرێت، بەستێنێکی گەورە بۆ هزر و ڕامانمان دەخوولقێت و وەک پێداگری لە ئاخافتنی کوردی بۆ هەمان هزر، دەتوانین پردی نێوان نوێگەری و ڕابردووش هەڵبچنین و بە پاراستنی توخمی وشەکانی زمانی کوردی، تەنانەت داهێنان لە وشەی نوێشدا بکەین.

ئەم جۆرە هزرە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ درووستکردنی وشەی نوێ و تامەزرۆکردنی نەوەی نوێ بۆ لای زمانی زگماکی خۆیدا و پەرژینێکی توند و تۆڵ لە بەرابەر هێرشی فەرهەنگی و زمانی بێگانە و داگیرکەراندا، درووست بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کانونی نووسەرانی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٨

## زمانی دایکی لە مێزگردێکدا




**لە بەرەبەری ٢ی ڕەشەممە (٢١ی فێڤریە) ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی و لەبەر گرنگیی پرسی زمان وەک شادەماری ناسنامەی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی کورد و هەوڵدان بۆ گرنگیدان و پێشخستنی زمانەکەمان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی حەوت نووسەر، مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕی بواری زمان، ئەدیبی کورد کردووە کر بریتین لە:**


**- دکتۆر ڕەحیم سورخی، مامۆستای زانکۆ.**
**- مەسعوود بابایی، نووسەر و پسپۆڕی زمان.**
**- دکتۆر هەژار ڕەحیمی، مامۆستای زانکۆ.**
**- دکتۆر هاوژین سڵێوە مامۆستای زانکۆ.**
**- شەهلا دەباغی پسپۆڕی زمان نووسەر.**
**- جەماڵ نەجاڕی نووسەر.**
**- خەبات ڕەسووڵی چیرۆکنووس.**

**"کە هەرکام لەو بەڕێزانە لە ڕوانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەیان داوەتەوە، بێگومان پرسی زمان وەک ڕۆحی نەتەوە و کلیل و دەروازەی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ کورد لەم ساڵانەدا بۆچوون و ڕوانگەی جۆراوجۆری**

**لەبارەوە خراوەتە ڕوو، بێگومان جیاواز لەم ڕوانگانە بۆچوونی دیکەش لە ئارا دان، بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەوە پرسی زمان بەندە بە بنەمای زانستی زەمانەوانی و بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانییەوە.**

**سازدانی: شەریف فەلاح**

**شەریف فەلاح: زمان وەک ڕۆحی نەتەوە و ئاخێزگەی ناسنامەی تاک و کۆمەڵگە، بۆ ئێمەی نەتەوەی کورد لە دۆخێکدا کە فاکتەکەکانی دیکەی نەتەوەییمان وەک خاک و نیشتمانمان لێ زەوت کراوە، دەتوانێ لە پرۆسەی نەتەوەسازی و وشیاریی نیشتمانی و ناسنامەییدا، چە دەورێک بگێڕێت؟**



**د. ڕەحیم سورخی - مامۆستای زانکۆی کارلتن - کانادا**

**د. ڕەحیم سورخی:** کۆمەڵەی کوردی لە ئێران وەک هەر کۆمەڵەیەکی دیکەی زمانی لە ڕێگای پێوەندیکردن بە زمانەوە کۆمەڵەیەکی زمانی تایبەت بەخۆی پێکهێناوە کە ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بووە بە سەرچاوەیەکی بەهێزی ناسنامەیی بۆ ئەندامەکانی. ئەندامانی ئەم کۆمەڵە زمانییە لە هاوکاری و هاوپێوەندییاندا پێکەوە کۆمەڵەیەکی تایبەتی ئەتنۆ زمانییان پێکهێناوە کە زمان و ناسنامە ئەتنییەکەیان دەقاودەق پێکەوەیە و هەستێکی زەینیی وای لە لای ئەندامانی ئەوە گروپە ئەتنۆزمانییە دروستکردووە کە سەر بە نەتەوەیەکی تایبەتن. ئەوە کە دەگوترێت نیشتمانەکە زەوت کراوە، کە باشترە بڵێین لەباری سیاسی-نیزامی داگیرکراوە، بەڵام ئەو کۆمەڵە ئەتنۆزمانییە لەسەر خاکی خۆی و لە بەردەوامیی و پێوەندیی بە ڕەهەندە پێکهێنە ئەتنییەکانیدا دەژیت و بۆ مانەوەی خۆی خەبات دەکات. فیشمەن(١٩٧٧)، زمانناسی کۆمەڵایەتی، ئەم ڕەهەندانە لە سێ ڕەهەندی پشتایەتی، کەلەپور و دیاردەناسیدا پۆلین دەکات. بۆ نموونە وەک نەتەوەی کورد، لەباری بنچینە / پشتایەتی(Paternity) یەوە، کۆمەڵەمیراتێکی ئەتنۆ زمانی پشتاوپشت لەباوباپیرانی بۆ بە جێماوە و ئەمەش هەستێکی لە بەردەوامی پێبەخشیوە. بە پاڵپشتیی ئەم هەستی بەردوامییە لەگەڵ ڕەوتی مێژوو خۆبەرهەم

دێنێتەوە. کەواتە، ئەم نەتەوەیە خۆی بە ڕیشەدار دەزانێت و شوێن پەنجەی باوباپیرانیشی لەسەر مێژوو و لەڕووداوە مێژووییەکاندا دەناسێتەوە. لایەنێکی دیکە، کەلەپوور(patrimony) ە،واتە، ڕەوشت و ڕوانگەکانی بۆ میراتی گشتییە، وەک نموونە فێرکارییەکان، مۆسیقا، جلوبەرگ، ئەویندارێی و پیشە تایبەتەکانە کە لە جیلەکانی پێش خۆی بۆی ماوەتەوە. ئەم سامانە میراتییە، سەرچاوەی ناسنامەی کولتوورییە بۆ نەتەوەی کورد. سیمایەکی کولتوری پێبەخشیوە لەوانەی دیکە جیابێت، هەستی داگەڕان(convergence)ی بۆ نێو خۆی بە هێز دەکات و شانازیکردنی بە ئەتنییسیتە و نەتەوەی خۆی دەباتە سەرێ. ئەم هەستە بۆ کورد لە ناوچەکەدا گرنگە کە وەک بەشێک لە ئایدۆلۆژیای کولتوری لەبەرانبەر سیاسەتی تواندنەوە(assimilation)دایە و هەڵگەڕانەوە(divergence)ی لە'ئەوی دیکە' پێکدێنێت، واتە تۆ یان "یەکێک لە ئێمە"ی یان "یەکێک لە ئەوان"، کە زمان سیمایەکی گرنگی ئەم سنووردانانەیە لە نێوان ئێمە و ئەواندا.

سیاسەتی دەوڵەت - نەتەوە، لە ڕاستیدا کار دەکات بۆ جیاکردنەوەی ئەتنیسیتە لە زمان کە دیهەوێت لە یەکێتیی نیشتمانی یان یەکپارچەیی سنووری دەوڵەت-نەتەوەدا گروپە ئەتنۆ زمانییەکان پێناسە بکاتەوە و ناسنامەی دەوڵەت نەتەوەی وەک ئێرانی بوون لە بریتیی کورد بوونی پێببەخشێت، چونکە زمان کاناڵێکی بەهێزی نواندنەوەی ئەم هەڵگەڕانە(واگرایی)یە لە دەوڵەت-نەتەوە و داگەڕانە(همگرایی) بۆ نێو خۆی کۆمەڵە ئەتنۆزمانییەکان. لێرەدایە کە زمان لە ڕەهەندی سێیەم، واتە "دیاردە ناسی(phenomenology)" یەکە دەوری خۆی دەگێڕێت. واتە ئەو واتاسازییەی خەڵک لە پێوەندیی لەگەڵ گرێدانەوەی بنچینە و کەلەپوور بۆ لێکدناوەی خۆیان و دەوروبەریان و ئەندامەتییان لەم کۆمەڵە ئەتنۆزمانییە کوردییەدا دەیکەن. دیاردە ناسییەکە بەندە بە تێڕوانینی زەینی و ئایدیاکانی خەڵکەوە بۆ ئەندامەتییان لە پێکهاتەیەکی ئەتنی بەناوی "کورد"ەوە کە لەواتا بەرفراوانەکەیدا "گوتار"ی نەتەوەیی یان ئەتنی لەسەر بنیاد دەنرێت. کەواتە، ناسنامەکە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی - مێژوویدا بە داگەڕانە ناوخۆییەکان لە سەربنەمای "لێکچوون" و هاوبەشییەکان و هەڵگەڕانەوە لەئەوانی دیکە، واتە "جیاوز بوون" لە گوتاردا بنیاد دەنرێت. هەر بۆیە، ناسنامەکە بە پێی بارودۆخ، هەلومەرج و بەستێنەکۆمەڵایەتییەکان پێکهاتووە، گەشەدەکات و دەشگۆڕێت. لێرەدایە کە خەبات لە پێناو پاراستنی ئەم ڕەهەندە سێکوچکە ئەتنییە گرنگە بۆ مانەوە و بەردەوامیی لە بوونێکی مانادار و جیاوازدا، بەو سیما بنچینەیی، کەلەپوری و دیاردەناسییەوە کە زمان دیگوازێتەوە.

لێرەدا، بە پێویستی دەزانم شتێک ڕوون بکەمەوە. ئەویش ئەوەیە کە زۆرجار لە ڕەهەندە دیاردە ناسییەکە کەمی دێنین و لە واتاسازیی و گوتارسازیی بۆ لێکدانەوەی پێوەندییەکانی نێوان بنچینە و کەلەپوردا، یان بەهۆی هێژمۆنیی و چەواشەکارییەکانی گوتاری دەوڵەت نەتەوەوە لێکدانەوەکانی ئەم پێوەندییەمان لا تەماوی دەبێت، یان لەبەر چەقبەستوویی خۆمان لە خوێندنەوەیەکی تاکرەهەندی هێزی فیزیکی، چەکداری یان حیزبییەوە تونا، سامان و وزەی نەرمی

کولتوری، زمانی و کۆمەڵایەتی نابینین، بەتایبەتی، ئەوکاتە ئەوە بەرجەستە دەبێت کە ئەو تاک، گروپ و ڕێکخراوانە بەدابڕانیان لە خاک و جوگرافیا خۆ لەدەرەوەی کۆمەڵە ئەتنۆزمانییەکە دەبینین.

بەدەیان جار ئەم بابەتە لەلایەن ئەندامان و کادرانی ڕێبەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان بەگشتی و باشوور، بەتایبەتی، کراوە یان لە دیبەت و گفتوگۆکاندا خراوەتە ڕوو کە ڕۆژ هەڵات لە ڕۆژەڤدا نییە، بێ سەرۆکە، لاوازە، یان ئەم حیزبانە چییان پێدەکرێت. هۆیەکەشی ئەوە بووە کە هەر لەبنەڕەتدا بنچینە، کەلەپوور و مێژوو لە دیاردەناسیی ئەواندادەورێکی گرنگی نییە، چونکە جگە لە هێزێکی ڕووتی حیزبی کە بەزەبری هێز خۆی بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنێت، بنچینە و کەلەپووری نەتەوایەتی گەلی باشوور نابینێت، زمانەکەی شێواندووە، سنووری لێکدانەوە دیاردەناسییەکەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا زۆر ڕوون نییە، زۆرجار هەڵگەڕانەوەی لە کۆمەڵە ئەتنۆزمانییەکەی خۆی بە زەقی پێوە دیارە و بەکردەوە پیلانی داگیرکەر بەرێوە دەبات. بۆیە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، بزووتنەوەی بووژانەوەی ئەتنۆزمانیی لە نێوخۆی کۆمەڵگەی ڕۆژ هەڵات نابینێت و دەیهەوێت لە ژمارە، توانا، ڕوانینی دیاردەناسانەی تەسکی حیزبیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا سنووورداری بکات و بچوکی بکاتەوە.

لە بزووتنەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتدا، زمان، جلوبەرگ، مۆسیقا، شانۆ، هونەر، ئەدەبیاتی بەرگری و هستی بەردەوامی و پێوەندیی بە بنچینەیەکی هاوبەش و داگەڕانی نێوخۆیی و هەڵگەڕانەوە لە ئەوی دیکەی داگیرکەر بەزەقی لە کۆڕو کۆبوونەوە، بۆنە و ڕێوڕەسم و فیستڤاڵە هونەرییەکانیدا دەبینین. هەرچەندی پێوەندیی نێوان زمان و ناسنامەی کوردی بەهێز بێت، ناسنامە لە بەکارهێنانی زماندا دەپارێزرێت و بەرهەم دێتەوە.

بۆ بەهێز کردنی زمانیش، پێویستە فاکتەرە ئەتنۆزمانییەکانی وەک پێگە، ژماری قسەکەران و پشتگیریی دامەزراوەیی بە هێز بکرێت کە زیندوویەتیی زمانەکە دەربخات بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی ئەتنی وەک کۆمەڵەیەکی چالاک و جیاواز لە پێوەندییە نێوان کۆمەڵییەکاندا هەڵسوکەوت بکات. هەرچەندی بکرێت پێگەی زمانەکە بەرزتر بکرێتەوە و لەباری ئەرک پێ سپاردن و فەرمی کردنییەوە زیاتر پێش بکەوێت، شانازیکردن و متمانەی تاک بە خۆی و زمانەکەی بەهێز تر دەبێت. بە چڕی ژیانی ئەندامانی گروپێکی زمانی لە پانتایەکی جوگرافی و لەناوچەیەکی دیاریکراودا شانسی مانەوە و پاراستنی زمانەکە زیاتر دەکات. لەباری دامەزراوەییەوە زۆر گرنگە کە زمانێکی وەک کوردی لە دامەزراوە حکومی، پەروەردەیی، مزگەوتەکان و ڕێکخراوە کولتورییەکاندا بەکار بێت. ئەگەر لەباری زەینییەوە هەستی هاوبەشی "ئێمەیی" لە کۆمەڵەیەکی زمانیدا بەهێز بێت، هەرچەند لە جل وبەرگ، زمان، یان ئایینیش لەیەکتر جیاواز بن، ئەو هەستی ئێمەی هاوبەش یان ئێمە لەبەرانبەر ئەواندا بەسەر فاکتەرە بابەتییەکانی دیکەدا زاڵ دەبێت.



**مەسعوود بابایی، نووسەر و پسپۆڕی زمان:**

**مەسعوود بابایی:** بۆ نەتەوە مێژووییەکان زمان فاکتەرێکی ئێجگار گرنگە. لەبەر ئەوەی تێکڕای خەیاڵکردی نەتەوە و یادەوەریی لە مێژوودایە و لە پرۆسەی "شوناسسازی"دا هەمیشە بۆ زمان دەگەڕێنەوە. بەتایبەتی نەتەوە بندەستەکانی وەک کورد کە فاکتەرەکانی سەربەخۆیی خاکیان لە کیس داوە. زمان، سەرەکیترین فاکتەری نەتەوایەتی و ڕەمزی مانەوەیە. ئەگەر زمان وەک تاکە فاکتەری پێناسە بخرێتە ڕوو، لەو دۆخەدا هەموو هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوە دەخرێتە خزمەتی پاراستنی زمانەکە. زمان، گەورەترین فاکتەری ناسیونالیزمی کوردییە. بەداخەوە ناسیونالیزمی زمانی، ناسیونالیزمێکی هەستیارە و زوو دەکەوێتە بەر مەترسی. تێکڕای وێناکان، سیمبۆلەکان، نیشانەکانی "بوونی نەتەوە" کە کەڵەکەکراوی ژیانی مێژوویین لە ئەدەب و هونەری نەتەوەدا وەکوو فایلی یادەوەری و یادگەی مێژوویی هەڵدەگیرێ. "گێڕانەوە" توخمی بنەڕەتیی پەیوەندیگرتن بە فەرهەنگ و مێژووە. کەرستەکانی "ئارشیڤسازی" و پۆلێنکردنی بەشە جیاجیاکانی فەرهەنگ بۆ نەتەوەی بندەست گەلێ کەمن. بۆیە زمان وەکوو سەرەکیترین فاکتەری پێوەندی، تێگەیشتن، ڕایەڵکردن، ڕاڤە، ئەرشیڤ و وەکوو سیستمێکی نیشانەناسانە لە ڕاژەی نەتەوە دایە. نەتەوە مێژووییەکانی وەک کورد، زۆر درنگ دەرفەتی نووسینیان بۆ دەڕەخسێ. هەمیشە لە مەترسیی دوژمنانیاندا، هەوڵ دەدەن بەرەنگاری "وێژمان" (دیسکۆرس)ی نەتەوەی سەردەست نەبنەوە. چونکە بەرەنگاربوونەوەیان، زیاتر دەیانخاتە بەر پەلاماری دوژمنان. لە لایەکی دیکەوە "دۆخی ژیانی سروشتی" و ئاژەڵداری و باخەوانی و کشتوکاڵ و ژیانی گوندنشینی دەبێتە مایەی پاراستنی ڕووبەری زمانی سروشتی و ئەدەبیاتی زارەکی یادەوەریی مێژوویی و فەرهەنگیی زمان دەپارێزێت. لەو دۆخەدا تەنیا نەتەوەیەک دەتوانێ بیکات، پاراستنی توانستی زمانەکەیە کە لە زمانی سروشتیدا ئەرشیڤ کراوە، بەڵام ئەم زمانە لە جیهانی هزر و زانست کە جیهانی بەریەککەوتنی هزر و زانست و باوەڕ و جیهانبینی... هتدیە، جێ دەمێنێ. چەمکسازی وەک کرۆکی ژیانی هزریی مرۆڤ، لە

زماندا ناخوڵقێت. زانست بەم زمانە نانووسرێتەوە و بیرکردنەوەش وەک تۆخمێکی هەرە سەرەکیی مرۆڤایەتیی مرۆڤ لە زماندا ڕەنگ ناداتەوە.

بەڵام بە گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کرانەوە و هوشیاریی نەتەوەیی و دامەزرانی حزبی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، زمانی نەتەوەی بندەست دەخرێتە خزمەتی دەربڕینی باوەڕی سیاسی و بەرنامە و پێڕەوی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسی. من پێم وایە لە هەمبەر کوردەوە یەکەمین " تاقیکردنەوەی زمان لە بواری چەمکییەوە لە سیاسەتدا ڕووی داوە. لە ئەدەبدا زمان سرکە و بەندبوون و گیرسانەوە لەسەر گوتەزا و گوزارەکان تایبەتمەندیی فەلسەفە و زانستە و یەکەمین بەریەککەوتنی کورد لەتەک هزردا مەیدانی تیۆریی سیاسی و فیکری سیاسی بووە، تەنانەت ئەگەر لە سەرەتاکاندا زۆر کرچوکاڵ بووبێت، بووەتە مایەی ئەوەی کە زمانی کوردی بۆ یەکەمجار بەر ئەم چەمک و زاراوانە بکەوێت و هەوڵی وەرگێڕانیان بدا.

کاتێک "نەتەوە" بەکردەوە لە مەیدانی سیاسەتدا دەکەوێتە پێناسەی جوگرافیا و ژینگەوە، جارێکی دیکە پێناسەکان دادەڕێژێتەوە. جوگرافیای نەتەوە مانایەکی سیاسی پەیدا دەکات. "ژینگە" لە دۆخی سروشتیی خۆی دەترازێ و "نیشتمان" وەک مانایەکی سیاسی لە زماندا دادەڕێژرێتەوە. ئەم ئەزموونی مانایە، هەمان مانای چەمکییە کە هەڵگری ڕۆحی نەتەوەیە کە سەرتاسەری جوگرافیای نەتەوە، لە وێژمانێکی نوێدا نوژەن دەکاتەوە. لەو باوەڕەدام ئەمە چرکەساتی بەرەنگاربوونەوەی ئەوی دیکە(داگیرکەر)ە لە زمانێکی چەمکیدا و "وێژمان"ی نەتەوە "دەکەوێتە "باشار"ی وێژمانی داگیرکەرەوە. ئەم "وێژمان"ە دەبێتە مایەی ڕەواندنەوەی ناتۆرەکانی (فارس و تورک و عەرەب) کە زمانی کوردییان بە هەند وەرنەدەگرت و لەو ڕێگەیەشەوە بڕوای کوردیان بە زمانەکەی لەق کردبوو. تەوس و گاڵتەی ئەم سێ نەتەوە سەردەستە لەمەڕ زمانی کوردی گەلێ نموونەی هەن کە لێرەدا پێویست ناکات باسی بکەین. کە وابوو "سیاسەت" وەک دەرخەرێکی "وێژمان" لە پرۆسەی "نەتەوەسازی لە ڕێگەی زمانەوە" گرنگ بووە. چونکە "سیاسەت" یەکەم هەنگاوی پێناسەکردنێکی جیاوازە بۆ ژینگە و جوگرافیای سروشتی و چەمکەکانی "نیشتمان" و "جوگرافیای سیاسی خۆیان وروژاندنی"بیرۆکە"یەکی نوێیە کە زمان بە باشترین شێوە دەتوانێ ئەو بیرۆکەیە بپەرژێنێ.
کەمتر نەتەوەیەک لە جیهاندا هەیە کە زمانەکەی هەندە سیاسی بێت. ئەو بارە سیاسییەی کە "زمانی کوردی" لە خۆیدا هەڵیگرتووە و کارلێکی بەهێزی زمانی کوردی لە تەک سروشت و دەوروبەر و نیشتمان ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی شۆڕشگێڕیدا، جۆرێک بەرخودان و خەباتی فەرهەنگی ـ سیاسیی ئافراندووە کە زیاترە لەو وشیارییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەدەستیان هێناوە. بە زیندووڕاگرتنی خاک، وڵات، کوردستان لە زمانی کوردیدا هەمیشە هەوێنی وشیاریی شۆڕشگێڕان بووە و زمان وەک یەکەمین سەنگەری پارێزگاری لە نەتەوە خۆی نیشان داوە.



**د. هەژار ڕەحیمی مامۆستای زانکۆ.**

**د. هەژار ڕەحیمی:** بە بێ هیچ شک و گومانێک، زمان بە یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین فاکتەرەکانی نەتەوەسازی دادەنێم و، پێموایە باسکردن لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لە دەرەوەی زمان، ئەستەم و مەحاڵە. تەنانەت باسکردن لە بوونیش، بەشێوەیەکی گشتی بە بێ زمان ئەستەمە. ئەوەی ئێمە وەکو مرۆڤ، لە بوون و تێگەیشتن لە بوون و بەرجەستەکردنی ئەو بوونە هەمانە، هەمووی کەم و زۆر لە زماندا بەرجەستە دەبێت. ئەمەش پەیوەستە بە پرۆسێسی کۆنسێپتسازی مرۆڤ، کە لە زماندا خۆی دەنوێنێ. بگەڕێینەوە سەر باسی نەتەوەسازی و ئەرکی زمان لەم نێوەدا. زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا رۆڵێکی سەرەکی و جەوهەری دەگێڕێ، چونکە هەر لە چوارچێوە زەینییەکانەوە بگرە تا چوارچێوە مادییەکان و بەدیهێنانی هەستی هاوسۆزی و هاوپێوەندی، زمان ئەو رۆڵە دەگێڕێ. زمان تێگەیشتنی ئێمە سەبارەت بە بوونی خۆمان زۆر پتەوتر دەکات، هەست و سۆزەکانمان دەنەخشێنێ، هەستی هاوبەشمان تێدا بەدیدێنێ، پێوەندی نێوان ئەوەکان دەرەخسێنێ. هەموو ئەمانەش ئەو بابەتانەن کە دەتوانن ببنە هەوێنی پرۆسەیەکی نەتەوەسازی و، خۆراکی پێویست بۆ تیرکردنی هزری نەتەوەخوازی دەستەبەر بکەن. وەکو لە پرسیارەکەشتان ئاماژەتان پێداوە، ئێستا بە هۆی ئەو هەلومەرجەی کە بە سەر کوردستاندا زاڵە، تەنها فاکتەرێک کە دەتوانێ چوارچێوە و بەربەستە مادییەکانی لێککردنی ئەم نەتەوەیە بشکێنێ و یەکی بخاتەوە، زمانە. بۆیە گرنگیدان بە زمان و هەبوونی سیاسەتێکی تایبەتی زمانی، دەتوانێ رۆڵێکی گەورە بگێڕێ و مەوداکانی لێکدابڕان و پەرتەوازەییمان کەم بکاتەوە. بەڵام ئەمەش پێویستی بە زانینی چۆنیەتی بەکارهێنانەوە هەیە. پێویستی بە دانانی سیاسەتێکی زمانیی پتەوە. بەداخەوە ئێمە زمانمان بۆ هەموو سیاسەتێک هەیە، بەڵام تا ئێستا سیاسەتێکی روونمان بۆ زمان خۆی نییە، کە چییە و، چ شوێن و پێگەیەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مەعریفی ئێمەدا هەیە.



د. هاوژین سڵێوه مامۆستای زانکۆ.

**د. هاوژین سڵێوه:** وتەیەکی باو هەیە کە دەڵێ زمان نازنامەی نەتەوەیە. وتەیەکی پڕاوپڕە لە جوانی. بەبێ زمان نەتەوە بوونی نابێت، کە نەتەوەش بوونی هەبێ، حەتمەن دەبێ لەسەر خاکێک بژیت. زۆر جار ئەو خاکەی کە لەسەری دەژێی لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە داگیر کراوە، بەڵام ئەو داگیرکردنە کاتییە تا ئەوکاتەی نەتەوەی داگیرکراو زمانی هەبێ، ئەوا نازنامەی خۆی دەپارێزێ. کە زمانەکەی لەناو برا، نەتەوەش دەتوێتەوە. زۆر جاریش وتراوە، کلتوور و جلوبەرگ و خواردن... ئەمانەش نازنامەی نەتەوەن، بەڵام ئەوەتا دەبینین لە سایەی عەولەمە (بەجیهانیبوون) دیوارەکان تێکشکاون و کلتوورەکان تێکەڵ بووین، ئێستا گەنجێکی کۆیە و سلێمانی وەک گەنجێکی بەریتانی و فەرەنسی پۆشاک دەپۆشن. نەوەی ئێستا بە خواردنەکانی باب و باپیرانیان رازی نین و تاوەکوو "مەعکەرۆنی و فاس فوت و هەمبەرگەر و پیتزا و لەزانیا و فەتوش" و....ئەو خۆراکانە هەبێ، بەلای کەشک و داندۆک و سەمەنی ....دا ناچێت، کەرەستە و کەلوپەلی دەستی و خۆماڵی نەماوە، مەگەر لە مۆزەخانەکاندا ببینرێن. هەرچەندە میللەتی کورد لەڕووی شێوەوە دەموچاوێکی درێشکۆڵەیان هەیە و زۆربەی گەنمڕەنگن، میللەتی عەرەب زیاتر سەریان خڕەو ئەسمە رو ڕەش پێستن، کۆری و سینییەکانیش لەڕووی پێست و دەم و چاوەوە دەناسرێنەوە، کە بەرچاویان لەپک دار و بەژنیان کورتە، بەڵام وا مەزەندە دەکەم لە داهاتوودا دەم وچاوی نەتەوەکانیش بگۆڕێ بەهۆی تێکەڵاوبوون و وەچە خستنەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە زمانەکەیەتی هەر زمانەکەشیەتی نازنامەی نەتەوایەتی دەپپارێزێ. زمان تەنها هۆکارێک نییە بۆ قسەکرن، بەڵکوو هۆکارێکە بۆ نووسین و رۆشنبیری، چونکە ئەگەر تەنها هۆکارێک بێ بۆقسەکردن، ئەوا لەبرست دەکەوێت و پەل و پۆدار نابێت. لەمێژە دوژمنانی نەتەوەی کورد هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردییان داوە، لە باکووری کوردستان تا ئەو ساڵانەی دواییش تەنانەت قەدەغە بوو بە زمانی نەتەوایەتی بدوێن، لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستانیش رۆشنبیرییەکەیان زمانی بێگانەیە و زمانی فارسی و عەرەبییە. بۆیە دەبینین دەیان نووسەری بەتوانا لەنێو

کورد هەڵکەوتوون، بەڵام بە زمانی زگماکیی خۆیان نەیانووسیوە، ئەو نووسەرانەی کوردن و بەزمانی عەرەبی نووسیویانە بۆ نموونە: قاسم ئەمین، عەقاد، ئەحمەد شەوقی، زەهاوی، ڕەسافی، حوسێن مەردان، سەلیم بەرەکات... دەروێشیان بە زمانی فارسی نووسیویەتی، یەشار کەمال و دەیانی دیکە بە زمانی تورکی. ئەم نووسەرە گەورانە دوو جار چەوسێندراونەتەوە، بەبێ ئەوەی خۆشیان زۆر هەستی پێ بکەن، چەوسانەوەی یەکەم ئەوەیە، زمانەکەی خۆیان لێ وەرگیراوەتەوە، چەوسانەوەی دووەم ئەوەیە بیر و بەهرەو شەونخوونیان وەک جۆگەلە ئاوێک دەڕژێتە دەریای زمانی بێگانە و ناتوانن خزمەت بە نەتەوەی خۆیان بکەن، چونکە دەبنە موڵکی ئەو زمانەی بەرهەمەکانی خۆیانیان پێ نووسیوە.

---



**جەماڵ نەجاڕی نووسەر.**

**جەماڵ نەجاڕی:** ئەو قسەیە زۆر باوە کە دەڵێن: زمان، شوناسی نەتەوەیە. واتە هەر نەتەوەیەک بە زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە و شوناس وەردەگرێ. گەلی کورد لە هەر چوار بەشی نیشتمان نەتەوەیەکی بندەستە، زمانەکەی زمانی دەسەڵات نەبووە، بەردەوام لەلایەن هەر سێ زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی لە ڕۆژهەلات و باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا چەسێندراوەتەوە و هەوڵی ئەوە دراوە لەناو بچێت، حکوومەتە داگیرکەرەکان هەرکام بە شێوازی خۆیان هەوڵی سڕینەوە و لەناوچوونی زمانی کوردییان داوە، بەڵام ڕووی زەق و ئاشکرای ئەو داگیرکارییە ئەوکاتە دەردەکەوێ کە زمانی خوێندن و ڕاهێنان لە قۆناغی سەرەتایی و قۆناغەکانی سەرتریش هەمووی بە زمانی زاڵ، واتە زمانی دەسەڵاتە. لەم ڕێگەیەوە نەیانهێشتووە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان بخوێندرێ، منداڵی کورد بە فارسی و تورکی و عەرەبی فێری نووسین و خوێندنەوە بە زمانێکیتر دەبێ، ئەمە غەدرێکی گەورەیە و بە هیچ جوبران نابێتەوە، ئاسەوارەکانی ئەم داگیرکارییە کولتووری و زمانییە لە کۆمەڵگە خۆی نیشان دەدا کاتێ تاکی کورد ناچارە بۆ هەموو کارێک پەنا بباتە بەر زمانی دەسەڵات، ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاخاوتن و بیر و هزریش دەکا. لە باشووری کوردستان ڕاستە دوای ڕاپەڕین

خوێندن بە زمانی کوردییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کار نەکراوە هەتا لە نێوان دوو شێوەزاری کورمانجیی سەروو و کورمانجیی ناوەڕاست زمانێکی ستاندارد لەبۆ خوێندن و راهێنان و بۆ مێدیاش بەکار بهێندرێ، ئاڵۆزییەکی زۆری زمانی لەم بەشەی نیشتمان دەبیندرێ، مێدیاکانی باشوور دەوری سەرەکییان هەیە لەو ئاڵۆزییەدا.

لە رۆژهەڵات بە هەوڵی چالاکانی مەدەنی و دڵسۆزانی زمان و ئەدەبی کوردی بەخۆشییەوە لە زۆربەی شارەکان،_ سەرەڕای زەخت و گوشاری ناوەندە ئەمنییەکانی کۆماریی ئیسلامی - ناوەندی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردی کراوەتەوە، کاری زۆر باش کراوە و نووسەران و ئەدیبان و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان بۆ زیندوومانەوەی زمانی کوردی کاری باشیان کردووە. لە باکوور و رۆژاواش زمانی کوردی لە گەشەسەندندا بووە و جێی دڵخۆشییە. بۆیە بایەخدان بە زمانی دایکی یان زمانی زگماکی، بایەخدان بە پرسی نەتەوە و ئەرکی هەموو تاکێکە بۆ گەیشتن بە نیشتمانێکی ئازاد، زمانەکەی بپارێزێ و پەرەی پێ بدات.

---



## خەبات ڕەسووڵی چیرۆکنووس

**خەبات ڕەسووڵی:** بە ڕواڵەت زمان تەنیا شتێکە کە بەدەستمانەوە ماوە. ئێستاش وەهمی ئەوەی کە زمان دەتوانێ ڕۆڵی هێزی بەرگری و هێزی دەسەڵات و هێزی پەروەردە و ڕاگەیاندن و... تاد بگێڕێ، زۆرکەسی تووشی سەرلێشیوان کردووە.ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە زیاتر خۆ فریودانە تا راستی ژیان.پارستنی زمان و دەوڵەمەند کردنی زمان زۆر گرینگە و کەس حاشا لەوە ناکات. بەڵام بەداخەوە کاتێک تۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردنت نەبێ و لە بوارەکانی دیکەدا بێ توانا بووی. زمان ناتوانێ قەرەبووی ئەم بێ تواناییانە بکاتەوە و ئەوپەڕەکەی دەبینە دیلێک کە زمانەکەی خۆی دەزانێ. ئەوەی دەڵێن زانینی ئەم زمانە وەک ئەوە وایە زینداننییەکە کلیکەکەی بەدەست خۆیەوە بێ بۆ ئێستا وەڵامدەرەوە نییە. بۆ گەلێکی

داگیرکراو ڕزگاری لە سەرەوەی ئەم قسانەیە.خۆزگە هەموومان کوردیمان لە بیر بێچێتەوە، بەڵام بتوانین دەسەڵاتێکی بەهێز دامەزرێنین و هەرەشەی لە ناوچوون لە سەر گەلەکەمان لابەین،چونکە کە دەسەڵاتت بوو دەتوانی زمانێکیش بۆ ئەو دەسەڵاتە بدۆزییەوە.

**شەریف فەلاح**: **دەوری ئەمڕۆی میدیای کوردی لە گەشە و لاوازکردن و شێواندنی زمان چۆن دەبینن؟ هۆکاری ئەو شپرزەیەی زمان لە میدیای کوردی بۆ چی دەگەڕێننەوە؟ چی بکرێت هەتا پێش بەم ڕووشاندن و لە گرێژنەدەرچوونەوەی زمان لە میدیا بگیرێت؟**

------------------

**د. ڕەحیم سورخی**: میدیا لە فەزای گشتیی کوردیدا بەشێکە لە واقعی پارچەکراوی کورد خۆی. کەواتە ئەم پرسیارە زۆر گشتییە. میدیای کام پارچەی کوردستان؟ لە نێو ئەوپارچەپارچەیەدا میدیای حکومی کە بەزمانی کوردی یان دووزمانە دەردەچن یان میدیای ئەهلی و تایبەتی؟ لە نێو پارچەکانی کوردستاندا میدیای کام پارچە؟ کامە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی؟

بەگشتی، سەبارەت بەم پرسیارە دەبێ زمانی میدیا لەگەڵ چەند بابەتی دیکە و لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیەوە لە چوارچێوەی سیاسەت و پلانی زمانیدا لێی بڕوانین. زمانی میدیا لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکرێت تاوتوێ بکرێت. دەسەڵات و میدیا تەنیا لە باشووری کوردستان دەکرێت بخرێتە بەر شێکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە، چونکە دەسەڵات بەو مانایە کە بتوانێت بەیاسا زمان، میدیا و سیاسەتی کولتوری ڕێکبخات تەنیا لە ئەوێ هەیە.

میدیا دامەزراوەیەکی سەر بەگروپە دەستڕۆیشتووەکانی کۆمەڵە. ئەوەی لە میدیادا دەنوێنێندرێت لەڕاستیدا ئەجینداو سیاسەتی نواندنی گروپەکە دەنوێنێت. ئەو زمانەی بەکاری دێنێت ناسنامەی دەزگاکە و گروپی بەکارهێنی میدیاکەش دەخاتە ڕوو. ئەو بەهایانەی ڕووداوێک لە نێوان چەندین ڕووداوی دیکەدا بۆ ئەو میدیایە دەخرێنە بەرایی نواندنی میدیاکەوە، ئایدۆلۆژیای گروپە پشتگیر و بەڕێوەبەرەکەی میدیاکەش دەخاتەروو. بەگشتی گوتاری میدیاکە لە چۆنێتی ڕێکخستنی دەقەکانی، کردە گوتارییەکانی دابەشکردن و گەیاندنی و بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییانەی بەکار هێنەکانی پێکیدێت.

میدیای کوردی، زۆربەی، میدیایەکی بەستراوەی حیزبییە. حیزبیش خۆی لەسەرووی دامەزراوە شەرعییەکانی حکومەتەوەدەبینێت. بەگشتی ئەندامانی حیزبی دیسان لە دامەزراوە پەروەردەیی، میدیایی و ڕۆشنبیرییەکاندا هەمان

ئەجینداى حیزبی جێبەجێ دەکەن یان پێگەى حیزبییان بۆ بەرژەوەندى و سەلیقەى تاکەکەسیی خۆیان بەکارى دێنن. بۆیە، بۆ نموونە هەرکامە خۆی سیاسەتێکی زمانیی تایبەت بەخۆی هەیە. زۆربەیان ڕەچاوی ڕێنووسی ئەکادیمیای کوردی ناکەن. لە زۆربەی ئەو میدیایانەدا زمانناسیان نییە کە سەرپەرەشتی دەرچوونی دەقی نووسینی هەواڵ بکات. زۆربەی ڕۆژنامە نووسانی جیلی نوێ پێوەندییان لەگەڵ زمانی نووسینی کوردی لە ڕابردوودا نییە، تەنانەت بۆ نموونە نووسینەکانی مەسعود محەممەد، هێمن، شکور مستەفا، هەژار موکریانی، عەزیز گەردی، فەرهاد شاکەلی، محەممەدی مەلاکەریم و زۆر نووسەری شارەزای باشی زمانی کوردی ناخوێننەوە تا دارشتنی کوردی بە باشی فێر بن، بۆیە دارشتن و نووسینی کوردییان زۆر لاوازە و ئەمەش لەبەر نەبوونی ئیدیتۆری زمانناسی کورد لە میدیاکەیان لە دوا قۆناغی دەرچوونی بەرهەمە میدیاییەکاندا بە کرچوکاڵی دەردەچێت. لەبەر ئەوەی حیزب خۆی لەسەرەوەی یاسایە، میدیای وابەستە بە حیزب لە هێزێکی سەروو یاساییەوە لەگەڵ خوێنەر، بینەر و بیسەری خۆی هەڵسوکەوت دەکات. ناوەرۆک، زمان و پەیامی میدیاکە کەم وایە لەسەر پێویستی یان بە هێند وەرگرتنی وەرگر دابرێژرێت. بۆیە فیدباکی وەرگر لەسەر هەڵە زمانییەکان و ناوەرۆکی میدیاکە کار ناکاتە سەر بەرێوەبەرەکانی میدیا بۆ چاک کردنیان یان ڕەچاوکردنی وەرگران، بەگشتی.

**مەسعوود بابایی**: زمان لە قۆناخی ڕاگەیاندن و میدیا ـ لە جیهانی ئەمرۆدا ـ دەورێکی سەرەکی دەگێرێت. لە بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێستای کوردستاندا، نەبوونی "سیاسەتێکی فەرهەنگی" و "سیاسەتێکی زمانی" زمانی کوردیی گیرۆدەی کۆمەڵە ڕاگەیاندکارێکی کوردینەزان کردووە کە هەتا فێری زمانەکە دەبن، سەدان وشە و دەستەواژە و ڕستە و زاراوەی هەڵە و بێمانا دەرخواردی کۆمەڵگە دەدەن. ئنجا، ئەگەر هەندێکیان پاش ماوەیەکی دوورودرێژی ئەزموون فێری زمانی کوردی ببن، هەر ئەو کەسانە دەبێ جارێکی دیکە خەریکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان بن! لە چوارچێوەی "سیاسەتی فەرهەنگی"دا، ئێمە "سیاسەتی زمانی" پێناسە دەکەین. بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا سیاسەتی فەرهەنگی نەبێت، سیاسەتی زمانیش لە گۆڕێدا نابێت. خودی "سیاسەتی فەرهەنگی"ش دەبێ بە دارشتەیەکی زمانی چەمکییانە دابرێژرێت. واتە زمان لە سیاسەتی فەرهەنگیدا دەورێکی هەرەسەرەکی دەگێڕێت. لە بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستاندا، زمانی کوردی وەک فەرامۆشکراوێکی سەدە دوورەکان وەبەرچاو کە کەم کەس هەن فێری ببن و لە ڕێگەی زمانی بێگانانەوە وشەی دەرخوارد دەدرێ، گوایە بەمە خزمەتی پێدەکرێت. "سیاسەت" کە جاران خۆی وەک پارێزەری زمان نیشان دەدا، ئێستە وەک دوژمنی سیاسەت دەردەکەوێت. دامەزراوەی زانکۆ و پەروەردە و فێرکردن، زمانی کوردییان پەراوێز خستووە. کۆمەڵێک خامەبەدەست وەک پاسەوانی زمان، تێدەکۆشن لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە "دروستنووسین" بۆ سەردەمانی داهاتوو بگوازنەوە. بەڵام بارودۆخێک کە ئێستا لە باشوور لە ئارادایە، پرۆسەی "مەرگی بەرەبەرەی زمان"ە کە جارێک بە نەخۆشکەوتنی زمانە دەستی پێکردووە. زمانی کوردی لە پرۆسەی خوێندندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت و لە ڕێگەی "زمانی ئینگلیزی"یەوە وەک بڵێی هەوڵی پووکانەوەی دەدرێت. وەک بڵێی دوژمنانێک لە ژوورە تاریکەکاندا بڕیاری لەنێوبردنی زمانی کوردییان لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە دابێت و هەندێ سەنتەر و دامودەزگاش خەریکن پیلانەکە جێبەجێ دەکەن! بەندە بەگشتی لە دۆخی زمانی کوردی لە باشوور

بەتەواوەتـی بێهیـوام و سیاسـەت لەم وڵاتەدا بەرپرسـی ڕاسـتەقینەی شـێواندنی زمـانی کـوردییە. دۆخـی ڕۆژنـامەگەری، وەرگێڕان، نووسین، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن بێجگە لە باری نێوەرۆکەوە لە باری زمانییەوە جێی نیگەرانییە.

**د. هەژار ڕەحیمـی:** بـە بـڕوای من کێشـەکە تـەنیا لـە میـدیادا بەرجەسـتە نییـە و زۆر دادەپەروەرانـە نییـە هـەموو ئـەو پاشاگەردانییە بخەینە پاڵ میدیا. ڕاستە میدیا بە هۆی ئەوەی لە کەمترین کاتـدا دەچێتە زۆرتـرین ماڵ و کاریگـەری خێـرا دادەنێ، زۆرترین پرسیار و بەرپرسیارێتی لەسەرە، بـەڵام کێشـەکە زۆر لـەوە گـەورەترە. بەشێکی پەیوەستە بـە مێنتـاڵێتی تاکی کورد لە تێگەیشتن سەبارەت بـە خـۆی و ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی. نـەبوونی دەوڵـەت یـان یەکەیـەکی یاسایی و سیاسی سەربەخۆ، مێنتـاڵێتی تـاکی کوردی لـە ئاسـتێکی یـەکجار بەرفراوانـدا لـەرزۆک و لێڵ کـردووە سـەبارەت بـە تێگەیشـتنی بـۆ ماهیەتی خۆی. ئەمە وای کردووە کە بە چاوێکی سووکەوە سەیری کۆی ماهیـەتی خـۆی و یـەکێک لـەو ڕەگەزانـە، کـە زمانـە، بکات. لە لایەکی تریشەوە، بەشێکی ئەم پاشاگەردانییە پەیوەستە بە ڕۆحی سـەردەم و ئـارەزووی تاکـەکان بـۆ دەرخسـتنی و نیشـاندانی خۆیـان وەکـو ڕیوایەتـە بچووکـەکان. کاتێـک کـە مێنتـاڵێتی شێواو لـە ئـارادا بـوو و ڕۆحـی سـەردەم یـش مـەودای بەربـەستەکان بـۆ پێناسـەکردنی تاکـەکان کـەمتر بکاتـەوە، بۆیـە پاشـاگەردانی دێتـە کایـەوە. ئێسـتا بـەس سـەیری تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکە، دەزانی کە سەرەڕای ڕاگەیاندنە باوەکان کە هەن، چەندە لـە ئاسـتی سۆشـیال مێـدیادا، هـەتکی زمـان دەکرێ و چەندە بێخەمی لە بەکارهێنانی زمان هەیە. کە ئەمەش دواجار کاریگەرییەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ بوارەکانی تـر و ئاستەکانی تـر. بەشێکی تـری ئـەم کێشـەیە پەیوەسـتە بـەوەوە، کـە ئێمـەی کـورد سرووشـتی مەسـەلەکەی خۆمانمـان وەکـو کێشـەی کـورد لەدەست دەرچـووە و شـێواندووە. ئێسـتا لـە ئاسـتێکی یـەکجار زۆردا، سرووشـتی کێشـەی کـورد لـە سیاسـی - کولتوورییەوە گۆڕاوە بۆ کولتوری ـ ئابووری و ئەمەش وای کـردووە لـە مامەڵـەکردن لەگـەڵ ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی نەتـەوە، لۆجیکێکی بازرگانی وئابوورییان بە سەردا زاڵ بکەین، کە بە داخەوە لەم بارەوە زمان زیانی زۆری بەرکـەوتووە. یـەکێک لـە گرنگترین کارەکان کە دەبێ ئێستا بکرێ، ئەوەیە کە هەوڵبـدرێت بـاوەڕ و ئیعتبـار بـۆ زمـانی کوردی بگێڕدرێتـەوە و ڕێکـاری پێویست بگیرێنە بەر، تا مامەڵەیەکی بازرگانییانە بە زمانی کوردی نەکرێت، بـەڵکو بـە بەشـێک لـە سیاسـەت و ئاسایشـی نەتەوەیی و شکۆمەندی نەتەوەیی بێتە ئەژمار. ئەمە دەتوانێ تا ڕادەیەک ئـەو مێنتاڵێتییـە لـەرۆزک و لێڵـە چارەسـەر بکـات و، دواجاریش کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی بەرپرسیارانە ودرووستی زمان، دابنێت.

**د. هـاوژین سـلێوە:** کەناڵـە کوردییـەکان زۆری و بۆرییـان تێکـەوتووە، بـە کـەمی کەسـی پسـپۆڕ و شـارەزاو زمانـەوان لـە کەناڵـەکانن، بۆیـە تێکـدان و شێواندنیشـی تێدایـە، بـۆ باشـکردن و بەرەوپێشـبردنی کەناڵـەکان پێویسـتە کەسـی پسـپۆڕ و زمانەوان لەو کەناڵانە دابندرێن و چاودێرێکی سەرسەخت بن لە داڕشتەنەوەی هـەواڵ و بەرنامـەکان و بـە دروسـتی نووسـینی ژێر نووسەکانی تەلەفزیۆن. ساڵانەش خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و ئاگاداری هەموو ئەو گەشە و گۆڕانانـە بـن، ئاگـاداری ئەو ڕێنماییانە بن کە ئەکادیمای کوردی دەریان دەکات.

**جەماڵ نەجاڕی**: هەروەک لە پرسیاری پێشوودا باسم کرد لە باشوور هەست بە ئاڵۆزییەک دەکرێ لە زمانی کوردیدا و ئەمە بە زەقی لە مێدیاکانی باشووردا دەبیندرێ و ڕۆژانە لەلایەن نووسەران و ئەدیبان و خەمخۆرانی زمانی کوردییەوە ڕووبەرووی ڕەخنە دەبێتەوە. بوونی مێدیا دوریکی یەکجار گرنگی لە گەشەکردنی زماندا هەیە، مێدیا ئەلکترۆنی و مەجازیشی لێ زیاد بکەین، ئەگەر بێت و مێدیای کوردی ڕەچاوی ئەوە بکا کە یەک شێوەزار و یەک ڕێنووس وەک زمانی پێوەر، یان هاوبەش بەکار بهێندرێ، بێ شک کاریگەریی زۆر باش و ئەرێنی دەبێ، بەڵام بەم شپرزەییەی زمان لە میدیای باشوور دەبینین کە کاردانەوەکان خراپ و نەرێنین، بۆ نەمانی ئەم شپرزەییە و ئاڵۆزییە دەبێ حکوومەت بە سوودوەرگرتن لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ ناوەندێکی ئاکادێمی تایبەت بە زمان بکاتەوە و لەوێوە بڕیار بۆ ناوەندەکانی خوێندن و دامودەزگاکانی میدیا بدرێ و پێویستە هەموو میدیایەک ڕەچاوی بڕیارەکانی ئەو ناوەندە بکا و لێی لا نەدا، هەتا ئێستا لە باشووری کوردستان وەها ناوەندێک نییە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەمی لە زمانی کوردی نەخواردووە و بە ئیشی خۆی نەزانیوە کە کاری بۆ بکات. لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات دەوری ناوەندەکانی فێرکردنی زمانی کوردی و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان زۆر گرنگ و بەرچاوە، دەتوانم بڵێم لە رۆژهەڵات ئالۆزیی زمان بەو شێوەیەی کە لە باشوور هەیە هەستی پێ ناکرێ، ڕەنگە ئەگەر لەوێش مێدیا دەوری هەبوایە، زمانی کوردی تووشی ئەو ئاڵۆزی و شپرزەییە بێت، بۆیە بوونی ناوەندێکی تایبەت بە زمان بۆ پەروەردە و میدیا لە هەرکام لە بەشەکان زەرووریيە و دەبێ هەبێ بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت کە کام شێوەزار و کام ڕێنووس وەک زمانی پێوەر، یان هاوبەش بەکار بهێندرێ. ئەمە پێویستی بە کەسانی ئاکادیمی و شارەزا لە زمانە کە بەختەوەرانە لە هەموو بەشەکانی کوردستان کەسی وامان هەیە.

**خەبات ڕەسووڵی**: میدیای کوردی لە سەرەتای گەشەی خۆیدایە.ئێمە بە درێژایی مێژووی ڕاگەیاندن لە دنیادا شتێکی ئەوتۆمان نەبووە.ئێستاش ئەوەی کە هەیە هی حیزبەکانە.ئەوانیش ئەوەندەی گرینگی بە حیزبایەتی دەدەن هێندە گرینگی بە لایەنەکانی دیکەی کاری میدیایی نادەن.ئاساییە لێرەدا تاوانی میدیاکان نییە،چونکە کاتێک تۆ بەڕێوەبەر و سەرنووسەری میدیایەک بە پێی پلەی حیزبی دادەمەزرێنی نابێ چاوەڕوانی ئەوەت هەبێ کە ئەو کەسە پەرجووت بۆ بکات و لە کارەکەیدا سەرکەوتووبێ.بە شێوەی گشتی کاتێک کارێک دەسپێرن بە کارنەزان هەر ئەوەی لێ دەردەچێ.با حیزبەکان لەجیاتی دەیان گۆڤار و سەدان کاناڵ و رادیۆ و رۆژنامە، چەند میدیایەکی بەهێز دامەزرێنن و کسانی پسپۆڕ دامەزرێنن. ئەوکات گرفتەکان وردە وردە دەڕوێنەوە و زمانیش ڕەوتی ئاسایی خۆی دەگرێتەوە و پێش بەم هەموو هەڵە و نەزانیەش دەگیرێت.



**شەهلا دەباغی نووسەر**

هەر لەم پێوەندییەدا شەهلا دەباغی (باران (ژنە نووسەری کورد لەبارەی پرسی زمانی کوردی بەم چەشنە ڕوانگەی خۆی خستە ڕوو: "زمانی کوردی، زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، لەژێر کاریگەریی کولتوور و دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوەکانی باڵادەست بووە و ئەمەش بۆتە هۆی جۆرە "داپچڕانێکی دەستکرد" لەناو ئەندامانی نەتەوەی کورد و لە نێوان زاراوەکاندا. نەبوونی زمانی ستاندارد لەناو کورددا بە گشتی و لە باشووری کوردستان بەتایبەت، ڕەنگە یەک لە گرفتە سیاسییەکانی ئێستای کورد و گرفتی سەرجەم کۆمەڵگەی کوردی بە نووسەران، ئیدارەکان، زانکۆکان، قوتابیان و هتد بێ. لە چەند مانگی ڕابردوودا، کەسانێک لە سەر ئەو باسە گرینگە دواون، وتاریان نووسیوە و لە تیڤییە کوردییەکاندا بیروڕای خۆیان دەربڕیوە. بەداخەوە هێندێک لەو ڕا و بۆچوونانە، ڕووحی نەتەوەیی کورد ژاراوی دەکەن و بێبەرپرسانە ئاسۆی نادیاری کورد لەوە کە هەیە تەماویتر دەکەن. هێندێک لەو بۆچوونانە، مێژووی "شەڕی براکوژی"مان بیر دێننەوە. مەگەر حەیران و لاوک هەر دوو کوردی نین؟ مەگەر شێعری خانی، مەولەوی و هێمن وەک یەک بەشیک نین لە خەزێنەی ئەدەبی کوردی؟

هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد، بڕیارێکی سیاسییە و دەسەڵاتی سیاسی دەبێ خۆی لەگەل ئەو گرینگە یەکلا بکاتەوە. دیارە ئەو بڕیارە ئەگەر بە ئاگاییەوە نەبێ و لە زانایانی دڵسۆز کەڵک وەرنەگیرێت، دەتوانێ گرفتی زۆر بێنێتە پێش. کاتێک دەڵێم زانایانی دڵسۆز مەبەستم بوونی ئەو تایبەتمەندی گرینگەیە، کە ئەو کەسانە یەکگرتنی نەتەوەییان پێ لە سەروی هەموو شتێک بێ و ناوچەگەری، شەڕە شار و شەڕە زاراوە، یان پێوەندیی سیاسی بە کامە حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، ئایینی، کولتووری و عەشیرەیی، نەبێتە پێوانە بۆ بڕیاردانیان. ئێستا باسەکان زیاتر لەسەر دوو زاراوەی سەرکییە. هێندێک کەس لەڕووی مەیلی سیاسی، یان بەستراوەیی کولتووری و ناوچەیی پێیان وایە کە دەبێ ئەم یان ئەو زاراوە وەک زمانی ستاندارد هەڵبژێردرێ و لایەنەکەیتر لەقەڵەم دەخەن و وای بۆ دەچن کە ئەوە ڕاوەستان لە بەرامبەر هێرشی فارس، تورک و عەرەبانە.

**شەهلا دەباغی(باران)**: زمانی ستاندارد چییە؟ لە ڕۆژئاوا بە چ پڕۆسەیەکدا تێپەڕیوە؟ زمانی ستاندارد زمانێکی هاوبەشی

سەرانسەری واتە لێکچوو و هێمۆژێنە کە زاراوەکان خۆیانی لەگەڵ تەنزیم دەکەن. بەکارهێنانی زاراوەیەک، بە مانای لەناوبردنی زاراوەکانیتر نییە و بگرە زاراوەکان بەدەوام دەوڵەمەندی دەکەن. چەند بۆچوون لەسەر زمانی ستاندارد هەیە: هێندێک دەڵێن کە زۆر جار زاراوەیەک وەک لادان لە زمانی سەرەکییە، کەچی لەڕاستیدا زمانی سەرەکی خۆی لادانە واتە بەو مانایە کە پێشتر زاراوەکان بوون و دواتر زمانی سەرەکی جێ کەوتووە. هێندێکیش، زاراوەکان وەک بناخە و ئەسڵ دەبینن و دەڵێن کە زمانی ستاندارد تەنیا واریانتێکی (بژارە) تازەیە. زمانی ستاندارد زۆر جار لە قالبێکی نەگۆڕدا و کۆنسێرواتیڤدا ماوەتەوە لە حاڵێکدا زاراوەکان بەرەوپێش چوون. هەرچۆنێک بێت، کاتێک باسی زمانی ستاندارد دەکرێ، دەبێ لە نێوان ئەو زمانە بە نووسین و بە ئاخاوتن هێندێک جیاوازی دابندرێت. ڕاستە کە هەردوو کاریگەرییان لەسەر یەک هەیە و پێکەوە گرێ دراون، بەس لە زۆر شوێن هەوەڵ نووسینەکە ستاندارد کراوە. لە زۆر وڵات، بۆ وێنە لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، جگە لە زمانی خۆیان، بە "لاتین" و "فەرانسی"یش نامەکانی ئیداری و یاساییان دەنووسی. دواتر چەندان زاراوە، وەک سیستێمێکی تێکەڵاو، بەکار هاتووە و فاکتەرەکانی سیاسی، کولتووری و ئابووری لە چۆنێتی بەکارهێنانی وشە، ئیستلاحەکان و زاراوەکان ڕۆڵی گرینگیان گێڕاوە. پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمان، تا ڕادەیەک ئاگایانە، بە تایبەت لە ڕێگای کەنیسەکان و پەرتووکنووسینەوە لەوێ دەستی پێکرد. تا پێشتر لە دەربارەکاندا چەند زمانی جیاواز بەکار دەهات، بەس لەمەودوا، وردە وردە، زمانێکی یەکگرتوو لەدایک دەبوو. بوونی شایەک، سیستمی ماڵیاتی و پارە، سیستمی یاسایی ئیدارەکردنی وڵات، بەرهەمهێنانی چاپی کە یەک ستانداردی تێکنیکی دەخواست، و هەروەها نووسینەوە و خوێندنی ئینجیل بە یەک شێوە لە هەموو شوێنەکان، هۆکاری سەرەکی بوون لە پێکهێنانی زمانێکی هێمۆژێن. کە ئەوەش لە ڕێگای دەردانی قامووس سەقامگیر دەکرا.

(١)

ئێستا لە سەردەمی ئینتێرنێت دا، زانیاریی زمانە جوراوجۆرەکان، لەناو وڵاتان و دوڵەتاندا بەردەوام ئاڵوگۆڕ دەکرێ، بۆ وێنە ستانداردکردنی سیستمەکانی کامپیوتێری و ئینتێرنێتی، یان زانستە پزشکی، تێکنیکی و ئێکۆنۆمییەکان، زمانی خوێندن و نووسینی نابینایان و ئەو کەسانەی کە نابیسن و هتد. هەمووی ئەمانەش بۆ ئاسانکردنی پێوەندیی نێوان نەتەوەکان و ئینسانەکان و ڕاپەڕاندنی کارەکانە. هەروەها زمانی ئینگلیزی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانەکانیتر داناوە و هاوتەریب لەگەڵ زمانەکانیتر، ڕۆژانە بەکار دێت. هەڵبەتە زۆر کەسیش ئەو دیاردەیە وەک خەتەرێک بۆ سەر زمانی دایکی خۆیان دەبینن.

دیارە لە ڕەوتی مێژوودا، زمانی کوردیش بە هەموو زاراوەکانییەوە زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و ئێستا نەتەوەی کورد، یان باشترە بڵێم دەسەڵاتی کوردی دەبێ لە سەر بڕیارێک ساخ ببێتەوە. بە ڕای من ئەو یەکلاکردنەوەیە بەو مانایە نییە کە هیچ لایەنێک هەڵاوێردرێ. بۆ جێخستنی زمانێکی ستاندارد دەبێ لە هەموو زاراوەکان کەڵک وەرگرین. هێندک خاڵی تەکنیکی هەن کە ڕەنگە ناتەبایی لەسەر ساز بێ، بۆ وێنە ئەو زمانە ستانداردە بە کام ڕێنووس بنووسرێت. من پێموایە کە

ڕێنـووس دەبـێ لەگـەڵ بـارودۆخی سـەردەم خـۆی ئینتێگـرە بکـا و ئینتێگرەکـردنیش بـە مانـای لـەناوبردنی ڕێنووسـی ئارامی(عەرەبی) نییە. ئایا ئەلفوبێ لاتین کە تایبەتمەندیەکانی کوردی تێدا وەبەرچاو بگیردرێ، ئاسانکاری زیاتر بۆ لقوپۆیەکانی زانستی و تەکنیکی ناکا؟ ئایا پێوەندیی خەڵکانی ڕۆژئاوا لە ڕێگای ئەلفوبێ لاتین کە لە زۆربەی زۆری جیهان بەکار دێ لەگەڵ کورد هاسانتر نابێ؟ ئینسانێکی ئورووپی بە کام فۆرم زوتر دەتوانێ فێری وشەی ئاو aw/بێ؟ یان نا، ئایا ناکرێ هەردوو ڕێنووسی ئارامی و لاتین بەکار بێنین؟ ئایا ئەگەر تەنیا ئارامی بەکار بێنین بەشیکی گەورەی کوردمان (بگرە زۆربەی کوردمان لە باکووری کوردستان) دەرنەهاویشتووە؟

هیچ زاراوەیەک بەتەنیا ناتوانی ئەرکی زمانی ستاندارد وەئەستۆ بگرێ، هەر بۆیە کورد چارەیەکی نییە جگە لە کەڵکوەرگرتن لە هەموو زاراوەکان و بە ئەم کارە، خەزێنەی وشەکان زۆر فراوانتر و دەڵەمەندتر دەبێ و دەکرێ وشەکانی عەرەبی و تورکی جێگای خۆیان بدەنە وشەکانی کوردی کە ناو زاراوەکاندا هەن. (زۆر وشەی فارسی و کوردی لە بنەڕەتدا لە یەک سەرچاوەوە هاتوون، بۆیە تەنیا وتم عەرەبی و تورکی) دانی ئیمکانات بە هەموو ناوچەکان، تەنانەت لە دەرەوەی باشوری کوردستان، بۆ پەرەسەندنی زاراوەکان، یەک لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی کوردییە و دەبێ ڕێگاخۆش بکرێت تا هەموو ئەندامانی نەتەوە و زاراوەکانی کوردی بتوانن لەسەر ژیانی خۆیان کاریگەرییان بێ و لە ئیمکاناتی سەرانسەری کەڵک وەربگرن و لەو ڕێگاوە، وشە و دەربڕینی جیاواز بێنە ناو زمانی سەرانسەری. ئەمە یەک لە بناخەکانی دێمۆکراسییە کە تاک بتوانێ لە ئیمکاناتی وڵات کەڵک وەربگرێ تا بیروڕای خۆی لە ڕێگای زمانەوە دەرببڕێت.

لە درێژەدا **شەهلا دەباغی** (**باران** (وتیشی: ئەوەی کە زۆر زۆر گرینگە ئەوەیە کە ئێمە یەک نەتەوەین و نابێ باس لەسەر زمانی ستاندارد ببێتە هۆی لێک دوورخستنمان. نابێ کەس لەژێر ناوی شاعیر و ڕۆشنبیر، بێڕێزی بە ڕابردوو و زەحمەتی کەسانی پێش خۆی بکا، یان بەهۆی گرێدراوی بە ناوچەیەک خەت بەسەر نیوەکەیتری کۆمەڵگەی کوردیدا بێنێ. دەسەڵاتی کوردی بە هیچ شێوەیەک نابێ لەو هەڵبژاردن و بڕیارەدا بکەوێتە ژێر کاریگەری و دەمارگرژیی ناوچەیی، عەشیرەتی و ئایینی. ئەو بڕیارە دەبێ بە پێشکەوتنی کورد لە بواری سیاسی و کولتووری لە سەردەمی ئینتێرنێت و گۆلوبالیزاسییۆن یارمەتیی بدات.

ئەرکی ئێستای دەسەڵاتی کوردی پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت لە زانایانی بواری زمان، زانستەکانی پزشکی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوور و سیاسەتە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە و هەوڵدان بۆ دەرکردنی قامووسی کوردی کە هاوکات وشەکان بە چەند زاراوە و بە هەر دوو ڕێنووس بنووسرێنەوە و ئەو کارەش دەبێ بەردەوام بکرێ و وشەکانی تازە بێنە ناو قامووس. دیارە سەدان کاری تەکنیکی و کردەیی بۆ جێخستنی زمانی ستاندارد هەیە کە دەبێ بکرێن بۆ ئەوەی کە ئاسانتر و زووتر ئەم کاروانە بە مەنزڵ بگات. گرینگترین خاڵ، ئیرادە و هەستی

نەتەوایەتییە کە بە دڵفراونی بەرەو پێشوازی ئەو ئەرکە بچین. ئێمە یەک نەتەوەین و زاراوە کوردییەکان هەموویان کوردین. زمانێک دەوڵەمەند دەبێ کە لە وشە و بەهرەکانی هەموو زاروەکان کەڵک وەربگرێت، خۆی لەگەڵ سەردەم رێک بخات و لە زمانەکانی ئینگلیزی و لاتین کەڵک وەربگرێت تا کەموکورتییەکانی زمانی پێ پڕ بکاتەوە.

من هەمان هەستم بەرامبەر بە لاوکێک هەیە کە بۆ شەهیدێک لە چیای سیپان و ئاگرین گوتراوە کە بۆ بەیتی "سەیدەوان" و یان حەیرانی ناوچەکانی هەولێر و موکریان. وشەی "پێگران" یشم لە کرمانجیدا زۆر پێ جوانترە لە "حاملە"ی عەرەبی کە زۆربەمان کەڵکی لێ وردەگرین. کە کوردێک لە ئافریقا و یان چین نەخۆش کەوێ و بە دوکتور بڵێ: "ئاسم"، دوکتورەکە لێ تێدەگا. چ وشەیەک بۆ ئینتێرنێت و پێ. سی. باشتر لە خودی ئەو وشانەن؟ لە سەردەمی ئێستادا، ئەلفوبێ لاتینش زۆر زیاتر خزمەت بە کێشەی کورد دەکات.

لە باس و بڕیار لە سەر زمانی ستاندارد دەبێ جوانکاری، کارایی، دەوڵەمەندبوونی زمان و یەکگرتوویی تێدا قسەی ئاخر بکەن نەک شەڕێکی نارەوا کە ئاکامی لێکدابڕانە.

**شەریف فەلاح: گەشەکردنی دیالێکت و شیوەزارەکانی کوردیی خوارین "گۆرانی کۆن (هەورامی)، کەلهوڕی، فەیلی، لەکی و لوڕی" لە وشیاریی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردبووندا چ دەور و ڕۆڵێک دەگێڕێت، گەشەی ئەو دیالێکتانە لە هەمبەر دوو دیالێکتی دیکە (کورمانجیی سەروو و کورمانجیی ناوەڕاست) بە دەرفەت دەزانن یان خەسار؟ ئەی پرسی زمانی پێوەر - هاوبەش چی بەسەر دێت؟**

**د. ڕەحیم سورخی**: بابەتی زمان لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان لەگەڵ بابەتگەلی وەک ناسنامە، بەرهەڵستیی، هەڕەشە و مەترسی و ناسیۆنالیزمی کەمینە یان ئەتنی لەبەرانبەر ناسیۆنالیزمی دەوڵەت -نەتەوەدا تێکەڵ بووە. بابەتی ناسنامەی ئەتنی خۆی لە ئەنجامی گفتوگۆ و دیبەیەتی ئەندامانی کۆمەڵەیەکی ئەتنۆزمانی لە بەستێنێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا پێکدێت. بۆیە لە قۆناغی خەبات بۆ خۆ پاراستن و نەتوانەوە لە ناسنامەی نەتەوەی سەردەستدا لایەنی داگەڕان (convergence)بۆ نێوەوەی کۆمەڵەکە و هەڵگەڕان (divergence)و مەیلی دەرچوون لە کۆمەڵە ئەتنۆ زمانییەکە لە پێککەوتنی دیالێکتەکان لە کۆمەڵەیەکی زمانیی فرەزرادا وەک کوردی گرنگە. ئەوە کە ئاخۆ ئەم پێککەوتنانە کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکتر چۆنە؟ ئایا ئاخێوەرانی دوو زار یان شێوەزاری جیاواز لە کۆمەڵەی زمانی کوردیدا لەکاتی پێکەوە دووانیان ئەگەر هەرکەس بە زاراوەی خۆی بدوێت یان بە یەک لەو زارانە، لە ئێستادا دەبێتە پێگەیەک لە دەسەڵات بۆی یان هاوپێوەندیی و داگەڕانە نێوخۆییەکەیان لەوە بەهێزترە زار یان شێوەزارەکەیان ببێتە هۆیەک بۆ خۆ بەکەم زانین، پەراوێزخران، لاواز بوونی پێگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان. لە پێوەندی لەگەڵ زاری کوردیی ناوەڕاست و

زارەکانی کوردیی باشووری وەک "لەکی" و "کەلهوڕی"یدا، دەکرێ بڵێین کارلێککردنەکانیان لەباری پێگەوە تارادەیەکی زۆر هاوشانە و خەڵک پێکەوە پێوەندی دەگرن بێ ئەوەی یەکیان خۆ لەوی تریان بەکەمتر یان زیاتر بزانێت، دیارە ئەمە بەگشتییە و مەرج نییە تێڕوانینی تاکەکەسییش وابێت. واتە، دیالێکتەکانیان نابنە ئیمتیازێک بۆ خۆ زاڵکردنی یەکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا. لەباری پێکاهەتەی ڕێزمانییەوە، جیاوازییەکی وا زاق نییە کە بشێ لەیەک تێنەگەن. جیاوازیی سەرەکیی ئەم زارانە لە شێوەی دەربڕین و باری فۆنۆلۆژی و هەندێک لایەنی وشەییە کە ئەوەش تایبەتمەندییەکی سروشتیی هەموو زمانێکە و ئەگەر کورد دەسەڵاتی پلانان دانان بۆ زمانەکەی هەبێت دەتوانێت بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی زمانیی دروستی سەردەمییانە ستانداردەکە بەو زارانە و بەشکاندنەوەیەکی زیاتری بەرەو دیالێکتە باشوورییەکان موتوربە و دەوڵەمەندتر بکات. سەبارەت بە هەورامی ئەم بابەتە جیاوازە. هەرچەند شیوەزاری جافی لە نێوان سۆرانی، هەورامیی و کەلهوڕیدا بە پێی دووریی و نزیکیی لە یەک لەو زارانە دەگۆڕێت، بەڵام هەورامی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی دوورترە لەوانەی زارەکانی دیکە. بەڵام، هیچ هەورامییەک نابینیت خۆی بەکورد نەزانێت، واتە هەورامی بوون نابێتە هۆی جیابوونەوە لە ناسنامە ئەتنی/ نەتەوەییەکەی وەک کورد بوون. بۆیە، ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی ناوچەیی کوردیی هەورامی بۆ پاراستن و گەشە پێدانی لە شێوەی خۆیدا نەک هەر هیچ گرفتێک نییە، بەڵکو پاراستنی یەکێک لە جۆرە کوردییە دەگمەن و دێرینە کوردییەکانیشە. ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ کورمانجییەکەشدا وایە. پێوەندییە مێژوویی، کولتوری، ئەدەبی، سیاسی و هونەرییەکان و گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکان، و بەگشتی کەلەپور و بنچینەی کورد بوونەکە، ئەگەر لە ڕەهەندە دیاردە ناسییەکەیەوە زیاتری کارلەسەر بکرێت و پێوەندییەکانی ئەمانە بە کوردبوونەوە بۆ واتاسازیی لە گوتارێکی نەتەوەییدا بخرێتە بەر لێکدانەوە و پێوەندییە ناوخۆییەکانی لەبەرانبەر ئەوی دیکەی خۆسەپێنی دەوڵەت - نەتەوەدا بەرجەستە بکرێت، فرە دیالێکتی و گەشە کردنیان لەباری ناوچەیی گرفتێکی ئەوتۆ نابێت لەبەردەم نەتەوەسازی. لەماوەی دوو - سێساڵی ڕابردوودا بینیمان چۆن ئەم پێوەندییانە دەتوانن زاڵ بن بەسەر جیاوازییە زارییەکاندا. کەواتە لێرەدا ئەوەی گرینگە تێڕوانینە زەینیی(subjective)یەکەیە بۆ ئەتنیسیتە و نەتەوە کە بەشێوەیەکی بنیادنەرانە (constructive)لە بارەکۆمەڵایەتییەکەوە لە نێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا پێکدێت. جۆرە کوردییەکان لە خۆیاندا ئەو هەڵگەڕانە ناسنامەییەیان بەرانبەر بە کوردی یان کورد بوون نییە، بەوشێوەیەی بۆ ئێرانی بوون هەیانە. کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمان لە دەربڕینە ناوچەییەکانی جۆرە کوردییەکاندا بە پیرۆزی و بەشێوەیەکی گیانی(ڕووحی) بە گشتی، و بەتایبەتی لە کەلهوری و هەورامییدا دەبینرێت. بۆیە، گەشەکردنی ناوچەیی ئەو جۆرانە لەخۆیاندا بەشێکە لە گەشەکردنی ناسنامەی ئەتنۆ زمانیی کورد بەرانبەر بە شۆڤینیزمی خۆسەپێن، چەواشەکار و چەوسێنەری نەتەوەی فەرمانڕەوا و بەدەرفەتی دادەنێم. ئەوەی وەک مەترسیی دەبینرێت، ململانێی تەسک و کورتبینی حیزبییە کە بۆ زاڵبوونەوەی گروپێک یان باڵێکی حیزبی بێ زانیاریی یان هەستکردن بە بەرپرسیارێتی جاری وایە ئەو شتانە زەق دەکرێتەوەو دەکرێتە موزایدە بێ ئەوەی خۆی بتوانێت هیچ دەورێک لە ڕێکخستن یان بەڕێوەبردنی دیالێکتەکان بگێڕێت، تەنانەت لەنێوخۆی حیزبەکەشیدا. ناسنامەی ئەتنۆزمانیی کوردی زۆر لە ناسیۆنالیزمی کوردەوە پێچراوە، بۆیە

دواکەوتوویی گوتاری سیاسی و ناسیۆنالیستیی کورد دەتوانێت کاربکاتە سەر لاواز بوونی ئەو ناسنامەیە و تووشی پارچەپارچە بوونی بکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە. سێ فاکتەری زمان، نیشتمان و ئەتنیک و پێوەندیی نێوانناوچەیی و بەردەوامییان پێکەوە سەرچاوەی هێزن بۆ گەشەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، دابین بوونی مافە سیاسی، کولتووری و زمانییەکانی نەتەوەی کورد. بۆیە بەتایبەتی، هەرچەندی پێوەندییە ناوخۆ-ئەتنییەکان زیاتر و چڕتر بن، دەورێکی گرینگتریان دەبێت لە بڵاو بوونەوەی سیما زمانییەکان لە سنووری زارەکانی زمانەکەشدا لە نێوخۆیدا.

**مەسعوود بابایی**: لە باسکردنی زمانی دایکدا، دەبێ زۆر وردبین بین، زمانی دایک و زمانی نەتەوەیی دوو چەمکی هاووتا نین؛ کەسانێک زمانی دایک وەک بابەتێکی سیاسی دەوروژێنن کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە مافی ئیتنیکییەوە هەیە. بەسیاسیکردنی زمانی دایک ـ ئەگەر مەبەستەکە شێوەی ئاخاوتن بێت ـ دالەنگاندنی چەمکی زمانی نەتەوەییە بۆ زمانی دایک. ئەم دالەنگاندنە، دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئێمە ئاخێوەرانی زمانی دایک وەک کۆمەڵە ئیتنیکێک سەیر بکەین کە خەریکن لەنێو دەچن و دەبێ وەک میراتی مرۆیی بپارێزن. ئەگەر وەها وێنای زمانی دایک بکەین، مانای زمانی نەتەوایەتی تێیدا ون دەبێت و دالەنگاندنی مانایی ڕوو دەدات زمان لە باری سیاسیی خۆی دادەڕنین و تا ئاستی مافێکی ئیتنیکی ـ فەرهەنگی دایدەشکێنین. بە داخەوە هێزە سیاسییەکانی کورد لە شێوەی گەڵاڵەکردنی مافی خوێندن بە زمانی دایک، هێشتا لە جیاوازیی زمانی نەتەوایەتی و زمانی دایک تێنەگەیشتوون. خۆ ئەگەر مەبەستمان لە زمانی دایک شێوەی ئاخاوتنی دایک بێت کە بۆ منداڵەکانی دەگوازرێتەوە، وەک ئەوە وایە کە سنووری دیالکت و زمانمان تێکەڵ کردبێت. ئەگەر هەڵهێنجانێکی سیاسیمان لەم بابەتە هەبێت، دەبێ ئاگادار بین زمانی نەتەوایەتی و زمانی دایک دوو بابەتی جیاوازن. هەر بۆیە کەسانێک لە پشت بابەتی زمانی دایکەوە داواکارییەکی دالەنگێنانە (تقلیلی، ڕیدەکشناڵ)یان هەیە کە ئەمە زیان بە خودی مافەکەش دەگەیەنێت.

هەموو دیاردەیەک هەم دەتوانێ وەک دەرفەت و وەک هەڕەشەش سەیر بکرێت. نیاز و مەبەستی ئێمە ئاراستەی بەکارهێنان و بەرەنجامەکان دەستنیشان دەکات. با بەڕاشکاوی بێژم: ئەگەر مەبەست لە داواکردنی ماف دابڕاندنی لقێک لە زمانێک بێت ـ کە دڵنیاین لە سیاسەتی داگیرکەراندا ئەم ئامانجە دانەدوو دەکرێت ـ ئیدی هیچ گفتوگۆیەک بۆ ئەم مافە قەدەخەیە. ئەگەریش لە چوارچێوەی وێژمانی "کوردبوون" دا ئەم گەنگەشەیە بکرێت، ئەو کاتە دەبێ ڕێوشوێن و میکانیزمی گەنگەشەکە دەستنیشان بکرێن. ئاشکرا و دیارە گەشانەوەی دیالکتەکانی زمانی کوردی خزمەت بە سەرلەبەری زمانەکە دەکات. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم خزمەتە کاتێک خۆی نیشان دەدات کە ئێمە زمانێکی پێوەرمان هەبێت. دەستنیشانکردنی سنووری "ماف"، "چوارچێوە"، "پەروەردە و خوێندن" بابەتێکە پێوەندیی بە "سیاسەتی فەرهەنگی"یەوە هەیە. ئێمە تا زمانێکی پێوەرمان نەبێت، ناتوانین سنووری مافەکان دەستنیشان بکەین. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر بتوانین بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک لەسەر "زمانی پێوەر" ڕێک بکەوین، بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک دەتوانین لەسەر سنوورەکانی مافی دیالکتەکانیش ڕێک بکەوین. خۆ

ئەگەر "ڕێکاری دێمۆکراتیک" سەر نەکەوت و پەنامان بۆ "زەبروزەنگی سیاسی" برد کە لە "مودێڕنیتەی ئێرانی ـ تورکی" و هەندێ مودێڕنیتەی ئەوروپاییدا هەیە، ئەوا چارەنووسەکە بە چەندین قۆناخی بەریەککەوتندا دەڕوات کە ئێمە ناتوانین ئاکامەکەی پێشبینی بکەین. هەر چۆنێک بێت؛ بەپێچەوانەی کەسانێک کە ئەم پاشاگەردانییە بە ئاسایی دەزانن و زمانی پێوەر بە فاشیزم لێک دەدەنەوە، بەندە بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەڵێم؛ ناسیونالیزمی زمانی لەگەڵ هەموو تۆکمەییەکەی، زۆریش لەرزۆکە. ئەگەر ڕێکاری دیمۆکراتیک بە ئاکام نەگات یان دەبێت واز لە پرۆسەی بەنەتەوەبوون بهێنین، یان بتوانین هەندێ تایبەتمەندیی و پاوەجێکەر (مقوم) بۆ ناسیونالیزمی کوردی دابتاشین. بەڵام پاوەجێکەر شتێک نییە کە دابتاشرێ. باشترین ڕێگە "ڕێکاری دیمۆکراتیک"ە. بە جۆرێک هەم زمانی پێوەرمان لە چوارچێوەی سنوور و دەسەڵاتە پێناسەکراوەکاندا هەبێت، هەم دیالکتەکانیش شانبەشانی زمانی پێوەر لە جوگرافیای خۆیاندا بخوێنرێن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە بە ڕەخساندنی زمانی پێوەر وەک داڕێژەی وێژمانی نەتەوەیی، سیاسی و فەرهەنگی دەتوانین بیر لە خاڵی دووەمین، واتە سنووری دیالکت و بەکارهێنان و گەشانەوەی دیاری بکەین. لە وەها دۆخێکدا زمانی پێوەر لە "تاک سیمایی"ەوە بەرەو "فرەسیمایی" هەنگاو دەنێت. واتە هەم "تاک سیما" و هەم "فرەسیما" دەبێت. خۆی بە ڕووی دیالکتەکاندا دەکرێتەوە و دیالکتەکانیش دەتوانن توانستێکی زیاتر ـ پێ بەپێی گەشەی خۆیان ـ بە زمانی پێوەر بدەن. تەنیا لە وەها دۆخێکدا دەتوانین هەرەشە بۆ دەرفەت وەرچەرخێنن. بەڵام ئەگەر ئەم دۆخە شێواوە زمانییەی کورد بەردەوام بێت، ناتوانین دۆخی چەقبەستووی مێژووییمان تێپەڕێنین و "ناوچەگەری" و "خێڵایەتی" و دابڕانی جوگرافیاییی کورد بەردەوام دەبێت. کە وابوو باسکردن لە زمانی دایک لە ئێستادا بە بێ گرێدانەوەی بە زمانی پێوەرەوە، بێمانایە.

**د. هاوژین سڵێوە:** پێویستە گرنگی بە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی بدرێ، فۆلکلۆرەکەی کۆ بکرێتەوە، گۆرانییەکان تۆمار بکرێن، توێژینەویان لەبارەوە بکرێ، زمانی پێوەر ڕێگر نییە لە گەشەکردنی دیالێکتەکان، بەڵکوو دیلێکتەکان ڕۆڵیان دەبێ لە دەوڵەمەندکردنی زمانی پێوەردا، هەموو زمانێک لە کۆمەڵە دیالێکتێک پێکهاتووە، بەڵام یەکێک لەدیالێکتەکان دەبێتە زمانی پێوەر، بۆ نموونە زمانی فارسی تازە لەو کاتەوە دروست بووە، کە رودەکی و فیردەوسی بە شێوەی (دەری)هۆنراوەیان پێ نووسیوە. زمانی ئینگلیزی لە سێ دیالێک پێکهاتبوو، بەهۆی گەشەکردنی چاپەمەنی لە لەندەن ئەو شێوەزارە بووە زمانی ستاندارد. زمانی ستانداردی عەرەبیش لەڕێی قورئانەوە دروست بووە. هەرچەندە کۆمەڵێک هۆکار وای کردووە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو (زمانی ستاندارد) کوردی دروست نەبێت، یان دروست بووە، بەڵام دەڵەمەیە و نەمەیوە. کێشەی سێ جۆر ڕێنووس، ڕێنووسی سلاڤی و ڕێنووسی لاتینی و ڕێنووسی عەرەبی. کوردێکی باکوور هیچ تاوانێکی نییە کە فێرە ئەلفوبێی عەرەبی نەبووبێ، چونکە ئەوان بە ئەلف و بێی لاتینی وانەی تورکی دەخوێنن، لێکنزیک بوونەوە و تێکەڵکردن و ئاشنابوون بە دیالێکتی کرمانجیی سەروو و کرمانجیی ناوەڕاست ئیشێکی زۆر باشە. بەڕای من کێشە رامیارییەکانی میللەتی کورد تاکە هۆکاری ئەوەن، کە زمانێکی ستاندارد بەتەواوەتی دروست نەبێت، خوازیارین لە داهاتوو دروست ببێت.

**جەماڵ نەجاڕی**: زمانی کوردی زمانێکی یەکجار دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێک دیالێکت و شێوەزاری جۆراوجۆر، بە هەرکام لەم دیالێکت و شێوەزارانە ئێمە ئەدەبی زارەکی و فۆلکۆرێکی دەوڵەمەندمان هەیە کە سەرمایەی نەتەوەییە، دیارە لە شوێنە ئاکادیمییەکان و زانکۆکانی جیهان کاتێک باسی زمانی کوردی دەکرێت تەنیا دوو بەشی کورمانجیی سەروو و کۆرمانجیی ناوەڕاست کە بە کرمانجی و سۆرانی ناو دەهێندرێن لەبەرچاو گیراوەم بۆ وێنە لە زانکۆی ئینالۆی پاریس کە زانکۆی زمانە رۆژهەڵاتییەکانی جیهانە و بەشی کوردیشی هەیە. ئەم بەشە دابەش کراوە بەسەر کرمانجی و سۆرانیدا، واتە خوێندکارەکانی باشوور و رۆژهەڵات بە سۆرانی و خوێندکارەکانی باکوور و رۆژئاوا بە کرمانجی دەخوێنن. ئەمە پلانی زانکۆی ئینالکۆیە و خوێندکار دەبێ بەپێی ئەو پلانە خوێندنەکەی تەواو بکات.

ناتوانین حاشا لە دەوڵەمەندیی دیالێکت و شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی بکەین، یەک لەوان شێوازی کوردیی خواروو یان هەورامییە. ناوچەی گۆران لەڕووی ئەدەبیی زارەکی و فۆلکلۆر و دەقە کۆن و مێژووییەکان یەکجار دەوڵەمەندە، سەر لەبەری کەلام و ئاوازەکانی یارسان بەم شێوەزارە گوتراون و نووسراون. بەرهەمی گەورە شاعیرانی وەک مەولەوی و بێسارانی دیسان هەر بەم شیوەزارە نووسراون. سەدان نووسەر ئیستا بەم شیوەزارە دەنووسن و دەخوێننەوە.

وەک چۆن پێویستە کار بۆ پاراستنی زمانی کوردی بکرێ، ئاوەهاش دەبێ خەم لە دیاکێکت و شیوەزارەکان بخوێن و لە ناوچەکانی خۆیاندا خولی راهێنان بۆ نووسین و خویندنەوە هەبێ لە پاڵ زمانی پێوەر یان زمانی هاوبەش.


دەوڵەمەندیی زمانی کوردی بە بوونی ئەم دیالێکتانەیە و هەرکامیان تێدا بچێت و نەمێنی زیان و خەساری گەورە بەر زمانی کوردی دەکەوێت.

دیاریکردنی زمانی پیوەر، یان زمانی هاوبەشی کوردی لە ئەستۆی شارەزایانی زمانە و ئەمەش سەرکەوتوو نابێ هەتا گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکان نەبێتە خاوەن خاک و وڵاتی خۆی. ئێستا لە باشوور دەرفەتی ئەوە هەیە کە کار بۆ دروستبوونی زمانی هاوبەش بکری، بەڵام بەداخەوە دەسەڵات بە ئەرکی خۆی نازانێ و شارەزایانی زمانیش بەبێ پشتیوانیی دەسەڵات هیچیان پێ نەکراوە و ناکرێت.

**خەبات ڕەسووڵی**: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەموو زمانەکان زاراوەکانە. کەوایە زاراوەکان بنچینەی زمانەکانن. کەسیش ناتوانێ تاکێک ناچار بکات بە زاراوەیەکی دیکە قسە بکات و بنووسێ، بەڵام لە پشت ئەم پرسیارەوە قسەیەک خۆی حەشار داوە.ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دەمانەوێ ئەو ناوچانەش لەباری هەستی نەتەوەییەوە گەشە بکەن حەتمەن دەبێ بە زاراوەی خۆیان بنووسن. ئەو قسەیە ناواقعییە.بۆ نموونە کاتێک دەمانەوێ کوردێکی فەیلی هەست بکات دەبێ

لەبەرانبەر توانەوەدا بوەستێ و هەوڵی دەربازبوونی نیشتمانەكەی بدات دەبێ ئاستی تێگەیشتنی ئەو و شوناسی بەرینە سەرێ. ئەو چونكە زاراوەكەی زمانی ستاندارد نییە تووشی توانەوە نەبووە، بەڵكوو لە بێ هێزی و نایەكگرتووییە ئەوەمان بەسەر هاتووە. هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری یەكەمدا عەرزم كردن. كاتێک تۆ دەبی بە دەسەڵات، خاوەن دەسەڵاتەكان زمانێک و زاراوەیەک هەڵدەبژێرن و دەیكەنە زمانی فەرمی. ئەم قسە و باسانەی كە ئیستا لە گۆڕێیە زیاتر خۆ دزینەوەیە لە بێ توانایی سیاسی و نیزامی و ئابوورییە تا بێ توانایی زمانی. ئێستاش كەس پێشی بە كەس نەگرتووە كە بە زاراوەی خۆی بنووسێ. بەڵام كاتێک تۆ كتێبێک دەنووسی و ناتوانی چاپی بكەی، یان كە چاپی دەكەی تووشی گرتن و لێدان و دور خستنەوە دەبی. لە راستیدا بێ دەسەڵاتی گرفتی سەرەكیتە.نەک زاراوە. سەبارەت بە زمانی پێوەر پێم وایە هەنووكە دوو زاراوەی كرمانجی سەرەوو و كرمانجی ناوەراست جێگەی خۆیان گرتووە و دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ دەسەڵاتێک كە ئەگەر لە داهاتوودا كورد هەی بێ. وروژاندنی بێ وەخت و ناپسپۆڕانەی پرسی زمان دەتوانێ خەساری گەورەی سیاسی بەدوای خۆیدا بێنێ. بە كورتی بە بڕوای من باشترە خۆمان فریو نەدەین كورد دەبێ بیر لە یەكگرتوویی سیاسی هێزەكانی بكاتەوە و خۆی لەبوارە جۆراجۆرەكاندا بە هێز بكات. گەلێكی بە هێز و خاوەن دەسەڵات تووشی قەیرانی زمان نابێ و زمانێک هەر دەبێ قسەی پێ بكات و پێی بنووسێت، بەڵام گەلێكی ژێر دەستە و دیل لە درێژ خایەندا بە تەنیا زمان ناتوانێ خۆی دەرباز بكات و ڕزگاری بێ.نموونە زۆرن لە دەوروبەرمان كە زمانەكەیان تورێكی قوراوی ناهێنێ بەڵام لەسەر كورد كەڵەگان.ئێمە تاكە زیرەكەكانمان و وزەی مرۆییمان و ئاو و زەوی و كانزاكانمان و سامانە سرووشتییەكانمان تاڵان دەكەن و رۆژانە بە دەیان كەسمان بێ سەروشوێن دەكەن.حزبەكانمان هەر یەكەی لە هەوایەک دەخوێنن و بەخۆیان بوونەتە بەڵا لە سەر كورد، لە هەلومەرجێكی ئاوادا دێین گیر بە زمان دەدەین و پێمان وایە ئەوەی بارۆدۆخمان ئاوایە خەتای فڵانە زاراوەیە،یان ئەگەر فڵانە زاراوە بێتە سەرێ كورد ڕزگاری دەبێ. هیوادارم چاومان بكەینەوە و چیتر خۆمان فریو نەدەین.پرسی زمان نابێ ببێتە هۆی ئاڵۆزتر بوونی پرسی كورد. ئەوەی كە تا ئێستا كراوە كەموكوڕی زۆرە، بەڵام بە وێران كردنی ئەوەی ئێستا هیچ كوێی تر ئاوەدان نابێتەوە.

**سەرچاوە: رۆژبڤار وێبنووسی جەمال نەجاری – ڕێكەوتی ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩**







**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی = مای ٢٠٢٢ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: ڕەشەمەی ٢٧٢٥ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٥ی زایینی**



# سپاس و پێزانین

**بۆ ئامادەکارانی وتووێژو چاوپێکەوتنەکان و وەڵامدانەوەی هاوڕێ و دۆستانی هێژا.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

